# ئەنفالناسی

**ژمارە (6-7)**
2024/4/14

سالْنامەیەکی تایبەتە بە توێژینەوەی زانستی لە بارەی جینۆساید و جینۆسایدی کورد بەگشتی و ئەنفال بە تایبەتی. ڕێکخراوی چەرمو بۆ پرسی ئەنفال ساڵانە لە یادی جینۆسایدی ئەنفالدا دەریدەکات.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
ڕێکخراوی چەرمو بۆ پرسی ئەنفال

**سەرنووسەر:** بەکر حەمەحوسێن

**بەڕێوەبەری نووسین:** بارام سوبحی

**سکرتێری نووسین:** کازم جەباری

**بەڕێوەبەری هونەری:** ئەنفالناسی

ئەو توێژینەوانەی لە گۆڤاری ئەنفالناسیدا بڵاودەبێتەوە، گوزارشت لە بۆچوون و نووسنیی خاوەنەکانیان دەکات، ستافی گۆڤارەکە لێی بەرپرس نییە.

**ناونیشان: کوردستان-چەمچەماڵ**

**پەیوەندییەکان لە ڕێگەی ژ.م: (07730237216) سەرنووسەرەوە بەردەستە، یاخود دەتوانن توێژینەوەکانتان بنێرن بۆ ئیمەیڵی (kazim.cebari@gmail.com) سکرتێری نووسین.**

❖ ئەم ژمارەی گۆڤاری ئەنفالناسی، بە سوپاسەوە لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە.

❖ زۆرسوپاس بۆ بەڕێز: (حەمەی حەمەسەعید)، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان. بەڕێزیان هاوکاربوون لە بەچاپگەیاندنی گۆڤارەکەمان.

**لەم ژمارەیەدا ..**


| تویژەر | بابەت |
| --- | --- |
| سەرنووسەر | پەیامی ئەنفالناسی |
| | **تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندەکانی ئەنفال** |
| نەوشیروان حوسێن سەعید | ئەوڕۆژانەی ئەمڕۆیان دروستکرد: لێکەوتەکانی لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی (1991) |
| سەرکەوت شەریف ئیسماعیل | کاریگەری پەیوەندییە دەرەکیەکانی عێراق لە پرۆسەکانی ئەنفالدا (ئەمەریکا) بەنمونە |
| مهدی قادر | کۆمەڵکوژی کوردی عێراق لەتەرازوی ئاینی ئیسلامدا |
| ئاوات نادرعبدالکریم | ئەنفال وداهێنان، پرۆسەی ئەنفال وڕەنگدانەوەی لە ئەدەب وهونەری کوردیدا |
| | **تەوەرەی دووەم: پانۆرامای ئەنفال** |
| جەمال مەجید فەرەج | جینۆسایدی باشوری کوردستانئەنفالی یەك بەنموونە (2/21 بۆ1988/3/19) |
| دەشتی ئەحمەد حەسەن | شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ |
| نیسان زرارصابر | شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنفالکراوانی قەزای کۆیە |
| | **تەوەرەی سێیەم: کیمیایی بارانی هەڵەبجە** |
| کارزان محەمەد ئەحمەد | ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەری ئێرانیدا ڕۆژنامەی (کیهان) بەنموونە |
| ئیراد مەنوچەرسان ئەحمەد | کاریگەری درێژخایەنی چەکە کیمیاییەکان لەسەرژینگە و مرۆڤ (هەڵەبجە) بەنموونە |
| | **تەوەرەی چوارەم: جینۆسایدی گەلان** |
| هاوڕێ ڕەسوڵ ڕەزا | سارێژگەری گێڕانەوە لەنێوان ڕواندا وکوردستان |
| بارام سوبحی | جینۆسایدی کەلتوری: قڕکردنی کتێبخانەکانی بۆسنە بە نموونە |
| | **تەوەرەی پێنجەم: ئەنفالی نۆیەم** |
| فاروق رەفیق | ئەنفالی نۆیەم |
| بەکر حەمەحوسێن | فاروق رەفیق: "ئێمە هێشتا لە ئەنفال تێ نەگەیشتووین" |

# پەیامی ئەنفالناسی

لە کاتێکدا ژمارەی (٦ _٧)، گۆڤاری ئەنفالناسی بڵاودەبێتەوە، نێوماڵی کورد و هەرێمی کوردستان پەرتەوازەو دابڕاو لێکترازاوە. ململانێی سیاسی و گەراندنەوە بۆ مەرکەزیەت و بەغدا، وەک سەرچاوەی ئومێد و هیوا دەبینرێت. کەئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەو پرەنسیپ و خەبات و قوربانیدانە نەتەوەیەیە کە لە ڕابردودا لەلایەن ناوەند و هێزی سەردەست لەعێراقدا جینۆساید لیکەوتوەتەوە. ئێمە لە ئەنفالناسی بەوپەڕی نیگەرانیەوە لەو بارودۆخە دەڕوانین. کە گەلەکۆمەکی و جێبەجێکردنی ئەجێندا و پلانی ئیقلمی و نێودەوڵەتی لەدژی کورد پەیرەو دەکرێت، لە عێراق و ئێران و سوریا و تورکیادا. لەم دۆخەدا لە هەموو کات زیاترکورد پێویستی بە یەکگرتووی و یەکێتی نەتەوەیی و ڕێکخستنی نێوماڵی خۆی هەیە. سەرەڕای ئەمەش ئەزموونی حکومڕانی هەرێم بەشێوەیەک شکستی هێناوە و دوورکەوتوەتەوە لە مەبادیئەکانی نەتەوەیەک کە ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و چەندین فۆڕمی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و کوشتن و بڕین بوەتەوە. لە ئیستادا ئەوەی مایەی نەنگییە سەدایەکی نابووت و دەنگێکی بەرز لە ئارادایە داوای گەراندنەوە بۆ ناوەند و چەسپاندنی مەرکەزیەت و لادان لە پرەنسیپ و دەسەڵاتە دەستووریەکانی ئەو بەشە فیراڵیەتە دەکات کە بە پێی دەستور و یاساکارپێکراوەکان بە کورد دراوە. ئەمەش بەهۆی ئەو ستەمکاریی یە جەبەرووتەی، حکومرانی کورد لەسایەیی دەسەڵاتی سی ساڵەی حزبەکانی حکومڕان دەرحەق بە میللەتێکی تێکۆشەری قوربانیدەر تەبەنی کراوە. بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسەتی برسی کردنی ئەم گەلە ستەم دیدەیە مووچە و بودجە بووە بە هەموو شت بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی. بەداخەوە زۆرجار لەلایەن بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستانەوە گوێمان لەوگوتارە دەبێت کە ئێمە بۆ پارەو مووچە شۆڕشمان نەکردووە. ئەم گوتارە ڕاستە، کورد ئەو هەموو قوربانییەی داوێتی بۆ مووچە نەبووە، بەڵکو لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری و مافی نەتەوەکەی بووە. وەلێ کێشەی کورد کێشەی عەدالەتە لەگەڵ حکومرانانی ناوچەکە. ئێستاش کێشە لە گەڵ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی هەر پرسی عەدالەت و دادگەری یە. هەروەك نابین بە نەتەوە تا دادپەرەوەری جێبەجێ نەکەین. نابیت بەسەرکردە و بە حزب تادادپەروەر نەبین، بۆیە کێشەی ئەم ناوچە و حکومڕانەکانی تەنها دادپەروەری یە. وێڕای ئەوەی لە ئیستادا میللەتەکەمان زۆرتر تینووی دادپەروەری و گەڕانەوەی شکۆمەندی وژیانێکی شەرەفمەندانەیە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین سەبارەت بە  پرسی ئەنفال دوو سەرنج بخەینەڕوو:

١. ئێمە پێمان وایە دەبێت چۆن تیمی شوێنەواری پسپۆر کار لەسەر دۆزینەوەی ئاسەوارو کەرەستەی دێرین دەکەن و بەشوێن کەشفی مێژوو شارستانیەتەوەن، کە نرخ و بەهایان هەیە و مێژوو شارستانیەت دەگێڕنەوە، بۆ ئەنفالیش دەبێت بە گرنگیەوە بە شوێن هەزاران چیرۆک و بەسەرهاتی ناو ئەم تراژیدیا و تاوانەدا بگەڕێین، لە چەندین ڕەهەندەوە کاری لەسەر بیکەن و بینووسینەوە و بەشێوەیەك بۆ هەزاران ساڵ لە ناو مێژووماندا قودرەتی مانەوەی هەبێت.

هەربۆیە پێویستە زۆر بەوردی و سەرنجەوە ئیش لەسەر گۆرە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان و تاوانەکانی تری جینۆسایدکردنی نەتەوەکەمان بکرێت و پارێزگاریان لێبکرێت بە باشترین شێوە. هەروەك لەلایەن تیمی پسپۆر هەڵبدرێنەوەو هەموو کەلوپەلەکانی ناوگۆڕەکان لە مۆزەخانەکان بپارێزرێن. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەر گۆرە و سەدان چیرۆکی هەیە و پێویستە بە گرنگەوە چیرۆکەکان تۆماربکرێن و بڵاوبکرێنەوە لە دەزگا میدیاییە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا. هەڵدانەوەی گۆرەکان تەنها گواستنەوەی رووفاتەکان نەبێت، بەڵکو بەشێوەی هونەری و ئەندازەیی و بە مەراسیمی تایبەت بهێنرێتەوە و بەجیهانی بکرێت بەجۆرێك کە خزمەت بە دۆسیەی ئەنفال وکورد و دۆزە ڕەواکەی بکات.

2. پێویستە کارکردن لەسەر پرسی ئەنفال و جینۆساید لە چوارچێوەی میتۆدی زانستی و ئامارو داتادا توێژینەوەی زانستیدا بێت، لەرێگەی تیم و دەزگا و سەنتەر و ناوەندە زانستییەکان و...هتد. لەچەندین ڕەهەندی زانستی وەك: (ئەنترۆپۆلۆژی، سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، یاسایی، مێژوویی، ئابوری، جوگرافی و...هتد) لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەنفال و جینۆساید بکرێت لە کوردستاندا. بەشێوەیەکی بابەتی و بە لە بەرچاوگرتنی شوێن و کات و ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەکە و کۆی ئەو جوگرافیایەی کە کەوتوەتە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆساید. بکرێن بە بابەتی توێژینەوەی زانستی و کاریان لەسەر بکرێت بە تایبەت نشینگە مرۆییەکانی وەك یەکە ئیدارەکان(پارێزگا، قەزا، ناحیە، گوند، کەمپەکان و...هتد).

سەرنووسەر

# تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندەکانی ئەنفال

**ئەو ڕۆژانەی ئەمڕۆیان دروستکرد: لێکەوتەکانی لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی (١٩٩١)**

نەوشیروان حوسێن سەعید

**کاریگەری پەیوەندییە دەرەکیەکانی عێراق لە پرۆسەکانی ئەنفالدا (ئەمەریکا) بەنموونە**

سەرکەوت شەریف ئیسماعیل

**کۆمەڵکوژی کوردی عێراق لە تەرازوی ئایینی ئیسلامدا**

مەهدی قادر

**ئەنفال و داهێنان**
**پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەری کوردیدا**

ئاوات نادر عبدالکریم

# ئەو ڕۆژانەی ئەمڕۆیان دروستکرد:
# لێکەوتەکانی لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی (١٩٩١)

نەوشیروان حوسێن سەعید

دکتۆرا لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی نیوکاسڵ لە بەریتانیا

## دەروازە

بەگشتی، لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و ستەمکاراندا خەڵکی بۆ دوو گروپ دابەش دەبن: تاوانباران و قوربانیان. بۆیە، لەپاش کەوتنی دیکتاتۆرەکان، دەبێت لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ هاوکێشەی تاوانبار-قوربانی بکرێت بە مەبەستی یەکلایکردنەوەی.* بۆ ئەوەش یەکێک لە ستراتیژییە باوەکان بریتییە لە بەکارهێنانی یەکێک لە میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری یان زیاتر. دادپەروەری ڕاگوزەری بریتییە لە کۆمەڵێک ستراتیژ بۆ هاندانی ئاشتەوایی لەو کۆمەڵگانەی کە بە قۆناغی جینۆساید و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پێکدادانی توندوتیژانەدا تێپەڕبون.

میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری دەکرێت دادوەری یان نادادوەری بن، وەکو دادگای تاوانەکان، پرۆسەکانی وردبینی و پاکسازی، لیژنەی بەدواداچونی ڕاستییەکان، دانپێدانانی سیاسی، قەرەبوکردنەوە، لێبوردن، چاکسازی دامەزراوەیی. دواجار ئامانجی هاوبەشی ئەو ڕێگاوشوێنانە بریتییە لە لێپێچینەوە لە تاوانباران و ڕزگاربوون لە ترس و تۆقینی ڕابردوو، هەروەها ڕێگەگرتن لە دوبارەبونەوەی ئەو تاوانانە لە ئایندەدا، لەگەڵ گەڕانەوەی شکۆ بۆ قوربانیان. بەڵام ئاشتبونەوە لەگەڵ ڕابردوویەکی تاڵ کە تیایدا تاوانی جەنگ و جینۆساید ڕویداوە بێ ئەوەی کار بکاتە سەر سەقامگیری ئێستا، یەکێکە لە ئاڵنگارییەکانی قۆناغی ڕاگوزەری هەرگەل و نەتەوەیەک.

'لێبوردنی گشتی' یەکێکە لە میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری کە هەرچەندە لەلایەکەوە ڕێگرە لە سزادانی تاوانباران و بەدیهێنانی دادپەروەری، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ببێتە هۆی ئاشتەوایی و ئاشتبونەوە لەگەڵ ڕابردوو و بەدەستهێنانی دڵسۆزی کەسانی سەر بە ڕژێمی پێشوو بۆ سیستمە سیاسییە نوێیەکە. ئیسپانیا

یەکێکە لە نمونەکانی پەنابردن بۆ لێبوردنی گشتی بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ رابردوو کە لەپێناوی گواستنەوە لە قۆناغی سەرکوتکارییەوە بۆ قۆناغی ئاشتی و دیموکراسی، تاوان و سەرکوتکارییەکانی سەردەمی فرانکۆیان لەبیر کرد. (١) لە هەرێمی کوردستانیش، پاش جەنگی کەنداوی یەکەم و لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، سەرکردایەتی سیاسی کورد کە خۆی لە بەرەی کوردستانی دەبینییەوە، بڕیاری لێبوردنی گشتیی دەرکرد بۆ سەرجەم ئەو موستەشار و سەرۆک جاشانەی کە تۆمەتباربون بە هاوکاریکردنی ڕژێمی بەعس و بەشداریکردن لە تاوانی ئەنفالدا. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەو بڕیارە لە ساڵانی دواتردا لەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

## لێبوردن یان پەنادان؟

پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١)، یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە دەبوو تاوتوێ بکرێت و بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت، بابەتی چۆنێتی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەو دەیان هەزار جاش و موستەشار و سەرۆک جاشانەی کە بەشدارییان لە تاوانی ئەنفالدا کردبوو. بەڵام لەجیاتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون و دروستکردنی لیژنەی بەدواداچونی ڕاستییەکان، بەرەی کوردستانی بە بڕیارێکی سیاسی سەرپێیانە و ناکلایەنانە، لێبوردنێکی گشتی بێمەرجێ بۆ دەرکردن. لەو کاتەوە تائێستا، هیچ یەکێک لە کابینەکانی حکومەتی هەرێم هیچ هەنگاوێکی ڕاستەقینەیان لەدژی جاش و موستەشارەکان نەگرتۆتەبەر. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەو لێبوردنە گشتییە کە بووەتە قەڵغانێک بۆ پاراستنی تۆمەتباران.

پاساوی داکۆکیکارانی ئەو بڕیارەی بەرەی کوردستان ئەوەیە کە ئەو هەنگاوە لەو کاتەدا گرنگ و پێویست بوو بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی و وەلائی هەزاران جاش و موستەشار، بەتایبەتی بۆ سەرخستنی ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) لەدژی سوپا و دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان. هەروەها باس لەوەش دەکەن کە نەدەکرا لەو کاتە ناسکەدا سزای ئەو هەزاران کەسە بدرێت، چونکە دەبووە هۆی زیاتر ناسەقامگیری دۆخەکە. (٢) جگە لەوەش، لەو کاتەدا دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەوە لاوازتر بون کە بتوانن کار لەسەر

تاوانێکی گەورەی وەکو ئەنفال بکەن و کەیسی هەزاران قوربانی و جەللاد یەکلایی بکەنەوە. (٣) بەو پاساوانە، جاش و موستەشارەکان نەک هەر ڕووبەڕووی دادگا نەکرانەوە، بەڵکو پارتی و یەکێتی لە خۆیانیان گرت و پەنایاندان، چونکە لەلایەکەوە پێویستیان بە توانا و ئەزموون و شارەزایی سەربازیی جاش و موستەشارەکان بوو بۆ زاڵبون بەسەر یەکتردا (بەتایبەتی لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا)، لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆک جاش و موستەشارەکان دەبوونە هۆی دەستەبەرکردنی هەزاران دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا. ئەوەش گرنگ بوو بۆ بەهێزکردنی هەریەکە لە پارتی و یەکێتی لەسەرحسابی ئەوی دیکەیان.

بە مانایەکی دیکە، لەجیاتی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیان، هەرلە سەرەتاوە هەردوو حیزبی باڵادەست کێبرکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و دڵسۆزی موستەشارەکان. جگەلەوەش، لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی (١٩٩١) جارێکی دیکە بووەوە بە قەڵغانێک بۆ پاراستنی موستەشارەکان پاش کەوتنی ڕژێمی بەعس و لە قۆناغی دوای (٢٠٠٣). بۆ نموونە، ساڵی (٢٠١٠) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ (٢٥٨) موستەشاردەرکرد بە تۆمەتی تێوەگلانیان لە تاوانی ئەنفالدا، بەڵام حکومەتی هەرێم دیسانەوە ئەو تۆمەتبارانەی پاراست. (٤) لەجیاتی لێپێچینەوە و دادگاییکردن، هەندێک لە موستەشارو سەرۆک جاشەکان پاداشت کران، بە جۆرێک هەیانە زیاتر لە پەنجا پاسەوانی هەیە لەگەڵ خانەنشینییەکی چەور و قەبە، لەکاتێکدا کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال هێشتا لەڕووی مادی و مەعنەوی و دەرونییەوە قەرەبوو نەکراونەتەوە. (٥) ئەو موچە کەمەی کە وەریدەگرن، بە قەرەبوکردنەوە حساب نیە. جگە لەوەش، بەپێی بڕگەی دەیەمی قانونی دادگای باڵای عێراق، ئەو عێراقییانەی تۆمەتبارن بە تێوەگلان لە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید و تاوانی جەنگ لەنێوان (٧ ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ هەتا پێنجی مانگی یەکی ٢٠٠٣)، دەبێت ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە. (٦) بۆیە ئەو بڕیارەی بەرەی کوردستانی گەرچی لە ڕوکەشدا بریتی بوو لە لێبوردنی گشتی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بریتی بوو لە پەنادان و پاداشتکردنی تۆمەتبارەکان لەسەر حسابی خەم و ئازاری قوربانییەکان.

## لێبوردن یان دادپەروەری؟

بۆ سارێژکردنی برینەکانی ڕابردوو، بەدیهێنانی دادپەروەری لەو کۆمەڵگایانەی کە بە قۆناغی جینۆسایددا تێپەڕیون ئێجگار گرنگە. ئەوەش دەکرێت لە ڕێگای دادگاییکردن و سزادانەوە بێت یان لە ڕێگەی قەرەبوکردنەوەی مادی و مەعنەوی قوربانیان. دادگایکردن و سزادانی تاوانباران ڕێگایەکی باوە، نەک هەر بۆ ئەوەی تاوانباران باجی تاوانەکەیان بدەن، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگریش لە دووبارەبوونەوەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و کوشتوبڕ لە ئایندەدا.

زۆر بە سادەیی، لێبوردنی گشتی 'بێمەرج' بێ ئەوەی هیچ کەسێک دان بە تاوانەکەیدا بنێت، دژی دادپەروەرییە، چونکە ئەوە نەک تەنها لێخۆشبونە لە تاوانەکانیان بەڵکو پاداشت کردنیشیانە. بۆ ئەوەی لێبوردنی گشتی لەگەڵ دادپەروەریدا بگونجێت، دەبێت لێبوردنە گشتییەکە مەرجدار بێت نەک ڕەها، وەکو کەیسی باشوری ئەفریقا. لە باشوری ئەفریقا هەر لە سەرەتاوە لێبوردنی گشتی بێمەرج ڕەتکرایەوە، بەڵام پەرلەمانی ئەو وڵاتە مافی دایە لیژنەی بەدواداچونی ڕاستییەکان تا لەو کەسانە ببورێت کە تەنها ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی پاڵنەری کردەوەکانیان بووە. بە مانایەکی دیکە، شتێک نەبوو بەناوی لێبوردنی گشتی و دەستەجەمعی بۆ هەموان، بەڵکو دەبوو دوای ناسینەوە و دەستنیشانکردنی هەر تاوانبارێک، تاوانبارەکە دانی بە تاوانەکەیدا بنایە بۆ ئەوەی لێبوردن بیگرێتەوە. (٧) بەڵام لێبوردن ئەو کەسانەی نەدەگرتەوە کە بەهۆی ڕق و کینە و بۆ مەرام و مەبەستی شەخسی تاوانیان ئەنجامدابوو. (٨) کەواتە، لە باشوری ئەفریقا دوای چونە ژێر باری بەرپرسیارێتی و دانپێدانان بە تێوەگلان لە جینۆساید و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئینجا لە تاوانباران خۆشبون. بەڵام لە هەرێمی کوردستان، بەرەی کوردستانی (نەک پەرلەمان)، بێ گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی ڕای کەسوکاری ئەنفالکراوان، بە بڕیارێکی سیاسی سەرپێیانە و تاکلایەنە لە سەرجەم تۆمەتباران خۆشبوو. خۆ دەکرا دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچون، بەشێک لە تۆمەتباران بێتاوان دەرچن و تاوانەکەیان بەسەردا ساغنەبێتەوە، بەڵام ئەو لێبوردنە گشتییە هەر وەکو چۆن ستەمی لە قوربانیان کرد، کارێکیشی کرد هەموو

تۆمەتباران تائێستاش بە یەکچاو تەماشا بکرێن.

بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئاشتی و دادپەروەری لەو کۆمەڵگانەی بە قۆناغی جینۆساید تێپەڕیون، دەکرێت لە بەرانبەر لێخۆشبون لە تاوانباران پاش داوای لێبوردنکردن، قەرەبوی قوربانیانیش بکرێتەوە. قەرەبوو کردنەوە دەکرێت مادی یان مەعنەوی بێت بۆ چارەسەرکردنی برینی قوربانیان. گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین کە قوربانی تەنها ئەو کەسە نییە کە ڕاستەوخۆ بووەتە قوربانی دەستی جینۆساید، تەنها کەسوکارو خانەوادەی قوربانییەکەش نییە، بەڵکو هەموو ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان زیانی مادی و مەعنەوییان بەرکەوتبێت بەهۆی جینۆسایدەوە، هەر هەر بە قوربانی دادەنرێن. بەگشتی قوربانی بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک دەوترێت کە زیانی جەستەیی و ئابوری زەبری دەرونی و عاتیفییان بەرکەوتبێت و مافە یاساییە بنەڕەتییەکانیان پێشێلکرابێت. (٩) ئەگەر ئەم پێناسەیە بکەینە پێوەر، ئەوا قوربانیانی تاوانی ئەنفال تەنها کەسوکاری پلەی یەکی ئەنفالکراوان نین، بەڵکو هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان زیانی جەستەی و ئابوری و زەبری دەرونییان بەرکەوتووە.

دیارە حکومەت ئەو لایەنە پەیوەندیدارەیە کە دەبێت قەرەبوی قوربانیەکان بکاتەوە. ئەوەش لەپێناوی یەکلایکردنەوەی هاوکێشەی قوربانی-جەللاد و ڕازیکردنی قوربانیان بۆ نەکردنەوەی دۆسیەی دادگا لە دژی تۆمەتباران. لە کەیسی ئەنفالدا، هەردوو حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت قەرەبووی قوربانیان بکەنەوە، چونکە حکومەتی عێراق میراتگری حکومەتەکانی پێش خۆیەتی، حکومەتی هەرێمیش درێژکراوەی بەرەی کوردستانییە کە لە کاتی خۆیدا لە تۆمەتبار و تاوانباران خۆش بوو بێ حسابکردن بۆ کەسوکاری قوربانیان. لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا کەسوکاری قوربانیان قەرەبوی مادی و مەعنەوی پێویست نەکراونەتەوە لەلایەن هەردوو حکومەتەوە، بێ ئەو هەنگاوەش نە دادپەروەری ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەدا بەدیدێت و نە هەستی قوربانیبونیش لای قوربانیان کۆتایی دێت. هەر ئەوەش بۆ خۆی بەسە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە لە ململانێیەکی شاراوەی هەمیشەییەدا کە دەکرێت لە هەر کاتێکدا

سەر بکێشێت بۆ تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی.

جۆرێکی دیکەی دادپەروەری بریتییە لە گەڕانەوەی شکۆ بۆ قوربانیان و دوبارە ڕاهێنانەوەی تاوانباران لەناو کۆمەڵگادا. ئەم جۆرە لە دادپەروەری دژی بەدیهێنانی داپەروەرییە لە ڕێگەی دادگایکردن و سزادان. ئەگەر دادگایکردن وەڵامدەرەوەی هەستی تورەیی و ڕق و تۆڵەکردنەوە بێت لای قوربانی، ئەم جۆرە لە دادپەروەری هەوڵی گەڕانەوەی ئاشتی دەدات لەناو کۆمەڵگەدا. یەکێک لە ڕێگاکانی گەڕانەوەی شکۆ بۆ قوربانیان بریتییە لە داوای لێبوردنکردنی ڕاستگۆیانە لەلایەن تاوانبارانەوە بە دەربڕینی پەشیمانی و داننان بە تاوانەکەیان لە ڕێگەی نامەیەکی فەرمی یان تۆماری ڤیدیۆیی یان هەر شێوازێکی دیکەی ئاشکرا. داوای لێبوردن کردن گرنگە بۆ کۆتایهێنان بە لۆمەی قوربانیان، هەروەکو ڕێگەخۆشکەرە بۆ لێخۆشبون و ئاشتەوایی، چونکە داوای لێبوردنکردنی تاوانبار ئارامی و ئاسودەیی دەرونی بە قوربانی دەبەخشێت. هەروەها هێزیان بۆ دەگەڕێنێتەوە لەو ڕووەوە کە دەتوانن لە تاوانبارەکە خۆش بن یان لێی خۆش نەبن. زۆر جار تەنها داوای لێبوردنێک بەسە بۆ ئەوەی قوربانیان لە تاوانباران خۆش بن (دوای ساغبوونەوەی تاوانەکە بەسەریاندا).

هەرچەندە زەحمەتە بزانرێت کە داوای لێبوردنەکە ڕاستگۆیانە و لە دڵەوەیە یان تەنها بۆ خۆدەربازکردنە لە سزادان، بەڵام هەرچۆنێک بێت باشترە لە لێبوردنی گشتیی بێمەرج و سوڕانەوەی تۆمەتباران بێ هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی. دیسانەوە لە هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک لە تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال بە فەرمی پەشیمانی دەرنەبڕیووە و داوای لێبوردنی نەکردووە تا کەسوکاری ئەنفالکراوان لێی خۆش بن. بەو شێوەیە، خانەوادە و کەسوکاری ئەنفالکراوان تەنانەت مافێکی سادەی وەکو داوای لێبوردنیشیان پێ ڕەوا نەبینراوە، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی ببێتە پارسەنگی لێبوردنە گشتییە بێمەرج و تاکلایەنەکەی بەرەی کوردستانی. بە مانایەکی دیکە، هێشتا کەمترین دادپەروەری لەم ڕووەوە بەدینەهاتووە.

جۆرێکی دیکەی دادپەروەری بریتییە لە پێدانی دەنگ و سەنگ بە قوربانیان. بۆ نمونە، یەکێک لە کارەکانی لیژنەی بەدواداچونی ڕاستییەکان بریتییە لە

گوێگرتن لە چیرۆکی خەم و ناسۆری کەسوکاری قوربانیان بەشێوەیەکی ئاشکرا، بۆ ئەوەی چی دیکە ئەو بارە قورسە لەسەر شانیان هەڵنەگرن. ئەمە وا دەکات کە کۆمەڵگە لە لایەکەوە ئەوانە بناسێتەوە کە بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، لەلایەکی دیکەشەوە لە خەم و ناسۆرییەکانی قوربانیان تێبگەن. ئەم جۆرە دادپەروەرییەش لە کوردستان بەدینەهاتووە. لە کوردستان هیچ لیژنەیەکی فەرمی دروستنەکراوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەدواداچونی ڕاستییەکان و کۆکردنەوەی هەزاران چیرۆکی خەمناکی ڕزگاربوانی تاوانی ئەنفال و کەسوکاری قوربانیان چ لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال یان دواتر. بەوشێوەیە، جەللادەکان نەک هەر ڕوبەڕوی سزای یاسایی نەکراونەتەوە، بەڵکو تائێستا خەڵکی بە وردی نازانن تاوانباران کێن، چ جۆرە تاوانێکیان ئەنجامداوە لە کاتی ئەنفالدا، پاڵنەرەکانی پشت ئەو کارەیان چی بووە، ئەمانە و زۆر پرسیاری وەڵامنەدراوەی دیکەش. ئەم ڕاستییەش کوردستان دەکاتە یەکێک لە کەیسە دەگمەنەکانی بواری جینۆساید کە پاش زیاتر لە (٣٠) ساڵ هێشتا هاوکێشەی قوربانی-جەلاد یەکلانەکراوەتەوە. تائێستاش دادپەروەری بەدینەهاتووە، چونکە قوربانی هەر قوربانییە و جەللادیش هەرجەللاد.

## لێبوردنی گشتی یان ئاشتی و ئاشتەوایی؟

یەکێک لە مەبەستەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری بریتییە لە تێپەڕاندنی ڕابردووی پڕ کارەسات و بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و بەهێزکردنی پایەکانی ئاشتی لە کۆمەڵگەدا. دەکرێت ئاشتەوایی بەمجۆرە پێناسە بکرێت "بریتییە لەو پرۆسەیەی کە کۆمەڵگەیەک لە ڕابردوویەکی دابەشبوو و پەرتبووەوە دەگوازێتەوە بۆ ئایندەیەکی هاوبەش".(١٠) ئامانجی سەرەکی لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بۆ ئەوەیە بگاتە ڕاستیی ئەوەی چی ڕوویدا، ئەوەش بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو بابەتە و بۆ ئەوەی چی دیکە چیرۆک و گێڕانەوەی ناکۆک و دژبە یەک لەسەرڕابردوو دروست نەبێت. ئەوەش گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە، چونکە بوونی دید و تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە تاوانێکی گەورەی وەکو جینۆساید کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، دەبێتە هۆی دابەشبوون و پارچەپارچەبونی کۆمەڵگە لەئێستادا.

هەندێ کۆمەڵگە بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتەواییان بەلاوە گرنگترە لە بەدیهێنانی دادپەروەری، بەجۆرێک هەندێجار دەگاتە ڕادەی لە بیرخۆبردنەوە و لە بیرکردنی رابردوو. بۆ نمونە، لە پاش مردنی فرانکۆ لە ساڵی (١٩٧٥) لە ئیسپانیا، بەپێی 'ڕێکەوتنێکی نەنوسراو' هەموان ڕازیبون بە 'لەبیرچونەوەی دەستەجەمعی' دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتکارییەکانی ڕابردوو، هەرچەندە دواتر کۆمەڵەی قەشەکان داوای لێبوردنیان لە خەڵکی ئیسپانیا کرد بەهۆی تێوەگلان و لایەنگیریيان لە شەڕی ناوخۆدا. کەمبۆدیاش یەکێکی دیکەیە لەو کەیسانەی کە لە جیاتی دادگایکردن و تۆڵەکردنەوە، پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی لێبوردنی گشتی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتەوایی بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگە بەرەو دیموکراسی، چونکە پێیانوابوو دووبارە هەڵدانەوەی ڕوداوەکانی رابردوو و کولانەوەی برینەکان ئەو ئاشتییە لەرزۆکە دەخاتە بەرمەترسی کە لە قۆناغی دوای ململانێدا دروست بوو بوو.

شایانی باسە لە زۆر کۆمەڵگەدا لە بیربرخۆبردنەوەی مێژوو و ڕابردوو خزمەتی ئاشتی و ئاشتەوایی ناکات، چونکە ئەوە قوربانیان لە دانپێدانانی کۆمەڵگە بە ئازارەکانیاندا بێبەش دەکات، هەروەها ڕێگە بە جەلادەکان دەدات نکوڵی لە تاوانەکانیان بکەن، ئەوە جگە لەوەی کە نەوەکانی ئاییندە لە زانیاری ورد و دروست و تەواوەتی دەربارەی ڕابردوو بێبەش دەبن. (١١)

بۆ ئەوەی لە ڕابردوویەکی پەرتبوو، ئاییندەیەکی هاوبەش بونیاد بنرێت و ئاشتی و ئارامی باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بکێشێت، چەند کارێک گرنگە، وەکو: دۆزینەوەی ڕاستییەکان سەبارەت بە وردەکاری تاوانەکانی رابردوو، دیاریکردنی ناسنامەی جەلادەکان، دەستنیشانکردنی پاڵنەری پشت تاوانەکانیان، پەیوەندی نێوان کارەکانی ئەوان و ناسۆرییەکانی قوربانیان، ڕادەی زیانە جەستەیی و ئابوری و ماددی و مەعنەوییەکان. بۆیە، بێ ئەنجامدانی ئەو کارانە، جێبەجێکردنی سیاسەتی بێدەنگی و لە بیرخۆبردنەوەی ڕابردوو زەحمەتە بێیتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتیەکی هەمیشەیی و بەردەوام. (١٢)

هەرچەندە ئێستا زیاتر لە (٣٠) ساڵ تێپەڕیووە بەسەر تاوانی ئەنفال و نەوەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، بەڵام تا ئەم چرکەساتەش

پرۆسەی دادپەروەری ڕاگوزەری پشتگوێخراوە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە هێشتا کوردستان لەلایەن هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانییەوە حوکم دەکرێت. واتە، نەوەی نوێی بارزانی و تاڵەبانیش درێژکراوەی هەمان عەقڵیەتی پێشترن و ئەو دۆخەی پێشویان قبوڵ کردووە و درێژەشی پێدەدەن. بەو جۆرە، بەهۆی بەرژەوەندی سیاسییەوە، لە ڕێگەی ئەو لێبوردنە گشتییە سیاسییەوە چاوپۆشیکرا لە هێنانەدی ئاشتی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە و کۆتایهێنان بە دوانەی تاوانبار-قوربانی لەناو کۆمەڵگەی کورددیدا. سەرکردایەتی سیاسی لەو کاتەدا نەیویستووە لە قوڵبونەوە لە بەدواداچونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن حیزبی بەعس و هاوکار و پشتیوانەکانی لە کوردستاندا ڕۆبچێت، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو ئەگەر بەو ڕێگایەدا بڕۆن قەوارە سیاسییە نوێکەی هەرێم هەڵبوەشێتەوە. بەڵام ڕونە کە برین و خەم و ئازارەکانی ئەنفال هێشتا بە تۆخی لە دڵ و دەرونی قوربانیاندا ماوەتەوە. تێپەڕبونی کات مانای لەبیرچونی تاوانی ئەنفال نییە، لانیکەم لای کەسوکارییان.

بەبێ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕابردوو و بەبێ ئاشتەواییەکی نیشتمانی ڕاستەقینە، زۆر قورسە وێنای کوردستانێکی ئارام و گەشەسەندوو و سەقامگیر بکەین. سێ دەیەی ڕابردوو دەریخست خۆدورخستنەوە لە ئاشتەوایی هەڵەیەکی کوشندەی بەرەی کوردستانی بوو، چونکە بەهۆی لێبوردنە گشتییەکەوە کۆنە جاش و موستەشارەکان توانیان چەک و جبەخانەکانیان بپارێزن، هەروەها لە شەڕی ناوخۆدا ڕۆڵێکی زۆر خراپ و نێگەتیڤیشیان بینی. دواتریش لەناو هەردوو حیزبی باڵادەست زۆرێکیان بە بەرچاوی قوربانییەکانەوە بوونە پلەداری سەربازی تا ئاستی خانەنشین بوون بە موچەی زەبەلاح. کەواتە، لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، دەتوانین بڵێین لێبوردنە گشتییە بێمەرجەکەی ساڵی (١٩٩١) یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی غیابی ئاشتی و ئارامی ڕاستەقینە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیش.

ناکرێت پەیوەندی نێوان ئاشتەوایی و پرۆسەی بەرەو بە دیموکراسیچونیش نادیدە بگرین. ئاشتەوایی دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە بە حکومەت و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان دوژمنەکانی پێشوو و

باوەڕبون بە هاوکاری و هاریکاری یەکتر، هەموو ئەوانەش پایەکانی دیموکراسی بەهێز دەکەن. مانگ و ساڵەکانی سەرەتای قۆناغی پاش جینۆساید زۆر گرنگن بۆ بونیادنان و وردە وردە پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسی و دامودەزگا دیموکراتییەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. بەڵام لە کوردستاندا ئەو لێبوردنە گشتییە بووە هۆی لاوازکردن و بێبایەخکردنی سەروەری یاسا. بۆ نمونە، لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تائێستا بە تۆمەتی بەشداریکردن لە شەڕی ناوخۆ و ئەنجامدانی تاوان و تێوەگلان لە گەندەڵی، هیچ بەرپرسێکی باڵا رووبەڕووی دادگا نەکراوەتەوە. لەڕاستیدا خراپی حکومڕانی ئێستا و ئەوەی کە بەرپرسانی باڵا لە سەروی دادگاوەن، پەیوەندی بە لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی (١٩٩١)ەوە هەیە، چونکە ئەو لێبوردنە نۆرمێکی سیاسی داهێنا بۆ پاراستن و پەنادانی ئەوانەی سەرپێچی یاسا دەکەن. دواجار دوای زیاتر لە سێ دەیە، هێشتا هەرێمی کوردستان نەبووتە هەرێمێکی دیموکراسی وەکو ئەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم خەون و پێشبینی زۆر کەس و لایەن بوو. ڕەگی مێژوویی ئەمەش بۆ لێبوردنە سیاسییە تاکلایەن و بێمەرجەکەی بەرەی کوردستانی دەگەڕێتەوە.

## چی بکرێت؟

وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، ئامانجی سەرەکی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاوان و ناسۆرییەکانی ڕابردوو تا نەبێتە هۆی چاندنی تۆوی ململانێ و پێکدادانی نوێ لەناو کۆمەڵگەدا. خاڵی گرنگ و سەرەکی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە تێگەیشتن لەوەی لە ڕابردودا ڕوویداوە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و دوور لە چەواشەکاری.

ڕاستە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەدا، شتێک بە ناوی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان نەکراوە، بەڵام ئەمە مانای وانییە ئەو دۆخە بۆ هەمیشە هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە. لە هەرێمی کوردستان، سیاسەت و وەڵامی حکومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو بریتی بووە لە بێدەنگی لێکردن، لەکاتێکدا یادەوەری تاوانەکانی ئەنفال هێشتا لە مێشک و دڵ و دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان نوێیە. ئەنفال برینێکی سارێژ نەبووە کە هەموو ساڵێ لە یادی ئەنفالدا دەکولێتەوە. بە

مانایەکی دیکە، تێپەڕبوونی کات نەبووەتە هۆی لەبیرچونەوەی ئازارەکە. ئەوەش شتێکی نامۆ نییە، بەڵکو چاوەڕوانکراوە، چونکە توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژە بەوە دەکەن کە گەڕان بەدوای ڕاستی و دادپەروەری و قەرەبوکردنەوە بە تێپەڕبونی کات، کۆن نابێت. (١٣) بۆیە ئەگەر برینەکان بە سارێژنەکراوی جێبهێڵرێت، ئەوا دەکرێت 'ڕابردوو' لە 'ململانێ نوێ'یەکاندا بەکاربهێنرێتەوە.

هەرچەندە هیچ چارەسەرێکی دیاریکراو نییە کە حەوت دەرمانە بێت و بۆ هەموو کات و شوێنێ بگونجێت، بەڵام بۆ دۆخی کوردستان، ئاشتەواییەکی نیشتمانی گشتگیر کلیلی مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕابردوو. ئاشتەوایی ڕووداوێک نییە یەکجار ڕوودبدات و ئیتر کۆتایی بێت، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەنی ئاڵۆز و پێچاوپێچە. دەکرێت دوای چەندین ساڵ و پاش چەند نەوەیەک ئینجا بە تەواوەتی ئامانجەکانی بپێکێت و بێتەدی. یەکێک لە ڕێگرەکان لە هەرێمی کوردستان بریتییە لەو ڕاستییەی کە هێشتا تۆمەتبار و تاوانبار لەیەکتر جیانەکراونەتەوە، هێشتا تاوانباران داوای لێبوردنیان نەکردووە، نەک هەر ئەوە لەلایەن حکومەتیشەوە هان نەدراون تا هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێن، قوربانیەکانیش نە لە تاوانبارەکان خۆش بوون و نە ڕابردویشیان لە بیرچووەتەوە. لەبەر گرنگی ئاشتەوایی بۆ ئایندەی کوردستان هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی مۆراڵییەوە، بۆیە ناکرێت بۆ هەتا هەتایە دوابخرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی هەرێم، لەئێستادا بەمەبەستی تێپەڕاندنی ڕابردوو، بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە، لەبری لیژنەی بەدواداچونی ڕاستییەکان، ڕەنگە قەرەبوی مادی و مەعنەوی و دەروونی قوربانیان کاریگەرتر بێت. بۆ ئەوەش دەکرێت یاساکەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ دادگایکردنی (٢٥٨) موستەشاری تۆمەتبار لە شاڵاوەکانی ئەنفال، لەمڕووەوە پشتیوانییەکی بەهێز بێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی ئەو دوو لایەنەن کە دەبێت هەنگاوی جدی بنێن و فشاریان لەسەر دروستکرێت. لەڕووی تیۆرییەوە، سەرەتا دەبێت فشاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوە بێت کە لەسەر ئاستی حکومی و حیزبی، لە هەرێمی کوردستان کۆتایی بە پەنادانی کۆنە جاش و

موستەشارەکان بهێنرێت. حکومەتی عێراقیش وەکو میراتگری حکومەتەکانی پێش خۆی بەرپرسیارێتی قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراون لە ئەستۆ بگرێت، هەروەکو چۆن چوە ژێر باری قەرەبوکردنەوەی کوەیت لە ئاستی دەرەوە و قەرەبوکردنەوەی ئاوارەکانی کەمپی ڕەفحا لە ئاستی ناوخۆ، لەکاتێکدا تاوانی ئەنفال لە کەیسی ئاوارەکانی ڕەفحا زۆر گەورەتر و ترسناکتربوو.

بە کورتی، لێبوردنە گشتییەکەی ساڵی (١٩٩١) دەرەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی ئێستامان بکەوێتە ژێر هەیمەنە و باڵادەستی ڕابردوو. ئەگەریادەوەری پڕترس و ترۆمای ڕابردوو بەو جۆرە فەرامۆش بکرێت، مەترسی ئەوە هەیە کە ناکۆکی و ململانێ کۆنەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەرگیز کۆتایی نەیەت. لەگەڵ دابەشبوونی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی لە نێوان پارتی و یەکێتی، دابەشبونێکی دیکەش هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاوانبار و قوربانی. ئەم دابەشبونانەش بەربەستن و بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو و دیموکراسی بەربەست بوون.

بە کورتی، ئەو لێبوردنە گشتییە کە بووە هۆی پاراستنی تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال لەڕووی یاساییەوە لەسەر حسابی قوربانیان، نە توانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دادپەروەری بەدیبێنێت، نە ئاشتیی ڕاستەقینەش. بەپێچەوانەوە، کاریگەری گەورەی نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی بەرەو دیموکراسیچوون و سەروەری یاسا و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەبوو. بۆ باسکردن و یەکلاییکردنەوەی تاوانەکانی ڕابردوو، ئەستەمە لە هەرێمی کوردستان دادپەروەری و ئاشتی هەمیشەیی بەدیبێت.

*بۆوردەکاری زیاترلەسەرئەم بابەتە، بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکم بە زمانی ئینگلیزی کە لە گۆڤاری **Middle East Studies Review of** بڵاوبووەتەوە بە ناونیشانی:

“The Past Explains the Present: Dealing with Anfal in the Kurdistan Region”: https://bit.ly/43jgcBk


1- Andrew Rigby, “Amnesty and amnesia in Spain,” Peace Review 12.1 (2000): 73-79.
2- Nahwi Saeed, “Why is Reconciliation so Important in Iraqi Kurdistan? The Case of Anfal,” LSE University, accessed April 28, 2021, https://blogs.lse.ac.uk/mec/2021/04/28/why-is-reconciliationso-

of
Human Rights, and Restorative Justice," in Handbook of Restorative Justice: A Global Perspective, eds. Dennis Sullivan and Larry Tifft (New York: Routledge, 2008), 358.

10- David Bloomfield, Teresa Barnes, and Luc Huyse, eds. Reconciliation After Violent Conflict: A Handbook (Stockholm: Bulls Tryckeri AB Halmstad, 2003), part one, 12, https://www.idea.int/sites/default/files/publications/reconciliation-after-violent-conflict-handbook.pdf

11- Bloomfield, Barnes, and Huyse, Reconciliation and Justice, 30.

12- هەمان سەرچاوەی پێشوو

13- Bloomfield, Barnes, and Huyse, Reconciliation and Justice, 31

important-in-iraqi-kurdistan-the-case-of-anfal/

3- بەپێی هەندێک لە بۆچوونەکان، ژمارەی جاش و موستەشارەکان لە پێش ڕاپەڕینەکە بە ٤٠٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد حاجی مەحمود: بەبڕوای من جاش و موستەشارەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە هەموویان پیاوی ڕژێم بوون

4- "Arrest warrant for Baʿthist Kurds," ANFNews, accessed October 16, 2016, https://anfenglish.com/news/arrest-warrant-for-baathist-kurds-2277.

5- Ali Heme Salih, "KRG anti-corruption reform must keep moving in the right direction," Rudaw, accessed August 20, 2020, https://www.rudaw.net/english/opinion/10082019.

6- Essay 10 of the law of the Iraqi High Tribunal, https://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx? SC=210220061156077.

7- Mahmood Mamdani, "Amnesty or Impunity? A Preliminary Critique of the Report of the Truth
and Reconciliation Commission of South Africa (TRC)," diacritics 32.3/4 (Autumn–Winter 2002): 33.

8- James L. Gibson, "Truth, Justice, and Reconciliation: Judging the Fairness of Amnesty in South
Africa," American Journal of Political Science 46.3 (July 2002): 541.

9- Chris Cunneen, "Exploring the Relationship between Reparations, the Gross Violation

# کاریگەری پەیوەندییە دەرەکیەکانی عێراق لە پرۆسەکانی ئەنفالدا (ئەمەریکا) بەنموونە

سەرکەوت شەریف ئیسماعیل

## پێشەکی

تاوانی ئەنفال کە زنجیرەیەك شاڵاوی سەربازی و راگەیاندنی چەواشەکارانەی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو لەلایەن رژێمی بەعسی (سەدام)یەوە لەنێوان ساڵانی (1987- 1988) بەرامبەر بەبەشێك لەدانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی ئەنجامدرا, بەڵام ئەم بەشە لە دانیشتوانەکەی کە میللەتی (کورد) بوو لەرووی ئیتنی و زمان و کلتورەوە بە ئەندازەیەکی زۆر جیاوازبوون لە بەشە زۆرەکەی تری دانیشتوانی دەوڵەت، تەنانەت لەو کاتەدا میللەتی کورد بزوتنەوەیەکی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی هەبوو کە لە خەبات و شەڕێکی قوڵ و سەختی چەکداری و سیاسی و راگەیاندندا بوو لەگەڵ حکومەتەکەی حیزبی بەعسی سەدامی.

هاوکات لەگەڵ پرۆسەکانی تاوانی ئەنفالدا، حکومەتی عێراق لە درێژترین شەڕی سەدەی بیستەمدا بوو لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێی کە ئەویش رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو, هەردوولا لە ساڵی (1980)هوە درێژەیان بە شەڕێکی خوێناوی و کاولکاری دابوو کە هەزاران کوژراوو بریندداری لێکەوتبووەوە، سەرباری زیانی ملیارەها دۆلاری تری ئابوری و کشتوکاڵی و وێرانبوونی سەرخان و ژێرخانی هەردوو بەرەی شەڕەکە. هەڵبەت لەم شەڕە دوورو درێژەدا هەردوو دەوڵەت و بەتایبەتیش حکومەتی عێراق پێویستیەکی زۆری بەکۆمەك و هاوکاری دەوڵەتانی زلهێزی دنیا هەبووە لەوکاتەدا.

ئەمەریکا وەك یەکێك لەزلهێزەکانی دنیای ئەوکاتە کە نزیکەی چوار دەیەش بوو لەململانێیەکی چڕدابوو لەگەڵ روسیا بەناوی (شەڕی سارد)هوە بەدەر نەبوو لەکێشمەکێش و هاوکاری ئەو دوو دەوڵەتە شەڕکەرەکە بەتایبەتیش عێراق, ئەمەریکا لە نەتەوە یەککگرتووەکان و بەتایبەتیش لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کەخاوەنی مافی (ڤیتۆ)یە, قورساییەکی زۆری هەبوو هەم لەو ئەنجومەنە هەمیش لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی, حکومەتی عێراقیش لەوکاتەدا هەرچەندە پەیوەندییەکی جێگر و چەسپاوی لەگەڵیدا

نەبوو، لەماوەی هەشت ساڵی شەڕەکەدا پەیوەندییەکانیان هەڵبەزو دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینی, بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆرترین کۆمەکی سیاسی و سەربازییان بە رژێمی عێراقی کرد، هەر ئەمەش هۆکارێکی گرنگ و کاریگەربوو هەم لە بەگژاچوونەوەی حکومەتی ئێرانی, هەمیش لەسەرکەوتنی لە پرۆسەکانی ئەنفالدا, ئەمەریکا جگە لەوەی لەبواری سەربازی و لۆجیستی هاوکاری رژێم بوو, لەولاشەوە لەئاستی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان بێدەنگی هەڵبژارد و کۆی پرۆسە و تاوانەکەی بە کاروباری ناوخۆی عێراق دایەقەڵەم, ئەمەش لەلایەك نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆت و بەند کرد بەوەی سەرکۆنەی رژێمەکەی عێراق بکەن، لەلایەکی تریشەوە دەستی رژێمی بەعسی زیاتر ئاواڵاکرد تا بەپێی ئامانج و پیلانەکەی زۆترین کورد سەرنگون بکات، زۆرترین ناوچەش لە دانیشتوانە رەسەنەکەی کە کورد بوون خاپورو چۆڵ بکات.

## گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

گرنگی و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە, تیشك دەخاتە سەرلایەنێکی گرنگ و جێگا بایەخی بابەتەکە کە وەکو پێویست لەرابردوودا دەستی بۆ نەبراوە, یاخود زۆر لەبارەیەوە نەوتراوە و نەنوسراوە, ئەویش بابەتی دەرەکیە کە هیچی کەمتر نیە لە هۆکار و بابەتە خودی و ناوەکیەکان, (بەشێوەی توێژینەوەی ئەکادیمی), لەلایەکی تریشەوە ئاماژەدان بەهۆکاری بابەتی تاوانی کەیسی ئەنفال پێماندەڵێ رژێمی بەعس لەپاڵ فاکتەرە خودی و ناوەکیەکان فاکتەرە دەرەکیەکاتیشی بۆ مەیسەر بوو بوو، هەر بۆیە بەئاسانی و بێ ترس و سڵەمینەوە لە ئیدانەی کۆمەڵگای نێودەڵەتی، نزیکەی ساڵێك رەشترین پرۆسەی سیاسی و سەربازی دژی ناوچەکانی کوردستان ئەنجامدا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەگەرێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەئاست تاوانێکی ئاوا گەورەی (جینۆساید) بێدەنگ بوون! بەتایبەتیش زلهێزێکی جیهانی ئەوکاتە کە ئەمەریکا بوو.

## گریمانەی توێژینەوەکە

- رەگ و ریشەی چەمکی ئەنفال و مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەکە وەك بەشێك لە نەریتی خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکە؟

- مێژووی هێرش و پەلاماردانی کورد و کاریگەری لەسەر رژێمی عێراق وەك بەشێکی بۆماوەیی بۆ لەناوبردنی کورد؟

- هەڵبژاردنی سورەتێکی قورئان لەلایەن رژێمی عێراقەوە بەمەبەستی رەوایەتیدان بە پرۆسەکەو چەواشەکاری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی؟

- کاریگەری پەیوەندیی و هاریکاری چەند دەیەی دەوڵەتی ئەمەریکا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وەك بەشێك لە هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەکە؟

- لاوازی و ناکاریگەری پەیوەندی کورد بە ئەمەریکاوە وەك بەشێك لە شکستی لایەنی کوردی و زیاتر گەورەبوونی زیانە ماددی و گیانیەکانی؟

- بێدەنگی و نکۆڵیکردن لەلایەن ئەمەریکاوە لەئاست تاوانەکانی ئەنفالدا وەك بەشێك لە بەرژەوەندی ئابوری و کاریگەری پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا بە دەوڵەتی عێراقەوە؟

## رێبازی توێژینەوە

رێبازی توێژینەوەکە بریتیە لەرێبازی شیکاری مێژوویی و رەخنەیی و پشت بەستنی توێژەر بە دەق و بەڵگەکانی ئەوکاتەی هەموو لایەنەکان و لێکەوت و دەرئەنجامەکانی پرۆسەکە.

## دابەشکردنی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پێکاتووە لە پێشەکیەك و دەروازەیەك و دوو بەش، سەرەتا لەدەروازەکەدا رەگ و ریشەی چەمکی ئەنفال و واتای زارەوایی و زمانەوانی وشەکە شیکراوەتەوە، پاشان لە روانگەی ئاینی ئیسلام و هۆکار و ئامانجەکانی رژێمی بەعس لە ناونانی پرۆسەکە بەم ناوەوە خراوەتەروو. بەشی یەکەم بەناونیشانی (هێرش و پەلاماردانی کورد لەعێراقدا 1921- 1988)، لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ لە (1921هوە تا 1988) بەزنجیرەیەك باسی کۆی ئەو تاوانانە کراوە کەدەوڵەتی ناوبراو بەناوی جۆراوجۆرەوە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کردویەتی، زۆریشیان دەچنە هەمان خانەی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدەوە، هەر لە رەشەکوژی بەردەرکی سەرای سلێمانی (1930) تا سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان (1932-1934) و شۆڕشی دووەمی بارزان (1943-1945) و پاشان هاتنی کۆماریخوازەکان لە (1958) و دواتر شۆڕشی ئەیلول و پاشان هاتنی جاری یەکەم و دووەمی بەعسیەکان لە

(1963 و 1968) دواتر رێککەوتنامەی جەزائیر (1975)، پاشان ئەنفالی بارزانیەکان لە (1983) و روخاندن و دەربەدەرکردنی دەیەها هەزار کوردی تر لەسەر زێدو ماڵی خۆیان، هەتا دەگاتە هێرشەکانی (1987- 1988) و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکە, مەبەستیش لەم باسە ئەوەیە کە تاوانی ئەنفالی رژێمی عێراق تاوانێکی کتوپڕ و لەخۆڕا نیە، بەڵکو پێشینەی زۆرتری هەبووە.

ناونیشانی بەشی دووەم بریتیە لە (پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق و کاریگەری لەسەر پرۆسەکانی ئەنفال), لە تەوەری یەکەمدا باسی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق و کوردیش کراوە, لە هاتنی ئەمریکیەکان بۆ ناوچەکە لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە کە فەمانرەوای ویلایەتەکانی عێراق بوون تا هەڵگیرساندنی پرۆسەکانی تاوانی ئەنفال, هەڵبەت پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گرنگ و دیار نیە, بەڵکو لەپاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان و سەرهەڵدانی شەڕی سارد و پاشان رێکەوتنی بەغدای (1955) و دواتریش کودەتای (1958) و هەڵوێستی ئەمەریکاو تێڕوانینی بۆ رووداوەکانی ساڵانی (1963 بۆ 1968) و پاشان خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق (1972) و رێکەوتنی جەزائیری (1975) و ساڵانی دوایی, بەهەمان شێوەش بەدرێژایی ئەو ماوەیە باسی پەیوەندییەکانی کوردی- ئەمریکی کراوە و هەڵوێست و تێڕوانینی ئەمریکیەکان لەمەڕ دۆزی کورد باسکراوە. لە تەوەری دووەمیشدا باسی کاریگەری پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق و کوردیش کراوە لە ساڵانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراقی- ئێرانی (1980- 1988) و پرۆسەکانی ئەنفالدا.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە کۆمەڵێك چاووگی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەستراوە لەوانە (قورئانی پیرۆز) و بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەناونیشانی (جریمه العراق فی الاباده الجماعیه حمله انفال ضد الکرد), پەرتوکی (الانفال الکرد ودوله العراق), ماستەرنامەی (دۆزی کورد لەبازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکی- عێراقی 1975- 1989), چاووگی (The 1988 Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan, Online: Stable URL, Encyclopedia, of Mass Violence, February 2008) لەگەڵ دەیان پەرتوك و چاوگی تری کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## دەروازە

سەرەتا بۆ ئاشنابوون بە چەمکی ئەنفال و مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەکە کورتەیەك دەخەینەڕوو کەیارمەتیمان دەدات بۆ زانینی هەندێ زانست و حەقیقەتی نەزانراوی پەیوەندیدار بە بابەتەکە. سەبارەت بەراڤەکردن و لێکدانەوەی زاراوەی ئەنفال دید و بۆچوونە جیاوازەکانی شیکاری ئەم وشەیە تا ئەندازەیەکی زۆر لێکدیەوە نزیکن و جێگای مشتومڕی قوڵی نوسەران و شارەزایان و زانایانی بواری زمانەوانی نین, بەتایبەتیش بۆ پسپۆڕانی بواری زمانی عەرەبی چونکە زارەوەکە لەبنچینەدا چاوگەکەی عەرەبیەو هەڵقوڵاوی کلتور و مێژووی ئەوانە. ئەنفال چ لەرووی زاراوەو چ وەکو چەمکێکی عەرەبی ئیسلامی, پێش مانا سیاسیەکەی مانای قووڵی کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکی گەورە و دانەبڕاوی بەکۆمەڵگای عەرەبیەوە هەیە, لەراستیدا ئەنفال لە رووە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکەوە پێوەندییەکی راستەوخۆی بەکلتوری تاڵان و بڕۆو بەدەستهێنانی دەستکەوتەوە هەیە, ئەویش لەرێگای هێرشکردن و غافڵگیری و هەڵکوتانەسەرو دەستبەسەراگرتنی سەر و ماڵی لایەنی بەرامبەر. ئەنفال کۆی ووشەی (نفل)ە, نفلیش بەواتای (الغنیمە), بەکوردی واتای دەسکەوت دێت, مەبەستیش لەمە (زیادە)یە چونکە (نفل) وەك لە (الراغب الاصفهانی)دا هاتووە: (نفل: اي الزیادە علی الواجب)، لێرەوە ئەوەی وەك ئەرك ئەنجامدەدەرێت پێیدەوترێت (واجب), ئەوەش کە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە ئەنجامدەدرێت پێیدەوترێت (نافلە) چونکە واجب نیە.

لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا، عەرەبەکان ووشەی ئەنفالیان بەواتای تاڵانی جەنگ بەکارهێناوە, مەبەستیش لە جەنگ شەڕکردن و شکاندنی دوژمن و وەرگرتنی دیل و دەستخستنی سامان و ماڵ بووە, گەورە پیاوانی عەرەب لەوکاتەدا بەشی خۆیان لە تاڵانی وەرنەگرتووە و خۆیان بەمە هەڵکێشاوە, هەروەك (عەنتەرە)ی شاعیر دەڵێت:

أنا اذا حَمِسَ الرغی نروی القنا ونعِف عند تقاسم الانفال

واتا: ئێمە لەشەڕدا خوێن دەبەخشین, بەڵام لەکاتی دابەشکردنی دەستکەوتەکاندا خۆمان لە وەرگرتنی دەپارێزین . کەواتە ئەنفال ووشەیەکی سەرومڕ عەرەبیە.

بێگومان پێش داهاتنی ئاینی ئیسلام لەناو عەرەبی دەوارنشین و خێڵی کۆچەر و سوارچاکی عەرەبدا پڕاوە, وشەکە زۆرتر پەیوەندی بەتێڕوانینی جەنگ و جەنگین و دەسکەوتەکانی جەنگاوەری جەنگەوە هەیە, ووشەیەکە بۆ هاندانی جەنگاوەر لەجەنگدا لە رێگای (هەڵمەت و دەستکەوت)هوە رسکاوە .

ئەنفال واتای زێدە دەسکەوت دەگەیەنێت, کەواتە پێناسەی دەسکەوت: ئەو ماڵ و سامانەیە کە بە شەڕ لە بێباوەڕەکان دەسەندرێت, یان بریتیە لە بەخشینی ئەو ماڵ و سامانەی لە شەڕ کۆکراوەتەوە و بەسەر هەندێك لە سەربازو جەنگاوەران دابەشدەکرێت, ئەمە دیل و کەسانی دەستگیرکراویش دەگرێتەوە, هەروەها ئەنفال بە زاراوە قورئانیەکەی بریتیە لەو ماڵ و سامان و دارایی و شتومەك و دەستکەوتانەی سوپایەکی ئیسلامی لە بەرەکانی جەنگکردن دژ بەبێباوەڕە شەڕکەرو جەنگاوەرەکان بەدەستیدەهێنێت, لە رێگای سەرکردەو پێشەوای سوپاکەوە بەسەر تێکۆشەر و سەربازەکانیدا دابەشی دەکات, هەروەکو زانایانی ئیسلامیش پێناسەیان کردووە بەوەی: (الانفال هو الغنیمه أی نیل ناله مسلمه من اموال اهل الحرب) واتا بریتیە لەو ماڵ و سامانەی کە دەست موسوڵمانان دەکەوێت لە خەڵکی شەڕکەر, کەواتە لێرەدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام مەسەلەی ئەنفالی مەرجدار کردووە بەم شێوەیە:

أ- دەبێ لەمەیدانی جەنگدا دەستکەوتەکان بەدەست بێن.

ب- دەبێ لەخەڵکی بێباوەڕ بسەنرێ, بێباوەڕ ئەوانەن بە فەرمی رایانگەیاندبێ هیچ پەیوەستی و پابەندییەکیان بە بنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە نیە, نەك بە قسەی ئەملاو ئەولا, بەڵام حکومەتی عێراقی کاتێك ئەم پرۆسەیەی ناونا ئەنفال و لە سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزی وەرگرت (یسْأَلُونَكَ عَنِ الأنفَالِ قُلِ الأنفَالُ لِلَّهِ والرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وأَصْلِحُواْ ذاتَ بَيْنِكُمْ وأَطيعُواْ اللّهَ ورَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) کۆمەڵێك ئامانج و مەرامی دیاریکراوی هەبوو لەوانە:

1- بۆ رەوایەتیدان بوو بەپرۆسەکە, بەوەی خەڵکی کوردستان کافرن و دژایەتی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن.

2- بۆ کوشتنی خەڵکی گوندەکان وەك چۆن موسڵمانان کافرەکان دەکوژن و کوشتنیان

ڕەوایە لە مەیدانی جەنگدا, چونکە گوندەکان پاڵپشتیەکی گەورەی هێزەکانی پێشمەرگەی نەیاری حکومەت بوون.

3- بۆ تاڵانکردنی ماڵ و سەروەت و سامانی ئەو خەڵکانەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن.

4- بۆ ناشرینکردنی کورد بوو لای دنیای ئیسلامی بەوەی ئەم خەڵکانە کافرن و ئیسلام نین.

هێرشکردنە سەر کورد بەشێك بوو لە سیاسەت و ئامانجی رژێمی بەعس لە عێراق، دوای گەشتنەوەی بە دەسەڵات لە ساڵی (1968), لەسەروی هەموشیانەوە پرۆسەکانی ئەنفال, چونکە بەعس پێیوابوو نابێ هیچ کۆمەڵە و گروپێك نەیاری عەرەب و نیشتیمانەکەی بکەن و دەبێ هەمووان خۆیان بە بەشێك لەو گەل و خاکە بزانن, لەناوبردنی کوردیش لە پرۆسەکانی ئەنفالدا بەشێك بوو لەو ئامانج و ئایدۆلۆجیەتەی بەعس هەیبوو.

ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا کە پێکهاتووە لە (75) ئایەتی مەدینی, لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی لە شەڕی بەدری گەورە دابەزیوە. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا موسڵمانەکان بەسەر بێباوەڕەکاندا سەرکەوتن و دەستکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا, هەرچەندە بەگشتی ئەو سورەتە باس و وەسفی شەڕەکە دەکات و ئەو شەڕە بە (یوم الفرقان) واتا رۆژی جیاکردنەوە ناودەبات.

هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دوای سەرکەوتنی موسوڵمانەکان لەشەڕەکەدا, لەسەر کۆکردنەوە و دابەشکردنی دەسکەوتەکان توشی هەندێ کێشە و گیروگرفت بوون, چونکە موسڵمانەکان لەم شەڕەدا بوبوون بە سێ کۆمەڵەوە, هەروەکو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە زاری عوبادەی کوڕی سامتەوە دەیگێڕیتەوە و دەڵێ (لەگەڵ پەیامبەر چووین بۆ شەڕی بەدری گەورە کەوتینە بەرامبەر بێباوەڕەکان و خوا دوژمنی شکاند و کۆمەڵێك لە موسڵمانان کەوتنە دوایان بۆ زیاتر شکاندن و تەمێ کردنیان, کۆمەڵێکیش چوون دەسکەوتە بەجێماوەکانی بەرامبەر کۆبکەنەوە و بەنیازی ئەوە بوون بۆ خۆیانی ببەن, کۆمەڵی سێیەمیش لەگەڵ پەیامبەر مانەوە بەمەبەستی چاودێری و پاراستنی, پاشان شەو داهات و هەر سێ کۆمەڵەکە یەکیانگرتەوە, هەریەکە لەکۆمەڵەکان خۆیان بەرەوا دەزانی بۆ بردنی

دەستکەوتەکان، لە ئەنجامی ئەم مشتومڕەدا ئەم سورەتە دابەزی و کێشەکەی نێوانیانی چارەسەرکرد.

پوختەی باسەکە ئەوەیە زاراوەی ئەنفال رەگ و ریشەیەکی قوڵتری هەیە لە ئاینی ئیسلام و سەرەتاکانی بۆ پێش هاتنی ئەو ئاینە دەگەرێتەوە. دیاردەکەش بەشێکە لە نەریتی کۆنی خێڵەکانی دوورگەی عەرەبی و لەوێوە برەوی سەندووە، بەڵام کاتێك ئاینی ئیسلام هات ئەم دیاردەیەی رێکخست و مەرجداری کرد، تا هەر کۆمەڵە و دەستە و تاقم و دەوڵەتێك بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکارینەهێنێ، پەنابردنی رژێمی بەعسیش بۆ ئایەت و کارێکی ئاوا لەو سات و کاتەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانج و سیاسەتە خراپەکانی بوو بەرامبەر میللەتی کورد تا رەوایی بدات بەو کوشت و برەی ساڵی (1988) ئەنجامیدا.

## بەشی یەکەم: هێرش و پەلاماردانی کورد لەعێراقدا (1921– 1988)

عێراق وەکو دەوڵەت تا ساڵی (1921) بوونی نەبوو، بەڵکو پێکدەهات لە هەر سێ ویلایەتی بەغدا و بەسرە و موسڵ (باشوری کوردستان) کە لەژێر هەیمەنەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو ، ئەم دەوڵەتە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی دورگەی عەرەبی و تورکیا لە باکورەوە، ئێران لە رۆژهەڵاتەوە و سوریا لە خۆرئاواوە و دوورگەی عەرەبی لە باشورەوە لە کیشوەری ئاسیا، خەڵکی ئەم وڵاتە پێکدێت لە خەڵکانی جیاوازی کورد و عەرەب و تورکمان، دیاناتی ئیسلامی و مەسیحی لەگەڵ کەمینەی ئێزیدی و سابیئەو بەهائی و زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکمانی بەکاردەهێنرێت.

پاش هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم (1914) و داگیرکردنی هەر سێ ویلایەتەکەی عێراق لەلایەن بەریتانیەکانەوە لە (1918)، بەریتانیەکان ساڵی (1920) حکومەتێکی کاتیان بۆ عێراق دروستکرد لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە و لە کۆنگرەی قاهیرەی ساڵی (1921) بڕیاری دروستکردنی مەملەکەتێکی پادشاییاندا بۆ عێراق و (فەیسەڵی کوڕی شەریفی) مەککەش کرایە پادشای ئەو پادشانیشینە لەهەمان ساڵدا، دواتریش ساڵی (1925) لە رێگای پێشنیاری لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلانەوە کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەنێوان عێراق و تورکیادا پێکهێنرابوو ویلایەتی موسڵیش (باشوری کوردستان) خرایە سەر دەوڵەتی عێراق و هەر سێ ویلایەتە

سەرەکیەکە بوونە بەشێك لەو دەوڵەتەی کە ناوی عێراق بوو لەژێر ئینتیدابی بەریتانیاشدا بوو. سەربارى ئەوەی دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە بڕیاردرا مافەکانی گەلی کورد لەدەستوردا پارێزراوبێ و لە حکومەت و دامودەزگاکانی تری دەوڵەتدا کورد بەشداربێ و مافی پێبدرێ, بەڵام سەرجەمیان پشتگوێ خران و ئەنجامەکەشی بە شەڕ و کوشتار و هێرشکردنە سەر کورد کۆتایی هات کە هەموویان هاوشێوەی هێرشەکانی ئەنفال بوو لە خوێن رشتن و کاولکاری, کە لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین:

**یەکەم: کوشتاری راپەرینی شەشی ئەیلولی (1930)ی سلێمانی**

هەرچەندە پێش ئەم رووداوەش چەندین جاریتر لەنێوان ساڵانی (1919- 1930) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (شێخ مەحموودی حەفید)دا لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە (عێراق و بەریتانیەکان) هێرش کراوەتە سەر سلێمانی و خەڵکەکەی و کوشت و کوشتاری زۆر کراوە, بەڵام کوشتاری شەشی ئەیلولی بەردەرکی سەرای سلێمانی رووداوێکی دیارو بەرچاوە چونکە خەڵکێکی زۆری مەدەنی کرانە ئامانج.

پاش ئەوەی لە مانگی ئەیلولی (1929) دەوڵەتی بەریتانیای مەزن بڕیاریدا عێراق بکاتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و سەربەخۆیی پێبدات, ئەوەبوو لەناو روناکبیران و خەمخۆرانی کورد لە سلێمانی بڕیاردرا یاداشتێك ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان بکرێ و دەسەڵاتێکی خودموختاریش بە کورد بدرێ لەژێر هەیمەنەو چاودێری بەریتانیادا بێ, بەڵام عێراق و بەریتانیا ئەمە پێچەوانە تێگەیشتن و پێیانوابوو هەوڵێکە بۆ سەربەخۆیی, هەربۆیە پاش گرێدانی رێککەوتننامەی (1930)ی بەریتانیا و عێراق کە بەهیچ شێوەیەکی بنەڕەتی باسی مافەکانی گەلی کوردی نەکردبوو, ئەوەبوو لە شەشی ئەیلولی (1930) لەبەردەرکی سەرای سلێمانی خۆپیشاندان و نارەزایی دروستبوو دژی حکومەتی عێراقی و پشێوویی لێکەوتەوە و لەئەنجامی دەستڕێژی گولەی هێزەکانی حکومەت لە خۆپیشاندەران ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شەهید و بریندارببوون و هەندێکیش گیران و (تۆفیق وەهبی) پارێزگاری سلێمانیش لە کارەکەی لابراو و دۆخێکی ناخۆش و نەخوازراو هاتەکایەوە.

**دووەم: هێرشی سەربازی دژی شێخ ئەحمەدی بارزان**

شێخ ئەحمەدی بارزان سەرۆك عەشیرەت و دەمسپی بنەماڵەی بازانیەکان لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری، لەنێوان ساڵانی (1932- 1934) دژی حکومەتی عێراقی وەستایەوەو داوای مافەکانی گەلەکەی دەکرد وەکو خودموختاری, بەڵام سوپای عێراق بەشێوەیەکی توند بە هاوکاری و پاڵپشتی فڕۆکەکانی بەریتانیا هێرشیکردە سەر ناوچەکانی بارزان و دەستیکرد بە کوشتنی خەڵك و وێرانکردنی ناوچەکە, تەنها لە سێ ناوچەدا (بەرۆژ, مزوری و شێروان)دا (79) گوندی وێرانکرد کە بریتی بوون لە (2382) ماڵ, تەنانەت ئەم کوشتن و دەربەدەرکردنە لەکاتی ئاسایشیدا نەوەستاوە و راگواستن و بەعەرەبکردن لە هەندێ ناوچەدا بەردەوام بووە.

**سێیەم: هێرشی دووەمی سەر ناوچەی بارزان**

جارێکیترو لەنێوان ساڵانی (1943- 1945) شەڕو راپەرین لە ناوچەکانی بارزان بە رێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی دژی حکومەتی عێراقی دەستی پێکردەوە, ئەم شەڕە هێندە قورس بوو سوپای عێراقی لەلایەن ژەنەراڵێکی بەریتانی بەناوی (رینتۆن) سەرکردایەتی دەکرا و نزیکەی (25) هەزار سەربازیش تیایدا بەشداربوون, پاش دوو ساڵ لە شەڕ و ململانێی سەخت لەنێوان هەردوولا و هێرشی بەردەوام و کاولکاری حکومەتی عێراقی بۆ سەر ناوچەکانی شۆڕش, مەلا مستەفای رێبەری شۆڕش بە ناچاری ناوچەکەی جێهێشت و روویکردە ناوچە کوردییەکانی ئێران سەربازی سەدەها کوژراو و بریندار و وێرانبوونی چەندەها گوند و رێگاوبان.

**چوارەم: هێرشەکان دژی شۆڕشگێڕانی ئەیلولی (1961– 1975):**

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی (14ی گەلاوێژی 1958) و دامەزراندنی رژێمی کۆماری و روخاندنی رژێمی پاشایەتی لە عێراق، پەیوەندییەکانی نێوان بزوتنەوەی چەکداری کورد و حکومەتی عێراق بەرەو باشبوون رۆیشت, بەڵام زۆری نەخایاند پەیوەندییەکانیان بەشێوەیەك تێکچوو گەیشتە شەڕێکی سەختی چەکداری کە نزیکەی دەیە و نیوێکی خایاند, ئەم شەڕە هێندە قوڵ و درێژبوو زیانێکی زۆری ماددی و گیانی بەهەردوولا گەیاند بەتایبەتیش بۆ کورد, تەنانەت ساڵی (1969) بەعسیەکان کە بۆ جاری دووەم گەیشتنەوە دەسەڵات چەکی قەدەغەکراوی وەکو (ناپاڵم)یان دژی گوندەکانی کوردستان بەکارهێنا و خەڵکێکی زۆر دووچاری راوەدوونان و کوشتن و

دەربەدەرکردن بوونەوە و سەدەها گوند خاپورکران.

**پێنجەم: سیاسەتی تەعریب و راگواستن**

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ, سیاسەتی تەعریب و راگواستن و زۆرەملێ بووە خەسڵەتێکی دیارو ئاشکرای سەرجەم حکومەتەکانی عێراق لە (1921 تا 2003), بەڵام لە ساڵانی (1975) بەدواوە ئەم سیاسەتە تۆختر بووەوە و زۆرتر کاری لەسەر دەرکرا بەرامبەر بەمیللەتی کورد, رەشەکوژی و تالآنی حەرەس قەومیەکان لە (1963) و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ساڵانی شەستەکان و راگواستنی کوردانی فەیلی لە حەفتاکان و داهێنانی ناوچەی قەدەغەکراو و ئەنفالکردنی هەشت بارزانی لە ساڵی (1983) و وێرانکردن و چۆڵپێکردنی دانشتیوانی گوندەکان لە (1985) بەدواوە بەشێکی گەورەی سیاسەت و ئامانجی حکومەتی عێراقی بوو لەو کاتەنەدا کە بەهۆیەوە هەزارەها خەڵك تیاچوون، دووچاری کوشتن و وونبوون و نەفیکردن و زیندانی کردن بوونەوە، سەدان گوند و دەیەها شار و شارۆچکە خاپورکران، سەربای زیانە ئابورییەکان, ناوی چەندەها گوند و شارو شارۆچکە گۆڕدراون بۆعەرەبی و خەڵکانی عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێکران.

**شەشەم: هێرشی پرۆسەکانی ئەنفالی (1987– 1988)**

هێرشەکانی ئەنفالی (1987- 1988) کارێکی لەخۆڕاو کتوپڕ نەبوو, بەڵکو پیلانێکی دارێژراوی رژێمی بەعس بوو کە دەمێك بوو خەریکی جێبەجێکردنی بوو. لە ساڵانی پێش هێرشەکاندا هەنگاوەکانی ئەم کارە دەستی پێکردبوو, وەکو سوتاندن و روخاندنی بەشێکی زۆری گوندەکان و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکانیان و لە رێگای پیاوە بەکرێگیراو و چەکدارە کوردەکانی لایەنگری خۆیەوە خەریکی دۆزینەوەی چۆنێتی دەستگەیشتن بوو بەو گوند و ناوچانەی نیازی ئەنفالکردنیان هەبوو.

شاڵاوەکانی ئەنفال یاخود پرۆسەکانی ئەنفال زنجیرەیەك هێرشی سەربازی زەمینی و ئاسمانی بوو, لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی عێراقەوە بەرامبەر بە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی عێراق ئەنجامدرا. لە مانگی شوباتی (1988) دەستی پێکرد و لەمانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتایی هات, ئەم هێرشانە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدراو

زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی هەر لە دهۆك و بادینانەوە هەتا گەرمیان و هەڵەبجەشی گرتەوە و چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویشی تێدا بەکارهات کە بەهۆیەوە نزیکەی (182) هەزار کەس بێسەروشوێن کران و (4500) گوند روخێنران و سەدان هەزاریتریش ئاوارەو بێ ماڵ و جێگابوون, ئەمەو سەرباری زیانە ئابورییەکان کە بە دەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ.

دەتوانین بڵێین لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ لە ئەنجامی پشتگوێخستنی مافەکانی گەلی کورد لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە شەڕ و کوشتار و ململانێی توندی چەکداری بووە بەشێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی و سەربازی هەردوولا، هێرش و پەلاماردان و کوشتن و تالآنکردن و راگواستن و خاپورکردن و بەعەرەبکردن سیمایەکی بەرچاوی حکومەتەکانی عێراق بووە دژی میللەتی کورد و خاکەکەی و پرۆسەکانی ئەنفالی (1988)یش تەواوکاری ئەم قۆناغانەیە.

## بەشی دووەم: پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق و کاریگەری لە پرۆسەکانی ئەنفالدا

### تەوەرەی یەکەم: پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق

سەرەتا بۆ ئەوەی لە کاریگەری پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمەریکا تێبگەین لە پرۆسەکانی ئەنفالدا, گرنگە لە هاتنی ئەمریکییەکان بۆ ناوچەکە و دروستبوونی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت و پاشان تێڕوانینی ئەمریکییەکان بۆ کورد و دۆزەکەی بکۆڵینەوە.

سەرەتای هاتنی ئەمریکیەکان بۆ ناوچەکە (رۆژهەلآتی ناوەراست) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان, کاتێك یەکەم نزیکبوونەوە لەنێوان هەردوو دەوڵەت هاتەکایەوە لە سەدەی نۆزدە, پاشان وردە وردە پەیوەندییەکانیان پەرەیسەندو لە ساڵی (1830) یەکەم پەیماننامەی دۆستایەتی و ئابوری لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا, بەپێی پەیماننامەکەش ئەمەریکا چەند چاوگێکی دەستکەوت وەك دامەزراندنی کونسوڵخانەو مافی کەشتیرانی لە ئاوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەمەش هەلی بۆ ئەمەریکا رەخساند بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی, یەك لەوانەش ویلایەتی موسڵ بوو. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەش دەستیکرد بە کردنەوەی کونسڵخانە لە

زۆرینەی ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بەغداش یەك لەو شوێنانە بوو کونسڵخانەی تیادا کرایەوە.

گرنگیدانی ئەمەریکا بە ناوچەکە بەردەوام بوو, بەتایبەتی بۆ دەستخستنی چاوگی نەوت لە دەوڵەتی عوسمانیدا, هەرچەندە پێش جەنگی جیهانی یەکەم ئەم مافەی وەرگرت لەناو ویلایەتەکانی عێراقدا, بەڵام رووداوەکانی پێش جەنگەکە و بێلایەن بوونی لە جەنگەکەدا نەیتوانی بەو شێوەیەی خۆی دەیویست بگاتە ناوچەکە. بەڵام پێش کۆتایی هاتنی جەنگەکەو لە ساڵی (1917) بەشداری شەڕەکەی کرد و چووە پاڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەریتانیا و دژی عوسمانی و ئەڵمانەکان وەستایەوە و بووە فاکتەری سەرکەوتنی شەڕەکەش بە سوودی هاوپەیمانەکان. پاش کۆتایی هاتنی جەنگەکە (ودرۆ ویڵسن)ی سەرۆکی ئەمەریکا جاڕنامەکەی بڵاوکردەوە کە خۆی دەبینیەوە لە چواردە بەند و باسی مافی چارەنووسی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد, ئەمەش لە رۆژنامەکانی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە و موسڵ بڵاوبوویەوە و گرنگی زۆری پێدرا.

دوای یەکلابوونەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ، ساڵی (1926) ئەمریکیەکان پشکی خۆیان بە رێژەی (23.75%) لە نەوتی کەرکوك وەرگرت، لە هەوڵێکی دیکەشیدا ساڵی (1930) پەیماننامەی عێراق- ئەمریکی لەنێوان هەردوولادا واژۆکرا, کە بەپێی پەیماننامەکەش ئەمەریکا ئامادەیی فەرهەنگی و رۆشبیری لە عێراق و کوردستان دەبوو, ئەمەش یەکەم پەیماننامە بوو ئەمەریکا لەگەڵ دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا واژۆی بکات.

ساڵی 1942 (ویندڵ ویلکی) وەك مەندوبی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا گەیشتە عێراق و بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی شانشینی عێراقی و مەندوبی بەریتانی لە کۆشکی ریحابی پاشایی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و جەخت لە دۆستایەتی و هاریکاری نێوان هەردولا کرایەوە, ساڵی دواتر لە (1943) ئەمەریکا هاوکاری و کۆمەکی گەیاندە عێراق کە بەهاکەی (77) ملیۆن دۆلار بوو لە بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی ئەمریکی, ساڵی دواتریش هاوکارییەکان بەردەوام بوو و ئەم هاوکارییانەش بۆ ئەو کاتەی عێراق گرنگ بوو، چونکە بەهۆی کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە لە دۆخێکی ئابوری خراپدا

بوو، پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا بەردەوامبوو هەر لە سەردانی وەسی عێراقەوە بۆ ئەمەریکا تادەگات بە سودمەندبوونی عێراق لە پرۆژەی ئای ڤی و بانکی نێودەوڵەتی و دواتریش عێراقیەکان داوای هاوکاری سەربازییان کرد و ئەمریکیەکانیش بە ئەرێ وەڵامیان دانەوە. لە لایەنی هاوکاری سەربازی و نۆژەنکردنەوەی سوپای عێراقەوە جەنەڕاڵ مایەر گەورە ئەفسەری سوپای ئەمەریکا گەیشتە عێراق، لەهەمانکاتدا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقیش بۆ هەمان مەبەست سەردانی ئەمەریکای کرد.

پەیمانی (بەغدا) کە لە مانگی شوباتی (1955) بەسترا لەنێوان عێراق و تورکیاو دواتریش ئێران و پاکستانیش چوونە پاڵی، هەرچەندە ئەمەریکا ئەندامی پەیمانەکە نەبوو، بەڵام رۆلێکی گەورەی هەبوو لەکاراکردنیدا و بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش بووە ئەندامی کە مەبەست لێی گەمارۆدانی زیاتری یەکێتی سۆڤێت و گەورەبوونی زیاتری دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا بوو، کە شەڕی ساردیش زۆر نەبوو دەستی پێکردبوو. بەم شێوەیە ئەمەریکا لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا بناغەی پەیوەندییەکی باشی دانابوو لەگەڵ شانشینی عێراقدا، گەرچی درەنگیش دەستی پێکرد، بەڵام هەنگاوی باشی نابوو بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی لەعێراقدا.

ڕووداوەکانی (14ی تەمووزی 1958) کە تیایدا قاسم و هاوپەیمانەکانی کۆتاییان بە رژێمی پادشایی هێناو سیستمی کۆماری جێگای گرتەوە، سەرەتا ئەمەریکیەکان هیچ کاردانەوەیەکی وایان نەبوو بەڵکو وەك ڕووداوێکی ناوخۆیی سەیریان کرد، بەڵام دواتر کە ڕووداوەکان پەرەیانسەندو مەترسی لەسەر بەرژوەندییەکانی (ئەنگلۆ- ئەمریکی) دروستکرد، سەرۆکی ئەمەریکا (دوایت ئایزنهاوەر) شۆرشەکەی بە شۆرشی کۆمۆنیستی دایە قەڵەم و پێیوابوو گەر ڕووداوەکان بەو شێوەیە بەردەوام بن و هەڵوێست بەرامبەریان نەگیرێتەبەر ئەوا دەبێتە مایەی کۆتایی هاتنی هەژموونی رۆژئاوا لەناوچەکەدا، هەرچەندە ئەمەریکیەکان چەندین بژاردەی سەربازییان پێشنیار کرد، بەڵام هەمووی ڕەتکرایەوە بەبیانووی مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ روسیا. بەم شێوەیە لەگەڵ نزیکبونەوەی سۆڤێت لە کۆماری عێراقی تازە پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق وەکو جاران نەما و بەرەو خاوبوونەوە و نەمان رۆیشت،

هەرچەندە چەند جارێکیش ئەمەریکا هەوڵیدا بەهاوکاری بەعسیەکان قاسم لە دەسەڵات بخاو تیرۆری بکەن, بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو.

پاشان دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا (سی ئای ئەی) رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کودەتای هەشتی شوباتی (1963)ی عەبدولسەلام عارف و بەعسیەکان کە تیایدا کۆتایی بە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمی هاوپەیمان و دۆستی بلۆکی شیوعی هێنا و دەسەڵاتێکی تازە جێگای گرتەوە . دوو رۆژ دوای کودەتاکەش لە دەی شوبات ئەمەریکا بەرەسمی دانی نا بە کودەتاکەدا, ئەمەش بەڵگەی بوون و بەهێزی ئەمەریکابوو لەو کودەتایەی کە تیایدا قاسمیش بووە قوربانی و کوژرا . دوای ئەم رووداوانەش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەرەو باشی رویشت هەم لە بواری سیاسی و دیبلۆماسی، هەمیش لە بواری ئابوری و فەرهەنگی.

لە کودەتای دووەمی بەعسیەکان (17-30 تەموزی 1968)، سەرەتا ئەمەریکیەکان بەپاساوی نەبوونی بەرچاوڕوونی هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنی یا نەرێنیان نەدا, بەڵام دواتر لەلایەن سەرانی بەعسەوە هێرشی توند کرایە سەر ئیسرائیل و ئەمەریکا و گرتن و کوشتنی هەندێ لە ئەمەریکی و لایەنگرانی ئەمەریکیەکانی لێکەوتەوە, دواتریش هەوڵی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو دژی بەعسیەکان کە بە پیلانی ئەمەریکاو دۆستەکانیان دەزانی وایکرد بەعسیەکان زیاتر لە ئەمەریکیەکان دووربکەونەوە و لەسۆڤێت نزیك ببنەوە، ئەمەش دووبارە پەیوەندییەکانیانی بەرەو تێکچوون بردەوە . لێرە بەدواوە ئەمەریکا کەوتە یارمەتیدانی نەیارانی بەعسیەکان، لەوانەش بزوتنەوەی چەکداری کورد لە رێگای ئێرانەوە, عێراقیش زیاتر لە سۆڤێت نزیك بووە و لە (1972) هەم نەوتی وڵاتی خۆماڵیکرد, هەمیش رێککەوتننامەی هاورێیەتی و هاریکاری لەگەڵ سوڤێت واژۆکرد لە هەموو بوارەکانی سیاسی و سەربازی و ئابوری و دیبلۆماسیدا. لەدوای رێککەوتننامەی جەزائیریش لە شەشی ئازاری (1975) لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران, کە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی دەرەوەی ئەمەریکا هینری کیسنجەر رۆڵی تێدا بینی، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەرەو باشبوون رۆیشت، پاش ئەوەی ئەمەریکا بڕیاریدا پەڕەیەکی تازە لەگەڵ عێراقدا هەڵبداتەوە و پەیوەندییەکانیان لەسەرحسابی دۆزی کورد ئاسایی بکەنەوە.

لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکانی ئەمەریکا- عێراق هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و جێگر و چەسپاو نەبووە, بەڵکو بەپێی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و گۆرانکارییەکانی ناوچەکە و دنیاش گۆڕاوە, بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە هەم عێراق و پێگە و نەوتەکەی بۆ ئەمەریکا گرنگ بووە، هەمیش ئەمەریکا وەك زلهێز و جەمسەرێکی گەورەی دنیا بۆ عێراق گرنگ بووە.

سەبارەت بە دۆزی کورد و پەیوەندی ئەمەریکی- کوردی بەشێوەیەکی دیارو روون دەگەڕێتەوە بۆ چواردە خاڵەکەی ودرۆ ویڵسنی سەرۆکی ئەمەریکا کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بڵاویکردەوە سەبارەت بە مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستە، بەتایبەتی ئەوانەی ژێر قەڵەمڕەوی خەلافەتی عوسمانی, دواتریش ئەمەریکییەکان رۆڵێکی خراپیان گێرا لە چەسپاندنی پەیماننامەی لۆزانی (1923) و پشتگیرییەکی زۆری تورکەکانیان کرد بۆ دەرچوواندنی ئەم پەیماننامەیە و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی (سێڤر)ی (1920) کە تیایدا مافی بە کوردانی تورکیاو عێراق دابوو قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ خۆیان چێ بکەن, هەرچەندە لەدوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە پشکی خۆی لە نەوتی ویلایەتەکە وەرگرت. لە ساڵی (1943) کاتێك راپەرینی دووەمی بارزان دەستی پێکرد ئەمەریکا هەڵوێستی خۆی وەرگرت و وەزیرە دانوستکارەکەی (لوی هندرسۆن) لە عێراق راسپارد زانیاری لەسەر شۆڕشەکە کۆبکاتەوە, گرنگیدانی ئەمەریکاش بەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی ئەمەریکا بە بارودۆخی ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و هەر ئەمەش هۆکار بوو وایکرد ئەمەریکا هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر راپەرینی دووەمی بارزان (1943- 1945) بنوێنێ .

لەدوای رووداوەکانی (14ی تەمموزی 1958) و تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو رژێمی تازەی عێراق، ئەمەریکا گرنگی بە کوردانی عێراق داو داوای لە ئێرانی هاوپەیمانی کرد هێزی سەربازی لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق جێگیربکاو رادیۆیەکیش بە زمانی کوردی دابمەزرێنێ, ئەمەش بەشێك بوو لەو پلانەی کە ئەمەریکیەکان دایانڕشت بەمەبەستی رێگیریکردنی زیاتر لە تەشەنەکردنی بیری کۆمەنیستی لە ناوچەکە. دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (1961)یش (مەلا مستەفا بارزانی) رابەری

شۆڕشەکە ویستی پشتیوانی ئەمەریکیەکان بەدەستبهێنێ, بەڵام بەهۆی پەیمانی (سەنتۆ)وە کە تورکیاو ئێرانی تیابوو بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانیە قورس بوو, تەنانەت بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتیەوە کە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە هەیانبوو دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان نەیانتوانی هاوسۆزی خۆشیان بۆ شۆڕشەکە دەرببڕن.

بەدرێژایی ساڵانی شەستەکان گەرچی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق هەڵبەزو دابەزی زۆری بەخۆیەوەبینی، تەنانەت ساڵی (1967) بەهۆی جەنگی عەرەب- ئیسرائیلەوە گەیشتە پچڕان و نەمان, لەولاشەوە سەرکردایەتی کورد بەردەوام داوای هاوکاری و کۆمەکی لە ئەمەریکیەکان دەکرد, کەچی ئەمەریکیەکان, کێشەی کوردیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقی دەزانی و دەستی هاوکاریان بۆ درێژنەکرد, بەڵام پاش ئەوەی جارێکیتر شەڕ لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردا دروستبووەوە لە (1969) ئەمجارە سەرباری ئەوەی ئێران پشتگیری شۆڕشی کوردی دەکرد، ئەمەریکیەکان بەهۆی پاڵپشتی ئێرانەوە کەمێك هاوسۆزییان بۆ کێشەی کورد دەربڕی.

پاش تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە ساڵی (1972) لەلایەك و تێکچوونی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراق, ئێران کەوتە نزیکبوونەوە لە کوردو یارمەتیدانیان لەڕووی لۆجیستیەوە, ئەمەش سەرەتای هاوکاری و گرنگیدانی کورد بوو لای ئەمەریکیەکان وەك بەشێك لە نەخشە و پیلانی ڕووبەڕووبونەوەی عێراق و سۆڤێت. هەرچەندە لەنێوان ساڵانی (1972- 1975) ئەمەریکیەکان بەشێوەیەکی نهێنی و کەمیش یارمەتی شۆڕشی کوردیان داو نەیاندەویست کورد بەتەواوی سەربکەوێت, بەڵکو تەنیا بەشێك بوو لەو پلانەی لەبەردەمی هەژموونی سۆڤێتدا دانرابوو, بەڵام لەدواییدا پاش ئەوەی لە شەشی ئازاری (1975) ئێران و عێراق ڕێککەوتننامەی جەزائیریان ئیمزاکرد, ئەمریکیەکان و ئێرانیەکان پشتیانکردە شۆڕشەکەی کورد و ئاشبەتاڵیان پێکردن, سەرباری داوای زۆری کوردەکان لێیان بەوەی بەتەنیا جێیان نەهێڵن، بەڵام هەوڵەکەیان بێسوودبوو.

بەم جۆرە دەبینین پەیوەندی کوردی- ئەمەریکی پەیوەندییەکی لاواز و نابەرامبەر و لاسەنگ بووە, کورد بە حوکمی ئەوەی کیانی

سەربەخۆی خۆی نەبووە و ئەمەریکیەکانیش زۆربەی کات دۆستی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان بوون، نە کورد توانیویەتی ببێتە مایەی کارت و هێزێکی گرنگ بۆ ئەمەریکیەکان, نە ئەمەریکیەکانیش ویست و ئیرادەو ستراتیژێکی روونیان هەبووە بەرامبەر بە کورد و دۆزەکەی, ئەمەش هەمووی لە زەرەری کورد و قازانجی نەیارەکانیدا بووە.

### تەوەرەی دووەم: کاریگەری پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق لە پرۆسەکانی ئەنفالدا

سەرەتا گرنگە ئاماژە بدەین بە سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی عێراق و ئێران, وەك دەستپێکی کێشەکە و پاشانیش هەڵوێستی ئەمەریکا لەمەڕ کێشەکەو بەتایبەتیش بەرامبەر عێراق, چونکە پرۆسەکانی ئەنفال بەشێك بوو لەو شەڕ و کوشتارەی ئەو کاتە لەناوچەکەدا هەبوو, چ لەنێوان عێراق و ئێران, چ لەنێوان عێراق وەك دەوڵەت و بزوتنەوەی چەکداری کورد لە باشوری کوردستان.

کێشەکانی عێراق و ئێران رەگ و ریشەیەکی قوڵیان هەیەو بە تەنیا زادەی ئەو ساڵانە نیە شەڕەکەی تێدا بەرپابوو, بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵانی زایین لەنێوان دەسەڵاتدارانی هەردوو دەوڵەتەکە (هەڵبەت لێرەدا مەبەست حکومڕانانی سەرخاکی هەردوو دەوڵەتەکەیە نەك ئەو دوو دەوڵەتەی لەئێستادا بەو دوو ناوە بوونیان هەیە), پاشانیش سەردەمی هەردوو خەلافەتی عوسمانی و فارسی و تا دەگات بەرووداوەکانی مێژووی نوێ و دامەزراندنی هەردوو دەوڵەت لە چەرخی نوێدا, بەڵام رووداوگەلێکی هەنووکەیی هەبوون راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر هەڵگیرساندنی شەڕەکە لە مانگی ئەیلولی (1980)دا هەبوو, هەر لەپاشگەزبوونەوەی سەدام حسێنی سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق لەو بەڵێنانەی بە شای ئێرانی دابوو لە رێککەوتننامەی جەزائیری (1975)، بەوەی گەر شای ئێران دەستبەرداری یارمەتیدانی بزوتنەوەی چەکداری کوردبێ لە بەرامبەردا لە ئاوەکانی (شط العرب)ی نێوان هەردوولا سنورەکانی فراوانتر بکات و نیوەی دەداتێ تا دەگات بەمەسەلەی هەڕەشە و مەترسی ناردنەوەی دەرەوەی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ناوچەکانی دەرەوە و بەتایبەتیش عێراق, لەگەڵ دەستێوەردانی دەرەکی و دنەدانی عێراق لەلایەن هەندێ دەوڵەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە بەوەی پەلاماری رژێمی تازەی ئێران بدات و هەندێ

هۆکاری تریش لەوانە کێشەکانی دیاریکردنی سنورە ئاوی و وشکانیەکان و بوونی شیعە مەزهەبێکی زۆرلە عێراق و...تاد.

شەڕی عێراق و ئێران سەرباری ئەوەی درێژترین جەنگی سەدەی بیستەم بوو، لەماوەی هەشت ساڵی جەنگەکەدا پێنج قۆناغی بەخۆیەوە بینی بەم شێوەیە:

**قۆناغی یەکەم:** لە چوارهەتا (22ی ئەیلولی 1980) بە بۆردمانکردنی شارە سنورییەکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە وەکو خانەقین و زرباتیە و مەندەلی و نەفتخانە، پاشان وەڵامدانەوەی عێراق بە بۆردمانکردنی چەند شارێکی ئێران و داخستی هاتوچۆی کەشتیوانی لەئاوەکانی شەتولعەرەبدا.

**قۆناغی دووەم:** لە (22 هەتا 28ی ئەیلولی 1980) بەهەوڵدانی عێراق بەلەباربردنی هێرشەکانی ئێران و دوورخستنەوەی گۆڕەپانی شەڕەکەو لە عێراق بچوککردنەوەی سەرکەوتنە ئاسمانیەکانی هێزەکانی ئێران.

**قۆناغی سێیەم:** لە (28ی ئەیلولی 1980 بۆ 30ی حوزەیرانی 1982)، بە پاشەکشەی هێزەکانی عێراق لە سنورە نێودەوڵەتیەکان و گۆڕینی بەرنامەی شەڕ لە هێرشبردنەوە بۆ بەرگری.

**قۆناغی چوارەم:** لە (30ی حوزەیرانی 1982 هەتا 6ی شوباتی 1986)، پاشەکشە و تێکشکانی چڕی هێزەکانی عێراق و دانانی نەخشە و پیلانی کەوتنی رژێمەکەی سەدام حسێن لەلایەن ئێرانەوە.

**قۆناغی پێنجەم و کۆتایی:** لە داگیرکردنی فاوەوە دەست پێدەکات لە دەی شوباتی (1986) هەتا کۆتایهاتن و وەستاندنی شەڕەکە لە هەشتی ئابی (1988) بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

بەم جۆرە دەبینین ساڵانی (1987- 1988) کە ساتی دانان و جێبەجێکردنی نەخشە و پیلانی لەناوبردنی گەلی کوردە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا، ئەو ساتەیە کە رژێمی عێراق لە گەرمەی شەڕەکەدایە لەگەڵ رژێمی ئێرانی لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هەماهەنگی توندی هێزە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی عێراقە لەگەڵ هێزەکانی ئێران و پێکەوە هێرش و پەلامارادانی هێزەکانی عێراقە.

سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر شەڕەکە، سەرەتا هەڵوێستی عێراقی بەخۆپارێزی دەربڕی لەمەڕ کێشەکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رژێمی تازەی ئێران ئەمەریکای بە (شەیتانی گەورە) وێناکرد، بەمانای ئەوەی

ئەمەریکا باشترین هاوپەیمانی خۆی لەدەستدا لەناوچەکە، کە سنورێکی زۆری هەبوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی نەیاری کلاسیکی (ئاشکرایە رژێمی شاهانشایی پێشووی ئێران دۆست و هاوپەیمانی نزیکی ئەمەریکا بوو)، باشترین وڵاتیش کە نزیکی ئێران بوو بێگومان عێراق بوو کە گرنگ بێ بۆ ئەمەریکا. هەربۆیە (بریچنیسکی) راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا هاوسۆزی عێراقی کردو و وتی: (هیچ جیاوازییەك لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق نابینین)، ئەمەش سەرەتای پاڵپشتی ئاشکرای ئەمەریکیەکان بوو بۆ عێراق، دوای ئەوەی رژێمی تازەی ئێران پێچەوانەی دەسەڵاتی پێشوویان دژی بەرژەوەندی ئەمەریکیەکان وەستانەوە و دیبلۆماتکارانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە ئێران بەدیل گیران و بارودۆخەکەی ئێجگار دژواربوو. لەولاشەوە هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایەنی ئێرانی و ئەمەریکی تێکچوو بوو کەچی ئەمەریکیەکان هاوکاری کوردەکانی عێراقیان نەکرد.

ساڵی (1981)یش کاتێك رۆناڵد ریگان بووە سەرۆکی ئەمەریکا دژایەتی خۆی بۆ سۆڤێت و ئێران دەربڕی و پاڵپشتی خۆی بۆ عێراق دووپاتکردەوە، هەرچەندە لەو ساڵەدا ریگان بە سەختی بریندارکرا و یەکێك لە پزیشکەکانیشی کورد بوو بەناوی (نەجمەدین کریم) زۆریش داوای لێکرد هاوسۆزی کێشەی کوردبێ و یارمەتی کورد بدات، سەرباری ئەوەی وەك خۆی درکی بە کێشەی کورد کردبوو، بەڵام لە ئاستی سیاسەتی دەوڵەتدا بێسوودبوو.

ساڵی (1982) پاش ئەوەی ئێران ناوچەکانی خۆی لەژێر دەستی هێزەکانی عێراق دەرهێنایەوە و هێزەکانی نەیاری عێراقیش سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا، ئیدارەی ئەمەریکا عێراقی لە لیستی تیرۆر دەرهێناو نەیاندەویست عێراق شکست بهێنێ و ئێران و کوردەکان سەربکەون، هەرچی کاتێکیش عێراق زیاتر توشی شکست هاتبا ئەمەریکیەکان زیاتر لێی نزیك دەبوونەوە. تەنانەت لە بواری ئابوری و کشتوکاڵدا هاوکارییەکی زۆری عێراقیان کرد بەپێدانی قەرز و کارئاسانیکردنی بانکەکان بۆ پێدانی قەرز بە عێراق، سەرباری پێدانی زانیاری سیخوڕی بە عێراق بە شێوەیەکی نهێنی تا عێراق بتوانێ بە باشی سودیان لێ ببینێ.

لەگەڵ هاتنی ساڵی (1983) مانگە دەستکردەکانی ئەمەریکا چاودێری جموجوڵی

هێزەکانی ئێرانیان کردو بڕیاریشیاندا بەپێدانی ئەم زانیارییانە بە عێراق و (دۆناڵد رامسفێڵد)ی نێردەی سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی عێراقی کرد، دڵنیایی دایە سەدام حسێنی سەرۆکی عێراق کە ئەمەریکیەکان لەم شەڕەدا هاوکاری عێراق دەکات. لە ساڵی (1984) سعودیەکانیش بە ڕەزامەندی ئەمەریکیەکان خۆیان چوار فڕۆکەی ئەمەریکیان لە جۆری (ئاواکس) پێشکەشی عێراقیەکان کرد وەکو هاوکاری لەشەڕەکەدا, لەهەمان ساڵیشدا عێراقیەکان پێنج ملیار دۆلاریان لە ئەمریکیەکان قەرزکرد, ئەمەریکیەکان هانی فەرەنسیەکانیان دا فڕۆکەی (میراج)ی پێشکەتوو ڕەوانەی عێراق بکەن, هەروەها داوایان لە ئیسپانیەکانیش کرد چەك و کەرەستەی سەربازی بە عێراق بفرۆشن، بەمەش ئەمەریکیەکان هێندەیتر پاڵپشتی خۆیان بۆ سەدام حسێنی سەرۆك کۆمار دووپاتکردەوە تا لە کەوتن بیپارێزن.

گەرچی ناوەناوە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەندێ ڕەفتاری خراپی هێزەکانی عێراق بەرامبەر بە کوردەکانی وڵاتەکەی خۆی پەیوەندییەکانیان کەمێ ساردی تێدەکەوت, بەڵام هیچ کاتێك ئەمەریکا لە هاوکاری و پاڵپشتی هێزەکانی عێراق نەوەستا، لەولاشەوە بەرێژەیەکی بچوکیش بێ یارمەتی هێزە چەکدارە کوردەکانی نەداوە, ئەوە بوو ساڵی (1985) دوای ئەوەی جارێکیتر ڕۆناڵد ریگان بە سەرۆك هەڵبژێردرایەوە دووبارە پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانیان دەستی پێکردەوە، ئەمەریکیەکان (45) هێلیکۆپتەری گوێزەرەوەی سەربازییان بە عێراق فرۆشت.

ئەمەریکیەکان ساڵی (1986) هەڵوێستێکی سەیری پێچەوانەی ساڵانی پێشوویان نواند, ئەویش ناردنی چەکی پێشکەوتوو بوو بۆ ئێران لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو دیبلۆماتکارە ئەمەریکیەکانەی ساڵی (1983) لەلایەن هێزەکانی نزیك ئێرانەوە لە لوبنان بەدیلگیرابوون, ئەمەش لەلایەك کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر شەڕەکە و ئێرانیەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا، لەلایەکی تریشەوە رژێمی عێراقی تورەکرد و وایکرد لە سۆڤێتی نەیاری نزیکتر بێتەوە. لەولاشەوە نرخی نەوت زۆر دابەزی بوو کاریگەری هەردوو دەوڵەت بەتایبەتیش عێراق لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لاوازببوو، ئەمەریکیەکان زیاتر هانی سعودییەکانیان دەدا تا نەوتی زیاتر بخەنە بازاڕەوە و نرخەکەی زیاتر دابەزێ و

ئابوری سۆڤیێت تەواو هەرەس بهێنێ, چونکە سۆڤیێت وڵاتێکی گەورەی بەرهەمێنی نەوتەو بەشێکی گەورەی ئابوری وڵاتەکەی لەسەر داهاتی نەوت بوو.

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەمەریکا لە ئێران, سەرباری ئەوەی هێزە کوردییەکان دۆست و نزیکی ئێران بوون, بەڵام هیچ کاریگەری نەبوو لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەریان، سیاسەتی ئەمەریکا هەروەکو پێشوو مایەوە, چونکە لەبنەڕەتدا ئەم نزیکبوونەوەیەی ئەمەریکا لەئێران تەنیا لەپێناوی ئازادکردنی بارمتەکانیدا بوو. لە کۆتایی ساڵی (1986)یشدا یەکێك لە راپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا بە ئاشکرا جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە عێراق چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنێ و بەهۆی کەمی تێچونیشیەوە مەحاڵە وازی لێبهێنێ, دیبلۆماتکارانی ئەمەریکا ئاگاداری ئەوەش بوون کە حکومەت خەریکی چ سزایەکی قورسە بەرامبەر بە کوردەکان و بەجۆرێك (ویلیام ئیگلتن)ی دیبلۆماتکاری شارەزای کاروباری کوردستان پێشبینی لەناوبردنی رەگەز و فەرهەنگی کوردی کردبوو لەلایەن رژێمی عێراقەوە گەر کارەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

مەسەلەی بارمتەکان و نەبوونی متمانەو یەکنەگرتنەوەی ستراتیژی ئەمەریکا هاوتەریب بە بەرژەوەندییەکانی ئێران، وایکرد جارێکیتر ئەمەریکا بابداتەوە بەلای عێراقداو دەست بکاتەوە بە نزیکبوونەوە لێی و یارمەتیدانەوەی, ژمارەیەك دیبلۆماتکاری ئەمەریکا بەشێوەی راپۆرت و داواکاریش داوایان لە کاربەدەستانی باڵای وڵاتەکەیان کردبوو بگەڕێتەوە بەلای عێراقدا و پەیوەندییەکانیان بنیاتبنێتەوە, هەر ئەمەش بووە هۆکاری دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانیان و ئەمەریکا چاو دابخا لە ئاست بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی رژێمی عێراق بەرامبەر ئێران و کورد و دۆزی کوردیش سەرباری دەیان راپۆرت و پێشێلکاری گەورەی مافی مرۆڤ پشتگوێی بخاو بیکات بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ عێراق.

بەهاتنی ساڵی (1987) بەڕێوەبەرایەتی رۆناڵد ریگانی سەرۆك بۆ ئەوەی ئەو پشێویە سیاسیەی کە ئیدارەکەی بە لایەنگری ئێران لە قەڵەم دەدرا بشارێتەوە و نەیهێڵێ, ئەمەریکا بەردەوام بوو بەداگرتنی هاوسەنگی خۆی بەلای عێراقدا و زیاتر لێی نزیك بووەوە, لەبەرامبەریشدا هیچ کاردانەوەیەکی

ئاشکرای حکومەتی ئەمەریکا نەبوو بەرامبەر بە کورد لەو هێرش و شاڵاوانەی حکومەتی عێراقی دژی کورد دەیانکرد. لەهەمانکاتدا سەدام حسێن لە (1987) عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای وەك لێپرسراوی لقی باکوری حیزبی بەعس دامەزراند، رایگەیاند پێویستە بڕیارەکانی هاوڕێ عەلی یەکلاکەرەوە بن بۆهەموو دەزگاکان, جا چ سیڤل بن یا سەربازی و کێشەی کورد چارەسەربکات و یاخیبووەکان سەرببڕێت, کە لەم کاتەدا دەسەڵاتەکانی حکومەت تەنیا لە شار و شارۆچەکەکاندا مابوو بەشێکی زۆری لادێ کوردنیشینەکانی لەدەستدابوو، دەیویست دەسەڵاتیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

دوای دەستبەکاربوونی عەلی حەسەن مەجید فەرمانیکرد بە هاوکاری سوپاو جاشە کوردەکان دەستبکرێ بە هێرشی سەربازی بە چەکی قورس و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ سەر گوند و شارۆچکە و قەزا کوردنشینەکان, فەرمانیشکرد کە سەرجەم گوندەکان بڕوخێنرێن یان بە ناوچەی قەدەغەکراو دابنرێن و ئەو کوردانەشی لە ناوچەکانی خۆیان مابونەوە کەوتبوونە بەر هێرشی توندی هێزەکانی عێراق و لە ژیانێکی سەختی توندا بوون, هەروەها عەلی حەسەن ئامانجیشی لەناوبردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو بەتایبەتی ئەوانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان, دوای ئەوەشی نەیتوانی بە هێرشی سەربازی و ئاسمانی ئەو ئامانجەی بێنێتەدی دەستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد, ئەمەش لەکاتێکدا بوو ئەمەریکیەکان زۆر نەبوو پەیماننامەی بەکارنەهێنانی چەکی قەدەغەکراویان واژۆکردبوو.

سەربارى ئەوەی ئەمەریکا سیاسەتێکی دووفاقی بەکاردەهێنا، هەندێجار وەك بێلایەن خۆی نیشاندەدا, کەچی ساڵی (1987) لە گرتنەوەی فاودا لەلایەن عێراقەوە وەزیری بەرگرییەکەی (کاسپەر واینبیرگەر) خۆی بڕیاری بۆردومانکردنی کەشتی نەوتی ئێرانی دەرکرد لەئاوەکانی کەنداودا, هەروەها (ریك فرانکۆنا)ی سەر بە دەزگای هەواڵگری بەرگری ئەمەریکا خۆی ئاماژەی بەوە کردووە چەندینجار سەردانی بەرەکانی شەڕی کردووە و چاودێری کردوون, هەروەك رۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمەریکیش ئاماژەی بەرۆڵی فرانکۆنا کردووە لە دانانی پلانی تاکتیکی شەڕ بە بۆمبارانکردنی هێزی ئاسمانی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەتەواویش لە رێگای مانگە

دەستکردەکان و هەواڵگری خۆیانەوە ئاگاداری دۆخی کورد و مەینەتیەکانی بوون بێ ئەوەی هیچ بکەن بەرامبەر عێراق.

لە مانگی نیسانی (1987) رژێمی عێراق چەکی کیمیاوی بەکارهێنا دژی بارەگاکانی سەکردایەتی پارتی لە بادینان و یەکێتی لە سەرگەڵوو, لە مانگی مایسیشدا لە گوندەکانی شێخ وەسانان و بالیسان بەکارهێنایەوە, کاربەدەستانی ئەمەریکا هەرچەندە ئاگاداری ورد و درشتی رەوشەکە بوون و چەندین راپۆرتیان پێگەیشت لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی, بەڵام باڵیۆزەکەیان لە بەغدا رایگەیاندووە عەلی حەسەن مەجید بەم زووانە شاڵاو و هێرشەکانی کۆتایی پێدێنێ و رەوشەکە ئاسایی دەکاتەوە, ئەمەش وای لە ئیدارەی ئەمەریکا کرد وەك چۆن بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی ئێران بێدەنگبوون، بەرامبەر کوردیش بێدەنگ بێ, سەرباری پێدانی زانیاری هەواڵگری سەربازی بە عێراق, ئەمەریکا کۆمەڵێك ئامێری کیمیاوی و بایلۆژی و ناوەکی و سیستمی موشەکی بۆ عێراق رەوانەکردبوو, ئەم کەلوپەلانە لە پیشەسازی دروستکردنی چەکی کیمیاویدا بەکاردەهێنران و لەمیانەی جەنگەکەدا یارمەتی و قەرزەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق ملیارەها دۆلاری تێپەڕکردبوو, ئەمەریکا ئەوەشی دەزانی ئەو بۆمبە کیمیاویانە لەلایەن رۆژئاواوە بۆ عێراق دابیندەکرێ و دژی کوردیش بەکاردەهێنرێ, بەڵام بەرژەوەندیی تایبەتی و دەستکەوتی ئابوری و گرنگی جیۆپۆلیتیکی عێراق وایکرد بێدەنگ بێ و نیگەرانە مرۆییەکان بشارێتەوە و عێراق دەربکات لە جارنامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی کە تازە جاڕیدرابوو. بەمەش عێراق بووە یەکەم دەوڵەت چەکی کیمیاوی دژی خەڵکەکەی خۆی بەکاربهێنێ و عەلی حەسەن مەجیدیش لەوە تێگەیشتبوو ئەمەریکا بەرامبەر کارەکانی بێدەنگ دەبێ, بۆیە بەردەوام بوو لە هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر کورد.

لەم کاتەدا رووداوێکی خوێناوی بەسەر ئەمەریکیەکاندا هات لەلایەن عێراقەوە، ئەویش لێدانی کەشتی (USS Stark) بوو لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی عێراقەوە لە ئاوەکانی کەنداودا کە بەهۆیەوە (37) سەربازی ئەمەریکی کوژران, دەستبەجێ عێراق بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای لێبوردنی کرد, خودی سەدام حسێنیش نامەیەکی ئاراستەی ریگانی سەرۆك کرد و

داوای لێبوردنی لێکرد و ئەویش لێبوردنەکەی قبوڵکرد.

پاش ئەوەی حکومەتی عێراقی دڵنیابوو لە بێدەنگی ئەمەریکاو وڵاتانی تری جیهان لە ئاستی ئەو تاوان پێشێلکاریانەی ئەنجامیداوە بەرامبەر بەکورد, لە (22ی شوباتی 1988) دەستیکرد بە دەست پێکردنی شاڵاوێکی زەمینی و ئاسمانی چڕلەژێر ناوی (ئەنفال)دا بۆ گرتن و راگواستن و سوتاندن و تاڵانکردنی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی دێهاتەکان کە پەناگەو شوێنی مانەوە و حەسانەوە و جێگا نفوز و دەسەڵاتی چەکدارانی کورد بوو وەك کاردانەوەیەك دژی چالاکیەکانی هێزەکانی پێشەرگە, ئەم پرۆسەیە کە هەشت قۆناغ بوو لە شوباتی (1988) دەستی پێکرد و لە ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتایی پێهات کە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە, تەنانەت لە (16ی ئازاری 1988 چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی لە هەڵەبجە بەکارهێنا، کە بەهۆیەوە نزیکەی پێنج هەزار کەس مردن و شارەکە وێرانبوو, سەرەنجام لەم پرۆسە تاوانکارییەی عێراق نزیکەی (182) هەزار مرۆڤی کورد تیاچوون و (4500) گوند و دەیان شارۆچکە خاپورکران و ملیارەها دۆلاریش زیانی ئابوری هەبوو.

ئەمەریکا لەبری سەرکۆنەو ئیدانەکردن و سزادانی رژێمی عێراق بۆ ئەم تاوانە دژە مرۆڤایەتیانەی ئەنجامیداوە کە هەمووی بە بەڵگەوە لابوو، کەچی هێشتا نیگەرانی ئەوە بوو بەهۆی ئەم شاڵاوانەوە دەکرێتە سەر ناوچە کوردییەکان بەشێکی زۆری هێزەکانی عێراق لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ کشاونەتەوە و ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا, ئەوەشیان دەوت زارەوەی ئەنفال شتێکی تازەیە و هیچی لەبارەوە نازانن.

لە هەوڵێکی سەرکردایەتی کوردیشدا (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە مانگی نیسانی (1988) لە گەرمەی پرۆسەکانی ئەنفالدا سەردانی ئەمەریکای کرد، لەگەڵ خۆیدا کتێبێکی برد کە ناوی زیاتر لە سێ هەزار گوندی کاولکراوی کوردستانی تێدابوو, تاڵەبانی نوسخەیەك لەکتێبەکەی دا بە (پیتەر گالبرێس)ی ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، نوسخەیەکیشی بۆ (ریچارد شیفتەر)ی بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ و نوسخەیەکیشی

بۆ (لاری پۆپ)ی بەڕێوەبەری کاروباری باکوری کەنداوو ڕۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوە نارد, بەڵام حکومەتی ئەمەریکا ئامادەنەبوو لە ئاستی باڵا پێشوازی لێبکات و بەنهێنی لە ژێرزەمینی باڵەخانەکە هەندێ وتوێژی لەگەڵا کرا لە ترسی ئەوەی حکومەتی عێراق پێی بزانێ و کاریگەری لە پەیوەندییەکانیان بکات, ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو کە لەلای ئەمەریکا بەرژەوەندییەکان گرنگتر بوون وەك لە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و وەستانەوە دژی جینۆساید و تاوان و پێشێلکاری قێزەون.

بەپێچەوانەی ڕای ئیدارەکەی ریگان، ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کورد لە هەڵەبجە ئیدانەکرد, بەڵام بەهۆی ململانێی نێوان کۆنگرێس و حکومەتەوە وردە وردە هەردوولایان لەم پرسە ساردبوونەوەو هیچ هەڵوێستێکی توندیان نەنواند. ئەمەریکیەکان چەند پاساوێکیان هەبوو بەرامبەرئەو هەڵوێستە نەرمەی لەمەڕ چەکی کیمیاوی ڕژێمی عێراق نواندیان، وایان نیشاندەدا ئەو بەکارهێنانە دوادەرفەت بوو بۆ هێزەکانی عێراق بۆ ئەوەی لەو شکستە ڕزگاری بێ بەرامبەر بە ئێران و هێزە کوردییەکان کە توشی هاتووە، وەکو بەرگریکردنێك وابووە دژی شاڵاوەکانی هێزە ئێرانیەکان و زۆریش باوەڕیان بەو هەواڵە نەدەکرد لەلایەن ئێرانیەکانەوە لەسەر هەڵەبجە بڵاودەکرانەوە، چونکە ڕقی زۆریان لێیانبوو، پەیوەندییەکانیشان تەواو تێکچوبوو, هەرچەندە لەسەرەتادا وتەبێژی کۆشکی سپیش پشتراستی ئەو تاوانەی کردبووەوە.

دوای ئەوەشی ئەمەریکا بەتەواوی بۆی یەکلابوەوە عێراق چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە, بەڵام هێشتا بەردەوام بوو لە هاوکارییەکانی بۆ ڕژێمی عێراق و بەدابینکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی و پاڵپشتی و کۆمەکی سەربازی و پێدانی زانیاری گرنگ لە بەرەکانی جەنگ, تەنانەت ڕۆڵێکی گەورەشی هەبوو لە سەرکەوتنەکانی عێراق لە ساڵی (1988)و گرتنەوەی فاو، سوپای ئێرانیش بەشێوەیەك ماندووببوو دواجار ڕازی بوو بە بڕیاری (598)ی ئەنجومەنی ئاسایش و هەردولایان ئاگربەستیان ڕاگەیاند و لە بیستی ئابی هەمان ساڵدا شەڕەکە کۆتایی هات.

بەکۆتایی هاتنی جەنگی عێراق- ئێرانی ئەمەریکا توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر

سۆڤێتدا بەدەستبهێنێت، ئەویش بەزیادکردنی نفوزی لە عێراقدا کە لەپێشووتردا وێنەی نەبووە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق بە پلەی یەکەم کە هاوکارییەکی گەورەی سەربازی و هەواڵگری عێراقی کرد، هۆکارێکی گرنگ بوو لە سەرکەوتن و نەکەوتنی رژێمی عێراق بەرامبەربە ئێران.

لەکۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی (1979) و تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا، ئەلتەرناتیڤی عێراق بۆ ئەمەریکا لەبری ئێران و بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا لەلایەك، نەبوونی کاریگەری کورد لەسەر ئیدارەی ئەمەریکاو نزیکبوونەوە لە ئێرانی نەیاری ئەمەریکا, پێکەوە دۆخێکیان بۆ رژێمی عێراق دروستکرد، تاوەکو لە سایەی بێدەنگی ئەمەریکا و جەمسەری رۆژئاواو دنیاشەوە ئەو هەموو تاوان و کوشتارو وێرانکارییانە بەسەر کوردا بهێنێ.

## دەرئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك بەم شێوەیە:

1- چەمکی ئەنفال چەمکێکی کۆنە و پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام پەیدابووە و پەیوەستە بەدابونەریتی خێڵەکانی دوورگەی عەرەبی.

2- زارەوەی ئەنفال کە بە مانای دەستکەوت دێ, هەم لەکۆندا و هەمیش لەئاینی ئیسلامدا بۆ دەستکەوتی شەڕەکان بەکارهاتووە و ئاینی ئیسلامیش مەرجداری کردووە.

3- رژێمی عێراق ئەم چەمکەی لە سورەتێکی قورئان وەرگرت بۆ رەوایەتیدان بە پرۆسەکانی ئەنفال.

4- ئامانجی هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق و پرۆسەکانی ئەنفال بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق بۆ سەر کورد بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی رەگەزی کورد و مێژوو وکلتور و ناسنامەکەی بووە.

5- پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق زۆر کۆن نین و زۆریش تازە نین, بگرە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و جێگر نەبووە.

6- بەهەمان شێوەی عێراق پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو کوردیش ناگەڕێتەوە بۆ کۆن و

هاوتەریبە لەگەڵ هاتن و گرنگیدانی ئەمەریکا بەناوچەکە.

7- سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ نزیکبوونەوەی ئەمەریکا لە عێراق.

8- شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران هۆکارێك بوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە, چونکە پرۆسەکانی ئەنفال درێژکراوەی ئەو شەڕە بوو.

9- ئەمەریکیەکان رۆڵێکی گەورەیان بینی لە یارمەتیدانی حکومەتی عێراقی لە دژی ئێران و پرۆسەکانی ئەنفالدا.

10- کورد و بزوتنەوە چەکدارییەکەی نەیانتوانی کاریگەری دروست بکەن لەسەر ئەمەریکا بۆ ئەوەی یارمەتی رژێمی بەعس نەدەن لەسەرکوتکردنی کورد.

11- ئەمەریکیەکان لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق چاویان نوقاند لەئاست ئەو تاوانانەی رژێمی عێراق بەرامبەر بە کورد ئەنجامیدا, سەرباری ئەوەی چەکی کیمیاویش بەکارهات.

12- دەوڵەتی عێراق توانی سوود لە بێدەنگی حکومەتی ئەمەریکا وەربگرێ و چەکی کیمیاوی لەیەك کاتدا دژی ئێران و میللەتەکەشی بەکاربهێنێ.

## لیستی سەرچاوەکان


یەکەم: القرأن الكريم، سوره الأنفال، ايه (1)

دووەم- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

1- جاسم تۆفیق خۆشناو: مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان, سلێمانی, 2001.

2- جاناتان راندل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ وەرگێرانی سەلاح ئاشتی, مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن, 2003.

3- دانا ئادەمز شمیدت: سەفەرێك بۆ نێو پیاوە ئازاکانی کوردستان, وەرگێرانی ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل, چاپخانەی خانی, دهۆك, 2008.

4- دەیڤد مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد, وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو, چاپی دووەم, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, 2005.

5- زیاد عەبدولرەحمان: تونی مەرگ, هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعسدا, چاپی دووەم, سەنتەری

لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان, سلێمانی, 2004.

6- سەعید ئیسماعیل حسێن: ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا, لێکۆلێنەوەیەکی دیمۆگرافی- ئەنترۆپۆلۆژجی- دیکۆمێنتارییە, چاپخانەی کارۆ, 2018.

7- سەمانسا پاوەر: ئەمەریکاو ئەنفال, وەرگێرانی بەختیار کەریم, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, 2008.

8- گۆران ئیبراهیم سالح: دۆزی کورد لەبازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراقدا , ئازاری 1975/ کانونی دووەمی 1989, توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە, ماستەرنامەی بڵاوکراوە, کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان, زانکۆی سلێمانی, 2010.

9- عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی عێراق- ئێراندا, چاپخانەی رێنوین, سلێمانی, 2010.

10- عەلی تەتەر نێروەیی (دکتۆر): بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (1980- 1988), چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر, 2008.

11- کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا, وەرگێرانی حەمە کەریم عارف, چاپی دووەم, چاپخانەی شڤان, سلێمانی, 2004.

12- لوقمان محۆ: دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا, وەرگێرانی عەبدولکەریم عوزێری, بەشی یەکەم, بنکەی ژین, سلێمانی, 2009.

13- ن. لازاریف: مێژووی کوردستان, وەرگێرانی وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی, چاپخانەی رۆژهەڵات, هەولێر, 2008.

14- نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراقدا 1961- 1975, دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر, 2008.

15- واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق (1921- 1968), لێکۆلێنەوەیەکی مێژوویی سیاسی, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان, سلێمانی, 2006.

16- یوسف دزەیی: ئەنفال کارەسات, ئەنجام و رەهەندەکانی, چاپخانەی موکریان, هەولێر, 2001.

سێیەم- سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

1- الامم المتحده, منظمه حقوق الانسان/ فرع شرق الاوسط: جريمه العراق فى الاباده

الجماعيه, حمله الانفال ضد الكرد, جمال ميرزا عزيز, مطبعه الزراعه والراى, السليمانيه, 2003.

2- تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق, بحث مؤثق فى تاريخ العراق المعاصر منذ نشؤ الدوله الحديثه حتى اواسط 2002, ترجمه زينه جابر ادريس, الدار العربيه للعلوم, بيروت, 2006.

3- جيف سيمونز: عراق مستقبل, السياسه الامريكيه فى اعاده تشكيل الشرق الاوسط, ترجمه سعيد العظم, دار الساقى, بيروت.

4- حنا بطاطو: العراق, كتاب الثالث, ترجمه عفيف الرزاز, مؤسسه الابحاث العربيه, بيروت, 1992.

5- خليل الياس مراد: حرب الخليج وانعكاساتها على الامن القومى العربى, دار الحريه للطباعه, بغداد, 1987.

6- سركوت شريف اسماعيل: العلاقات السياسيه بين العراق والاتحاد السوفيتى (1968- 1991) رساله ماجستير غير منشوره, جامعه المنصوره, مصر, 2015.

7- سنان صادق الزيدى: سياسه الولايات المتحده الامريكيه تجاه العراق, رساله ماجستير غير منشوره, كيله التربيه, ابن رشد, بغداد, العراق, 2005.

8- شكيب عقراوى: صدام نهوضاً ونكوساً, قصه صدام حسين التكريتى من المهد الى اللحد, مطبعه حاجى هاشم, اربيل, 2009.

9- شورش حاجى رسول: الأنفال الكورد ودوله العراق, ترجمه مديريه الترجمه/ وزاره الثقافه, ط2, حكومه اقليم كردستان, وزاره الثقافه, دار النشر, السليمانيه, 2005.

10- صباح محى الدين أمين: النزوح الكردى فى العراق 1975- 1991, رساله ماجستير غير منشوره, كليه الآداب, جامعه المنصوره, مصر, 2015.

11- عبدالرزاق الحسنى: تاريخ العراق السياسى الحديث, ج1, ط 7, الرافدين للطباعه والنشر والتوزيع, بيروت, 2008.

12- عبدالرزاق الحسنى: تاريخ الوزارات العراقيه, ج9, دار الشئون الثقافه العامه, بغداد, 1988.

13- عبدالمجيد كامل التكريتى: الملك فيصل الاول ودوره فى تآسيس الدوله العراقيه الحديثه 1921- 1933, دار الشئون الثقافه العامه, بغداد, 1991.

14- مجيد الخدورى: العراق الجمهورى, مطبعه امير, قم, ايران, 1418 هجرى.

15- منذر الموصلى: الحياه السياسيه والحزبيه فى كردستان, رياض الريس للكتب والنشر, لندن, 1991.

چوارەم- سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

-1 Amin Saikal: The Rise and fall of .1987the Shah, New jersey,

-2 Ismael Al-Khafaji: The Parasitic Base of the Baathist in Saddam s Iraq, Revolution or Reaction Zed Book, . 1990London,

- Joost R.Hiltermann: The 3 Anfal Campaign in Iraqi 1988 Kurdistan, Online: Stable URL, Encyclopedia, of Mass Violence, .2008February,

-4 Paul Finkelman & Peter Wallenstein: The Encyclopedia of America History, CQ Press, .2001Washington D.C,

-5 Parvis Daneshvar: Revolution in <1995Iran, Macmillan Press, London,

-6 Peter W. Galbraith: The End of Iraq, Pocket Books, ACBS Company, .2007London,

پێنجەم- گۆڤارەکان

1- خەبات عەبدوڵا: ئەنفال وەك کایەکی سۆسیۆلۆژی, گۆڤاری (ئەنفالناسی), ژمارە (4), 2021.

2- سەرکەوت شەریف ئیسماعیل: ئەنفال, گۆڤاری ساڵنامەی (چواردەی چوار), ژمارە (3), نیسانی 2005.

3- سەرکەوت شەریف: ئەنفال لەدیدی رۆژئاواییەکانەوە, گۆڤاری (عەرعەر), ژمارە (4), ساڵی چوارەم, 2009.

4- سەروەر عەبدولرەحمان عومەر (دکتۆر), گۆران ئیبراهیم ساڵح, ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو گۆڕانکارییەکانی عێراق و کوردستان (14ی تەموزی 1958/ شوباتی 1963), گۆڤاری (ئەکادیمیانی کوردستان), ژمارە (1), کانونی یەکەمی، 2014.

5- هێرش مەغدید ئەحمەد, رزگار ئەنوەر خزر: شاڵاوی ئەنفال لە کوردستان ساڵی 1988, گۆڤاری (جینۆساید), ژمارە (3), 2017.


* سەرنج: ئەم بابەتە لەبنەڕەتدا توێژینەوەیەکی زانستیەولە سایتی فەرمی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بڵاوبۆتەوە

# کۆمەڵکوژی کوردی عێراق لە تەرازوی ئایینی ئیسلامدا

پ. ی. د. مەهدی قادر

## پێشەکی

لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕووبەڕووی جۆرەها کوشتنی بەکۆمەڵ و ڕاگواستنی زۆرەملێ و وێرانکردنی گوند و شارەکان بووەتەوە لەسەر دەستی ڕژێمە فەرمانڕەواکانی عێراق. بەتایبەتی ڕژێمی بەعسی سەدامی، لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی جەنگی عێراق- ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. وەك شاڵاوەکانی ئەنفال و بۆمبارانکردنی گوند و شارۆچکەکان بەچەکی کیمایی و قەدەغەکراو، کە هەزاران کەس تێیدا بوونە قوربانی، جگەلە ڕاگواستنی سەدان هەزار کەس بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان.

کاتێك ئەم دێڕانە دەنوسم و وەك شریتێك ڕووداوەکان دێنەوە بەرچاوم، چونکە لە مانگی شوباتی (1988) یەکەم شاڵاوی ئەنفالم بینیوە بۆ سەر دۆڵی جافایەتی کە بە هێرشی فڕۆکە و کیمیابارانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەستی پێکرد.

کۆمەڵکوژی ڕێك ئەوەیە کە بەسەر گەلی کورددا هات. ئەم تاوانکاریانە بریتیە لە خودی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و جینۆسایدێکی ڕێکخراو لەلایەن دەوڵەتەوە، پێوستە بە دیکۆمێنت بکرێت و پاشان پێشکەش بکرێت بە دادگای دادی نێودەوڵەتی و سەرانی ئەو تاوانانەش دادگایی بکرێن، ئەگەر بەغیابیش بێت پاش مردنیان، پاشان قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زیانیان بەرکەوتوە بەگوێرەی دین و یاسا.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگری کردوە لەوەی ئەم تاوانانە دژی مرۆڤ ئەنجام بدرێت، ئەمیش لە ڕێگەی بڕیاری: پیرۆزکردنی گیان، قەدەغەکردنی کوشتن، ڕێزلێنانی مرۆڤ جا سەر بە هەر نەتەوە و ئاینێك بێت، بەتاوان دانانی بڕینەوەی دار، وێرانکردنی کانیاو، ڕوخاندنی خانوو و ماڵ، کوشتنی هاوڵاتی بێتاوان لە ژن و پیر و منداڵان. پاشان قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو جا تاك بێت یان کۆمەڵ و نەتەوە لەلایەن تاوانکارەوە، جا حکومەت بێت یان گروپ یان لەلایەن میراتگرەکەیەوە کە حکومەتی ئێستای عێراقە.

ئەم بابەتە لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت:

باسی یەکەم: کۆمەڵکوژی کورد لە عێراق

باسی دووەم: هەڵوێستی ئاینی ئیسلام دەربارەی کۆمەڵکوژی و چۆنێتی ڕێگریکردن لێی.

بێگومان ئەم دوو باسە سەرەکیەش چەند لایەنێکی دیکە لەخۆدەگرێت کە لە درێژەی توێژینەوەکەدا باسی دەکەین.

## باسی یەکەم: کۆمەڵکوژیکردن بەرامبەر کوردی عێراق:

### یەکەم: کۆمەڵکوژی

**1. پێناسەی کۆمەڵکوژی:**

کۆمەڵکوژی چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام ئێمە لێرەدا سێ پێناسە هەڵدەبژێرین، کە ئەمانەن:

کۆمەڵکوژی: بریتیە لە لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆیی، کە خۆی لە ئەنجامدانی لەناوبردنی کۆمەڵەیەکی نیشتیمانیی یان ڕەگەزیی یان ئاینی دیاریکراو دەبینێتەوە، کە ئەمەش لە ڕێگەی کوشتن یان ئازاردانی جەستەیی یان عەقڵی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەبێت، یان بە ڕێگاگرتن لە وەچەخستنەوە، یان گواستنەوەی منداڵی کۆمەڵەیەك بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە.

هەروەها (ڕێکەوتننامەی ڕێگری لە تاوانی کۆمەڵکوژی و دژایەتی کردنی) بەم شێوەیە پێناسەی کۆمەڵکوژی کردووە: (کۆمەڵکوژی واتە هەرتاوانکارییەك بە ئامانجی لەناوبردنی بەکۆمەڵ یان بەشێك لە کۆمەڵێکی نیشتیمانیی یان نەتەوەیی یان ئاینی).

هەروەها بەپێی مادەی شەشەمی (سیستمی بنەڕەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی) کۆمەڵکوژی بریتیە لە: هەرکارێك لەم کارانەی خوارەوە کە بە ئامانجی لەناوبردنی کۆمەڵەیەك یان نەتەوەیەك یان ڕەگەزێك یان ئاینێك ئەنجامدەدرێت، جا لەناوبردنەکە بەشێکیان بێت یان یان گشتی، کارەکانیش ئەمانەن:

أ: کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵەیەك.

ب: ئازاردانی جەستەیی یان عەقڵی دەرحەق بە ئەندامانی کۆمەڵەکە.

ج: کۆمەڵەکە ناچار بە گوزەرانێك بکرێن کە ببێتە هۆی لەناوچوونی هەموویان یان بەشێکیان.

د: پلاندانان بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵەیەك وەچەخستنەوە نامێنێت.

هـ: گواستنەوەی منداڵ لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە.

لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەو تاوانانەی دەرهەق

بە کورد ئەنجامدراوە، دەچێتە چوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی، چونکە ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی، نیشتەجێکردنی لە کۆمەڵگەی زۆرەملێ بۆتەوە، کە توشی بێکاری و نەبوونی سەرچاوەی رزق بۆتەوە، ئەمەش وایلێکردووە کە بیر لە منداڵ خستنەوە نەکاتەوە، ئەمە جگەلەوەی منداڵی کورد نێردراوەتە خوێندنگای عەرەبی تایبەت و پەروەردەیی بەعسی پێوتراوەتەوە، وەك لەبەرکردنی سرود و بەپیرۆزکردنی سەرکردەکانی بەعس و وازهێنان لە سیمبولەکانی کورد.

## 2. پرسی کورد لە عێراق:

یەکەم: بنەچەی کورد: گەلی کورد ڕەسەنترین گەلی ناوچەکەن کە بنەچەیان بۆ میدیەکان دەگەڕێتەوە (شانشینی میدیا 678پ.ز -550 پ.ز)، هەروەها لەوەچەی خێڵە کوردییە ڕەسەنەکانی وەك (گۆتی، لۆلۆ، کاشی، سوباری و میتانی)ن، کە لە چیاکانی زاگرۆس و حەوزی ئورمیە و وڵاتی میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون.

زمانی کوردی، زمانێکی سەربەخۆیەو سەر بە خێزانی زمانە (هیندۆئەوروپیەکانە)، هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە کە وایلێکردووە کورد بکاتە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، هەروەها کورد پۆشاك و سروت و کەلەپور و ئاینی خۆی هەبووە، ئەمە جگەلەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان بە وڵاتی کوردان ناسراوە، میرنشینی تایبەت بەخۆیان هەبووە، هەروەها دوای لەناوبردنی میرنشینی میدیا لەسەر دەستی کۆرشی ئەخمینی لە ساڵی (550پ.ز)، کورد بەدرێژایی مێژوو ملی نەداوە بۆ ژێردەستەیی هیچ هێزێکی بیانیی، هەرچەندە ناوچەکەیان لەلایەن رۆمانی و ساسانییەکانەوە داگیرکراوە، تا کورد لە ساڵی (18ی کۆچی) بە ویستی خۆی پێشوازی لە ئاینی ئیسلام کردووە و مسوڵمان بووە.

کورد لەسەردەمە جیاوازەکانی ئیسلامدا سەربەخۆیی خۆی هەبووە، هەروەها بەشداری لە بنیاتنانی شارستانی ئیسلامیدا کردووە و بەرگری لە پیرۆزییەکانی کردووە، بەناوبانگترین کەسیشی (ئەبو موسلیمی خوراسانی) بووە کە بەشداربووە لە دامەزراندنی جێنشینی عەباسییەکان، هەروەها (سەلاحەددینی ئەیوبی) کەسایەتی دیاری کورد، کە توانیویەتی شاری قودس لەدەست خاچپەرستەکان ڕزگار بکات، ئەمە جگەلەوەی چەندین زانای لە هەموو بوارەکانی زانستی ئیسلامدا پێشکەشکردوە.

**دووەم: کورد لە عێراق**

ژمارەی کورد تا ساڵی (2020) لە عێراق (6.171.083) شەش ملیۆن و سەد و حەفتا و یەك هەزار و هەشتا و سێ کەسە، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)و دواتریش لە ساڵی (2003) خاوەنی نیمچە سەربەخۆییە، زۆرینەی کورد موسڵمانی سوننە مەزهەبن، بەڵام کوردی فەیلی سەر بە ڕێبازی شیعەن، هەروەها لەناو کوردا چەندین ئایین و ئایینزای دیکەی وەك ئێزیدی و کاکەیی هەن، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشن و لێبوردە و دەست و دڵ پاکە، هەندێك جاریش باجی ئەم چاکیەی خۆی داوە.

دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی، کورد لە دروستکردنی دەوڵەت بێبەش کرا، بەڵام بۆ مانەوەی خۆی کۆمەڵەی سیاسی و بزووتنەوەی شۆرشگێری دروستکردووە، هەروەها نارەزایەتی مەدەنی و دیپلۆماسی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گرتۆتەبەر، بەڵام هەموو ئەم هاوار و بانگەوازە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگ نەبووە، هەربۆیە لە هەموو پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان ستەم لە کورد کراوە، ئینگلیزەکان لە ساڵی (1921) دەوڵەتی عێراق- یان دروستکرد، کوردیان ناچارکرد کە بە عێراق نوێوە بلکێندرێت، بەڵام کورد بە بەردەوامی بەشداری لە عێراقدا کردووەو بۆ مانەوەو بەدەستهێنانی خۆی شۆڕشی هەڵگیرساندووە، وەك بزوتنەوەکانی (هیوا و پارتی)، بەشداری لە شۆڕشی (14ی تەموزی 1958) دا، بەئومێدی بەدەستهێنانی مافەکانی، جگەلە ریکەوتنامەی ئاداری (1970) هیچی لێ شین نەبوو. مافەکانی کورد لەسەردەمی دووەمی بەعسدا بەسەرکردایەتی سەددام حسێن (1979-1991) لە خراپترین ئاستیدا بوو، بەعسیەکان دەیانویست کورد بە چەندین شێوە لەناوبەرن، بۆیە پەنایان بۆ ڕاگواستن و داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵی و کوشتنی بەکۆمەڵ و زیندانی کردن بردووە، ئەمە جگەلەوەی ڕێگایان نەداوە کورد بچێتە کەرتی گشتییەوە زۆر کەم نەبێت، هەموو ئەوانەشی گومانیان لێی هەبووە، دوور خراونەتەوە (نەفی کراون).

لەو ماوەیەدا واتە (1980-1988) لەمیانەی جەنگی عێراق - ئێران، ژمارەیەکی بەرچاوی گوندە سنورییەکان بە بیانووی دروستکردنی (پشتێنەی ئەمنی) وێرانکران، لەگەڵ جێبەجێکردنی هەرسێ پلانی

(تەعریب: بەعەرەبکردن )، (تەبعیس: بە بەعسی کردن) (تەرحیل: ڕاگواستن).
هەروەها تاوان دژ بە کەسوکاری پێشمەرگە و ئۆپۆزسیۆن ئەنجامدرا، هەرکەسێك سەری بەرز بکردایەتەوە لێیدەدرا، هەر لەبنەمادا بەعسیەکان سیاسەتی سوتاندنی زەوییان پەیڕەوکرد.

## تاوانەکانی بەعس (کە هەموویان لەژێر تاوانی کۆمەڵکوژییدا جێگەیان دەبێتەوە):

### یەکەم: ڕاگواستنی کوردی فەیلی:

فەیلیەکان لە کوردە ڕەسەنەکانن، بنەچەیان بۆ عیلامییەکان یان کاشییەکان دەگەڕێتەوە، کە دوو خێڵی کوردن لە چیاکانی زاگرۆس لەپاڵ لۆلۆیی و گۆتیەکان هاتونەتە خوارەوە. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دیاریکردنی سنور، بەشێك لە عەشیرەتە فەیلییەکان لکێنران بە عێراقەوە، ئەوانی دیکەش لە سنوری ئێران مانەوە، ئەم دابەشکاریە مێژوویەکی درێژی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی سنوریی نێوان هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەویی.

عەرەبە شۆڤێنیەکان ڕەچەڵەکی فەیلیەکانیان گێڕایەوە بۆ ڕەچەڵەکی ئێرانییەکان، بۆیە حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەبیانووی ئەوەی فەیلیەکان بیانین سیاسیەتی ڕاگواستنیان لەدژ پەیڕەو کردون، بەڵام ئەمە ڕاست نیە، فەیلیەکان چەندین سەدە پێش زایین لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، کاشییەکانی باپیرانیان میرنشینەکانی ئەکەد و ئاشوریان دامەزراندوە. ئەمەش عەبدولکەریم قاسم لە ڕۆژی (1958/10/14) لەمیانەی پێشوازی لە وەفدێکی فەیلیەکان ئەم ڕاستیەی پشتڕاستکردۆتەوەو دەڵێت:" ئەو ناوچانەی دەکەوێتە سەر کەنارە ئاویەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە پێگە و شوێنی کوردی فەیلی یە".
بەڵێ، ئەو ناوچانە پێگەو شوێنی ئەوان بووە، وەك پارێزگا سنورییەکانی عێراق و ئێران، بۆنموونە لە ئێران لە کرمانشان و ئیلام و خوزستان و قەسری شیرین نیشتەجێبوون، هەروەها لە عێراق لە شارەکانی واست و بەغدا و میسان بوون، زۆرینەیان لە پارێزگای دیالە لە ناوچەکانی جەلەولا و خانەقین و مەندەلی بوون، بەپێی سەرژمێری ساڵی (1947) ژمارەی دانیشتوانی فەیلیەکان

(30.000) سی هەزار کەس بووە، واتە (06%) کۆی دانیشتوانی عیراق.

- لە ساڵی (1941)دا یەکەم پرۆسەی ڕاگواستنی کوردانی فەیلی لەلایەن حکومەتەوە پەیڕەوکرا، کە بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیان بۆ ئێران ڕاگوازران.

- لە زستانی (1970-1971) زیاتر لە (70.000) حەفتا هەزار خێزانی فەیلی بەبیانووی نەبوونی لایەنگری (ئینتیما) بۆ شۆڕش و بەعس بۆ ئێران ڕاگوازران.

- لە ڕۆژی (7ی نیسانی 1980) بەعسیەکان دەیان بازرگانی فەیلیان بانگهێشتی هۆڵی (شەعب) کرد، بەبیانووی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هاوردەکردن، بەڵام تەها جەزراوی فەرمانی کرد، بازرگانە فەیلیەکان لە دەرگای دواوە بکرێنە دەرەوە، بەپاس ڕەوانەی سەر سنوری ئێران کران، کە جگەلە سویچی ئۆتۆمبێلەکانیان و ناسنامەکەیان هیچی دیکەیان پێنەبوو، ڕەگەزنامەی عێراقی لە هەموویان سەندرایەوە.

- هەروەها بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ژمارە (666) لە (1980/5/7) ناسنامە لە نیو ملیۆن کوردی فەیلی سەندرایەوە، هەروەها لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیه) بە ژمارە (2776) بڕیارەکە بڵاوکرایەوە، هەروەها سەرجەم موڵك و ماڵەکانیان دەستیان بەسەردا گیرا.

- هەروەها سەدان هەزار کوردی فەیلی لە بەغداد و کوت و خانەقین و چەندین پارێزگای دیکە دەستەبەسەر کران و لە زیندانەکان هێڵدرانەوە.

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی، (دادگای باڵای تاوانەکان) تاوانەکانی دەرحەق بە فەیلیەکانی بە جینۆساید ناساند.

**دووەم: جینۆسایدی بارزانییەکان:**

بارزانییەکان عەشیرەتێکی گەورەی کوردن لە ناوچەیەکی تایبەت بە خۆیان لە ناحیەی بارزان لە قەزای مێرگەسور سەر بە پارێزگای هەولێر نیشتەجێبوون، بارزانییەکان تایبەتمەندی عەشیرەتی و ئاینی و کلتوری تایبەت بە خۆیان هەیە، هەروەها بەوە ناسراون کە هەستی نیشتیمانیان بەرزە و دژی ستەم و زۆرداری تورك و ئینگلیز و دەسەڵاتدارانی عێراق جەنگاون.

بارزانییەکان چەندین شۆڕشیان بەرپاکردووە، کە گرنگترینیان شۆڕشی یەکەمی بارزانییەکان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە ساڵی (1931)دا،

هەروەها شۆڕشی دووەمی بارزان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی (1943)دا، پاشانیش بارزانیەکان چوونە پاڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی (1946)دا.

خەباتی بارزانیەکان بەشێك بوو لە سیاسەتی پارتی کە لە نێوان دانوستان لەگەڵ ناوەند و بەرگری کردن بە چەك بوو.

لە میانەی جەنگی عێراق ئێران، هێزەکانی ئێران لە ڕۆژی (20ی تەموزی 1983 شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانیان کۆنترۆڵ کرد، پارتی تۆمەتبارکرا بەوەی هاریکاری ئێرانی کردووە، بۆیە هێزە داپڵۆسێنەرەکەی بەعس لە (30ی تەموزی 1983) واتە دە ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە (8000) هەشت هەزار بارزانی لە ڕەگەزی نێر لە کۆمەڵگەکانی (دیانا، حەریر، قوشتەپە و بەحرکە) دەستگیرکرد و شوێنەواری نەهێشتن، کە لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا سەدام حسێن گوتی: "ئەوانە سزای توندی خۆیان وەرگرتووەو نێردراون بۆ دۆزەخ"، واتە شەهیدکراون و لە گۆڕی بە کۆمەڵدا نێژراون.

## سێیەم: پرۆسەی ئەنفال (کۆمەڵکوژکردن):

ئەنفال گەورەترین و مەترسیدارترین پرۆسەی سەربازی بوو، کە سوپای عێراق لە ساڵی (1988)دا بەمەبەستی پاکتاوکردن و لەناوبردنی کورد ئەنجامیدا.

سەددام حسێن بە بڕیاری (160) لە (1987/3/29) فەرمانی بە ئامۆزاکەی (عەلی حەسەن مەجید) کرد بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکە، هەموو دەسەڵاتێکی پێدا لە بەکارهێنانی دەسەڵاتە کارگێرییەکان و بەکارهێنانی هێزی ئەمنی و هەواڵگری بۆ دەستبەجێ ئەنجامدانی پرۆسەکە، کە ئەو کات بەرپرسی ناوچەی باکور بوو.

عەلی حەسەن مەجید لای خۆیەوە نووسراوی ژمارە (4008)ی لە ڕۆژی (1987/6/20) بۆ فەرماندەی فەیلەقەکانی یەك و دوو و پێنج دەرکرد، لە نوسراوەکەیدا بۆی ڕونکردنەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ گوندە قەدەغەکراوەکان بکەن، لە برگەی (3)ی نوسراوەکەدا هاتووەکە: چون و ڕۆیشتن بۆ گوندە قەدەغەکراوەکان ڕێگە پێدراو نیە، هەروەها ڕێگانادرێت کاری کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئاژەڵداری تێیاندا ئەنجام بدرێت، لەدوای (1987/6/22)وە ئەو گوندانە دەبنە ناوچەی قەدەغەکراو.

تەقەکردن تێیدا ئازاد دەبێت دوور لەهەر ڕێنماییەکی سەربازی.

بۆ ئەوەی زۆرترین کەس بکرێتە قوربانی بە فڕۆکە و تۆپهاوێژ گوندەکان بۆردومان دەکران، هەروەها هەر کەسێکیش تەمەنی لەنێوان (15-70) ساڵیدا بوایە و لەو ناوچانە دەستگیربکرایە، دوای وەرگرتنی زانیاری لێی، ڕاستەوخۆ دەکوژرا. پرۆسەکە لە شوباتی ساڵی (1988) دەستی پێکرد و لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتایهات، کە بەهەشت قۆناغ جێبەجێ کرا، کە بەم شێوەیە بوو:

**قۆناغی یەکەم: لە (**1988/2/23 **بۆ** 1988/3/18**):**

پرۆسەی ئەنفالی یەکەم ناوچەی (شارباژێڕو دۆڵی جافایەتی) گرتەوە، ئەو گوندانەی گرتەوە کە شوێنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و مانەوەی (مام جەلال تاڵەبانی) بوو، گوندەکانیش بریتی بوون لە (سەرگەڵو و بەرگەڵو و یاخسەمەرو گاپیلۆن و گەڕەدێ و مالومە... هتد)، خۆم زۆریک لە بۆردومانەکانی چەکی کیمیاوی و فڕۆکە و تۆپهاوێژ و هێرشی زەمینیم بینیوە، ئەو کات تەمەنم دە ساڵان بوو زۆر باش لەیادمە، خۆ ئەگەر بەفر و کەشی سارد و بەرگری پێشمەرگە و ڕاکردن بۆ سەر سنور نەبوایە، کەسمان دەربازمان نەدەبوو.

**قۆناغی دووەم: (**1988/3/22 **بۆ** 1988/4/1**):**

ناوچەکانی بازیان و قەرەداغ و دەربەندیخانی گرتەوە، لە یەکەم ڕۆژدا بە چەکی کیمیاوی گوندی سێوسێنان بۆردومانکرا کە بەهۆیەوە (66) کەس شەهید بوون، کە لەناویاندا (30) منداڵ هەبوون و سەدانی دیکەش بریندارببوون، لەو قۆناغەدا نزیکەی (80) گوند وێرانکران و زیاتر لە (5637) کەسیش بەدیل گیران، کە تاکو ئێستا چارەنوسیان دیارنیە.

**قۆناغی سێیەم: (**1988/4/7 **بۆ** 1988/4/20**):**

ئەم قۆناغە بە گەورەترین پرۆسەی ئەنفال دادەندرێت، کە ناوچەی گەرمیان و کەلار و باوەنور و کفری و دووز و سەنگاو و قادر کەرەم-ی گرتەوە، تیایدا (500) گوند خاپورکران، هەروەها زیاتر لە سی هەزار کەسی مەدەنی لە ژن و پیاو و منداڵ بە دیل گیران و دواترلە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژران.

**قۆناغی چوارەم: (**1988/5/3 **بۆ** 1988/5/15**):**

سنوری دەشتی (زێی بچووک) لە ناوچەی کۆیە و تەقتەق و ئاغجەلەر و ناوشوانی

گرتەوە، تیایدا چەکی کیمیاوی لە گوندی گۆپتەپە بەکارهێنراو (300) کەس لە گوندەکە شەهید بوون، هەروەها (7201) کەس لەناوبران و (67) گوند وێرانکرا. بەپێی بەڵگەنامەکان سەددام حسێن و نزار خەزرەجی سەرۆك ئەرکانی سوپا بەشداریان لە پرۆسەکەدا کردووە.

**قۆناغی پێنجەم و شەشەم حەوتەم: لە (5/15 بۆ 1988/8/26):**

ناوچەکانی (شەقڵاوە و خەلیفان و رەواندز)ی لە پارێزگای هەولێر گرتەوە، تیایدا کەرەستەی تایبەت بۆ وێرانکردن بەکارهێنرا وەك چەکی کیمیاوی لە گوندی بالیسان کە بووە هۆی شەهیدکردنی (227) کەس.

**قۆناغی هەشتەم و کۆتایی: (1988/9/6/8/26):**

ئەم قۆناغە ناوچەکانی بادینان و ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ و شێخان و دهۆکی گرتەوە، تیایدا چەکی ژەهراوی بە سەرپەرشتی سەددام حسێن بەکارهێنرا. لەم قۆناغەدا هەموو شوێنەوارەکانی ژیان لەناوبران، مزگەوت و ماڵ و ڕێگاوبانەکان خاپورکران، درەختەکان بڕانەوەو ئاژەڵەکان کوژران.

لە پرۆسەی ئەنفالدا زیاتر لە (4000) گوند خاپورکران، هەروەها (182000) کەس بەدیل گیران و شوێنبزر کران، کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان جینۆساید و کۆمەڵکوژی بوو.

**چوارەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی (کارەساتی هەڵەبجە):**

پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی لەسەر سنوری ئێران، دوای ساڵی (1983) خۆی لەنێو جەنگی عێراق - ئێراندا بینیەوە، هەروەها ئەو شارە پێش بۆردومانکردنی بە چەکی کیمیاوی ڕووبەڕوی ڕاگواستن و کوشتن بۆتەوە. هێزی ئاسمانی عێراقی لە (16ی ئازاری 1988 شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومانکرد، کە بووە هۆی کارەساتێکی مرۆیی گەورە، کە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژاند.

لیوای روکن (وەفیق سامەرائی) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (شکاندنی دەروازەی رۆژهەڵات) لە لاپەڕە (104)دا دەنوسێت: "پەنجا فرۆکەی هێزی ئاسمانی عیراق کە هەریەکەیان چوار بۆمبی کیمیاوی هەڵگرتبوو، کێشی هەر بۆمبێکیش (500کگم) بوو، شاری هەڵەبجە-یان بۆردومانکرد". ئەمەش واتای ئەوەیە کە فرۆکەکانی عیراق بری (200 تۆن) گازی ژەهراویان بەسەرشارەکەدا ڕژاندووە.

بۆردومانەکە تا (17 و 18)ی هەمان مانگ بەردەوامی هەبوو، هەروەها گوندەکانی دەوروپشتی شارەکەشی گرتەوە، ئەمە جگەلە بۆردومانکردنی ئەو کەسانەی کە بەرەو سەر سنور دەڕۆیشتن، جیهان کارەساتەکەی هەڵەبجەی لە ڕێگای رۆژنامە جیهانییەکانەوە بینی.

لە ئەنجامی ئەو بۆردومانەدا زیاتر لە (5000) پێنج هەزار کەسی سڤیل شەهید بوون، کە لە ژن و منداڵ و پیاو پێکهاتبوون، چەندین خێزانیش تەواوی ئەندامەکانیان شەهید بوون، ئەمە جگەلەوەی دەیان هەزار کەسی دیکەش بریندراربوون کە تاوەکو ئێستا بەهۆی کاریگەرییەکانیەوە دەناڵێنن.

دوای روخانی رژێمی عێراق، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارەساتەکەی بە جینۆساید و کۆمەڵکوژی ناساند، هەروەها دادگای تایبەتی بۆ پێکهێنرا.

لە رۆژی (2005/11/23) دادگایەکی هۆڵەندی سزای (15) ساڵ زیندانی بەسەر (فرانس ڤان ئانرات)دا سەپاند، کە سەرمایەدارێك بوو کەرەستەی چەکی کیمیاوی لە بازاڕەکانی جیهان کڕیبوو، دواتریش بە سەددام حسێنی فرۆشتبوو، هەروەها دادگاکە سەددامی بە تاوانی کۆمەڵکوژی تۆمەتبار کرد، دادگای تایبەتی عێراقیش چەندین تۆمەتی ئاراستەی سەددام حسێن و عەلی حەسەن مەجید کرد، تۆمەتبارکران بە تاوانی کۆمەڵکوژی کردن و تاوانی دژی مرۆڤایەتی.

دوای تاوانبارکردنی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، لە کانوونی دووەمی ساڵی (2010) سزای لەسێدارەدانی بەسەر عەلی حەسەن مەجیدا سەپاند، سزاکەشی لە ساڵی (2007) دا دەرکرابوو.

## باسی دووەم: بۆچوونی ئیسلام لەسەر کۆمەڵکوژی و دانانی سنور بۆ جینۆساید:

لە باسی یەکەمدا بەوردی باسمان لە گرنگترین تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە کورد کرد، کە لەسەر دەستی رژێمی بەعس دژ بە گەلەکەمان لە عێراق پەیڕەوکرا، رژێمی بەعس بە پاساوی یاسا و ئایین و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتێنی ئەمنی تاوانەکانی ئەنجامدەدا، بۆیە ئێمە لێرەدا دیدو بۆچوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەخەینەڕوو، هەروەها ڕوونی دەکەینەوە، کە ئایا رژێم تاوانەکانی بەپێی بنەماکانی ئایین ئەنجامداوە، یان ئاینی بۆ مەبەستەکانی

خۆی بەکارهێناوەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێبەرییە لەو تاوانانە:

**یەکەم: بۆچوونی ئیسلام لەسەر جیاوازی نەژادی و نەتەوەیی:**

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی کە پاڵی بە بەعسیەکانەوە نا تاوان دژ بە کورد ئەنجامبدەن، پاڵنەری نەژادی و نەتەوەیی بوو، بۆ ئەمەش دروشمی عەرەبچێتی و عەرەبی بوونی عێراقیان بەرز دەکردەوە، هەروەها نەتەوە و کەمە نەتەوەییەکانی دیکەیان بە میوان لە عێراق دادەنا.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەم بانگەشە نەتەوەپەرستیەی بەم ئایەتەی سورەتی (حجرات 10) چارەسەرکردووە، کە دەفەرمووێت" إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ"، بەڵێ باوەڕدان سەرەڕای جیاوازی نەتەوەییان برای یەکن، هەروەها جیاوازی نەتەوە و گەلەکانیشی بە نیشانە و دەسەڵاتی خوای گەورە داناوە، بۆیە لە ئایەتی (13)ی هەمان سورەتدا دەفەرموێت" يا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وأُنْثَى وجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وقَبَائِل لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ" ئامانج لەم جیاوازییە یەکترناسین و تەعاروفە نەك یەکتر سڕینەوە. مرۆڤەکان لای خوای گەورە یەکسانن، هیچ لایەکیشیان زیاتر نیە لەلایەکی دیکە، مەگەر بە خواپەرستی، ئەمەش ئەنجامەکەی لە رۆژی دواییە و بۆ دنیا نیە، بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەموو لایەنەکانی شانازی بە نەژاد و ڕەنگ و پلە و جوانی و سەروەت کۆتایی پێهێناوە" يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ " (الشعراو 88-89)، هەروەها پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت:" :( أَيُّهَا النَّاسُ! كُلُّكُم لِآَم، وآدَمُ خُلِقَ مِنَ التُّرَاب، أَلَا لا فَضل لِعَرَبِيّ عَلَى عَجَمِيّ، ولا لِعَجَمِيّ عَلَى عَرَبِيّ، ولا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ، .... إِلا بِتَقْوى اللهِ رَبّ الْعَالَمِينَ). هەروەها شانازی بە پلە و نەتەوەی ڕەتکردۆتەوە :(لِينْتَهِينَّ أَقْوامٌ يفْتَخِرُونَ بِأبَائِهِمُ الَّذينَ مَاتُوا، وإِنَّمَا هُمْ فَحْمُ جَهَنَّمَ، أَوْ ليكُونَنَّ عِنْدَ اللهِ أَهْوَنَ مِنَ الْجُعَلِ الَّذى يُدَهْدِهُ الْخُرْوَ بِفِيهِ) ،هەروەها هۆشداری داوە بەو کەسانەی کە لەپێناوی ڕەگەزپەرستی دەجەنگن و لەوبارەیەوە دەفەرموێت: (مَا بَالُ دَعْوى الْجَاهِلِيَّه، دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَه، الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لا يضلِمُهُ ولا يخْذلُهُ.... وكَفَى بِالْمُسْلِمِ إِثمًا أَنْ يحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ).

**دووەم: حوکمی بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ و دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامان:**

یەکێکی دیکە لەو تاوانانەی دەرحەق بە کورد کرا، پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان بوو، ئەمەش دوو جۆرە: یەکەمیان: نیشتەجێکردنی عەرەب لە ماڵ و گوند و شارە کوردییەکان و گواستنەوەی خاوەندارییەتی بۆیان. دووەم: گۆڕینی نەتەوەیی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی (تعديل القوميه).

ئیسلام ڕاگواستنی کەمە نەتەوەیی و ئاینیەکانی قەدەغەکردووە، بۆ ئەمەش چەندین ئایەت لە قورئانی پیرۆز دەتوانین وەك نموونە بهێنینەوە. کە ئیبراهیم خەلیل و برازای پێغەمبەر لوت ناچار بە کۆچ کران"فَـَٔامَنَ لَهُ لُوطٌۘ وقَال إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓۖ إِنَّهُ هُو الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (26. هەروەها پێغەمبەر و هاوەڵەکانی لە مەککە دەرکران"الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيارِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلا أَن يقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ" هەروەها وەك لای هەموانیش ڕوونە دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و ماڵ لە قەدەغەکراوەکانی ئاینیە و ڕێگای پێنادرێت:" يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ وَامَنُواْ لا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ".

سەبارەت بە گۆڕینی زۆرەملێی نەتەوەیی ئەویش پێچەوانەی قورئانە، جیاوازی نەتەوە و زمان نیشانەن لە نیشانەکانی باڵادەستی خوای گەورە، هەروەها بریارێکی پەروەردگارە، بۆ کەس نیە نەتەوەیەك ناچار بکات، لایەنی نەتەوەیی خۆی بۆ نەتەوەیەکی دیکە بگۆڕێت، چۆن دەکرێت ڕێگا بە گۆڕینی نەتەوە بدرێت، کە نیشانەیەکی خوای گەورەیە "وِمِنْ اياتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ والْأَرْض واخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وأَلْوانِكُمْ إِنَّ فِي ذلِكَ لأياتٍ لِلْعَالِمِينَ" روم :22

چەندین خێزانی کوردی ناچارکران، کە داواکاری بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناسنامەی شارستانی بە واژۆی خۆیان بنوسن، بۆ ئەوەی نەتەوەی خۆیان بگۆڕن، ئەم کارەشیان یان لەبرسان بوو یان لە ترسان بۆ خۆپاراستنیان لە ڕاگواستن و بە عەرەب کردن.

## سێیەم: یاسای جەنگ لە ئیسلامدا (قەدەغەی کۆمەڵکوژکردن و کوشتنی هاوڵاتیانی سڤیل):

جەنگ بریتیە لە ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن بە چەکێك کە بەس بێت بۆ وەڵامدانەوە و ڕاگرتنی، نەك کۆمەڵکوژکردنی، چ جای ئەوەی بگات بە هاوڵاتیەکی سڤیل لە چیاکانی کوردستان، زانایان ڕێگایان بە ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن و لابردنی ستەم و هاوکاری لاوازەکان (لێقەوماوان) داوە،

لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاساکانی جەنگ و پاراستنی گیانی هاوڵاتیان.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەند ڕێنمایی و یاسایەکی بۆ جەنگ داناوە، کە ئێمە لێرەدا ئاماژە بە دە خاڵیان دەکەین:

1. دەستپێشخەری نەکردن لە هەڵگیرسانی جەنگدا: جەنگ ڕێگەپێدراوە، بەڵام خوازراو نیە لای خودا و لای موسڵمانان، وەك دەفەرموێت (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وهُو كُرْهٌ لكُمْ) البقره216، هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نەهی لە ئاواتخواستن بە جەنگ کردووە و دەفەرموێت:" لا تَتَمَنَّوا لِقَاوَ الْعَدُوِّ، واسْأَلُوا اللهَ الْعَافِيه"، بۆیە مسوڵمان دەستپێشخەری جەنگ ناکەن" وهُم بَدءوكُمْ أَوَّل مَرَّةٍ" التوبه:13.

2. دەستدرێژی و هێرش بۆ سەر خەڵکی حەرامە: "وقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ ولا تَعْتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ" البقره:190.

3. ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی سڤیل و لێقەوماو: "ومَا لكُمْ لا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وٱلْمُسْتَچضعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وٱلنِّسَآوِ وٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذينَ يقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرجْنَا مِنْ هَٰذهِ ٱلْقَرْيهِ ٱلظالِمِ أَهْلُهَا".

4. گەیشتن بە ئامانج بیانوو نیە بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئامرازێك: سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بەپێی ڕەوشتی بەرز دەبێت، پێویستە لۆژیکی (حەق) بەسەر (هێزدا) زاڵ بێت و بۆ دادپەروەری هەوڵبدرێت و ستەم ڕابگیرێت.

5. تەنها لەگەڵ جەنگاوەردا شەڕ دەکرێت: ئیسلام ڕەتیکردۆتەوە شەڕ و جەنگ لەگەڵ هاوڵاتی سڤیل بکرێت، لەوبارەیەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕەتیکردۆتە کوشتاری ژن و منداڵ بکرێت:" نَهى فِي الحُرُوبِ عَنْ قَتْلِ النَّسَاوِ والصِّبْيانِ, وعَنْ قَتْلِ الأُجَرَاوِ وغَيْرهِمْ مِنَ الاَبرياء مِنْ غَيْر المُسْلِمِينَ".

6. دیلی جەنگ: دیل ئەو دوژمنەیە کە لای مسوڵمانان لە جەنگدا دەستگیرکراوە، یان خۆی بەدەستەوەداوە، ئیسلام فەرمانی کردووە، کە ڕێزی لێبگیرێت، لەوەش زیاتر خۆراکی پێبدرێت و ژیانی پارێزراو بێت تا چارەنوسی یەکلایی دەبێتەوە:" ويُطعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا ويتِيمًا وأَسِيرًا". هەرگیز ناکوژرێت.

7. شێواندنی تەرم قەدەغەیە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە فەرماندە

سەربازییەکانی فەرمووە کە " اغْزُوا ولا تَغُلُّوا ولا تَغْدِروا ولا تُمَثِّلُوا ولا تَقْتُلُوا".

8. بەخاکسپاردنی کوژراو: پێویستە دوژمنی کوژراو بشۆرێت و بە خاك بسپێردرێت، ئیمامی شافعی (رەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: هیچ کێشەیەك نیە کە موسڵمانان کوژراوە بێباوەڕە نزیکەکانی خۆیان بشۆن و بە خاکیان بسپێرن، چونکە وەك دەزانین پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کوژراوانی بەدری بە خاکسپاردووە.

9. پاراستنی ژینگە: ئیسلام تێکدانی ژینگە و بڕینەوەی دار و وشککردنی ڕووبارەکانی قەدەغەکردووە، خوای گەورە دەفەرموێت:" وَإِذا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْض لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْث وَٱلنَّسْلَۚ وَٱللَّهُ لا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ" البقره205.

10. قەدەغەی دزی و تاڵانی: ئیسلام دزی و دەستبەرسەرداگرتنی سەروەت و سامانی قەدەغە کردووە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە هەموو جەنگەکاندا ئەمەی دووپاتکردۆتەوە و فەرمویەتی:" ومن انتَهَبَ نُهْبهِ فليسَ منَّا".

**چوارەم: بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ قەدەغەیە:**

لە ئاینی ئیسلامدا تەنها جەنگ لەگەڵ جەنگاوەردا دەکرێت، هەروەها ڕێگا نادرێت لە مەیدانی جەنگدا هێرش بکرێتە سەر نەخۆش و بریندار، بۆیە زانایان رایدەگەیەنن کە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ کە پێش جەنگاوەرەکان هاوڵاتیانی سڤیل دەکوژێت قەدەغەیە لە ئیسلامدا، وەك چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و ئەتۆمی، کە وشك و تەڕ پێکەوە دەسوتێنێت، هەروەها ئاژەڵ و باڵندەکانیش دەکوژێت و پاشانیش کاریگەرییەکانی بۆ چەندین دەیە دەمێنێتەوە، ئەمانە لە ئیسلامدا قەدەغەیە و خوای گەورە بە دەقی قورئانی پیرۆز ڕوونیکردۆتەوە و دەفەرموێت:" وإِذا تَولَّى سَعَى فِي الأرض لِيُفْسِدَ فِيهَا ويُهْلِكَ الْحَرْث والنَّسْل واللَّهُ لا يُحِبُّ الْفَسَادَ" البقره:205.

هەروەها ئیسلام کوشتنی هاوڵاتی بێتاوانی قەدەغەکردووە، ئەمەش واتای قەدەغەی چەکی کیمیاوی و هاوشێوەکانیەتی، کوشتنی مرۆڤێکیش بەبێ تاوان، وەك کوشتنی تەواوی مرۆڤایەتیە:" مَنْ قَتَل نَفْسًا بِغَيْر نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأرْض فَكَأَنَّمَا قَتَل النَّاسَ جَمِيعًا ومَنْ أَحْياهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيا النَّاسَ جَمِيعًا" المائده:32. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:" ولا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ

اللَّهُ إِلا بِالْحَقِّ ذَٰلِكُمْ وصَّاكُم بِهِ لعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ".

هەروەها ژەهراوی کردنی ئاوی سەربازگەکان قەدەغەیە و لەلایەن زانایانەوە رەتکراوەتەوە.

## پێنجەم: ئەنفال لەنێوان ئیسلام و بەعسیەکاندا:

لە بەشەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت کە ئەنفال لای بەعسیەکان بریتی بووە لە کوشتنی هاوڵاتیانی سڤیلی کورد، کە لە ماڵەکانی خۆیاندا دەستگیرکران و لە سەربازگەکان کۆکرانەوە، دواتریش ژن و پیاو لە یەکدی جیا کرانەوە، بەشێکی زۆریان بە فیشەك کوژران، یان لە بیانەکانی باشوری عێراق زیندەبەچاڵ کران.

ئەوەی بەعسیەکان کردیان تاوانێکی گەورەبوو، پاشان تاوانێکی تریشیان خستەسەر، کە ئەو تاوانکاریيە گەورەیەیان بەناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆز ناونا، کە ئەویش سورەتی (ئەنفال)ە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەنفال لە ئیسلامدا واتە دەستکەوتی مادی جەنگ، کە خۆی لە کەرەستەی سەربازی و چەك و سەروەت دەبینێتەوە، واتە کەرەستە بەجێماوەکانی پاشماوەی جەنگە، بۆیە مرۆڤ هەرگیز نابێتە ئەنفال و دەستکەوتی جەنگ.

کاتێك بەدواداچوونی زیاتری بۆدەکەین و لە فەرهەنگەکانی زمانەوانیدا بۆ وشەی ئەنفال دەگەڕێین لەڕووی (چەمك و دەستەواژە)وە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم تاوانە پلان بۆدانراوبووە بوە دژ بە ئایین و بەندەکانی خوای گەورە.

## لەکۆتاییدا

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەلی کورد لە باشوری کوردستان نەتەوەیەکی ڕەسەنی هەزار ساڵەیە لەسەر خاك و نیشتمانی خۆی، نەك مافی سەربەخۆیی و نەتەوەیی لێ زەوتکراوە، بەڵکو بچوکترین مافەکانی ژیانی پێڕەوا نەبینراوە، بۆیە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری و شوینەواری و جوگرافی و مێژووی و ئایینی دراوە، ڕووبەڕووی هەڵمەتەکانی لەناوبردن و جینۆساید بووەتەوە. لەم پێناوەدا باجی زۆریشی داوە، بەڵام هێشتا کورد گەلێکی گەورە و زیندوی ناوچەکەیە. گەلێکە خودا زوبان و خاکی خۆی پێداوە، خودا جیاوازی ناکات لەنێوان تورکێك و عەرەبێك و فارسێك و کوردێك، کەواتە ئەوەی بۆخۆتان پێتان خۆشە پێویستە بۆ برا کوردەکەشتان پێتان خۆش بێت، ئەگەرنا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر پاراستنی شوناس و ئایین و

ناسنامەی نەتەوەییمان جا باجەکەی رۆحیشمان بێت پیشکەشی دەکەین و خوداش ئەو مافەی پێداوین.

## سەرچاوەکان:


1. استخدام أسلحه الدمار الشامل فی الفقه الإسلامی، د.احمد محمد لطیف. بلا تاریخ.

2. البارزانی و الحرکه التحرریه الکوردیه، مسعود بارزانی، ج 1و2 . دارکاوا، بیروت ط 2/ 1997.

3. تفسیر القران العظیم هو ابو الفداو اسماعیل بن عمر بن کثیر.

4. خلاصه تاریخ الکرد وکردستان، محمد أمین زکی بك ط4.

5. خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق 1984-1988، نەوشیروان مستەفا، چاپەمەنی خاك، چ 2، 1999.

6. دراسات حول القظیه الکوردیه ومستقبل العراق، دار ئاراس للطباعه والنشر، أربیل، ط2/ 2004.

7. الشعب الکردي والسیاسات الدولیه فی القرن العشرین، کوردستان العراق نموذجا. د.هادی علی، دار روشنبیر – السلیمانیه، 2008م.

8. العراق... الطبقات الاجتماعیه والحرکات الثوریه من العهد العثمانی حتی قیام الجمهوریه, حنا بطاطو.

9. القانون الدولی الإنسانی، محمد فهاد الشلالده، مکتبه دار الفکر العربی، القاهره، 2005.

10. القانون الدولی الجنائی، أهم الجرائم الدولیه، المحاکم الدولیه الجنائیه، منشورات الحلبی الحقوقیه، بیروت، 2001.

11. قرار محکمه الأنفال، تقدیم القاضی محمد العریبی، اشراف واعداد الحقوق بهزاد علی ادم، من منشورات محافظه دهوك بالتعاون مع الدیریه العامه لشؤن الشهداء والأنفال فی محافظه دهوك. ط1، 2014.

12. الکتاب الأسود لصدام حسین، اشراف کریس کوتشیرا، ترجمه من الفرنسیه: خسرو بوتانی، دارئاراس ط 1، 2007م.

13. الکورد الفیلییون بین الماضی والحاضر، احمد ناصر الفیلی، بلاوکراوەیەکی ئەلکترۆنییە بەشێوەی pdf کە پێکهاتوە لە23 لاپەرە.

14. کورد و کوردستان والحرکه القومیه الکوردیه، جلال طالبانی، بیروت، ط2، 1971.

15. كوردستان والأكراد، دراسه سياسيه اقتصاديه، د.عبدالرحمن قاسملو، بيروت

16. لسان العرب، ابن منظور، ماده نفل.

17. المسئوليه عن ارتكاب جريمه الإباده الجماعيه، ايمن عبدالعزيز سلامه، دار العلوم، القاهره، 2006

18. ئەنفال و رەھەندە سوسیولۆجیەکان/ محمد رؤوف، وەزارەتی رۆشنبیری، چ 1، 2005.

# ئەنفال و داهێنان
# پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەری کوردیدا

ڕانان و کورتکردنەوە: ئاوات نادر عبدالكریم
ماستەرلە ئەدەبی کوردی

## دەسپێک

(ئەنفال و داهێنان _ پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەری کوردیدا)، تێزێکی دکتۆرایە لەلایەن (د. مەهدی فاتیح عومەر)، پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کراوە، دواتریش لە شێوەی کتێبێکی قەبارە مامناوەندی لە دووتوێی (666) لاپەڕە لە ساڵی (2021) لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەتەوە.

توێژەرلە پێشەکی توێژینەوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە توێژینەوەیەکی ناساندن و ڕەخنەییە دەربارەی پەیوەندی ڕووداوی ئەنفالی ساڵی 1988 بە ئەدەبی کوردی و دەستنیشانکردنی جۆری ئەو پەیوەندییە و کاریگەری ئەو ڕووداوە لەسەر ئەدەبی کوردی، هەروەها هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەو جۆرە بەکارهێنانەی ئەنفال وەکو چەمك و وەکو دۆسیە لەلایەن کورد خۆیەوە لە ئاستی جیاجیا و بۆ ئامانجی جۆراوجۆر، ئەدەبی کوردی بە هەموو بەشە سەرەکییەکانییەوە ڕەنگدانەوەی خۆشی و ناخۆشی و پرسە گرنگ و کێشە وجودییەکانی مرۆڤی کوردبووە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە دۆخی ئەدەبی کوردی و چۆنێتی ئامادەیی بۆ کارکردن لەسەر تراژیدیای ئەنفال نیشانبدرێت.

## بەشی یەکەم
## ئەنفال، شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی

ئەم بەشە بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەشکراوە، کە زیاتر لایەنە تیۆرییەکەی توێژینەوەکەیە، هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژەیەکی پێبدەین:

**پێناسە:** چەمکی ئەنفال لە ڕووە جیاجیاکانی (ئاینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی... هتد)، پێناسەی جیاواز جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەهەر یەك لەو گۆشەنیگایانەوە بەجۆرێکی تایبەت دەخوێندرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بێگومان لە هەریەك لە ڕەهەندانەشەوە لەسەر زەمینی واقیع چەمکی ئەنفال کاریگەری و ڕەنگدانەوەی جیاجیای هەیە.

ئەنفال: ناوێك بوو بۆ زنجیرەیەك شاڵاو و پەلاماری چڕ و پڕی سەربازی، کە سەرجەم هەشت قۆناغ بوو، لە شەش ناچەی جوگرافی جیاواز بەڕێوەچوو، کەمترلە حەوت مانگی خایاند و نزیکەی (200 هەزار) خەڵکی سڤیل بێ جیاوازی ئایین و ڕەگەزو تەمەن لەو شاڵاوەدا بەرکەوتن و ماڵ و سامانیشیان بەتاڵان بران و (4 هەزار)گوندیش خاپوورکران.

**قۆناغەکانی ئەنفال:** ئامانجی ڕژێمی بەعس لە شاڵاوی ئەنفال بریتی بوو لە کۆتایی هێنان بە شۆڕشی چەکداری و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوانی کوردستان و تەعریبکردن و شێواندنی کولتوور و مێژووی کورد و لاوازکردن و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان، بۆ گەیشتن بۆ هەموو ئەم ئامانجانە ڕژێمی بەعس شاڵاوی ئەنفالی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە چەند قۆناغێك جێبەجێکرد، کە بریتی بوو لە هەشت قۆناغ، لە 17ی شوباتی 1988 لە دۆڵی جافایەتی دەستپێێکرد و دواتر ناوچەکانی سێوسێنان و گەرمیان و سۆران و ڕانیە و قەلادزێی گرتەوە و لە 6ی ئەیلوولی 1988 لە بادینان پرۆسەکە کۆتایی هات.

**ئەنفال وەک تاوانی جینۆساید:** ئەگەر هەوڵێك درابێت یان کارێك لەسەر کەیسی ئەنفال کرابێت، بەتایبەتی زۆرترین هەوڵی ڕۆشنبیران و سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ و ڕەوەندی کوردی، بەشێکی زۆریان بەو ئاڕاستەیە بوون کە کەیسی ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید بە جیهان بناسێنن، چونکە هەموو ئەو تاوانانەی لە ئەنفالدا ئەنجامدراون پێی دەوترێت جینۆساید، وەك: کوشتی بەکۆمەڵ و زیانگەیاندنی جەستەیی و عەقڵی و سەپاندنی بارودۆخێك کە ببێتە هۆی لەناوبردن و گواستنەوەی زۆرەملێ و جیاوازی نەکردن لەنێوان گەورەو بچووك و نێر و مێ.

**کاریگەرییەکانی ئەنفال:** بێگومان پرۆسەی ئەنفال بەو شێوەیەی کە ڕوویداوە و ئەو هەموو قوربانییەی لێکەوتووەتەوە، هەر لە کوشتن و شوێنبزرکردن و ترس و برسێتی و دڵەڕاوکێ و جیابوونەوەو چەندین تاوانی تر، ئەگەر بەردەوام کارکردن بۆ سارێژکردن و سڕینەوەی شوێنەوارە خراپەکانی نەکرێت لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئەوا هەمیشە ئەم کاریگەرییانە درێژدەبنەوە و تەنانەت هەندێکجاریش قووڵتر دەبنەوە.

کاریگەرییەکانیش زۆرن، وەك لایەنی: (دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ویژدانی، جوگرافی...هتد).

**کارکردن لە پرۆسەی ئەنفال:** ئەگەر چاوێکی خێرا بە هەموو ئەو کار و چالاکی و بەرهەمانەدا بخشێنین کە لە میدیای بینراو و بیستراو و خوێنراوی کوردی لەسەر پرسی ئەنفال دەردەکەون و پەخشدەکرێن، یاخود سەرنج بدەینە دید و تێڕوانینی ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد بۆ دۆزی ئەنفال و لەو ئایدیا و بیرکردنەوانەش بکۆڵینەوە بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون، زیاتر لەم بوارانەدا دەردەکەون (یادکردنەوەی ئەو مەرگەساتە، دۆزینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر ئەو کەیسە، ئەرشیفکردن لەدوای کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەکانەوە دەستپێدەکات، ژمارە و ئاماری قوربانییان، دامەزراندنی دادگا بۆ دادگاییکردنی تاوانباران، دۆزینەوەی دوژمن و تاوانباران و بە دادگایی گەیاندنیان، دروستکردنی مۆنۆمێنت بۆ نمایشکردنی کەرەستە و شوێنەوار و بەڵگەنامەکانی تراژیدیاکە، سازکردنی سیمینار و کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵ، دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك بابەت بۆ ناو پرۆگرامی خوێندن، توێژینەوە و ڕاپۆرت لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا.

**ئەنفال و چەند بۆچوونێکی هەڵە:**

ئەنفال، کە تەعبیرە لە ڕووداوێکی تراژیدی لە پانتاییەکی فراواندا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وا دەکات بەکارهێنەرانی ئەم چەمکە کەسانی جۆراوجۆربن و خاوەنی ئایدیای جیاوازبن، بۆیە لەم نێوەندەدا کۆمەڵێك بۆچوون سەردەردەهێنن مەرج نییە هەموویان ڕاستبن و خزمەت بە کەیسی ئەنفال بکەن، لەوانە:

1- ئەنفال و شانازیکردن: زۆرجار لە کاتی باسکردنی ڕوداوی ئەنفال و ئازار و مەینەتییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان، هەستی شانازیکردن لای ئەوانە دروست دەبێت، کە باسی ئەنفال یان کار بۆ ئەنفال و کەیسەکەی دەکەن.

2- ژیانی شارستانی: بۆچوونێکی هەڵەیە وا لێکبدرێتەوە کە خەڵکی لادێنشین خەڵکی نەخوێندەوار و ناهۆشیار بوون، بەتایبەتی لە کاتی ڕووداوەکانی پرۆسەی ئەنفال، هەربۆیە زۆرترین قوربانییەکانی ئەو پرۆسەیە خەڵکە لادێنشینەکەن و بەڵام خەڵکی شارنشین خەڵکە خوێندەوار و تێگەیشتووەکەن.

3- کەمبوونەوەی دانیشتووان: دیدێکی نامرۆڤانە زۆرجار بە شێوەکی ناڕەسمیش یان لە چوارچێوەی نوکتە و گاڵتەشدا لەدوای کارەساتە گەورەکان بەکاردەهێنرێت، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەو کارەساتە نەبووایە ئیستا مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە جێگەی نەدەبووەوە.

4- ئەنفال و ناونان: شالاوی ئەنفال هەر لە ناونانی پرۆسەکە تا قوربانییەکان و ڕزگاربووان و پاشماوەکانی، هەرکەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەستیکردووە بە داتاشینی چەندین چەمکی جۆراوجۆر، ئەمەش دەرەنجامی خراپی لێکەتووەتەوە.

5- ئەنفال و بەیاننامە: بەیاننامە مۆدەیەکی سیاسی و رۆشنبیری و ئیداریە، لە هەموو چالاکییەکانی تر زۆرتر لەم ڕۆژەدا دەردەچێت، بە کۆمەڵێك وشە ڕیزدەکرێن، کە دوورن لە ئاستی ئەو کارەساتە، وەك: (سڵاو ناردن بۆ کەسوکاری قوربانییان، سەری ڕێزدانەواندن بۆ قوربانییان، ڕووی بەرپرسیارێتی خستنەسەرکەس و لایەنی تر، خۆ دزینەوە لە ئەرك و بەرپرسیارێتی، کۆمەڵێك وەعد کە دواتر نابرێنەسەر، موجامەلە و دروشمی بریقەدارو...هتد).

## بەشی دووەم

## ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە ئەدەب و هونەردا (تێڕوانینێکی ڕەخنەیی)

لەم بەشەدا توێژەر هەوڵیداوە بە شێوەیەکی خێراو میتۆدێکی ڕەخنەیی بەسەربەشێکی زۆر لەو تێکستە ئەدەبی و کارە هونەرییانەدا بچێتەوە، کە لەناو ئەدەب و هونەری کوردیدا لەژێر کاریگەری ئەنفال بەرهەمهاتوون، توێژەر دەیەوێت دۆخی ئەدەبی کوردی و سیما و خەسڵەتی هونەری کوردی و ئامادەیی بۆ کارکردن لەسەر تراژیدیای ئەنفال نیشانبدات و بەشێوەیەکی گشتی قسەی لەسەر ئەو کایە کردووە، کە تراژیدیای ئەنفال تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە نەك یەك یەك بۆ هەموو بەرهەمەکان، بەشێوەیەکی زانستی دیدی ڕەخنەیی خۆی خستۆتەڕوو لەمەڕ بەشێك لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە بۆ ئەنفال نووسراون و پێیوایە ئەو تێکستانە لە ئاستی ئەو کارەساتە گەورەیەی ئەنفالدا نییە.

### ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا:

توێژەر بە شوێن ئەو پرسیارەدا دەچێت ئاخۆ ئەدەبی کوردی بۆ هەریەك لە ژانرەکانی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان یان هەر تێکستێکی

تری ئەدەبی چۆن تراژیدیای ئەنفالی خوێندۆتەوە؟ بە چ جیهانبینییەك لەم ڕووداوەی ڕوانیوە؟ چۆن کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەرئەنجامەکانی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دوو ئاستی دیاریکردووە بۆ کارکردن لەسەری، ئەوانیش:

## یەکەم: ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی:

بە بڕوای توێژەر تا ئەم ساتەوەختە تێکستێکی بەرچاو و زۆر شایەن و هاو ئاستی ئەو تراژیدیایە لەژێر کاریگەری ئەم کارەساتەدا بەرهەم نەهێنراوە، بەڵکو تراژیدیای ئەنفال زۆر لەوە ئاڵۆزتر و مەرگەساتترە، کە بەو شێوە و پێگەیەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا دەربکەوێت، تەنانەت ئەو وێنە سادە و ساکارەی لەناو تیکستەکانی ئەدەبی کوردیدا هەیەتی وامان لێدەکات ڕێبازێکی ڕەخنەیی وەك میتۆدێك بۆ خوێندنەوە یاخود بۆ بەدواداچوونی پرسیارەکانی خۆمان بگرینەبەر.

شێرکۆ بێکەس لە چەند شوێنێکدا بە شیعر بۆچوونی خۆی بەیان دەکات، نەك لە خاکێتی و بچووککردنەوەی ئەزموونی شیعری خۆیەوە، بەڵکو وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، هەروەك دەڵێت:

(هەرجارێ ئەنفال ئەبینم<br>
خەرەندەکانی برینی<br>
چەندە قووڵن و<br>
شیعری منیش چەند تەنك و<br>
چەند بچووکن<br>
ئەوسا ئیتر<br>
ئەوق ئەبم و<br>
لاڵ ئەبم و<br>
بە خۆم ئەڵێم: کوا شاعیرم!)

بە بۆچوونی توێژەر یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردووە زۆربەی ئەدیبانی کورد تێکستی ئەدەبی تایبەت بە ئەنفال بنووسن، هۆکارەکەی بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆیانە و وایدادەنێن ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێکردووە، لەکاتێکدا ئەرکی ئەدەب یان هەر چالاکییەکی تر کە بۆ بابەتە تراژیدییەکان بەرهەم دەهێنرێن بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ویژدان نین، بۆ ئەوەش نییە هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە بڵێت منیش کارم بۆ ئەو کەیسە کردووە، هەڵەیە بۆ ئەو تێکستانە بگەڕێین، کە وشەی ئەنفالیان بە شێوەی جیاجیا بەکارهێناوە، بەڵکو پێویستە ئەنفال، زمان و خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەدیب

و نووسەر و شاعیر لەسەر مرۆڤ (جەللاد و قوربانی) و تاوان بگۆڕێت، ڕەنگدانەوە و کاریگەری وجوودی و قووڵ و مەعنەوی بێت و سێبەری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان ڕاستەوخۆ بەسەر هەموو تێکستەکەیەوە هەبێت.

دەبێت چەق قورساییمان لەسەر ئەوە بێت دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، بەڵکو جارێکی تر لەودیو ڕووداوەکەوە تیشك بخرێتە سەر ماهییەتی ژیان.

(بەختیار عەلی) دەڵێت: (دەکرێت تێکستێك بنووسرێت بەبێ ئەوەی باس لە ئەنفال بکات، بەڵام توانای دەرخستنەوەی کاریگەری ئەنفالی هەبێت لەسەرژیان و جیهانبینیمان)، لەم ڕوانگەیەوە ئەدیبان و نووسەرانی کورد (شاعیران، چیرۆکنووسان، ڕۆماننووسان) دەیانەوێت تێکستی ئەدەبی بۆ تراژیدیای ئەنفال بنووسن، بۆ ئەوەی خۆیان بخەنە ڕیزی ئەوانەی وەفایان بۆ ئەنفال و قوربانییان هەبووە، یان قەرزێکی ویژدانی و مرۆیی و نەتەوەییان لەسەرە، بەو کارە ئەدەبییەش ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆیان لادەدەن، ئەم زۆر لەخۆکردنەش بێگومان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تێکستی لاواز و ئاست نزم لەسەر ئەو کارەساتە و زیان گەیاندن بە جەوهەر و بەهای مەعنەوی ئەو تراژیدیایە، دواتریش نووسینی تێکستێکی ئەدەبی بۆ ڕووداوی ئەنفال یان هەر تراژیدیایەکی تر بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان نییە و ویژدانیش ئاسوودە ناکات، چونکە هەر لە بنچینەدا کارکردن لەناو تراژیدیادا بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان نییە، بەڵکو بۆ دەرخستنی ویژدانی نائارامی بەرهەمهێنەرە، بۆ ئەو مەبەستە نییە ناخی نائارامی پێ دابمرکێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بۆ هەمیشە تەعبیر لە ویژدانی هەڵچوو بکات و بە جۆش و خرۆشەوە بهێڵرێتەوە.

## سیمای گشتیی دۆخی ئەدەبی کوردی:

بۆ ئەوەی بزانین ئەنفال و تراژیدیەکانی تر، چۆن و بە چ ئاستێك لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا بەکارهاتوون، پێویستە تایبەتمەندییە گشتییەکانی دۆخی ئەو ئەدەبە دەستنیشان بکەین:

1. **میتافیزیک و عیرفان:** دیدی ئەدەبی کوردی بۆ تراژیدیا دیدێکی میتافیزیکی و عیرفانییە و بەردەوام گلەییە لە چارەنووس و فرمێسك هەڵڕشتن.

2. **ڕۆمانسیبوون:** شاردنەوەی برین بە ستایشی فوتێکراوی ڕۆمانسییانە، ئازارێك هێندە بە وەسفی جوانیناسییانە گەمارۆی دەدات و دەیڕازێنێتەوە، ئەو ئازار و برینە لەبەرچاوی خوێنەردا هێندە شیرین و دڵگیردەکات، کە دواجار ئەو ئازار و برینە ون دەبێت و دەبێتە کەرەستەیەك بۆ چێژوەرگرتن، لەبری بیرکردنەوە و چارەسەر.

3. **زیادەڕەویکردن لە تاریکبینیدا:** بریتییە لە دونیایەکی ناخۆش و شێواو و بێوەفا، ژیانێك هیچ نرخێکی نییە، کە ئەمەش جێگەی دیار و جێگەی بایەخە لە ئەدەبی کوردیدا.

4. **یاخیبوون و بەشێکبوون لە سیستەم:** ئەم ئەدەبە یاخی نییە لە نۆرم و سیستەمی باو، بەڵام هەستی نالێپرسراوێتی وەك جۆرێك لە یاخیبوون دەفرۆشێتەوە، بەردەوام لە پارادۆکس و لێکدژیدا دەژی، ئەوەی بە نووسین ڕایدەگەیەنێت، لەگەڵیدا بەکردەوە و واقعی دژیەتی، ئەوەی لەسەر کاغەز باوەڕی پێیەتی، لە ژیانی ڕۆژانە و پراکتیك پێچەوانەی هەڵسوکەوت دەکات.

5. **بێتوانایی لەبەرهەمهێنانی گومان و پرسیاری نوێدا:** ئەم ئەدەبە لەبری گومان و پرسیار لای خوێنەر و وەرگر بوروژێنیت، کەچی هەستی ئاسوودەیی لا دروستدەکەن و بەرەو ئەوەی دەبەن چێژ لە شکست و گرێ دەروونییەکانی وەربگرێت و پێیانەوە ئالوودە بێت.

6. **تەعبیر لە واقیع:** تایبەتمەندییەکی تری ئەدەبی کوردی ئەوەیە، کە زیاتر تەعبیرکردنە لە واقیع نەك دروستکردنەوەی واقعێکی نوێ.

## ژانرەکانی ئەدەبی کوردی:

### 1. شیعر:

شیعر چەند تایبەتمەندییەك جیای دەکاتەوە، لەوانە:

**أ. مەنەلۆگ و دیالۆگ:** مەنەلۆگ وەك زمانێکی زاڵی شیعر لای شاعیرانی کورد لە کارەسات و تراژیدییەکاندا بەتایبەتی لە مەرگەساتی ئەنفالدا تۆختر دەبێتەوە و زیاتر دەردەکەوێت. دلاوەر قەرەداغی لە شیعرێکیدا بەناوی (مناڵێك، کە لەوێ هاتەوە وای گوت) خەمناك لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەنووسێت:

( ئەنفال لە ڕێی چوونە ژووواندا ڕایگرتین
گیرفانەکانمان گەڕا، نامەکانی دڕاند،
وێنەکانی سووتاند
گۆرانییەکانی لەسەر دەنگمان کڵۆم دا
ئەنفال بەیانیباشی قوتابخانە و
ئێوارە باشی گەڕەك و

شەو باشی ماڵە لۆکەییەکانی دزی
ئەنفال ناوەخت خۆی کرد بە ژووردا
ئێمە نانمان دەخوارد
خوانێك لە خۆشەویستی کۆی کردبووینەوە
ئێوارانێك لە دڵنیایی خۆی هەڵدەسوو
لە برینەکانی دوێنێ
شەوانێك لە میهر، لەودیو پەنجەرەکانەوە
فیکەیان دەکیشا
ناکاو....... چراکان کوژانەوە
ئێوارە دای لە شەقەی باڵ و فڕی
شەوزریکاندی و
خۆر دوا ماڵئاوایی لە سنۆبەرە سەوزەکانی
بنارگوند کرد)

**ب. ئیستاتیکا:** شیعر وەك بەرهەمهێنەری ئیستاتیکا بە فۆڕم و ڕیتم و خەیاڵ و وێنە شیعرییەکانییەوە بەرگری لە جوانی دەکات و یەکێکە لە هەرە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعر، بەڵام ئەگەر بە هۆشیاری و فیکرێکی قووڵەوە دەست بۆئەم تایبەتمەندییە نەبرێت دوور نییە ئەنجامی نێگەتیڤ و پێچەوانە نەخاتەوە، چونکە تراژیدیا بەهۆی وێنەی شیعری و ئیحساسی خەیاڵاوی و فۆڕم و ڕیتمی ئیستاتیکییانەوە لە ڕووداوی مێژووییەوە دەکرێن بەڕووداوی سروشتی، لە تراژیدیاوە هێواش هێواش هەڵدەکەنرێن و دەکرێن بە کارەسات و دیاردەگەلی تەواو یان نزیك لە سروشت، کە هیچ دەسەڵاتی مرۆڤی تێدا نییە. جەمال غەمبار، لە شیعری (وەرزە ئاڵەکانی عەدەم)دا دەنووسێت:

( هەرچی مینای دڵەکان بوو، هەڵیان وەراند
ئەو هەموو گۆزە جوانەیان شکاند
ئەو هەموو کانی و ئاوەیان گوێزایەوە
هەرچی کەڵەکی ژنان و
سەکۆی ئێوارانی بەرماڵان بوو
هەرچی قیبلە هەبوو، قیبلەی نوێژو
قیبلەی عیشق و
قیبلەی شۆڕش.... هەرهەموویان ورد و خاش کرد
ئەم جەننەتەیان بە ئاوی خەتاکان بەخشی
ئەم هەموو نوێژەیان، لە دوعاکان بێبەری کرد
ئەم هەموو شارەزوورەیان
کردە تەنوورێك بۆ نالی
ئەم هەموو خۆڵەمێشەیان
لە پشکۆکان نیگەران کرد)

**پ. میتافۆڕ:** میتافۆڕ جێگرتنەوەی مەجازییانەی شتێکە بە شتێکی تر، کە چوێنراون بە یەکتری و بەبێ ئەوەی ئاماژە بە لێکچواندنەکەیان کرابێت، ئەو شوێنانەی زمان ناتوانێت لە واقیعدا پڕیان بکاتەوە،

میتافۆڕ دێت و تەواویان دەکات و کەلێنی ماناکان پڕ دەکاتەوە. فەرهاد شاکەلی لە شیعری (بەردەنویژ)دا میتافۆڕ و وێنەی مەجازی بۆ تراژیدیای ئەنفال بەکاردەهینێت و دەنووسێت:

(لەسەر بەردەنوێژێك، لەوگەرمیانە
بەردیك بەجێمابوو
نەیدەزانی
نویژی شەشەم بووە یا هێشتا ماوێتی
نویژێك بەدوای بەردێكدا دەگەڕا
حەزبكات فێری بانگدان بێت
لەسەربەردەنویژێك
بەردێك و نوێژێك یەكتریان بانگ دەكرد
یەكیان نەدەبینی
گوێیان لە بانگی یەكترنەبوو
یەكیان نەدەناسی)

## 2. چیرۆک و ڕۆمان:

توێژەر لە باسی چیرۆك و ڕۆماندا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، جگەلە ڕووی فۆرم، چیرۆك و ڕۆمان چەند سیمایەكی تایبەتییان هەیە، لەوانە:

1. **پرسیار:** تێكستی داهێنەرانە هەمیشە پرسیاری گەورە و قووڵ و سەرسووڕهێنەر دەوروژێنێت، ئەوەش خەسڵەتی نوێگەرییەكەیەتی.

2. **كۆد و نهێنی:** چیرۆك و ڕۆمان كار لەسەر نەزانراوەكان دەكات هەندێك نهێنی لەناو خۆیدا دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر هەوڵی ئاشكراكردنی بدات.

3. **پێوەری واقیع:** تێكستی ئەدەبی ڕۆمان و چیرۆك بە پێوەری واقیع هەڵناسەنگێنرێن و ناخوێنرێنەوە، چونكە بە ئافراندنیان سنوورەكانی واقیع دەشكێنن و شتێكی جیاواز لە واقیع پێكدەهینن.

4. **تێكشكاندنی دوالیزم:** نووسەر لە ڕۆمان و هەندێك جاریش چیرۆكدا گەر بیەوێت بە دیدێكی نوێوە دنیا ببینێت و سیفەتی داهێنان هەڵبگرێت دوالیزمەكان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەش تێكستی فرەدەنگ دروست دەبێت و كارەكتەرەكان هەڵگری زمانی ئازادی خۆیان دەبن.

5. **هەڵوەشاندنەوەی ڕووداو:** ڕۆمان و چیرۆك كاتێك كار لەسەر ڕووداوێكی مێژوویی دەكەن وەك خۆی بەكارناهێنن، بەڵكو ڕووداوەكە هەڵدەوەشێننەوە و سەرلەنوێ دایدەڕێژنەوە.

6. **كات و شوێن:** كات و شوێنی ناو ڕۆمان و چیرۆك هەمان كات و شوێنی ناو واقیع نین و نابن، شوێن بۆ بەكارهێنانی كاتی و سیفەتی كاڵاش كۆنبوون و فڕێدانە.

توێژەر سەرەڕای ئاماژەدان بە سیما تایبەتییەکانی چیرۆك و ڕۆمان، کە لەو خاڵانەی سەرەوەدا ڕوونیکردەوە، کە خاڵی جەوهەرین بۆ هەر تێکستێکی ئەدەبی بەتایبەتی چیرۆك و ڕۆمان کە ئەگەر بە نەمری بمێنێتەوە دەبێت هەڵگری ئەو سیما و تایبەتمەندییانە بێت، لە باسی کارەساتی ئەنفالدا چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە و ڕەخنەی لێگرتوون بەوەی کەلێنی گەورە لەو تێکستانەدا هەن، بەتایبەتی ئەو چیرۆك و ڕۆمانانە بۆ مەرگەساتێکی وەکو ئەنفال نووسراون، لێرەدا تەنها ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

- ڕۆمانی گۆڕستانی لم، حەسەن جاف.
- چیرۆکی شەوی نەنووسینەوەی حیکایەتەکان، دانا فایەق.
- چیرۆکی حیکایەتی ڕەشپۆشەکان، دانا فایەق.
- ڕۆمانی تاریکستانی لم، سەلاح عومەر.

## دووەم: ئەنفال و ئەدەب (دیاریکردنی جۆری ئەدەبی)

توێژەر ئاماژەی بە ئەو جۆرە پەیوەندییە کردووە، کە لەنێوان ئەدەب و ئەنفالدا دروستبووە، ئەو پەیوەندییەش لەسەر زۆر بنەما دامەزراوە و هەر ئەو بنەمایانەش بووەتە هۆی خولقاندنی چەندین تێکستی ئەدەبی، لە وێنەی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان، ئەوجۆرە پەیوەندییەش بریتین لە:

1. **نواندنەوە:** شاعیر و نووسەری کورد بە دوو شێواز هەوڵیداوە ئەوەی پێی دەوترێت واقیعی ئەنفال بیستوویەتی و خوێندویەتییەوە جارێك ڕاستەوخۆ و جارێك ناڕاستەوخۆ، جارێك ئاشکرا و بێ دەمامك، جارێکیش بە مەبەست و نییەتی خۆی مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێت، ئەم شێوە ڕوانینە بۆ ڕووداوەکان و بەکارهێنانەوەیان لەناو تێکستی ئەدەبیدا جگەلەوەی هیچ دیدگا و ڕوانینێکی تر ناخاتە سەر ئەو ڕووداوانە و هێندە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هێندە چاوی لە بونیادنانی داهاتوویەکی گەش نییە. بۆ نموونە (فاتیح سەلام) لە (پانۆرامای ڕاگوێزان و سوتماکی خاك)دا دەڵێت:

( دێیەك بناربەجێ دێڵێ
دوو دێ... سێ دێ... چوارهەزاردێ
ڕەوە دێیە
توخوا دایە
ئەم خەڵکە سەرلێ شێواوە

بۆکوێ دەبرێن؟
حەشری کوردە
قیژە و هەرا و بانگ هەڵدانە
کورد لە "ستان" دابڕانە)

2. **وەسف:** ئاستێکی تری پەیوەندی تراژیدیای ئەنفال بە تێکستی ئەدەبییەوە پەیوەندی وەسفییە، نووسەر و زۆربەی شاعیرانی کورد لەسەر ئەنفال لە هەوڵێکی بێوچاندان بۆ وەسفکردنی ئەو تراژیدیایە، کە لەسەردوو بنەما دامەزراوە، وەسفکردن بەبێ ئاوەڵناو، وەسفکردن بە ئاوەڵناوەوە، بێگومان ئەم جۆرە وەسفکردنەی تراژیدیای ئەنفال و ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، هەمان ئەو جۆرە گێڕانەوەیەیە کە شایەتحاڵەکان چ بە نووسین یان بە زارەکی دەیگێڕنەوە. کەژاڵ ئەحمەد لە شیعری (هۆلۆکۆست)دا دەڵێت:

(کە بردیانن، لەدوا کەلی ئاوا بوونا
ئەو کاتەی دەرفەتی ئاوڕدانەوەکیش نەبوو،
وتیان ماڵئاوا
ماڵئاوا ئەی ماڵە وێران بووەکە، ئاوایی نائاوەدان
گوندە بچکۆلەکەمان ماڵئاوا....
ئەنفال جوگرافیای شوێنەکانی هەڵوەشاند
تا بیابانمان پێ بناسێنێ و
تراژیدیایەکی هاوبەش
لە ڕۆحە گوڵە کوژراوەکانی ئێمە و جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخوڵقێنێ).

3. **ناساندن:** ئەم ئاستەی پەیوەندی بریتییە لە پەیوەندی نیوان ئەدیب و نووسەری کورد بە ئەنفالەوە لەسەربنەمای ناساندنی ڕووداوی ئەنفال وەك مەرگەسات، ئەویش بە ئامانجی ناساندنی نوێنەرانی ئەو زمانە و خەڵکی تر، ئەویش بە ڕێگەی بەهەواڵکردن و بەکارهێنانی پرسی ئەنفال وەك کەرەستەیەك بۆ زوو گەیاندنی دەنگی ئەو نووسەرە بۆ ناوەندێکی تری ڕۆشنبیری، بێگومان ئەمەش ئامانجە سەرەکییەکە ناپێکێت، کە پرسی ئەنفال و کارکردنە لەسەرئەو مەرگەساتە.

4. **سادەکردنەوە:** ئاستیکی تری پەیوەندی تێکستی ئەدەبی کوردی و تراژیدیای ئەنفال بریتییە لە سادەکردنەوەی ڕووداوی چڕ و ئاڵۆزی ئەنفال بۆ کۆمەڵێك دیمەنی ساکاری زۆر بیستراو و زانراو. ساڵەح هەلاج لە (چامەی زامی ئەنفال)، دەڵێت:

( ئەگەرشەرم ڕووی هەبووایە
دەبوو زەوی
لەدوای ئەنفال ڕەش ڕەش بوایە
دەبوو ئاسمان

هەرگیز هەوری لێ نەبڕایە و
بگریایە
دەبوو هەتاو جلی ڕەشی بپۆشیایە
دەبوو مانگیش
ڕەنگی زەردی زەعفەرانی
لەبەربووایە)

توێژەر پێیوایە کە دەیان تێکستی ترهەن، کە لە توێژینەوەکەشدا ئاماژەی بەناوی زۆرێك لەو نووسەر و شاعیرانە و ناونیشانی تێکستەکانیش کردووە، دەڵێت هەموو ئەمانە سادەکردنەوەی ئەنفالن لەناو تێکستی کوردیدا، بەڵکو پێیوایە ئەمانە لە سادەکردنەوەی ئەنفالدا ڕۆڵی نێگەتیف دەگێڕن.

5. **سۆز و ماتەم:** بەهۆی ئەوەی ئەنفال بۆ خۆی ڕووداوێکی تراژیدییە و مەرگەساتێکە بەسەر خەڵکێکی زۆری ناچەیەکی فراوانی کوردستاندا هاتووە، بۆیە بەشێکی زۆری پەیوەندی تێکستی ئەدەبی کوردی، لەسەر سۆز و ماتەم دروستبووە. حەسیب قەرەداخی لە شیعری (ئەنفالەکان لە حەوت وێنەدا یان لە حەوت قیرائەتا)، دەڵێت:

(من ژنێکم ئەنفال هاتوو مێردەکەمی لەبن
دەست نا و بردی و بردی...
من دایکێکم ئەنفال هات و
کوڕەکەمی پەلکێشکرد و لێی دابڕیم
زووتر فرمێسك لە چاومدا هەڵدەقووڵی...
وشکایی هات
چاوم چووە تەوقی سەرم، ڕێگەی بینایی لێ بڕیم
لەپێك خامی شینکراوم لەسەر مەمکم
مراندبوو
ونجڕونجڕبە چنگ بڕیم
نە من زانیم بۆکوێی دەبەن
نە ئەوزانیی چیم پێدەکەن)

## بەشی سێیەم

## ئەنفال و دەرکەوتنی دروستی لە ئەدەبدا

توێژەر لە پێشەکی ئەم بەشەدا کە ناوی ناوە زەمینە خۆشکردن ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی تەندروست بچێتە ناو باسەکەوە، کە ئایا پەیوەندی نێوان ئەنفال و ئەدەب چۆن بێت؟ ئەنفال چۆن ڕەنگدانەوەی لەناو ئەدەب هەبێت. ئەویش بەوە دەبێت کە:

1- ئەنفال تراژیدیایە، نابێت لە بایەخی تراژیدیایەکە کەمبکرێتەوە.

2- نابێت ئەدەب ئەوە بدات بە خوێنەر کە لەبارەی ئەنفالەوە بیستوویەتی و ئەمیش دووبارە بیداتەوە بە گوێی خوێنەر لە شێوەی

سادە و ساکار، بەڵکو دەبێت ئەنفال و ئەدەب پەیوەندی داهێنان پێکەوەیان ببەستێتەوە و بە شێوەیەکی داهێنەرانە کار لە ئەنفالدا بکات. ئەمەش بەوە دەبێت:

أ- لەناو چیرۆکە بیستراوەکانی ڕووداوی ئەنفالدا پرسیاری تروتەسکی نوێ بدۆزێتەوە و کاریان لەسەربکات.

ب- ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەنفال بە شێوەیەك بگێڕێتەوەی جیاواز لە گێڕانەوەی تەقلیدی و ئاسایی.

پ- بایەخدان بە ڕووداوی بچووك و سادە و نەبینراو.

ج- بەکارهێنانی سیمبووڵیانەی ڕووداو و بەسەرهاتە تایبەتی و گشتییەکانی تراژیدییەکان لەناو چیرۆکدا.

چ- بەکارهێنانی ژیان و دونیابینی نوێ و بیرکردنەوەی دوای ڕووداوی ئەنفال لە کاری ئەدەبیدا.

## ئەنفال و چەند نووسەرێکی ئەدەبی:

توێژەر لێرەدا ناوی چەند نووسەرو شاعیرێکی هێناوە لەگەڵ بەشێك لەو تێکستانەی بۆ ئەنفال وتوویانە، کە پێیوایە ئەمانە داهێنانییان لە ئەنفال و ئەدەبەکەیدا کردووە و داهێنەرانی ئەو بوارەن، ئەوانیش بریتین لە:

## شێرکۆ بێکەس:

(گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس، کە تێکستێکی شیعری درێژە و خۆی ناوی لێناوە ڕۆمانە شیعر، توێژەر پێیوایە هەرچەندە لە چەند ئاستێکدا جێگەی ڕەخنە و تێبینییە، بەڵام جێگەی خۆیەتی وەك تێکستێکی پڕلە داهێنان سەیری بکەین و بیخوێنینەوە، دەڵێت:

(چیتان بۆ بگێڕمەوە ؟

ئاخر زریکە چۆن دەگێڕدرێتەوە؟

قیژە چۆن دەنووسرێتەوە؟

عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟

ئەبێ خۆڵ قسە بکات!

ئەبێ چاڵ قسە بکات چاڵ،

مار و مێروو بیگێڕنەوە)

زمانی میتافۆڕ لە تێکستەکەدا بەوە بەرجەستە بووە، کە شاعیر هەوڵیداوە ئەو پەیوەندییەی وشە و کەرەستەی زمانی بە کارەساتەکەوە دەیبەستێتەوە، هەڵبوەشێنێتەوە و سەر لەنوێ پەیوەندییەکی تر دابمەزرێنێت، ئەویش لەپێناوی ئەوەی خاك و بیابان و ئاو و زیندەوەر و خوێن و بەرگ و زریکە و زریان و

جەللاد و قوربانی، هەمووان هەریەك لە شوێنی خۆیەوە بێتە قسە و ئەو زمانەی میتافۆڕ کە بەرهەمی دەهێنن و بەو ئەزموونەی دەیگێڕنەوە، جیهانێکی دەلالیی تر دەخوڵقێنن، جیهانێك کە هەرخۆی دەبێتەوە بەو پێکهاتە زمانییەی ئەنفال، کە لەم تێکستەدا بەرجەستە دەبێتەوە.

(گۆڕستانی چراکان) لە حەوت بەش پێکهاتووە، کە گێڕەرەوەکانی بریتین لە موسافیر (شاعیر)، کاڵێ، جەللاد، سەرباز (شاعیرێکی گەنج)، کە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، گێڕەرەوەی موسافیر کە هەر شاعیر خۆیەتی بە کۆمەڵێك پرسیارەوە هەنگاو بۆ سەفەرێکی خەمناك هەڵدەگرێت، لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە دەیەوێت ئازاری ئەو سەفەرە بنووسێتەوە، شوناسێکی زمانی بۆ هەریەك لەو شتانە پێکدەهێنێت، شوناسێك کە گوزارشت لە ئازاری قوربانییان دەکات، ئەو شوناسە شاعیر بە زمان پێکیهێناوە، شوناسێکی کوردییە، زمانێکی بەهێزو سەرنج ڕاکیش، بە میتافۆڕ حەقیقەتی کارەساتی ئەنفال دەردەخات، دەڵێت:

(سەفەرێکی تازەم لەبەرە
سەفەرێ بە پێی پەتی خەمان
سەفەرێ بە سواری تراویلکە و
سەفەرێ بە سواری هەواڵی ناوەخت و
سەفەرێ بە سواری دووکەڵێ
کە پاشکۆو خورجینی
پڕکردووە لە چاوی کوژراوی باران!
سەفەرێکی تازە
بۆ مەملەکەتێ لە شارەکانی خۆڵەمێش).

دوای گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە شیعرییەی شێرکۆ بێکەس، ئەنفال دەبێتە لاوك و حەیران و دەچێتە ناو فەرهەنگ و شوناسی کوردەوارییەوە، لاوك و حەیرانێك کە سیمایەکی تازە بە خۆوە دەگرن، بەناوی (حەیاوك).

(ئەمن دەمگوت
خەونکم دیتیە سۆر سۆر
لەو خەوەیدا
شەنگەبێری، کارمامزی، بەژن عەرعەری
لە دوورەوە ڕا، لە سەحرای غەریبییەوە ڕا
هاتبوونەوە مارێ!
یەکەك ببووە ڕەشە ڕێحانێ و
ئەوی دی ببووە گوڕی دارە قەزوانێ و
یەکەکی ببووە زنە ئاوی بن شاخان
وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ

ئەمن دەمگوت لەوخەوەیدا

ئەرێ کیژان! لۆ سەفەرتان

هێندە تولانیدا و

لە کێندەرێ بوون، بابان وێران!

چبوو؟! چتاندی؟! چتانکرد؟!

ئەرێ کیژان

لەوێندەرێ، لە قیامەتێ

عاشقان چ دەکەن؟!

ئەوانیش دەچنە بەهەشتێ؟!

خۆ لەوێندەرێش نارەنارناکەن

لە دەس غەدرو غەدارێ

ئەمن دەمگوت، لەوخەوەیدا

خودایە!

ئەوی خەوی ڕاستبێ و

کیژان هاتبنەوە مارێ

وەیلێ

وەیلێ

وەیلێ!)

## بەختیار عەلی:

بەختیار عەلی جگەلەوەی کاری تێوری لەبارەی ئەنفالەوە زۆرە و لە چەندین توێژینەوە و وتارو چاوپێکەوتندا، لە چەندین ڕەهەندی جیاجیاوە لەسەر پرسی ئەنفال ڕاوەستاوە، هاوکات کاریگەری ئەم ڕووداوە بەسەر بەشێکی زۆری کارە ئەدەبییەکانی، لە وێنەی شیعر و ڕۆماندا دیارە، بیروڕای بەختیار عەلی لەبارەی چۆنێتی کارکردن لەسەر پرسی ئەنفال و هێنانی بۆ ناو کاری ئەدەبی و هونەری تەواو دیارە. بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا ڕاستەوخۆ ناوی ئەنفال ناهێنێت چونکە دەزانێت دەکرێت دەیەها تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتەسەر، بەڵام لەڕاستیدا هیچ یەك لەو تێکستانە جگەلە پەیوەندییەکی ڕوکار و سادە لەگەڵ ئەنفالدا هیچی تریان نەبێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت تێکستێك بنووسرێت بێ ئەوەی ناوی ئەنفال بهێنرێت، بەڵام توانای دەرخستنەوەی کاریگەری ئەنفالی لەسەرژیان و جیهانبینیمان دەربخات.

بەختیارعەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا، پەیڕەوی لەو بۆچوونانە دەکات کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەم ڕۆمانەدا وەك نەریت و ئاستی هۆشیاری زۆر ڕۆشنبیری کورد کە کێشەی ئەنفال کورت دەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتی ئەنفال، بەختیار عەلی ئەنفال ناکاتە کێشەیەك، تا لەوێوە بیکاتە زەمینەی تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆی لەسەر تەعبیرکردن، چونکە دەزانیت ئەمەش ئەو

جۆرە بەکارهێنانەیە لە پەیوەندی ئەنفال و زمان کە زمان تیایدا شکست دەهێنێت و هەمیشە دۆڕاوە، چونکە دڵنیایە کە ناتوانێت ئەم کارەساتە وەك خۆی وێنا بکات و وەسفەکان تەعبیر بن لە حەقیقەتی ڕووداوەکە، بۆیە هەوڵدەدات زمان بکاتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی ئەو دونیابینییە تازەیەك کە کاریگەریی ئەنفال ئەگەر لەسەر هۆشیاری هەیبێت، هەرئەوە دەخوازێت

بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا چەقی قورسایی لەسەرئەوەیە، کە ئەنفال ڕوویداوە و دوای ئەنفال چۆن بژی و چۆن سیاسەت بکات و چ ئەخلاقێك ببێتە پەیرەوی ژیان، هەروەها بۆ ئەوە نانووسێت تەنها لەناو چوارچێوەی ڕووداوی ئەنفالدا خۆی قەتیس بکات و باسی چیرۆکە زۆر بیستراوەکان بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت لەوێوە لەژێر کاریگەری ئەو ڕووداوەدا، سەرلەنوێ لەودیو ئەوەی ئەنفال بیستراوە و باسکراوە ڕۆشنایی بخاتەوە سەر ماهیەتی ژیان، بە چەشنێکی تر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن دادەڕێژێتەوە و دەستکاری دیدی خۆی بۆ مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا دەکات.

## کاروان عومەر کاکەسوور:

کاریگەری ڕووداوی ئەنفال بەسەر ڕووبەرێکی زۆر لە دونیابینی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا لەناو چیرۆك و ڕۆمانەکانیدا دیارە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئەم نووسەرە ئەوەیە، کارەکتەرەکانی ئەم نووسەرە تا بڵێی بە دەنگێکی ئازاد قسەدەکەن ئەوەی دەیگێڕنەوە لە هیچ سنوورێکی سانسۆر ناگەڕێنەوە، چیرۆکەکان وەك ئەوەی بیستراون دەیخەنەڕوو، (کاروان) نایەوێت ئەنفال وەك خۆی بگێڕێتەوە، چیرۆکەکانی وەك ئەوەی بیستراون باس بکات، بۆیە کاتێك کارەکتەرەکان باسی خۆیان دەکەن، هیچ باکیان بەوە نییە چۆن و چی دەدەرکێنن و ڕۆشنایی دەخەنە سەر چ ڕووبەرێکی نەبینراو، ئەوان شەرم لەوە ناکەن ئەوەی دەیگێڕنەوە و باسی دەکەن لەگەڵ ڕێسا و دەستووری باو یەکدەگرنەوە یان نا، لەپێناوی ئەوەی نهێنی کاریگەری ئەنفال بەیان بکەن گوێ بە سانسۆر و تابۆکان نادەن.

هەندێك لە چیرۆك و ڕۆمانەکانی (کاروان عومەرکاکەسوور) لەسەرپرسی ئەنفال:

1- چیرۆکی (لاکێ) یەکێکە لە چیرۆکە کورتەکانی کۆمەڵە چیرۆکی (سەدەی یەکەمی خاڵ).

2- ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە) کە بە هاوبەشی لەگەڵ (دوارۆژ)ی کوڕی نووسراوە.

3- ڕۆمانی (کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان).

4- ڕۆمانی (گازینۆی مناڵان).

5- ڕۆمانی (ماڵی نانی)

6- ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر).

7- کتێبی (ڕاگەردان)

## عەتا محەممەد:

عەتا محەممەد لە چەندین ڕۆمان چیرۆکدا کاری لەسەر ڕووداوەکانی ئەنفال کردووە، بەڵام بە شێوە تەقلیدییەکەی نا، بەڵکو ئەوەی ئەو دەیکات:

1- خەیاڵ ڕۆڵێکی گەورە و بەهێز دەبینێت، هەرگیز نایەوێت ئەنفال وەك ڕووداوێکی واقیعی و مێژوویی نیشان بداتەوە.

2- لە چیرۆکی (پاشماوەی خێڵەکان) و ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میربە تەنیاییدا)، بە شێوەیەك لە شێوەکان خوێنەرهەست بە کاریگەریی ئەنفال دەکات، تێبینی دەکرێت ئەنفال لەودیو ڕووداوەکانەوە وەستاوە، ڕاستەوخۆ نایەتە بەرچاو، بەڵکو لەپشت ڕووداوەکانەوە ئامادەیە و کاریگەری خۆی پەخش دەکات، عەتا محەمەد لەم دوو تێکستەیدا بەتایبەت، دەیەوێت وێنەیەکی نامەئلووف بۆ ڕووداوی ئەنفال دروست بکات، بۆیە ڕاستەوخۆ پەنای نەبردۆتە بەر بەکارهێنانەوەی ڕووداوی واقیعی ئەنفال، بە شێوازێك ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە جیاواز لە گێڕانەوەی ئاسایی و باو، بە هەمان شێوە ئەو دید و تێگەیشتنەش بە خوێنەر دەدەن، کە دیسان جیاوازە لەو دید و تێگەیشتنەی هەموومان لەسەری ڕاهاتووین و دەیزانین.

## جەبار جەمال غەریب:

جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)دا، لە ڕێگەی پێکەوە بەستنی دوو تراژیدیاوە پرسیاری گرنگ دەورووژێنێت، کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە بریتییە لە (کاکۆ) کە باوکی کوردە و ناوی (موراد بەگ)ە و پەنابەرێکە لە ئەورووپا و پێشتر لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگاری بووە، دایکیشی ئەرمەنییە و ناوی (ئارتووش)ە، خۆی لە ئەورووپا لەدایکبووە، بەڵام دایکی لە نەوەی ئەو ئەرمەنییانەیە کە لە کۆمەڵکوژی تورکەکان ڕزگاری بووە، دایك و باوکی (کاکۆ) لە ئەورووپا بەهۆی مۆسیقاوە بەیەك گەیشتوون.

ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بە دەوری هەردوو ئەو ڕووداوە تراژیدییە مێژووییەدا دەسوڕێتەوە، کە دایك و باوکی (کاکۆ) لێی هەڵهاتوون، بەڵام لە کاریگەرییەکانی ڕزگاریان نەبووە و ناشتوانن لێی ڕابکەن، دەیانەوێت تەنها خۆیان بە ئازاری ڕابردووی خۆیانەوە بژین و کوڕەکەیان لەم ئازار و ژانە بێخەبەر بێت، بەڵام تارمایی ئەو ڕابردووە تاڵ و خەمناکە بە شێوەی تر لە ژیانی کوڕەکەیان ڕەنگدەداتەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنج و جەختکردنەوەیە ئەوەیە، کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت خۆی لەو ڕابردووە تاڵ و پڕ ئەشکەنجەیە ڕزگاربکات.

توێژەر هەر لەم بەشەدا، کە ناوی ناوە (ئەنفال و دەرکەوتنی دروستی لە ئەدەبدا)، ناوی چەند ڕۆماننووس و چیرۆك نووسێکی تر دەهێنێت لەگەڵ بەرهەمەکانیان، کە پێیوایە ئەمانیش بە شێوەیەکی دروست بەرهەمە ئەدەبییەکانیان خستۆتە خزمەتی تراژیدیای ئەنفال و داهێنانیان ئەنجامداوە، ئەوانیش:

1- ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتی کۆندا) لە نووسینی (ماردین ئیبراهیم).

2- ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی) لە نووسینی (یوسف عیزەدین).

3- ڕۆمانی (شەوانی ئادەم) لە نووسینی (بەیان سەلمان).

4- چیرۆکی (هەناسەی دوای ژمارەکان) لە نووسینی (فەرهاد مستەفا).

## ئەنفال لە ناو ئەدەبدا چۆن بەکاربهێنرێت؟

1- بەستنەوەی ڕووداوی ئەنفال بە مێژووەوە، لە ڕێگەی ئەم کارەشەوە ڕیشە مێژووییەکانی ڕووداوەکە دەپشکنرێت و لەگەڵ بوونی جیاوازیی کات و شوێن و قەبارەی ڕووداوەکان.

2- لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە دەروونی و فیکرییەکانی ئەم ڕووداوە.

3- دەکرێت ئەدەب بە شێوەیەکی سیمبوڵییانە باسی ئەنفال بکات.

4- بەراوردکردنی لەگەڵ زۆر ڕووداوی تری هاوشێوە یان نزیك، کە ڕوویدا بێت لە جیهاندا.

5- لە پاڵ ڕووداوی سەرەکی ئەنفالدا چەندین ڕووداوی تریش دروست بکرێت.

## ئەنفال و گواستنەوەی بۆ ناو ئەدەب:

بۆ گواستنەوەی ئەنفال بۆ ناو ئەدەب و ڕەنگدانەوەی لە شیعر و چیرۆك و ڕۆماندا، سەرەتا پێویستە کەرەستە خاوەکان

بەردەست بن، کە بریتین لە هەموو ئۆرگانێکی زیندوو ئینجا نازیندوو، ئۆرگانە زیندووەکان کە پێیان دەڵێن شایەتحاڵ، ئەمانەن:

1- ئەو شایەتحاڵانەی لەناو جەرگەی ڕووداوەکەدا بوون.

2- ئەو پێشمەرگانەی لەناو ڕووداوەکەدا بوون و کاتی شاڵاوەکە توانیویانە خۆیان ڕزگاربکەن.

3- ئەو خەڵکانەی توانیویانە پێش ڕووداوەکە خۆیان ڕزگاربکەن.

4- ئەو کەسانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاگایان لە هەندێك ڕووداوەکان هەبووە، وەك شۆفێری شۆفڵ و پاسەکان، کە بەزۆر بەشداری کارەساتەکەیان پێکردووە.

5- ئەو کەسانەی خۆیان بەشدارن لە کارەساتی ئەنفال، وەك جاش و موستەشارەکان.

6- ڕۆژنامەنووسان و خەڵکانی بیانی.

## ئەنفال لەناو ئەدەبدا

کۆتا سەرباس لەم توێژینەوەدا ئەمەیە، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ ئەوەی ئەنفال لەناو ئەدەبدا شوێنی تایبەتی هەبێت، پێویستە ڕووداوەکان حەقیقی بن و بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە سەنتەربکرێن، گەر بە شێوەی سیمبوڵیش هەردوو جەمسەری قوربانی و هاوسۆزی تێدا دەربکەوێت، وەك ڕووداوێکی تراژیدی ئازار لەپشتی ڕووداوەکانەوە بەرجەستە بکرێت، هەروەها گەڕان و سۆراغکردن بەدوای پرسیاری تردا کە نەکرابێت، نەك لەبارەی ئەنفالەوە، بەڵکو پەیوەست بە دۆخی مرۆڤبوون، ئەگەر بە ئاشکرا ئەنفال لەناو ئەدەبیشدا ڕووداوێکی سەنتەریش نەبێت، دەبێت ئەنفال وەك تارمایی لەپشت کۆمەڵێك ڕووداوی ترەوە دەربکەوێت، دواتریش پەیوەندی ئەنفال بە کات و شوێن و مێژووی ڕووداوەکانی دوای خۆی و پێش خۆی دەربخرێت و ئاسۆی تر لەبەردەم ئەم ڕووداوەدا بۆ بیرکردنەوە و ڕوانین و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی بکرێتەوە و جێگەی بایەخ بێت.

## تەوەرەی دووەم:
## پانۆرامای ئەنفال

**جینۆسایدی باشوری کوردستان، پرۆسەی ئەنفالی یەک بە نموونە (1988/3/19 – 2/21)**

جەمال مەجید فەرەج

**شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ**

دەشتی ئەحمەد حەسەن

**شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنفالکراوانی قەزای کۆیە**

نیسان زرارصابر

# جینۆسایدی باشوری کوردستان، پرۆسەی ئەنفالی یەک به نموونه (2/21 – 1988/3/19)

جەمال مەجید فەرەج*

## پێشەکی

جینۆسایدی باشوری کوردستان، یەکێك بووە لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە بەرامبەرگەلی کوردستان بۆلە ناوبردنی تاکی کوردی و نەهێشتنی جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردی و سەپاندنی دەسەلاتی سیاسی و سەربازیی و حیزبی خۆی لە ناوچەکەدا، لەم روەوە چەندین سیاسەتی هەمەلایەنی گرتبووەبەر، واژۆکردنی رێکەوتننامەی جەزائیر لە سالی (1975) لەگەل ئێراندا خالی وەرچەرخانی ئەو سیاسەتەی بووە.

سەرەرای سیاسەتەکانی راگواستن و بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردن، پەلاماری سەربازی بۆ سەر گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و بۆردومانکردن بە چەکی قەدەغەکراو و سەپاندنی دەسەلاتی پۆلیسی و ئەمنی و سەربازی، سیاسەتی گەمارۆدانی ئابووری لەسەر ئەو ناوچانە پیادەکرد، بەلام سەرجەمی ئەو سیاسەتانە لە سالی (1987)ەوە زیاتر پەرەیسەند تاوەکو لە سەرەتای سالی (1988)دا گەیشتە ئەنجامدانی زنجیرە پرۆسەکانی ئەنفال، کە تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلولی ئەو سالەی خایاند، کە سەرجەمیان هەشت پرۆسە بوون، پرۆسەی ئەنفالی یەك وەك یەکەم پرۆسە لەماوەی نێوان (2/21 – 1988/3/19) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدرا، ئامانجی حکومەتی عێراق لە پرۆسەکە دەستگرتنەوە بوو بەسەر ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لە دۆلی جافایەتی و مەرگە و شارباژێر، هەروەها کوشتن و دەرکردنی خەلك و پێشمەرگە بوو تیایدا، بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی گەورەی زەمینی و ئاسمانی لە سوپای عێراق هێرشی بردۆتە سەر ناوچەکە، بەهۆیەوە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە و دانیشتوانی ناوچەکە ئاوارە بوون و بەشی زۆریان ئاوارەی دەولەتی ئێران بوون. سەرەنجام زیانی گەورەی دیمۆگرافی و گیانی و مادی لێکەوتەوە.

# باسی یەکەم
# پرۆسەی ئەنفال و
# ئامادەکارییەکانی پرۆسەکە

## تەوەری یەکەم:
## پرۆسەی ئەنفال (عملیه الانفال):

وشەی ئەنفال، یەکەمجار بە ئاشکرا لە دەزگاکانی راگەیاندن و بڵاوکراوەکانی عێراق لە (1988/3/20) دەرکەوتووە، لەوانە رۆژنامەی (الثورە)ی زمانحاڵی حیزبی بەعس، کە لە بەیاننامەی ژمارە (3087)ی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە (1988/3/19)و بروسکەی سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەك و پرۆسەی ئەنفالی یەك بەبۆنەی ئەنجامدان و سەرکەوتنی پرۆسەی ئەنفال بڵاوکردبووەوە. تیایدا وەك ناوێك بۆ پرۆسەیەکی سەربازیی سوپای عێراق لە کۆتایی شوبات تاوەکو (1988/3/19) بۆ بەشێك لەناوچەکانی سلێمانی، لە دۆڵی جافایەتی کە بارەگای سەرکردایەتی (ی. ن. ك) و بارەگاکانی تری لەوێبوون، بەکارهاتبوو. هەروەها لە رۆژنامەی هاوکاری بە مانشێتەکانی (فەرماندە- مەبەستی صدام حسینی سەرۆك کۆمارە- مژدەی سەرکەوتنی لەفەرماندەی- مەبەستی سوڵتان هاشم ئەحمەدە- پرۆسەی ئەنفالەوە پێدەگات)، (پرۆسەی ئەنفال، تاجی سەرکەوتنێکی گەورەی عێراقی دەکاتە سەری چیا نازدارەکانمان) هەواڵی سەرکەوتنی پرۆسەکە بڵاوکرابووەوە.

لەبارەی ناونانی ئەم پرۆسە سەربازیە بە (عملیە الانفال- پرۆسەی ئەنفال)، نزار خەزرەجی لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی: "دوای تەواوبوونی شەڕی پیرەمەگرون- سەرگەڵو- بەرگەڵو، لیوا روکن (کامیل ساجت عەزیز) کەسایەتیەکی دیندار بوو، ناوی ئەم پرۆسەیەی لە سورەتی ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا وەرگرت و ناوی لێنا (ئەنفال)".

فەرماندە سەربازیەکانی حکومەتی عێراق وشەی (ئەنفال)یان بە واتای جیاجیا لێکداوەتەوە، لە چاوپێکەوتنێکی سایتی (عرب ملیتاری) لەگەڵ (سوڵتان هاشم ئەحمەد) کە فەرماندەی پرۆسەی ئەنفالی یەك بووە، بە دوو واتا باس لە ئەنفال دەکات، یەکەمیان جەنگ، دووەمیشیان ناوچە، دەڵێت: "ئەنفال ناوچەیە، کەوتۆتە رۆژهەڵاتی سلێمانی بە دیاریکراوی ناوچەی نێوان سلێمانی و دوکان".

دواتر ئەم ناوە وەك لە ڕاگەیاندنەكان و ڕاپۆرتە نهێنیەكانی سوپا و دەزگای هەواڵگری سەربازی و ئەمنی عێراقی هاتبوو، ڕیزبەندی بۆ ناوی هەشت پرۆسەی تر بۆ شەش ناوچەی تری باشوری كوردستاندا لەلایەن حكومەتی عێراقەوە ئەنجامدران وەرگرتووە.

وەك ئاشكرایە حكومەتی عێراقی وشەی (ئەنفال) لەگەڵ وشەی (پرۆسە- عملیە) بۆ ناوی كردەی سەربازیی بەكارهێناوەو بە (پرۆسەی ئەنفال) ناوی لێناوە. زاراوەی (پرۆسە) لە فەرهەنگی سەربازیدا بە واتای گشت مانۆڕێكی سەربازی یان بەجێهێنانی كردەیەكی پەلاماردان دێت، یان ئامادەسازی و خزمەتگوزاری و ڕاهێنان و كارگێڕی سەربازییە یان كردەیەكی جەنگان و جوڵانی هێزی سەربازی و تەموین و هێرش و بەرگریكردنە. یان هەر كردەیەكی سەربازی هێزە هاوبەشەكانی وشكانی و ئاسمانی و دەریاییە، كە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێكی دیاریكراو ئەنجام بدرێت. ئەمەش لە دوای پلانڕێژی و كۆكردنەوەی زانیاری پێشوەختە بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی هێرش و بەرەی جەنگ دێت.

بە واتایەكی تر پرۆسەی ئەنفال، وەك كردەیەكی سەربازیی، گشت ڕەگەزەكانی پێناسەی پرۆسەی سەربازیی لەخۆگرتووە، لەوانە نەخشە و پلانڕێژی، بەشداری هێزە جۆر بە جۆرەكان بە تیپەكانیانەوە، ئامانج و دەستەكەوتەكانی.

فەرماندە سەربازییەكانی حكومەتی عێراق باسیان لە ئامانجی پرۆسەی ئەنفال كردووە، لەنێویاندا سوڵتان هاشم ئەحمەد، فەرماندەی فەیلەقی یەك و پرۆسەی ئەنفالی یەك، كە ئەو پرۆسەیە بۆ سەر ناوچەی ئاوەدانی بووە، دەڵێت: "ئەو ناوچانەی پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجامدراوە پێشتر بەهۆی جەنگەوە چۆڵكراون. ناوچەی (مردوو) بوون، دانیشتوانەكەی چەند ساڵێك پێشتر واتە لە ساڵی (1978)هوە بۆ ئەو كۆمەڵگایانە ڕاگوێزرابوون، كە بەشێوەیەكی هاوچەرخ و پێشكەوتوو بۆیان بنیاتنرابوو. بە واتایەكی تر ئەو ناوچانە جگەلە كەسانی چەكدار (سوپای ئێران و پێشمەرگە) كەسی سیڤیلی تێدا نەژیاوە. كاتێك جەنگ ڕوویدا گوندی ئاوەدان یان كۆمەڵگای سیڤیلی تێدا نەبووە تەنها پێشمەرگەی تێدابووە كە هاریكاری ئێران بوون.

ئەو وتانە پێچەوانەی قسەكانی نزار خەزرەجیە لە چاوپێكەوتنی لەگەڵ

ڕۆژنامەی (الحیاە)ی لەندەنی باسی کردووەو ڕاستەوخۆ دەڵێت: "پرۆسەی ئەنفال خەڵکی سیڤیلی کردبووە ئامانج." بە ئامانج گرتنی ناوچەی ئاوەدانی و کەسانی سیڤیل لە پرۆسەی ئەنفالدا، توێژەران و شایەتحاڵانی پرۆسەی ئەنفال پێناسەی جیاجیان بۆ (پرۆسەی ئەنفال) کردووە، پوختەی کردەکانی ئەو پرۆسەیەیان باسکردووە.

د. محەمەد مەجید، توێژەری عێراقی بەرەگەز عەرەب، پێیوایە پرۆسەی ئەنفال بە دوو واتا دێت، یەکەمیان، لۆجیکی ئەنفال، کە بریتییە لە پرۆسەی نەهێشتن و قەدەغەکردنی ژیان لەو ناوچانەی تێکدراون، هەروەها دڵنیابوونەوە لێی لەلایەن دامودەزگا بەرپرسیارەکانەوە بە کێوماڵکردنی بەردەوامی ناوچەکان. دووەمیان بەرنامەی پرۆسەکەیە، بریتی بووە، لە تێکدان و خاپورکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی خەڵکەکەی بەزەبری هێز بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان، دانانی ئەو گوندانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی و گرتن و کۆکردنەوەی دانیشتوانەکانیان و گواستنەوەیان بۆ کەمپە ئامادەکراوەکانی کۆکردنەوە لە ناوچە جیاجیاکاندا، پاشان پۆلێنکردنیان، بەپێی تەمەن، بە مەبەستی زیندانی کردنی پیرەکانی سەرو حەفتا ساڵ و بەشێکی مێینە و مناڵەکانی خوار تەمەن پازدە ساڵ و خستنیانە ژێر باری چەوساندنەوە تا ئاستی مردن، هەروەها بەمەبەستی کوشتنی ئەوانی تر کە تەمەنیان لە نێوان (15 - 70) ساڵیدابوو.

بە بڕوای ڕێکخراوی (MEW)، پرۆسەی ئەنفال، بریتی بووە لە هەشت هێرش و پەلاماری پلان بۆ دانراوی سەربازی حکومەتی عێراق بۆ شەش ناوچەی جوگرافی لە باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی مانگی شوبات بۆ سەرەتای مانگی ئەیلولی (1988) بەڕێوەچووە. فەرماندەیی گشتی پرۆسەکە لە دەست نوسینگەی باکوری حیزبی بەعسدا بوو، کە بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بووە، کە لە ئازاری (1987)هوە عەلی حەسەن مەجید سەرکردایەتی دەکرد.

عاسی حوسێن مەحمود، یەکێك بووە لە پێشمەرگەکانی (ی. ن. ك) لە مانگی مایسی (1988) لە کاتی پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان (سێ) لە گوندی گردخەبەر بووە، شایەتحاڵێکی پرۆسەی ئەنفال بووە، بەم شێوەیە باسی پرۆسەکەی کردووە، دەڵێت: "پرۆسەی ئەنفال، هێرشی سەربازیی زەمینی و

ئاسمانی حکومەتی عێراقە، بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك بە چەکی کیمیاویشەوە بۆ سەر گشت لایەك، واتە هیچ شتێك لەسەر ئەو زەمینەی کەوتۆتە بەر پرۆسەکە بەزیندوویی نەهێشتۆتەوە. ژن و منداڵ، پیر و گەنج، ئەوانەی بەهۆی هێرشەکانەوە نەکوژراون، لەلایەن سوپاوە گیراون و بە ئۆتۆمبێلی سەربازی بەرەو شوێنێکی نادیار براون، کەس نازانێت ئەو شوێنە کوێیە و دەکەوێتە کوێوە، هەموو شتێکیش لە ناوچەی ئەنفالکراودا بۆ سوپا حەڵاڵ بووە، وەك کوشتن و لاقەکردنی ژنان و بەتاڵانبردنی مەڕ و ماڵات و گاوگۆتاڵ تەنانەت پێخەف و مریشك و جوجکەش ئەنفال کراوە، هەموو گوندێکی ئەنفالکراو لەگەڵ زەویدا تەختکراوە، هەموو کەرەسەکانی رووخاندن لەگەڵ کاروانە سەربازییەکاندا هەبووە، وەك شۆفڵ و بلدۆزەروT. N. T و... هتد".

لەکاتێکدا د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی لە ناساندنی پرۆسەکەدا، هەردوو پێناسەی پێشووتر لەگەڵ ئەمەی خۆیدا یەکخستووە، دەڵێت: "تەنها بریتی نین لە هێرشی سەربازییەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر گوندەکانی کوردستان و هێزی بەرگری کوردی، بەڵکو ئەنفال پەیرەوکردنی سیاسەتێکی چەند لایەنەبووە، کە بە کاولکردنی هەزاران گوندی کوردی دەستپێکردووە، کە دانیشتوانی دوای هێرشە سەربازییەکان، بە هێرشی کیمیاویشەوە، کۆکرانەوەو بۆ کەمپەکان گوێزرانەوە دواتر لەکەمپەکانەوە پرۆسەی پۆلێنکردنی گیراوەکان دەستپێکردووە بۆ شوێنی جیاجیا گوێزراونەتەوە، ژن و مناڵیان لە کەمپی تایبەتدا دەستگیرکرد، پیرەکانیان بەرەو کەمپ و زیندانەکانی باشوری عێراق دەنارد، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (15 - 50) ساڵیدا بوون بۆ مردن ناردووە. گروپی کوشتنی بەکۆمەڵ لەنزیك ئەو گۆڕانەی کە پێشتر ئامادەکرابوون، بە شێوەیەکی نهێنی دانابوو بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارە لە نێرینەکان و شاردنەوەیان لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە، بە شێوەیەك هیچ شتێك دەربارەی چارەنووسیان نەزانرێت".

هەرچەندە ئەم پێناسەیە تاڕادەیەکی باش ئامانج و کردە سەربازییەکان و زۆرێك لە پلانی پرۆسەکەی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەمیش وەك دوو پێناسەکەی پێشووتر تەواوی لایەنەکانی پرۆسەکەی لە خۆنەگرتووە.

لەو پێناسانەی پێشووەوە دەکرێت بوترێت پرۆسەی ئەنفال بەو زنجیرە پرۆسە سەربازیانە دەوترێت کە لەلایەن گشت دامودەزگا حکومی (مەدەنی، سەربازی (هێزی وشکانی و ئاسمانی)، ئەمنی و هەواڵگری) و حیزبی بە سەرپەرشتی و چاودێری نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس بە سەرپەرشتی راستەوخۆی عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینگەکە جێبەجێکرا. تێکرای پرۆسەکان لە مانگی نیسانی ساڵی (1987)هوە دەستی پێکرد تاوەکو کۆتایی ئەیلولی (1988) خایاندووە، سەرەتا بە راگواستنی گوندەکان و دانانی گوندەکان بە ناوچەی قەدەغەکراو گرتنەبەری رێکاری ئەمنی و گەمارۆدانی ئابووری لە سەر دانیشتوانەکانیان دەستی پێکرد، پاشان هەشت هێرشی سەربازی بۆ حەوت ناوچەی جیاجیای باشوری کوردستان، کە تاوەکو کۆتایی ئەیلولی (1988) خایاندووە، هاوکات لەگەڵ هەر هێرشێکی سەربازی بۆ هەر ناوچەیەك گرتنی خەڵکەکەی و گواستنەوەیان بۆ کەمپە ئامادەکراوەکان ئەنجامدراوە، ئەمجا کۆکردنەوەو جیاکردنەوەیان بەمەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (15 - 70) ساڵیدایە، زیندانیکردنی ئەوانیتر و دانانیان لە دۆخێکی تایبەتی چەوساندنەوە. هەروەها تاڵانکردن و وێران و تەختکردنی ئەو ناوچانەی پرۆسەکە گرتبووینەوە. ئەو پرۆسەیە زیانێکی گەورەی گیانی و دیمۆگرافی و ئابووری بە باشوری کوردستان گەیاند.

## تەوەری دووەم:
## ئامادەکارییەکانی حکومەتی عێراق بۆ پرۆسەکانی ئەنفال (1987 – 1988):

حکومەتی عێراق لە ساڵی (1986)دا ( محەمەد حەمزە ئەلزوبێدی) کرد بە سکرتێری نوسینگەی رێکخستنی باکوری حیزبی بەعس کە بارەگاکەی لە پارێزگای کەرکوك بوو. لە سەرەتادا ماوەی شەش مانگی پێدرا تاوەکو بارودۆخی باشوری کوردستان کۆنترۆڵ بکات و بە تەواوی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی نەهێڵێت، بەڵام بەهۆی بەردەوام بوونی بارودۆخەکە شەش مانگی تری پێدرابووەوە. سەرەڕای ئەو فشارە سەربازیی و سیاسەتانەی حکومەتی عێراق لە باشوری کوردستاندا پیادەی کردن، بەڵام خۆی بە سەرکەوتوو هەژمار نەکردبوو، لەبەرئەوە بیری لەسەر کارلادانی ناوبراو و گرتنەبەری رێوشوێنی تر کردۆتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس کۆبوونەوەی هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕۆژانی (15 – 1987/3/18)دا بە ئامادەبوونی نزار خەزرەجی، سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری بەڕێوەبەری (بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی)، (حسێن ڕەشید ئەلتکریتی) جێگری سەرۆکی فەرماندەیی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری پرۆسەکان گرێدا، تیایدا بابەتی بەرەنگاربوونەوەو کۆتاییهێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە شێوەیەکی یەکجاری تاووتوێکرا.

لەم کۆبوونەوانەدا سەرکردایەتی ناوبراو ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێك بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە جوڵانەوەی یاخیبوون و چالاکی نەیار (جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی- توێژەر) لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و باکوری عێراقدا (باشوری کوردستان)دا ڕاسپارد بوو. ئەنجومەنی ناوبراو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزب لە (28) ی ئەو مانگەدا کۆبووەوە، ڕۆژی دواتر بڕیاری ( ژ./ 160 لە 1987/3/29)دا بە واژۆی (سەددام حسێن)ی سەرۆك کۆمار دەرکرد، تیایدا عەلی حەسەن مەجید (1941 - 2007) ئەندامی ئەنجومەنی هەرێمایەتی حیزبی بەعس بە سکرتێری نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس دانا، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش کرا بە نوێنەری سەرکردایەتی شۆڕش و دەسەڵاتێکی ڕەهای لە باشوری کوردستاندا پێدرا، بەو پێیە هەر ڕێنماییەك بدات حوکمی یاسایی هەبووە، بە شێوەیەك دەسەڵاتی بەسەر گشت دامودەزگا حکومی و سەربازی و حیزبی و ئەمنی و هەواڵگرییەکاندا ڕۆشتووە.

عەلی حەسەن مەجید لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی حیزب و حکومەتی عێراق لە پێش خۆی، بەرنامەی کارکردنی لە باشوری کوردستاندا و سیاسەتی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دارشت، ئەویش لە یەکلاکردنەوەی سنوری ناوچەی کۆنترۆڵی حکومەت و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە ڕاگواستن و کۆکردنەوەی گوندەکان لە ماوەیەکی دەستنیشان کراودا. ناوبراو، دوای سێ هەفتە لە دەستبەکاربوونی لە ئامادەکردنی بەرنامەکەی بوویەوە، بەرنامەکەی بە (بەرنامەی سێ قۆناغی پاکتاوکردن یان کۆکردنەوەی گوندەکان) ناونابوو، ماوەی قۆناغی یەکەم لە (4/21 – 1987/5/20).

دووەم لە (5/21 – 1987/6/20) بوو، هەرچی قۆناغی سێیەم بوو، لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە سەرەتای دەستپێکردنی نەدراوە، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (4008/28) لە (1987/6/21) بۆ کۆتایی قۆناغی دووەم داناوە، بۆیە بەگوێرەی ئەو بڕیارە پێمانوایە، قۆناغی سێیەم لەو ڕێکەوتەدا دەستی پێکردووە، کە تیایدا پرۆسەکانی ئەنفالی تیادا ئەنجامدراوە.

بەپێی لێکدانەوەکانی ڕێکخراوی میدڵ ئێست ووچ، عەلی حەسەن مەجید دوو قۆناغی جێبەجێ کردووە، قۆناغی سێیەم بەهۆی جەنگەوە نەیتوانیوە سوپا بۆ شەڕی پێشمەرگە کۆبکاتەوە، لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا ئامانجی بەرنامە سێ قۆناغیەکە لە سڕینەوەی گوندەکانی هەردوو گروپەکە و کۆککردنەوەیان لە ئۆردوگاکان، کۆتایهێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و دوا قۆناغی بەرنامەکەی لە پرۆسەکانی ئەنفالدا جێبەجێکردووە.

ڕاستیەکەی ئەو دوو قۆناغە تەنها لەڕووی کاتەوە کۆتایی هاتبوون، بەڵام وەك بڕیار بەردەوام بوون، واتە ئەوە ناگەیەنێت کە عەلی حەسەن مەجید کارکردنی بەو بڕیارە وەستاندبێت و چاوەڕوانی هەلی کردبێت تا قۆناغی سێیەم دەست پێبکات، چونکە کارکردن لەو بەرنامەیەدا تاوەکو دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال بەردەوام بووە، واتە ئەو بەرنامەیە بریتی بووە لە ئامادەسازیی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال.

بەگشتی عەلی حەسەن مەجید هەرسێ قۆناغەکەی لەسەر سێ بنەما بنیاد نابوو، ئەوانیش (پاکتاوکردن و کۆکردنەوەی گوندەکان، جیاکردنەوەیان لە دوو بەرەدا یان حکومەت یان (پێشمەرگە)، کوشتنیان) بوون. عەلی حەسەن مەجید لە قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و کۆکردنەوەی گوندەکان، وەك بەرپرسێکی حیزبی، دەسەڵاتی بەسەر گشت دامودەزگا حیزبی و حکومیەکاندا دەرۆیشت. گشت ئەو دامو دەزگایانە خرابوونە خزمەت پرۆژەکەیەوە و دەبوو پابەندی بڕیار و ڕێنماییەکانی عەلی حەسەن مەجید بن. لەم قۆناغەدا سەرژمێری و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گوندەکان و پۆلێنکردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگا حکومیەکان دەستی بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی کردووە، لەمەدا پەنای بۆ پرۆژەی پەرەپێدانی لادێ (تگویر

الريفی) بردووە کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو.

بەگوێرەی پڕۆژەکە زۆربەی گوندەکان و ژمارەیەك لە ناحیە و قەزاکان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، سەلاحەدین، کەرکوك، دیالە، نەینەوا) دەکەوتنە بەر شاڵاوی ڕاگواستن بۆ ئەو ئۆردوگایانەی هەبوون، هەروەها بۆ ئۆردوگای نوێ، کە بۆ ئەو مەبەست بنیاددەنرێن. بۆ ئەم مەبەستە لە هەر پارێزگایەك لێژنەیەکی تایبەت بەناوی (لجنە تطوير الريفی- لێژنەی پەرەپیدانی لادێ) پێکهێنرابوو، بەو پێیە لە هەر پارێزگایەکدا پارێزگار سەرۆکی ئەو لێژنەیە بوو.

ئۆردوگاکان لە پارێزگای سلێمانی ئۆردوگاکانی (سەدامیە 1،2) لە بازیان، باینجان، شۆڕش (الثورە) لە چەمچەماڵ لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی- چەمچەماڵ، برایەتی (الاخوە) لە عەربەت، سەرکەوتن (النصر) لە زەڕایەن، کە هەردووکیان لەسەر ڕێگای سەرەکی (سلێمانی- دەربەندیخان) بوون، رزگاری (الصمود) لە کەلار، سوسێ لە گوندی (سوسێ)ی ناحیەی سورداش، کە لەسەر ڕێگای سەرەکی (سلێمانی- دوکان) بنیاد نرابوو.

هەرچی قۆناغی دووەمە، درێژکراوەی قۆناغی یەکەم بووە، تایبەت بە گوندەکانی گروپی دووەم بووە، لەم قۆناغەدا سیاسەتەکانی عەلی حەسەن مەجید لەڕووی توندیەوە پەرەیسەندووە، سکرتاریەتی (نوسینگەی ڕێکخستنی باکور) لە (1987/6/3)دا بەنوسراوی ژ. (3650/58) گشتاندنی بۆ سەرجەم دەزگا حکومی و حیزبی و فەیلەقەکان و ئەمنی و ئیستیخباراتیەکان کردووە، وەك دەردەکەوێت نووسراوەکە کۆپی (بەڕێوەبەرێتی ئەمنی هەولێر)ە. هەروەها لەبەرئەوەی ناوی فەیلەقەکانی (1، 2، 5)ی سوپا هاتووە ئەمانە ئەرکی پاراستنی سنوری پارێزگاکانی باکوری عێراق (سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك، دیالە، سەلاحەدین، نەینەوا) بوو، تیایدا شەش بڕیار لەبارەی ناوچەکانی هەردوو قۆناغەکەوە هاتووە، لە بڕیاری یەکەمیدا چوون و هاتنی هەموو کەرەسەیەکی خواردەمەنی و ئامێری کشتوکاڵی لەلای حکومەتەوە و بە پێچەوانەوە لە گوندەکانی گروپی دووەم قەدەغەکرد، کە قۆناغی دووەمی بەرنامەکە دەیانگرێتەوە. ئەمە بە واتایەکی تر لەڕووی ئابووریەوە گەمارۆ بدرێن، لەهەمانکاتدا مۆڵەتی بۆ

دانیشتوانەکەی ڕەخساند بگەڕێنەوە بۆ (ڕیزی نیشتمانی) خۆیان رادەستی لیژنە ئەمنیەکان بکەن. لە بڕیارەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمیدا، گوندەکانی هەردوو گروپەکەی بە ناوچە قەدەغەکراوەکان (مناطق محرمە) داناوە، لەبەرئەوە ڕێگە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەو ناوچانەدا نادرێت، لە کاتی بینینی (هەر مرۆڤ یان ئاژەڵ)ێك لەلایەن یەکە سەربازیەکانەوە دەبێت گوللەباران بکرێت، بەتایبەتی لەدوای (1987/7/15)هوە. لە شەشەم بڕیاردا هاتووە دانیشتوانی ئەو گوندانەی ڕاگوستن دەیانگرێتەوە لە ڕاگواستنیان ئاگادار بکرێنەوە، خۆشیان بەرپرسیارێتی پابەندنەبوونیان هەڵدەگرن.

قۆناغی سێیەم، تیایدا چارەنووسی دانیشتوانی گوندە مەترسیدارەکانی دیاریکردبوو. لە بیستی حوزەیراندا بە دەرکردنی بڕیاری ژ. (4008/28) دەستی پێکرد. ئەوەی ئەم بڕیارە لە بڕیاری ژ. (3650/58) جیادەکاتەوە، ئەوەیە هی پێشوو ئەو لایەنانەی نوسراوەکەیان ئاراستەکراوە فراونتر بوو، بەڵام ئەم تایبەتتر بووە، تەنها ئاراستەی فەیلەقەکانی (یەك، دوو، پێنج)ی سوپا کراوە، فەیلەقەکان و هێزە چەکدارەکانی تر، وەك مەفرەزە خاسەکان و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاشەکان) لە جێبەجێکردنیدا لە هێزی وشکانی و ئاسمانی بەرپرسکراون، چونکە ئەوانەی بەئامێری کوشتن داناوە، ئەم بڕیارە چەند لایەنێك لەخۆدەگرێت (دیاریکردنی ناوچە، بیانووی کوشتن و کوشتن بێ جیاوازی، ئامێر و هۆیەکانی کوشتن، ڕێژەی کوشتن). لە بڕگەی یەکەمی بڕیارەکەدا شەرعیەت بە کوشتنی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو دراوە، تیایدا هاتووە: (ناوچەی گوندە ڕاگوێزراوەکانی قۆناغی پێشوو، گوندە مەترسیدارەکان) هەردووکیان ناوچەی تەواو قەدەغەکراو (کامل محرم)ن. بەپێی ئەم بڕیارە سنوری ئەو ناوچەیەی یاسای کوشتن دەیگرێتەوە فراوان کردووە. بەهۆیانەوە بەپێی بڕگەکانی دووەم و چوارەم دەستیان بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارە کراوە کردووە. هەروەها لە بڕگەی دووەمدا بڕیاری لە کوشتنی بێ جیاوازی و بە گشتگیری داناوە، تیایدا هاتووە، "هەر مرۆڤ و ئاژەڵێك لەو ناوچەیەدا ببینرێت پێویستە گوللەباران بکرێت". لە بڕگەی چوارەمدا ڕێگاکانی کوشتنی دیاریکردووە: "فەرماندەیی فەیلەقەکان دەبێت ناو بەناو چ بە فڕۆکەی

شەڕکەر چ بە هێلیکۆپتەر و بەسەمتی یان بە تۆپباران بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارە، گورزی تایبەت (ضربات الخاصە) لەو ناوچانە بدەن". لەبەرئەوەی لەم بڕگەیەدا باس لە (ضربات الخاصە) کردووە، ئەمە مۆڵەت بە بەکارهێنانی چەکێکی تایبەت داوە، کە پێمانوایە, (چەکی کیمیایی)یە. چونکە ئەم بڕگەیە لەگەڵ وتەی نزار خەزرەجی فەرماندەی فەیلەقی یەك لەو کاتەدا یەکدەگرنەوە، کە دەڵێت: "چەکی کیمیایی، لە بروسکە و پەیوەندییە نهێنیەکانی عێراقدا ناوی (ضربات الخاصە)ی لێنراوە، لە ڕێگەی فڕۆکە یان چەکی هاوێژی تایبەت بەکارهاتووە".

کەواتە ئەو دوو بڕگەیە فەرمانی کۆمەڵکوژی لە سنوری جوگرافی بەرپرسیارێتی ئەو سێ فەیلەقەی لەخۆگرتبووە، چیتر چەکدار و بێ چەك بە ژن و منداڵ و پیر، ئاژەڵ، مادەم لە ناوچەی گروپی دووەمدا دەژین، دەبێت هەر هەموویان لەناوببرێن، واتە ئەو ناوچەیە شوێنکەوتووانی (کوانووی بەکرێگیراو- جیب العمیل - پ. د. ك) و (بەکرێگیراوانی خیانەت - عملاو الخیانە- ی. ن. ك) و هاوشێوەکانیانی تێدایە، گوندی مەترسیدار (قری المحظورە)ن. کارکردن بۆ ئەم قۆناغە لەدوای بیستی حوزەیرانەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەمدا کاربۆ قۆناغی سێیەم کراوە، ئەویش کارکردن بووە لە دیوێکی تری بەرنامەکە، هەستاون بە خزاندن و کۆکردنەوەی کۆمەڵە خەڵکێك لە ناوچەی گروپی دووەمدا، کە مردن چ بە کوشتن یان بە برسێتی چارەنووسیان بوو. لەبەرئەوە چەندی پێکرابێت لە دانیشتوانی ناوچەی هەردوو گروپی راگوست، ئەوەی تر کە مایەوە لە گروپی دووەمدا هەژماریکردن بەگوێرەی توانا و بواری سوپا، کاری لەسەر کردوون، چونکە هەر لە سەرەتای ساڵی (1987)هوە لە بەرەکانی باشوری عێراق لە جەنگی ئێراندا لە (1/6 – 1987/4/28) کە خۆی ناوی (حصاد الاکبر- دروێنەی گەورە) و ئێرانیش بە (کربلا - 5) ناوی نابوو شکستی گەورەی تووش هاتبوو.

هەروەها گوندنشینان لەلایەن حکومەتەوە دوو بژاردەیان پێدرابوو، ئەوانیش: "یەکەمیان، بڕۆن بۆ لای پێشمەرگە، دووەمیان بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەت".

لە قۆناغی سێیەمەدا عەلی حەسەن مەجید ژمارەیەك بڕیاری تری لە (بیستی حوزەیران، شەشی ئەیلول) دەرکرد، بەمەبەستی خزاندنی زیاتر خەڵك بۆ ناوچەی پێشمەرگە و دیاریکردنی چارەنووسیان، ئەو یاسایەی دانا، کە خەڵکی ئەم گروپەی پێ دادگایی دەکرێت و سزاکەیانی دیاریکرد، کە مردن بوو.

عەلی حەسەن مەجید بۆ کۆکردنەوەی زیاتری خەڵك لە ناوچەی گروپی دووەم، بڕیاری دەرکردنی خانەوادەی پێشمەرگە لە شارەکاندا بۆ ئەو ناوچەیە دابوو، کۆبوونەوەی ئەمینداریێتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حیزبی بەعس لە (1987/9/6)دا ڕێکخستبوو، چەند ڕێنماییەکی دەرکردبوو، لەسنوری دەسەڵاتیدا بە بروسکەی ژمارە (435) گشتاندنی بۆ دەکات. هەرچەندە کۆپی ئەو بروسکەیەمان دەستنەکەوت، بەڵام بەگوێرەی نوسراوی فەیلەقی یەك کە لە (1987/9/12)دا گشتاندنی بۆ بروسکەی نوسینگەی ناوبراو لە فەیلەقەکەیدا کردووە، لەم بوارانەی خوارەوەدا ڕێنماییەکان بخەینەڕوو:

ڕێنمایی یەکەمیان، گشت لیژنە ئەمنیەکانی پارێزگاکانی باکور راسپێردراوە تاوەکو (1987/9/15) جەردی خانەوادەکانی پێشمەرگە بکەن، بەو پێیە بۆ سێ گروپ پۆلێنی کردبوون، یەکەمیان ئەو خانەوادانەی پێشمەرگەیان هەیە لەهەمانکاتدا کەسێکی (کوژراو، دیل، بێسەروشوێن، سەرباز، جەیشی شەعبی، فەوجی بەرگری نیشتمانی) هەیە، سزای ئەمان دەرکردنی دایکی پێشمەرگەکە بۆ گوندە مەترسیدارەکان بوو، دووەمیان، ئەو خانەوادانە بوو، کە تەنها کەسی پێشمەرگەیان هەیە. سزای ئەم خانەوادانە، دەرکردنیان بوو، بۆ ناوچەکانی کۆنترۆڵی پێشمەرگە، جگەلە نێرینەکانیان ئەوانەی تەمەنیان لە (12 - 50) ساڵی بوو، کە سزاکەیان زیندانیکردن بوو،

ڕێنمایی دووەمی بڕیاری ژمارە (435) لەبارەی لێبوردن بووە لەوانەی خۆیان رادەستی حکومەت و دەزگا ئەمنی و حیزبیەکان بکەنەوە، کە لە بڕیارەکەدا ناوی بە (گەڕانەوە بۆ ریزی نیشتمان) نابوو، بەڵام ئەم بڕیارە، دوا بڕیار بوو لەبارەی چارەنوسی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان، بەپێی ئەو بڕیارە پێویست بوو دانیشتوانی ئەو ناوچانە

لەماوەی نێوان (9/6 – 1987/10/17) خۆیان رادەستی حکومەت بکەنەوە. لەدوای ئەو بەروارەوە رێگەی گەڕانەوەیان پێنادرێت. چونکە هەر کەسێك ناوی لەو سەرژمێریەدا تۆمار نەکردبێت رەگەزنامەی عێراقی پێنەدراوە، بە سەربازی هەڵاتوو دانراوە و یاسای ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەسەردا جێبەجێدەکرا. لەبەرئەمە داوایکردووە کە لیژنەکانی رۆشنبیری کۆڕی وشیارکردنەوەی جەماوەر بگێڕن. رێنمایی سێیەمیان، تایبەت بووە بە پێشمەرگە بە (تێکدەرە هەڵاتووەکان) ناوی بردبوون، ئەمانە پێویست بوو لە ماوەی نێوان (9/6 – 1987/10/17) بە چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە، بەڵام لەدوای ئەو بەروارەوە رێگەی گەڕانەوەیان پێنادرێت.

لە تۆمارەکانی سەرژمێری دانیشتوانی (1987/10/17) حکومەتی عێراقدا، ژمارەیەکی زۆر کەم لە گوندەکان لە سەرژمێریەکەدا ناویان هاتووە، بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی لە قەزای ناوەند لە ناحیەکانی (عەربەت، دوو گوند، بازیان حەوت گوند، سەرچنار شەش گوند)، بەڵام لە ناحیەی قەرەداغ هیچ، لە ناوەندی قەزای شارباژێر یەك گوند و ناحیەی کەناروێ یەك گوند، بەڵام لە ناحیەکانی (کارێزە، سروچك) هیچ، لە ناوەند قەزای دوکان چوار گوند، لە ناحیەی چناران دوو، لە ناحیەی سورداش سێ گوند تۆمارکران، بەڵام مەرگە (بنگرد) هیچ تۆمارنەکراوە. دوای سەرژمێریەکە، ژمارەی گوندە تۆمارکراوکانی پارێزگاکە بۆ (192) گوند کەم بوویەوە. لەکاتێکدا لە سەرژمێری (1977)دا (1854) گوند بوون.

سەرژمێری نەکردنی ئەو گوندانەدا بایەخی تایبەتی بۆ حکومەت هەبووە، دیارە هۆکارەکەی لەبەرئەوە بووە ئەو گوندانە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەوە، کارمەندانی سەرژمێری نەیانتوانیووە بچنە ئەو ناوچانە، لێرەدا لەلایەکەوە حکومەت توانی هێڵی سور لەسەرئەو ناوچانە دابنێت، کە سەرژمێری نەکران، واتە لەو رێگەیەوە ناوچەی کۆنترۆڵی خۆی و هێزی پێشمەرگەی دیاریکرد، لەلایەکی ترەوە ئەو خەڵکەی دیاریکرد کە لەناوبردن چارەنوسیان بوو. چونکە وەك لە نوسراوەکەی نوسینگەی رێکخستنی باکوردا هاتبوو، کە "دەبوو سیمیناری بەکۆمەڵ و کۆبوونەوە بۆ کارمەندانی یەکەی ئیدارییەکان رێکبخرێت بۆ باسکردنی گرنگی سەرژمێریی گشتی لە (1987/11/17)دا، تیایاندا بەڕوونی جەخت

لەسەر ئەوە بکرێت کە هەر کەسێك بەبێ بیانوویەکی بەجێ بەشداری سەرژمێریەکە نەکات، ئەوە سیفەتی هاوڵاتی عێراقی لەدەستدەدات و بە هەڵاتووی سوپاش هەژمار دەکرێت. بەمەش بەر یاسای سزایی (سەرکردایەتی شۆڕش)ی ژمارە (677)ی (26/ئاب/1987) دەکەوێت". ئەو سزایەی لەو بڕیارەدا هاتبوو، مردن بوو بۆ ئەو کەسە کە لەلایەن ڕێکخراوە حیزبیەکانەوە ئەنجامدەدرا.

## تەوەری دووەم:
## هۆکارەکانی ئەنجامدانی پرۆسەکانی ئەنفال:

حکومەتی عێراق لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشوری کوردستان، چەند هۆکاری لەپشت بوو، دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە.

1. جەنگی عێراق- ئێران (1980 - 1988)

2. پەرەسەندنی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی

3. جوگرافی باشوری کوردستان: بنەما جوگرافیاییەکانی باشوری کوردستان لەوانە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی باشوری کوردستان، باشوری کوردستان هاوسنوری هەرسێ دەوڵەتی (ئێران، تورکیا، سوریا)، ڕۆڵی لە هاندانی عێراق لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالدا هەبووە، جوگرافیای مرۆیی بە گشتی دیمۆگرافی گەلی کورد وەك فاکتەری مرۆیی، ڕۆڵی گرنگی بووە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال، حکومەتی عێراق ئەو پرۆسەیەی وەك ڕێگایەك بۆ لە ناوبردن مرۆڤەکان و شێواندنی دیمۆگرافیا و تێکدانی باری کۆمەڵایەتی بە لێکهەڵوەشاندنی خێزانەکان لە باشوری کوردستان پیادەکردووە.

جوگرافیای ئابووری. هەروەها گونجاوی ئاووهەوا و بەپیتی خاکی باشوری کوردستان بۆ کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری، وایکردبوو لەچاو ناوچەکانی تری عێراق دەوڵەمەندتر بێت.

4. ستراتیژی سەربازیی.

5. تێڕوانینی بەعس بۆ نەتەوە و دۆزی کورد بەوەی کە کوردی بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عێراق و نەتەوەی عەرەب هەژمار کردووە.

6. سوتماککردنی خاکی باشوری کورستان.

7. بێدەنگی دەوڵەتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی

## باسی دووەم

## پرۆسەی ئەنفالی یەک (2/21 – 1988/3/19)

### تەوەری یەکەم:

### سنوری جوگرافی پرۆسەی ئەنفالی یەک:

پرۆسەی ئەنفالی یەك لەدوای چەند مانگێك لە سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق لە تشرینی یەکەمی (1987)دا ئەنجامدرا، لەبەرئەوەی سنوری جوگرافی پرۆسەکە بەپێی دابەشبوونی کارگێڕیی عێراق وەك لە سەرژمێریەکەدا هاتووە، ئاماژەی پێدەدەین. بەگشتی پرۆسەی ئەنفالی یەك لە (پارێزگای سلێمانی)دابوو، بەتایبەت لەو ناوچانەی بە (دۆڵی جافایەتی) ناسراوە. بەگشتی سنوری جوگرافی پرۆسەی ئەنفالی یەك بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

1. قەزای ناوەندی سلێمانی: لە سنوری کارگێڕی ئەم قەزایەدا تەنها ناحیەی (سەرچنار) گرتبووەوە.

ژمارەی گوندەکان بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە راگواستن و تەختکردن و سوتاندن و پشتگوێخستنی ئەوانی تر لەڕووی خزمەتگوزاریەوە لە کەمبوونەوەدا بوون.

لە سەرژمێری ساڵی (1987)دا لە سنوری ناحیەکەدا گوندەکانی (زەرگەتە، کانی سپیکە، کەندەکەوە، باوەگیڵدی، ئاڵیاوا، سورگا) ناویان هاتبوو، بەپێی سەژمێرییەکە ئەم گوندانە (1534) خێزانی لەخۆگرتبوو، کە ژمارەی دانیشتوانی لادێنشین (10370) کەس بووە. ئەمانە ئەو گوندانەبوون کە حکومەتی عێراقی بە ناوچەی ئارام (گوندە نامەترسیدارەکان) دانابوون واتە ئەو ناوچانەی لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا بوون، چونکە پرۆسەی سەرژمێری گرتبوونیەوە. بەگشتی گوندەکان تا ساڵی (1988) کەمبوونەوە، لەبەرئەوە پرۆسەی ئەنفالی یەك جگەلە ناوەندی ناحیەکە ئەم گوندانەی گرتبووەوە: (قوڵقوڵە، پیرکە، هەنارانی کۆن، هەنارانی خوارو، هەنارانی سەرو، قزلەر، زێوێ، یالانقۆز).

2. قەزای (دوکان): لە هەردوو ناحیەی سورداش و چناران پێکهاتبوو، لە سەرژمێری ساڵی (1987)دا ژمارەی دانیشتوانەکەی (31407) کەس بووە (نێرینە 15867، مێینە 15540) بوون.

پرۆسەی ئەنفال لە سنوری کارگێڕیی قەزاکەدا، تەنها گوندی (جوبڵاغ)ی

گرتبۆوە، بەڵام لە ناحیەکانی قەزای دوکاندا (سورداش، مەرگە) گرتبووەوە:

أ – (سورداش): شارەدێی سورداش تاوەکو ساڵی (1981) ناوەندی ناحیەکە بووە، دواتر حکومەتی عێراق بەپێی بڕیاری ژمارە (4106) لە (1981/11/23)دا گوندی (سوسێ)ی کردۆتە ناوەندی ناحیە، بەڵام ناوی ناحیە دەستکاری نەکراوە. ئەو گوندانەی لە سەرژمێری ساڵی (1977)دا لە سنوری کارگێڕی ناحیەکە بوون (72) گوند بوون، بەهەمان شێوە ژمارەی ئەم گوندانە بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە راگواستن و تەختکردن و سوتاندن و پشتگوێ خستنی ئەوانی تر لەڕووی خزمەتگوزارییەوە کەم بوونەتەوە. ژمارەیەك لە گوندەکانی سنوری ئەم ناحیەیە، بەتایبەت ئەو گوندانەی کەوتبوونە سەر جادەی سەرەکی سلێمانی – دوکان، لەوانە گوندەکانی (سورقاوشان، شیلەخان، گەبە، کەلەباشی، گولیجە، سوسێی سەیدان، سوسێی کۆن، سوسێ ئالومەرە، کۆکە، کلکە سماق، شێخ زەینەڵ، دەرەنا، کرژە، پیران، چەرمەگا، یاران بەگی، سەردی گەورە، بێدارە، گردەبۆر، داربەڕوو، قەرەچەتان، سەردی بچوك، تەلان، کانی هەنجیر، دولکان، عیسا بەگی، کانی شۆك، پێدارە، کانی شۆك) نەکەوتنە سنوری پرۆسەی ئەنفالی یەکەوە بەڵکو کەوتنە سنوری پرۆسەی ئەنفالی چوارەوە. لە سەرژمێری ساڵی (1987)دا ناوەندی ناحیەکە (12) خێزان و (85) کەس بوون، گوندەکانی (چەرمەگا، سوسێی سیدان، کانی خان) سەرژمێری کراون، کە (480) خێزان و (3085) کەس بوون.

ئەو گوندانەی لە سەرژمێری ساڵی (1987)دا، سەرژمێری نەکران، دواترکەوتنە پرۆسەی ئەنفالەوە، بریتی بوون لە: (جاسەنە، قەمچوغە، گێچینە، سەرمۆرد، شەدەڵە، هۆمەرقۆم، خوردەلوك، سورداش، مێرگەپان، قەرەنگوێ، قەڵەم پاشا، مەولان، قۆمرغان، سێکانیان، سەرگەڵو- بەرگەڵو، چاڵاوا، هەڵەدن، یاخسەمەر، گوێزیلە، دۆڵ مازەڵە).

ب - ناحیەی (مەرگە): شارۆچکەی (بنگرد) ناوەندی کارگێڕێتی ناحیەکە بووە، ژمارەی دانیشتوانەکەی لە سەرژمێری ساڵی (1977)دا (3147 نێرینە، 989 مێینە، سەرجەمی 4136) کەس بووە.

گوندەکانی سنوری ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی (1977) ژمارەیان (55) گوند بووە. بە هەمان شێوە ژمارەی ئەم

گوندانە، بەتایبەتی بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقەوە لە ڕاگواستن و تەختکردن و سوتاندن و پشتگوێ خستنی ئەوانی تر لەڕووی خزمەتگوزاریەوە کەمبوونەتەوە. سەرەڕای سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق، زۆری نەبردووە بەشێك لە خەڵکی گوندە چۆڵکراوەکان، گوندەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە. کاتێك پرۆسەی ئەنفالی یەك دەستیپێکردووە، گوندەکانی (ئاوەژێ، مەرگە، هەڵۆنە، سێروان، سێدەر، گۆمەزاڵ، دۆڵەبی، خورخورە، یاخیان، کانی توو، نۆڵچکە، چنارنە، شارستێن، سۆفیان، مەلا سەفی، هەوارە بەرزە، بیوەکە)ی گرتبۆوە.

٣- قەزای چوارتا: ئەم قەزایە شارۆچکەی چوارتا ناوەندی کارگێڕێتیەکەی بووە. دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی لە لاپاڵی چیای سەرسیردایە. نزیکەی (38 کم) لە باکورەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لە باشووردا، ڕانیە و دوکان، لە ڕۆژهەڵات بە قەزای پێنجوێن و لە ڕۆژئاوادا بە قەزای هەڵەبجە دەورە دراوە. هەرچی ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزای چوارتایە لە سەرژمێری ساڵی (1987)دا، نێرینە (6623)، مێینە (6233) کەس بووە.

## باسی سێیەم
## هێرشی سوپای عێراق و بەرگری پێشمەرگە

### تەوەرەی یەکەم:
### هێرشی سەربازیی سوپای عێراق بۆ سەر دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە و بەرگری هێزی پێشمەرگە:

حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی پلانی (لەناوبردنی یەکجاری جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی) لەدوای دانانی عەلی حەسەن مەجید بە سکرتێری نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حیزبی بەعس، پۆستی فەریقی یەکەمی ڕوکن (نزارخەزرەجی) لە (1987/7/14)دا لە فەرماندەیی فەیلەقی یەك بۆ فەرماندەیی گشتی ئەرکانی سوپای عێراق بەرزکردەوە، ئەم کەسایەتیە دواتر پلانی سەربازیی ستراتیژی بۆ بەرەنگاربوونەوەی عێراق لەگەڵ ئێران و هێزی پێشمەرگە و پرۆسەکانی ئەنفالدا دانا. سەرپەرشتی جێبەجێکردنی کرد. پاشان لە مانگی کانوونی دووەمی (1988) لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد بە هاوفەرماندەی فەیلەقی یەك و بە فەرماندەی پرۆسەی

ئەنفالی یەك دانرا، لەکاتێکدا لیوا روکن کامل ساجت ئەلجەنابی بە فەرماندەی فەیلەقی یەك مابووەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو تاوەکو لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد لەلایەکەوە دەسەڵاتی تەواوی وەك فەرماندەیەکی فەیلەق هەبێت، لەلایەکی ترەوە تاوەکو تەنها بۆ سەرپەرشتی پرۆسەی ئەنفالی یەك یەکلاببێتەوە، لیوا روکن کامل ساجت وەك فەرماندەی فەیلەق سەرپەرشتی شەڕەکانی سوپای عێراق لەگەڵ سوپای ئێراندا لە ناوچەی سنوری فەیلەق یەکدا بکات.

حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی یەك، کەوتە هێنانی هێزەکانی بۆ ناوچەی پرۆسەکە، سەرچاوەکان لەبارەی کاتی هێنانی هێزەکان رای جیایان هەیە، لەوانە نەوشیروان مستەفا پێیوایە لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم حکومەتی عێراق دەستی بە هێنانی کەرتە سەربازیەکان کردووەو تا دەستپێکردنی هێرشەکان درێژەی بووە.

سەبارەت بە کەرتە سەربازییەکانی سوپای حکومەتی عێراق، کە لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا بەشداربوون، لە سەرچاوەکاندا ناوی ئەم کەرتە سەربازیانەی خوارەوە هاتووە:

یەکەم: کەرتە سەربازیەکانی گشت فەیلەقەکانی سوپا، کەرتە سەربازیەکانیان بە رێژەی جیا جیا بەشداربوون، لەوانە:

فەیلەقی یەك، بە شێوەیەکی گشتی فەرماندەیی هێرشی سەربازی پرۆسەی ئەنفالی یەکی کردووە، لەبەرئەوە تەواوی کەرتە سەربازیەکانی بەشداربوون، ئەوانیش: فیرقەی پیادەی 32 (هێزی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)، لە لیواکانی (18، 130، 447) پیادەو یەکەی تانك و زرێپۆش، فەوجێکی مەغاویر پێکهاتبوو. فیرقەی پێنجی ئامێرەکان (هێزی محەمەد قاسم)، کە هەشت لیوا بوون، لە لیواکانی (2، 15، تا 21) پێکهاتبوو. فیرقەی پیادەی م/ دوو (هێزی موسەننا)، لە لیواکانی (22، 44، 48) پێکهاتبوو. فیرقەی پیادەی دوو (هێزی خالیدی کوری وەلید)، کە لە لیواکانی (4، 36) پێکهاتبوو. هێزی بەدر(مەغاویر)، فیرقەی پیادەی چوار(هێزی قەعقاع)، فیرقەی 33، هێزی موعتەسەم بوون، هەروەها هێزی سەربازگەکانی تری سنوری پرۆسەکە، لەوانە ئەزمڕ، سوسێ، دوکان، بەڵام پلەی کەرتە سەربازیەکانیان نازانرێت، بەڵام تیایاندا لیوا یان فەوج جێگیر کرابوو.

فەیلەق پێنج، رۆڵی ئەم فەیلەقە لەدوای فەیلەق یەك دەهات، ئەو کەرتە سەربازیانەی لەم فەیلەقەدا زانراون ئەمانە بوون: فیرقەکانی (24، 26، فیرقەی گەرۆکی مەرگە)و هەروەها فیرقەی 33 بە فەرماندەیی لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی لەگەڵ چەندان هێزی پیادە و مەغاویری تر. هەروەها هێزی سەربازگەی بنگرد.

هەرچی فەیلەقەکەکانی تر بوون، بەم شێوەیە بوون: بیست لیوای پیادە لە فەیلەقەکانی (2، 3، 4، 6، 7) لەوانە لیواکانی (19، 26، 31، 75، 116، 445، 438)، هەروەها لیوایەکی مەغاویر لە فەیلەق دوو، لیوای دووی مەغاویر لە فەیلەق چوار، فەوجی مەغاویری فەیلەقەکانی چوارو پێنج، لیوای یەکی مەغاویر لە فەیلەق شەش، سێ فەوج لە لیوای (72)ی مەغاویر.

دووەم: لیواکانی (65، 66) هێزی تایبەت (قوات الخاصە)ی لە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق.

سێیەم: سێ لیوای گاردی کۆماریی.

چوارەم: مەفرەزە خاسە (مفارز خاصە)کانی (29، 68، 87، 119) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی.

پێنجەم: کەرتە سەربازیەکانی تر، وەك کەرتی بەشی کیمیایی، هێزی ئاسمانی، فڕۆکەوانی سوپا، بەشی ئەندازەی تایبەت بە رووخاندنی گوند، یەکەی ئەندازەی جەنگی تایبەت بە دروستکردن و کردنەوەی رێگاوبانی چیایی، یەکەی هەواڵگری سەربازی.

شەشەم: فەوجەکانی فەرماندەیی جەحافیلی بەرگری نیشتمانی یەك.

بەشداری و رۆڵی ئەم فەوجانە لە پرۆسەی ئەنفالی یەکەمدا بە کاراکتەری سەرەکی و بە هێزی پەلاماردەری یەکەم دانرابوون، بەپێی تەکتیك و پلانی سەربازی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، دەسپێکی هێرشەکان بە زۆرترین چەکداری ئەم فەوجانە و کەمترین هێزی سەربازی سوپا ئەنجامدراوە. واتە ئەم فەوجانە لە بەرەی پێشەوەی هێرشەکاندا بوون. ئامانجی سوپا لەو تەکتیکە، ئاشکراکردنی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و تەواو ماندووکردنیان بووە، تاوەکو دوای پەلاماری ئەو فەوجانە، سەنگەرەکانیان بەچڕی و بە خەستی بۆردومان بکرێن و پاشان فەوجەکان هێرش ببەنەوە، ئەم تەکتیکە لە رۆژێکدا چەند جار دووبارە کراوەتەوە، ئەمجا جوڵە بە هێزی سەربازی کراوە.

لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانیی گەشتی بۆ دەرەوەی باشوری کوردستان کردبوو، نەوشیروان مستەفا وەکو کەسی دووەم سەرپەرشتیی کاروبارەکانی (ی. ن. ک) دەکرد، بۆ مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی سوپای عێراق چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر، لەوانە بانگهێشتی بەشێك لە تیپەکانی مەڵبەندی یەك و تیپەکانی مەڵبەندی سێ کرد جگەلە تیپەکانی مەڵبەندی دوو کە بارەگایان لە دۆڵی جافایەتی بوو. لەهەمانکاتدا نەوشیروان مستەفا بانگهێشتی سەرکردەو لێپرسراوانی مەڵبەندەکانی یەك (قادر حاجی عەلی) و دوو (دارا حەفید) و سێ (کۆسرەت رەسوڵ عەلی) و لێپرسراوانی عەسکەری و بەشێك فەرماندەی تیپەکان و جێگرەکانیان کردبوو، لە (19/ 2 /1987) لە بەرگەڵو لەگەڵیان کۆبووەوە، تیایدا باس لە بژاردەکانی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی سەربازی چاوەڕوانکراوی سوپای عێراق کراوە، بەرەکان بۆ تیپەکان دەستنیشان کراوە، هەروەها بۆ تێکدانی بەرنامەی سەربازی سوپاکە قسە لەسەر چالاکییەکی گەورە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێراندا کراوە، بۆ ڕزگارکردنی شارۆچکەی دوکان و دەوروبەری، بەشێك لە ئامادەبووان پێیانوابووە، جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە گران بووەو بە زیانی گەورە بەسەرناوچەکە و پێشمەرگەدا دەشکێتەوە لەبەرئەوە وازیان لەو نەخشەیە هێناوە. سەرەنجام بڕیاری بەرەنگاربوونەوەو بەرگری دراوە. هەروەها بڕیاری کردنەوەی ڕێگە بۆ دەربازکردنی دانیشتوانی گوندەکان لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دراوە.

هێزی پێشمەرگە وەك ئاماژەمان پێدا لە تیپەکانی هەر سێ مەڵبەند بوو، تیپە بەشدارەکانی مەڵبەندی یەك بریتی بوون لە (تیپی مەڵبەند، 17ی زمناکۆ، 21ی کەرکوك، 23ی سورێن، 51ی گەرمیان، 53ی شێروانە، 55ی قەرەداغ، 57ی سەگرمە، 59ی حەمرین). هەرچی مەڵبەندی دوو بوو ئەم تیپانە بوون (تیپی پارێزگاری، تیپی مەڵبەند، 23ی سورداش، 25ی خاڵخاڵان، 43ی ئاسۆس، 44ی چەکوچ، 47ی پیرەمەگرون، 49ی سارا، 61ی کۆرەش، 63ی جوتیاران، 68ی مامەندە، 31ی بەرزنجە، 27ی تۆکمە)، تیپەکانی مەڵبەندی سێیش برتیی بوون لە (12ی سۆران، 68 ی مامەندە، 78ی کاروخ، 86ی

دەشتی هەولێر، 87ی قەرەچوخ، 90ی باواجی، 93ی کۆیە، 99ی بێتوێن).

شایەنی وتنە لە دۆڵی جافایەتی جگەلە هێزەکانی پێشمەرگەی (ی. ن. ك)، چەند مەفرەزەی پێشمەرگەی لایەنەکانی تری لێبوو، لەوانە ناوچەی دوکانی (پ. د. ك) و پاسۆك لە گوندی مالومە، حیزبی شیوعی و پارتی سۆشیالیستی کوردستان. هێزی پێشمەرگە لەبەرامبەر هێزەکانی سوپای عێراق بە درێژایی سنوری گەمارۆدراو دامەزران.

حکومەتی عێراق چەند رۆژێك پێش دەستپێکردنی هێرشە سەربازیەکانی پرۆسەی ئەنفالی یەك، لیژنەیەکی سوسەیی بۆ دارِشتنی نەخشەی پرۆسەکە دەنێرێتە ناوچەکە، لیژنەکە لە گەرانەوەیاندا لە کەژاوەیەکی گەورەی ئۆتۆمبێلی سەربازی بە جادەی سلێمانی- دوکان تێپەرِ دەبن، دەکەونە بۆسەیەکی هێزێکی پێشمەرگەوە، زیانی گیانی و مادی زۆریان بەردەکەوێت.

لە بەیاننامەی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)، کە لە ئێزگەی رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) بەبۆنەی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە خوێندراوەتەوە، رۆژی (21)ی مانگ بەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە داناوە. لەگەڵ ئەوەدا زۆرینەی راکان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەکە لەسەررۆژی (26)ی مانگی شوباتدا کۆکن، بەیاننامەی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)، وەك راگەیەنراوێکی فەرمی، پێمانوایە، سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە لە (21)ی شوباتدا بووە.

سوپای عێراق هێرشی سەربازیی پرۆسەی ئەنفالی یەکی لە هەر سێ بەرەی (باشور، رۆژئاوا، رۆژهەڵات)ی ئەنجامدا، ئێمەش لەو سێ بەرەدا باس لە هێرشی هێزەکانی سوپای عێراق و بەرگری هێزی پێشمەرگە دەکەین:

**بەرەی باشور:**

ئەم بەرەیە بەسەرپەرشتی (کۆسرەت رەسوڵ عەلی)ی بەرپرسی مەڵبەندی سێ بوو، سنورەکەی بریتی بوو لە گوندی شەدەڵە، شاخەکانی پشتی سەرگەڵو، لەزنجیرەی ئەو شاخانەوە هەتا جاسەنە و قەمچوغە، ئەو بەرزاییانەی بەسەر جادەی دوکان - سلێمانیدا دەیرِوانی.

لەم بەرەدا لە دوو قۆڵەوە هێرشیان هێناوە:

قۆڵی یەکەم: لە جادەی گوندی سورداشەوە بە دوو بەشەوە یەکەمیان بەرەو گوندی زێوێ، دووەمیان بۆ بەرزاییەکانی

قوڵەپوشێن، قوڵەسەوز، کلکەی سپیلك، لەوێشەوە بەرەو گوندی شەدەڵە.
قۆلی دووەم: لە جادەی قەزای دوکانەوە بەرەو گوندەکانی سورداشی کۆن، هۆمەرقەوم، شەدەڵە، شاخی دابان.

**بەرەی رۆژئاوا:**

هێزەکانی سوپای عێراق لەم بەرەدا لەم قۆڵانەوە هێرشیان کردووە:
یەکەم: لەسەر جادەی بنگردەوە بەرەو گوندەکانی هەنجیرە، شارستێن، سێدەر، دۆڵەبی، هەوارەبەرزە.
دووەم: لە ناحیەی بنگردەوە بەرەو گوندەکانی ئاوەژێ، چنارنە، سێروان.
سێیەم: لە شاخی قەرەسردەوە بەرەو گوندی قەڵەم پاشا و چیای کلاوسپی.
ناوچەی مەرگە چەند بەرزاییەکی گرنگی لە خۆگرتبوو، لەوانە (گەورەقەلا، کۆزەروتان، بێدەلان، داری زەکەریا، هەوارەبەرزە، کلاوسپی، دەوڵەتیار، سماقە، بەردە قڵیش، چیای ئاسۆس، دارەبەنان). گوندەکانی ئەم ناوچەیە کەوتبوونە نێوان دامێنی چیاکانەوە، ئەوانیش (هەنجیرە، شارستێن، سێدەر، دۆڵەبی، هەوارەبەرز، ئاوەژێ، چنارنە، سێروان، گۆمەزەڵ، یاخیان، مەلا سەفی، هەلۆنە، کانی توو، لۆتەر، بیوکە) بوو.

ئامانجی سوپا لەم بەرەیەدا جگەلە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە بریتی بوو لە کشان بەرەو پشتی گوندەکانی (سەرگەڵو و بەرگەڵو و مالومە) بۆ گەمارۆدانی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك). ئەو ناوچانە لەدوای بەرەی باشور، بەگوێرەی پلانی سەربازی سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا، بریتی بوون لە بەرەکانی دووەم و سێیەمی پلانەکە، وەك نزار خەزرەجی دەڵێت: "... دووەمیان لە باکوری (قەلادزێ)وە بوو، بۆ ئەوەی بتوانین گەمارۆیان بدەین، ئەمجا لەناویان ببەین، هەوڵماندا هاوکات بێت لەگەڵ یەکەم. سێهەمیان هێزێکی تر لە رۆژئاوای (قەلادزێ)وە هێرش ببات، ئامانجی ئەمەیان بۆ لێدان و گەمارۆدانی پاشماوەی ئەوانەبوو لە یەکەم و دووەمدا شکست دەخۆن هەروەها دەستگرتن بەسەر ئەو بارەگایانەی مابوون".

**بەرەی رۆژهەلات:**

ئەم بەرەیە بەسەرپەرشتی بەکری حاجی سەفەر و هاوکاری (جەعفەر شێخ مستەفا)ی لێپرسراوی بەشی عەسکەری

مەڵبەندی یەك بوو. سنورەکەی دۆڵە رووت و شاخەکانی کوێرەنگ، دوو برا و شاخەڕەش هەتا گوندەکانی (گاپیلۆن و گەڕەدێ) لە بناری شاخی گۆجار گرتبووەوە. ئەم بەرەیە بەرزاییەکانی (پیربابیز، ئالآبەرو، شاخەڕەش، هێلانەبەراز، شاخەسور، گۆجار، خەجەلەرزۆك) گوندەکانی (باڵخ، ولاغلوو، گەڕەدێ، گەورەدێ، گاپیلۆن، سنگر، مێولاکە، چۆخماخ، مالومە) لە خۆگرتووە.

هێزەکانی سوپای عێراق لەم بەرەیەدا لەم قۆڵانەوە هێرشیان بردووە:

١- لە دۆڵە رووتەوە بەرەو گوندی قزلەر لەوێشەوە هێزەکەیان کردووە بە دوو بەشەوە، یەکەمیان بەرەو شاخی یاخیان-لوتکەی چاپەر بەرامبەر گوندی زێوێ، دووەمیان بەرەو کەڵکی قزلەر.

٢- لە رێگەی سەرەکی ناحیەی کارێزەوە بۆ گوندی گاپیلۆن، لێرەوە بۆ سەر زنجیرە شاخی هێلانەبەراز و شاخەسور و گۆجار و خەجەلەرزۆك، هەروەها بۆ سەر گوندەکانی (باڵخ، ولاغلوو، گەڕەدێ، گەورەدێ، مالومە).

### کردنەوەی بەرەی شارۆچکەی هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی شارۆچکەکە:

بیرکردنەوە لە ئازادکردنی شارۆچکەی (هەڵەبجە) لەلایەن جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردیەوە لە مانگی ئازاری (1988)داو هاوکاتی پرۆسەی ئەنفالی یەك دەرنەکەوتووە، بەڵکو پێشتر بیر لە ئازادکردنی هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی تر لەوانە (دوکان، رانیە، قەڵادزی، پشدەر، بتوێن تا شاخی هەیبەت سوڵتان) کرابووەوە. بەڵام ئەم بەرنامەیە لە کاتی خۆیدا نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت. هەڵدانەوەی (بەرنامەی ئازادکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە) لە کاتی پرۆسەی ئەنفالی یەکدا بەهۆی درێژەکێشانی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر مەرگە و دۆڵی جافایەتی بوو، بەو هۆیەوە تاوەکو دەهات زیانی پێشمەرگە و ناوچەکە زیاتر دەبوو. هەوای ناوچەکەش بە چەکی کیمیایی بە تەواوی ژەهراوی ببوو، هێرشەکانی سوپای عێراق فشارێکی زۆری بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) هێنا بوو، ترسی کەوتنی هەبوو. لەبەرئەوە بیر لە کردنەوەی بەرەیەکی تر کراوەتەوە بە ئامانجی کەمکردنەوەی فشار و رێگرتن لە کەوتنی، چونکە سەرکەوتنی پرۆسەی ئەنفالی یەك کاری دەکردە سەر بەرگری جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لە ناوچەکانی تر بە جۆرێك ئەگەری کۆتاییهاتنی جوڵانەوەکەی هەبووە. ئەوەبووە لەگەڵ

لایەنەکانی (بەرەی کوردستانی) و ئێران جارێکی تر ئەو بەرنامەیە تاوتوێکراوە. لەم رووەوە بۆ ئازادکردنی دوو ناوچە رێککەوتبوون یەکەمیان ناوچەکانی قەلادزێ تاوەکو، رانیە لەوێشەوە بە ئاڕاستەی زنجیرە چیای هەیبەتسوڵتان، کە دەکەوێتە نێوان دۆڵی خەلەکان و شارۆچکەی کۆیە، دووەمیان رزگارکردنی ناوچەکانی هەڵەبجە و شارەزوور بە ئاڕاستەی زنجیرە بەرزاییەکانی ناوتاق و فەقیرە و دارەڕەش و گڵەزەردە، تاوەکو دەگاتەوە دەربەندی بازیان و دەربەندیخان و چیای زمناکۆ.

هێرشی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە لە کاتژمێر (1: 30 ی شەوی 12 – 1988/3/13) بۆ سەر هەڵەبجە و شارەزور و هەورامان دەستپێکردووە. هاوکات بۆ پاڵپشتی هێرشی زەمینی تۆپخانەکانی ئێران تۆپبارانی بەرەکانی سوپای عێراقیان کردووە. لەگەڵ ئەوەدا چەند فیرقەیەکی تر بە هانای هێزەکانی سوپای عێراقەوە لەو سنورەدا هاتبوون، بەڵام بەلاوازی مابوونەوە، بەرگری و جموجوڵی سەربازیی ئەوتۆیان نەبووە، بەڵکو پاشەکشەیان کردووە و سەنگەرەکانیان چۆڵ کردووە. بەو هۆیەوە شارۆچکەکە لە سەعات چوارو نیوی پازدەی مانگدا ئازادکراوە.

سەرەنجام کاردانەوەی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر لەدەستدانی ئەو شارۆچکەیە هاتووە، پێش ئەوەی خۆشی، ورەی پێشمەرگەکانی دۆڵی جافایەتی بەرز بکاتەوە، ئەوەبوو لە کاتژمێر (11.30)ی ڕۆژی شازدەی مانگدا لە رێگەی پەنجا فڕۆکەی جەنگیەوە، کە هەریەکێکیان چوار بۆمبی کیمیایی بە کێشی (500 کگم) بۆ هەر بۆمبێك هەڵگرتبوو، بۆمبەکان گازی (خەردەل، سیانید، دەمارگاز) بوون رژاندیانە سەر هەڵەبجە، لە ئەنجامی بۆردومانی کیمیایی شارۆچکەی هەڵەبجەدا، نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە حەوت هەزاری تریش بریندار بوون.

بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجە نەك هەرزیانی گەورەی مرۆیی و مادی بە خەڵکی هەڵەبجە گەیاند، بەڵکو بە جارێك ورەی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی باشوری کوردستانی رووخاند. ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکانی یوست هێلتەرمان بە تەواوی یەکدەگرێتەوە، پێیوایە، بۆردومانی کیمیایی شارەکە بۆ دەسبەسەراگرتنەوەی لەرووی سەربازییەوە نەبووە، چونکە دوای کارەساتەکە، شارەکە

بۆ ماوەی چەند مانگێك لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا ماوەتەوە. بۆردومانی هەڵەبجە هۆکار و ئامانجی تری لەپشت بووە، ئەویش لێدانی سایکۆلۆجیەتی پێشمەرگە و تۆقاندنی خەڵکی کورد بووە. هەروەها پێیوایە پێش کارەساتەکە و دوای کارەساتەکە دوو قۆناغی جیان، پێش کارەساتەکە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی بەهێز بووە، وایکردبوو حکومەتی عێراق چەندەها ساڵ بوو نەیتوانیبوو بە هێزی زەمینی و ئاسمانی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات و هەڕەشە لە دانیشتوانەکەی بکات، راستە زۆرێك لە گوندەکان وێران کرابوو، ئەوانەشی مابوونەوە بەهۆی هێرشە زەمینی و ئاسمانیەکانی عێراقەوە ژیانیان سەخت و نالەبار ببوو. لەدوای کارەساتەکە ئارەزووی بەرگریکردنی پێشمەرگە تەواو لاواز بوو، سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لە سەرگەڵو دوای سێ رۆژ لە کارەساتەکە لەلایەن عێراقەوە گیرا.

## بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا:

سوپای عێراق لە هێرشەکانیدا بۆ سەر دۆڵی جافایەتی بە (چەکی کیمیایی) لە رێگەی فرۆکە و تۆپی دوور هاوێژەوە بۆردومانی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و دێهاتەکانی کردووە. سوپا دەسپێکی هێرشەکانی لە شەوی (25 – 1988/2/26) بە چەکی کیمیایی بۆ سەر (گوندی گوێزیلە) بوو، هەمان شەو لەگەڵ گوندی گوێزیلە، گوندەکانی (بەرگەڵو، سەرگەڵو، هەڵەدن، یاخسەمەر)ی بە چەکی کیمیایی بۆردومان کردووە. ئیتر چەکی کیمیایی بە ڕادەیەکی زۆر لە پەلاماردانەکانی سوپای عێراقدا تاوەکو کۆتایی هێرشەکە بەکارهێنراوە.

لەدوای ئەم رووداوە، دەزگای تەندروستی (ی. ن. ك) دەستبەجێ رێنمایی خۆپاراستن و فریاگوزاری خێرای بۆ خەڵك و پێشمەرگە راگەیاندووە.

لە سەعات دوو نیوی شەوی (25 – 1988/2/26)دا بە تۆپی دوورهاوێژی کیمیایی بۆردومانی ماڵەکانی نزیك ئەشکەوتەکەی کردووە. شایەتحاڵەکان باس لەوە دەکەن، کە بەرکەوتووەکان هەندێکیان هەناسەیان توند بووە، کەف و لیکیان دەرداوە، هەندێکی تریان باری دەروونیان تێکچووە و هاوار و قسەی بێسەروبەریان کردووە، هەندێکی تر فرمێسکی زۆر لە چاویان هاتووە. بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵو گواستراونەتەوە، لەوێ دکتۆرەکان چارەسەری بەرکەوتووەکانیان کردووە و

ڕێنمایی خۆپاراستنیان پێداون.

شایەدحاڵێکی تر باسی لەوە کرد، کە گازەکە بۆنی سێو و پرتەقاڵ لێهاتووە، نیشانەی بەرکەوتەکان هەندێکیان لەشیان بلۆقی کردبوو، هەندێکی تریان هەناسەیان توند ببوو، بەشێکی تریان زۆر پێدەکەنین و ڕایان کردووە و پەلاماری کەسانی تریان داوە.

سوپای عێراق جگەلەوەی بەردەوام بەرەکانی جەنگ و گوندەکانی بە تۆپ و کاتیۆشا و فڕۆکە و هێلیکۆپتەر بۆردومان کردووە. لەهەمانکاتدا بەردەوام بووە لە بۆردومانی کیمیایی، دوابەدوای بۆردومانی ئەو گوندانەی پێشتر باسکران، بۆردومانی کیمیایی (شارەدێی سورداش)ی کردووە. جارێکی تر ئەو گوندانەی لە (1988/2/28) بۆردومانی کیمیایی کردوەتەوە. هەروەها بۆردومانی کیمیایی، گوندەکانی (باڵخ، چۆخماخ، قەرانگوێ، مالومە، چاڵاوا) گرتۆتەوە.

گوندەکانی (هەڵەدن و یاخسەمەر) کەوتبوونە دامێنی ئەم دیوی زنجیرە چیاکانی (دابان و هەلاج و ئاسنگەران)هوە، گوندی هەڵەدن نزیکەی (150) ماڵ دەبوو، بەو هۆیەوە کوژرانی باوك و کچێك و بریندابوونی چەندانی تری لێکەوتۆتەوە، یاخسەمەریش شەست ماڵ بووە، بەهۆیەوە پێنج کەس لە خیزانێك کوژران. پێگەی گوندەکانی مالومە و چاڵاوا کەوتبوونە دوای ئەو گوندانەی پێشوو، بەڵام ڕێگەی دەرچوونی دانیشتوانی گوندەکان بەرەو ئێران بووە، بەهۆیەوە کوژران و بریندابوونی چەندانی تری لێکەوتۆتەوە. کەواتە سوپای عێراق بە ڕێژەیەکی زۆر و بەردەوام چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، بەڵام سەختی کەشوهەوا وەك بارینی باران و بەفرنەبووایە کاریگەریەکەی توندتردەبوو.

دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئەنفالی یەك، حکومەتی عێراق، (حەوت پرۆسەی تری ئەنفال)ی لە شەش ناوچەی جیای تر لە باشوری کورستاندا بە ئەنجام گەیاندووە.

## باسی چوارەم
## ئەنجامەکانی پرۆسەی ئەنفالی یەک

### تەوەری یەکەم:
### چۆڵکردنی گوندەکان و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکانیان:

گوندنشینان باسی ئەوە دەکەن، لەگەڵ هاتنی سوپای عێراق و گەمارۆدانی ناوچەکەیان بەشێکیان خێزانەکانیان

بەتایبەتی ژن و منالیان بە نهێنی رەوانەی ناو شار و ئۆردوگاکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت کردۆتەوە و خۆیان شاردۆتەوە.

دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی یەك، ئەنجومەنی گوندەکانی چەند گوندێك دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێت چیتر ناتوانن لە هەوارەکانی خۆپاراستن بمێنەوە، لەبەرئەوە لەبارەی چۆڵکردنی گوندەکانیان بۆ راوێژ چووبوونە لای نەوشیروان مستەفا، لە وەڵامدا پێی وتبوون: ئێمە دوژمنێکمان (حکومەتی عێراق - توێژەر) هەیە وێنەی بۆ بێرەحمی و دڕندایەتی نییە، دۆستێکیشمان (دەوڵەتی ئێران - توێژەر) هەیە لە دنیادا وێنەی بۆ بێوەفایی نییە، لەبەرئەوە خۆتان ئازادن دەچن رادەستی عێراق دەبنەوە یان دەڕۆن، لە ئێران دەبن بە پەنابەر، لە هەردوو حاڵەتدا نازانم عێراق وازتان لێدەهێنێ یان دەتانکوژێت، ئێران حورمەتتان دەگرێ یان سوکایەتیتان پێدەکات، خۆتان بڕیاری خۆتان بدەن". وتەکانی نەوشیروان مستەفا کاریگەری خۆی لەسەر خەڵکی گوندەکان بووە، بەو هۆیەوە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو دێهاتەکان بەرەو ئێران بە ڕێکەوتوون.

## تەوەری دووەم:

## پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە:

هاوشان لەگەڵ بەردەوامی هێرش و پەلاماری سوپا بۆ سەر دۆڵی جافایەتی، ئەندامانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) و فەرماندەکانی قۆڵەکان بەردەوام لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی بەرەکان کۆدەبوونەوە، لە دوا کۆبوونەوەدا بڕیاری کۆتایی بە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە و چۆڵکردنی بەرەکان دراوە، هەروەها لەسەر ئەوە رێککەوتبوون، کە ئەو بڕیارە رانەگەیەنرێت، تاوەکو هەموو دانیشتوان و بریندارەکان دەگەنە ئێران. بەڵام بۆردومانی کیمیایی شارۆچکەی هەڵەبجە لە (1988/3/16)دا، کاریگەری راستەوخۆی بووە، تاوەکو هێزی پێشمەرگە (ی. ن. ك) بڕیاری پاشەکشەی یەکلابکاتەوە، پەلە لە جێبەجێکردنیدا بکات، لەبەرئەوە لە رۆژی (16)ی ئازاردا دەستی بە سوتاندنی ئۆتۆمبێل و بنکە و بارەگاکان و تەقاندنەوەی ئەو چەکە قورسانەی نەگوێزراونەتەوە کردووە، تاوەکو هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراق سودیان لێ نەبینێ، بریندارەکان بە هیلیکۆپتەری ئێرانی گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران. ئینجا لە شەوی

(17)ی ئازار بە ڕێکوپێکی دەستکراوە بەچۆڵکردنی بەرەکان و ڕۆیشتنی هێزەکان بۆ سەر سنوری ئێران.

## تەوەری دووەم:

## ئەنفالکردنی دانیشتوانی سنوری پرۆسەی ئەنفالی یەک

لەگەڵ بەڕێوەچوونی هێرشە سەربازیەکانی پرۆسەی ئەنفالی یەکدا، سکرتاریەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حیزبی بەعس لە (1988/2/26)دا فەرمانی گرتنی ئەو خانەوادانەی دەرکرد، کە لە ناوچەکانی (گوندە مەترسیدارەکان)هوە بەرەو شار و شارۆچکەکان دێن. پارێزگاری سلێمانی، وەك سەرۆکی ( لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی نەیار) لە پارێزگاکەیدا، بە نوسراوێك بۆ ئەو مەبەستە گشت لقەکانی (لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی) لە (قەزا و ناحیەکان) لەو بڕیارە ئاگادار کردۆتەوەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش کردووە، کە هەر کەسێك، ئەو خانەوادانە بگرێتە خۆی و پەنایان بدات، سزا دەدرێت. لە پەراوێزی نوسراوەکە، داواکراوە گشتاندنی بۆ هەردوو لیژنەی لقەکانی (بازیان و سوسێ) بۆ بکرێت، چونکە ئەگەری هەیە خەڵك لەو گوندانەوە روو لەو دوو ناوچەیە بکەن. لەهەمانکاتدا کۆپی بۆ فەیلەقی یەك و پێنج و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ناردووە. دواتر پارێزگاری سلێمانی بە نوسراوێکی تر، فەرمانی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور، سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی تایبەت بۆ کۆکردنەوە و ڕاگرتنی خەڵکە گەڕاوەکان بۆ هەردوو فەیلەقی یەك و پێنج و ئەمنی ناوخۆ ڕادەگەیەنێت، پێیان ڕادەگەیەنێت، هەروەها داوایکردووە، کە فەیلەقەکان سەربازگەی تایبەت بۆ شوێنی ڕاگرتنی ئەو خەڵکە تەرخان بکەن، دەزگای هەواڵگری سەربازیی لە هەر فەیلەقەدا سەرپەرشتی پرۆسەی گرتنی ئەو خەڵکە بکات.

لەهەمانکاتدا ئەو خێزانانەی لەو ناوچانەی پرۆسەی ئەنفالی یەك و دوو و سێی تیایاندا ئەنجامدرابوو، بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەگەڕانەوە، بەپێی نوسراوی سەرکردایەتی فیرقەی ڕەواندوزی حیزبی بەعس هاتووە، ئەو خێزانانە دەبێت، وەك تێکدەر (پێشمەرگە) هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، دەبێت دەستگیربکرێن و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن بکرێن. حکومەتی عێراقی لە ئەنفالکردنی دانیشتوانی سنوری پرۆسەی ئەنفالی یەك لەکاتی هێرشە

سەبازییەکاندا، وەك ئەوەی پلانی بۆ دانابوو، لە گرتنی دانیشتوانەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە، لەبەرئەوە ڕێکخراوی میدڵ ئێست وۆچ، پێیوایە، کە لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا هیچ کەس ئەنفال نەکراوە. بەو هۆیەوە ڕێکخراوەکە هیچ ناوێکی تۆمارنەکردووە، لەمبارەوە دەڵێت "لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا هیچ بەڵگەیەك لەبەردەست نیە، کە بێسەروشوێنکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی سیڤیل دەربخات. ئەوانەشی (کوژراون) لە گوندەکانی (هەڵەدن، سەرگەڵو، قەرەچەتان)ی ناحیەی سورداش، گوندی مالومە لە ناحیەی (کارێزە) یان بە هۆی بۆمباران، تۆپباران، هێرشی کیمیایی، یان لە سەرماوە بووە".

ئەم باوەڕەی ڕێکخراوی میدڵ ئێست وۆچ لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە کاتی پەلامارە سەربازیەکاندا گرتنی بەکۆمەڵ نەبوو بێت، پێمانوایە هۆکاری ئەمە بۆ سەرنەکەوتنی هێزەکانی عێراق لە جێبەجێکردنی پلانی پرۆسەی ئەنفالی یەك وەك خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە لە کاتێك هێزەکانی سوپا چوونەتە گوندەکانەوە، ئەوەندەی کەسی سیڤیلیان کەوتبووبێتە بەردەست دەستبەسەریان کردوون، واتە لە سەروبەندی پرۆسەکەدا بەکۆمەڵ خەڵکیان گرتووە، گوندنشینان باس لە چیرۆکی گیران و کوشتنی ژمارەیەك کەسی پیر و پەککەوتە دەکەن، کە لە گوندەکاندا (مابوونەوە یان جێمابوون)، نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەوانی تردا بۆ ئێران بڕۆن. لەوانە لە گوندی (چۆخماخ) شەش کەسی بە تەمەن بوون، دووان لەمانە بە ناوەکانی (عەبدوڵڵا شەریف پیرۆت و خەدیجەی هاوژینی) بەهۆی زۆری تەمەنیانەوە پاش ماوەیەك لە سلێمانی ئازاد دەکرێن، ئەوانی تر ئەنفال دەکرێن و لە (نوگرەسەلمان) زیندانی دەکرێن، هەروەها لە ناوەندی گوندی (مالومە)، یەکێك جێمابوو، کە لەڕووی دەروونییەوە تەواو نەبووە، لەکاتی هاتنی سوپادا دەستگیرکراوە و ئەنفال کراوە.

هەروەها چوار کەسی تریش لە خەڵکی گوندی مالومە لەگەڵ دوو کەسی بە تەمەنی تری خەڵکی (گوندی چالاوا)، لە یەکێك لە هەوارەکانی خۆپاراستن (گەندەران) لەنزیك (گوندی چالاوا) مابوونەوە کاتێك هێزەکانی سوپا دێت، یەکێکیان بۆ خۆناساندن بە سەربازەکان دێتەدەر، دەستبەجێ دەستڕێژی گوللەی لێدەکەن و دەکوژرێت. دواتر ئەوانی

تر دەمێننەوە، تاوەکو ئەو کاتەی سەربازەکان دەڕۆن، پاشان روودەکەنە چیای ژیلوان، بەڵام لەوێ لەلایەن دوو سەربازەوە دەبینرێن و دەستگیر دەکرێن، پاشان بە هیلیکۆپتەر دەگوێزرێنەوە بۆ (قەزای دوکان). ئەمانە دوای دەرچوونی بڕیاری (لێبووردنی گشتی) لە (نوگرەسەلمان) ئازاد دەکرێن.

لە گوندی (قەرانگوێ) چوار کەسی پیر بەجێمابوون، یەکێکیان بەهۆی بۆردومانەوە کوژرابوو، ئەوانی تریش لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراون. لە گوندی (هەڵەدن)یش دوو ئافرەتی بە تەمەن، کە هەردووکیان (نابینا) بوون، یەکێکیان بەهۆی کاریگەریی چەکی کیمیاییەوە بینایی لەدەستدابوو، چارەنوسی نادیارە. بەڵام ئەوی تریان لە مانگی (1988/12) بەهۆی دەرچوونی یاسای (لێبووردنی گشتی)یەوە لە زیندانی (نوگرەسەلمان) ئازادکراوە.

گرتنی بەکۆمەڵی (99) کەس لە پیاوو ئافرەت و منداڵی خەڵکی سنوری پرۆسەی ئەنفالی یەك لە دەڤەری بەری مەرگە، کە لە بەڵگەنامەیەك بەناوی (پوختەی ئەنفالی یەك) هاتووە، هەروەها ئەوانەی لە گوندەکاندا بەجێمابوون، ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی حکومەتی عێراق پشتراستیان کردوونەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی لە بروسکەی لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پرۆسەی ئەنفالی یەك هاتبوو، ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە ژمارەیەك خەڵك لە سەروبەندی پرۆسەکەدا گیراون، بە مانشێتی گەورە نووسیویانە: (... لەگەڵ بە دیلگرتنی ژمارەیەك لە گومڕایان و خیانەتکاران).

سەرنەکەوتنی هێزەکانی سوپای عێراق لە جێبەجێ کردنی تەواوی پلانی پرۆسەکە، دەربازبوونی خەڵك بەهۆی چوونیان بۆ ئێران. وازی لە پەنابەرەکان نەهێناوە، لە کۆتاییەکانی مانگی ئازاردا لەڕێی فرۆکەوە نامەی ئاگاداری بەناویاندا بڵاوکردۆتەوە، لەو نامانەدا پێی ڕاگەیاندبوون، حکومەت بڕیاری لێبووردنی داوە و داوای لێکردون بگەڕێنەوە عێراق. خەڵك لە ترسی ژیانی خۆیان لە ستەمی حکومەتی عێراقی رایان کردبوو، لەهەمانکاتدا تامەزرۆی گەیشتنەوە بە کەسوکاریان بوون، کە پێشتر گەڕابوونەوە، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی فریوودا، لە مانگی نیسانی (1988)دا گەڕانەوە و دواتر ئەنفالکراون.

کاتێك گوندنشینێك لە شاری سەردەشت کۆپیەك لەو بڵاوکراوەیە هەڵدەگرێتەوە، لەوانە سەرگەڵوییەکان، ئیتر ئەمان لەگەڵ هەندێك لە خزمانیان لە سێکانیانیەکان لە (1988/4/10)دا گەڕاونەتەوە قەڵادزێ، کاتێك خەڵکەکە لە شار و گوندەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە لە ئێران گەڕانەوە، هاتوونەتە گوندی (سونێ) لە قەڵادزێ، کە هاوسنوری شاری (سەردەشت) ی ئێرانە.

هەموو ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا سازکردوون، ئەو راستییە باس دەکەن، کە چۆنیش کەوتوونەتە داوی (بڕیاری لێبووردن)ەوە، لەوانە گوندنشینێکی گوندی سێکانیان، لەمبارەوە وتی "ئێمە لە شاری (سەردەشت) رۆژهەڵاتی کوردستان بووین، هەندێك کەس پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد، کە حکومەت و پێشمەرگە دانوستان دەکەن، عێراقیش بە فڕۆکە نامەی بۆ خەڵك بەردابووە خوارەوە، کە بڕیاری (لێبووردنی) دەرکردووە. ئیتر ئێمە هاتینەوە گوندی (شێنێ)ی سەرسنور و دواتر چووینە گوندی (سونێ). مام سدیق سەعید، یەکێك بووە لەوانەی گەڕابوونەوە، بەڵام ئەم نەچۆتە لای ئەو مستەشارەی کە کەسوکارەکەی رادەست کردبووەوە. بەم شێوەیە باسی گەڕانەوەی سێ خێزانی خۆیان لە خەڵکی گوندی مالومە کرد: "ئێمە لە گوندی (نوێژگە) لە شاری بانە بووین، کاتێك لەسەرەتای مانگی نیسانی (1988)دا حکومەتی عێراق بڕیاری (لێبووردنی) راگەیاند، ئیتر گەڕاینەوە، لەسەر سنوردا هاتینە گوندی (سونێ) لە قەڵادزێ، لێرە خەڵکانێکی زۆرمان بینی کە گەڕابوونەوە، نزیکەی (1350) کەس دەبوون. خۆیان رادەستی (ئیبراهیم ئاغا) مستەشار کردووە، کە بەڵێنی پاراستنی پێدابوون، بەڵام ئەویش سەرجەمیانی رادەستی مونەزەمە (رێکخراو)ی حیزبی بەعس کردووە و سەرجەمیان ئەنفالکران.

خەڵکی گوندەکانی (گەڵاڵە، قەرانگوێ، هۆمەرقەوم، سەرگەڵو، گاپیلۆن، هەڵەدن) ئەمانیش کە لە مانگی نیسانی (1988)دا گەڕاونەتەوە قەڵادزێ و دواتریش بە هەمان چیرۆکی ئەوانی پێشوو ئەنفالکراون.

گوندی (سەرمۆرد) بە پێچەوانەی گوندەکانی ترەوە، دوای دەستپێکردنی هێرشە سەربازییەکانی سوپای عێراق و بۆردومانکردنی ناوچەکە، وەك ساڵانی پێشوو بۆ خۆپاراستن چونەتە ئەشکەوتەکانی دەرەوەی گوندەکە، کاتێك

دەگەڕێنەوە، دەبینن شوێنی بۆردومانەکە سپی بووە، بۆیان دەردەکەوێت، کە بۆردومانی کیمیایی بووە، لەبەرئەوە بەشێکیان بەرەو ئێران رۆشتوون و بەشێکی تریان چوونەتە ئەشکەوتەکانی دەرەوەی گوندەکەو لەوێ ماونەتەوە. ئەوانەی لە ئەشکەوت لە پیاو و ژن و منالّ مانەتەوە، ژمارەیان (33) کەس بووە. جار جار بۆ بەدەستهێنانی خواردن پەنایان بۆ گوندەکە بردۆتەوە، رۆژێك یەکێك لەوان بۆ زانینی رەوشی گوندەکە گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکە، سەرباز و چەکدارانی فەوجی بەرگری نیشمانی بینیووە، بۆی دەردەکەوێت، کە چیتر ناتوانن لە ئەشکەوتەکاندا بمێننەوە، لەبەرئەوە هەموویان خۆبەدەستەوەدان بە باشتر زانیووە و خۆیان رادەستی چەکدارانی فەوجی بەرگری نیشمانی کردووە. لە گوندەکەدا بۆ ماوەیەك دەستبەسەر کراون، پاشان براونەتە زیندانی (سەربازگەی قەلّای سوسێ و دوکان) تاوەکو دواجار لە (قەلّای سوسێ)وە نێراونەتە زیندانی(بارەگای تەواری) لە سلێمانی، پاشان رەوانەی بارەگای (جەیشی شەعبی (تۆپزاوا) لە کەرکوك کراون، کە دوا کەمپی کۆکردنەوە بووە.

## تەوەرەی سێەم:
## زیانەکانی پرۆسەی ئەنفالی یەک

ئاشکرایە پرۆسەکانی ئەنفال لە رێگەی کردەی سەربازییەوە ئەنجامدران، حکومەتی عێراق پرۆسەی ئەنفالی یەکی لەنێوان (21/ شوبات) تاوەکو (1988/3/19) بە ئەنجام گەیاند، سنوری پرۆسەکە لە شارباژێر و دوکان و سەرچنار لە پارێزگای سلێمانیدا بوو، کە حکومەتی عێراق بە ناوچەی (مەترسیدار و قەدەغەکراو) دایانابوون. پرۆسەکە بەپێی بەرنامەو نەخشە، پلانی تایبەتی بۆ دانابوو، لە ئامانجەکانی پرۆسەکە لەناوبردنی زۆرترین مرۆڤی کورد لەو ناوچانەدا و سوتماککردنی خاکەکەیشی بووە. ئەم ئامانجە عەلی حەسەن مەجید لە تۆمارێکی دەنگیدا باسی کردووە، دەلّێت: "شالّاوی راگوستن تەواو دەکەین.. دەست بە زنجیرەیەك پرۆسەی رێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراوی سەربازیی بۆ سەرناوچە سەخت و یاخییەکان دەکەین و بەسەریاندا دەدەین.. لە هەر کۆمەلّێك سێیەك یان نیوەی خاکەکەیان دەبەین.. ئەگەر بتوانین سێیەکی دەبەین. لە ناوچەیەکدا گەمارۆیان دەدەین.. دواتر بە کیمیایی لێیاندەدەین و زیانی گەورەیان لێدەدەین، بۆردومانی کیمیایی

(15) رۆژ نا، دوو رۆژ و سێ رۆژ نا، دوانزە و پێنج و چوار، بەم شێوەیە بەردەوام دەبین.. ئەمجا رای دەگەیەنم، کە رێگەدەدەم بە خۆیان و چەکەکانیان رادەست بکانەوە، پێیاندەڵێم، لێتان دەبورم، ئەمجا بە زمانی کوردی (سۆرانی و بادینی) خۆیان و عەرەبی، ملیۆنان نامەی لێبووردن لە چاپ دەدەم لە باکوردا (باشوری کوردستان- تویژەر) بڵاوی دەکەمەوە... پێیان دەڵێم کێ دێت بەخێربێت، ئەوەی نایەت، ئەوا دووجار بە کیمیایی قڕکەر و نوێ لێتاندەدەین، پێیان ناڵیم بە کیمیایی، ئەمە لە تۆماردا تۆمارکراوە.. پێیان دەڵێم، بە چەکی نوێ لێتان دەدەم.. خوا بیکات لە ناوتان دەبات.. ئەمە راستییە، ناتوانن لاشەکانیان کۆبکەنەوە، من دڵنیام، واتە بەخوا... بەخوا... بەخوا وەك ئەوە وایە، کە ئێستا دەتانبینم".

لە وتەکانیەوە بەڕوونی دەردەکەوێ، کە ئامانجی سەرەکی پرۆسەکە زیانگەیاندن بووە بە ناوچەکانی پرۆسەکە، لەبەرئەوە ئەم پرۆسەیە چەندین زیانی لەڕووی دیمۆگرافی و مرۆیی و ئابوورییەوە لێکەوتۆتەوە.

## دەرئەنجام:

یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافی دۆڵی جافایەتی، بەتایبەتی کە سنوری هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانی پێکهێناوە، وایکردووە کە ناوچەکە بایەخی سیاسی و ستراتیجی و سەربازیی تایبەتی و گرنگی بۆ هەردوو دەوڵەتەکە هەبێت، لەبەرئەوە لە ساڵانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، ناوچەکە بووەتە گۆڕەپانی جەنگی نێوانیان، چەندین جار هەڵکشان و داکشانی باڵادەستی سوپای هەردوولای بەخۆیەوە بینیووە، ئەنجام و کاریگەریی خراپی لەسەر ناوچەکە جێهێشتووە و ناوچەکە چەندین جار تووشی راگواستن و وێرانی بووەو دانیشتوانەکەیشی ئاوارەو دەربەدەربوون و زیانی گیانی و مادی لێکەوتووە، ناوچەکە بۆتە وێرانە و ژیانی تێدا نەماوە.

دووەم: لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (1975)دا، ناوچەی دۆڵی جافایەتی بۆتە لانکەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، بەجۆرێك ناوچەکە بوو بە سەرچاوەیەکی مرۆیی بەپیت بۆ لایەنەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی، بەتایبەتی بۆ (ی. ن. ك)، کە بارەگا سەرەکیەکانی وەك سکرتاریەتی سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی و مەڵبەند و ئێزگە و نەخۆشخانە و بارەگاکانی تری ئەو حیزبەی لەخۆگرتبوو. گشت ئەوانە، سەرەڕای ئەوەی، کە ناوچەکە ژیانێکی

ئازادی تیادا دامەزرابوو، بە هەمان شێوە ئەنجام و کاریگەریی خراپی لەسەر ناوچەکە جێهێشت، ناوچەکە بووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگە، حکومەتی عێراق، جگەلە پەماری سەربازیی و بۆردومانی تۆپ و فڕۆکە، گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر ناوچەکە، لەهەمانکاتدا هێزی پێشمەرگەش، جگەلە بەرگریی لە ناوچەکە، چەندین داستانی وەك (قەیوان - ماوەت و رزگاری) و رزگارکردنی ناحیەی کارێزە تێدا تۆمارکردووە، بەو هۆیانەوە ناوچەکە چەندین جار تووشی راگواستن و وێرانی بووەتەوە، دانیشتوانەکەیشی ئاوارە و دەربەدەربوون و زیانی گیانی و مادیی لێکەوتووە.

سێیەم: هەڵوێست و سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر لایەنەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەلایەك، هەروەها سیاسەتەکانی بۆ جینۆسایدکردنی دانیشتوانی باشوری کوردستان، لەلایەکی ترەوە هۆکار بوون، تاوەکو لایەنەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، بەڵام ئێران لەگەڵ ئەوەدا تاوەکو دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال بەردەوام هێرشی سەربازیی بۆ ناوچەکانی شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی، بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی دەکرد، بەڵام کاردانەوەی سەربازیی لە سەروبەندی پرۆسەی ئەنفالی یەك بۆ سەر بارەگاکانی (ی. ن. ك)، کە هێشتا لەگەڵ عێراقدا لە جەنگدا بوو نەنواند، بەڵکو لە هەڵوێستی مرۆیی تێپەڕی نەکرد، بەڵام لەهەمبەر بۆردمانی کیمیایی شارۆچکەی هەڵەبجە کەناڵەکانی دیبلۆماسی و سیاسی و راگەیاندنی بۆ گەیاندنی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردەوە، ئەم کارەی تەنها بۆ بەمەبەستی تۆمەتبارکردنی حکومەتی عێراق و راکێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا بوو.

چوارەم: پرۆسەکانی ئەنفال، تەواوکاری پرۆسەکانی تری حکومەتی عێراقی بوو، بۆ لەناوبردنی تاکی کورد و سوتماککردنی خاکەکەی، بەتایبەتی ئەوانەی لەدوای واژۆکردنی رێککەوتننامەی جەزائیرەوە پیادەی کردوون، لە راگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن، سەرەڕای بۆردومانی بەردەوامی گوندەکان بەهۆی تۆپی دورهاوێژ و چەکی کیمیایی و هێشوویی، هەروەها گەمارۆی ئابووری کە وەك

ڕێگایەك بۆ جینۆسایدی کورد لە باشوری کوردستان پیادەی کردن. سەرەتاکانی پرۆسەکە بە ڕاگواستن و سوتان و تەختکردن و چۆڵکردنی گوندو شارۆچکەکان، جیاکردنەوەی ناوچەی دەسەڵاتی حکومەت و پێشمەرگە دەستی پێکرد.

پێنجەم: حکومەتی عێراق، فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاشەکان) لە پرۆسەکانی ئەنفالدا بەگشتی، پرۆسەی ئەنفالی یەك بەتایبەتی لە هێرشەکانیدا بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە ڕیزی پێشەوەدا بەکارهێناوە، ئەو فەوجانە ڕۆڵی سەرەکیان لە پرۆسەی ئەنفال و تاڵانی و تەختکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەبووە، تەنانەت لە زۆربەی کاتدا لە ڕیزی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.

شەشەم: سوپای عێراق لە هەڵمەتەکانیدا بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و هاوڵاتیانی سنوری دۆڵی جافایەتی، پەنای بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی وەك کیمیایی و هێشوویی بردووە، کە لەسەر ئاستی جیهان چەکێکی قەدەغەکراو بوون. ئەوە سەرەڕای ئەوەی، کە گرەوی شەڕەکەی پێ بردەوە، زیانی گیانی زۆری بە دانیشتوان و هێزی پێشمەرگە و ناوچەکە گەیاند، بەتایبەتی لە بۆردومانی هەردوو گوندی شانەخسێ و ئۆردوگای هەوارەخۆڵدا.

حەوتەم: دوای ئەوەی دانیشتوانی گوندەکان بۆیان دەرکەوتووە، کە هەوارەکانی خۆپاراستن لە هێرشی ئەم جارەی سوپای عێراق نایانپارێزێت، ناچار بەرەو دەوڵەتی ئێران ئاوارە بوون، بەرگری هێزی پێشمەرگە و سروشتی جوگرافی ناوچەکە لەڕووی تۆبۆگرافیا و ئاووهەواوە پێشڕەوی هێزەکانی سوپای عێراقی پەکخستبوو، ئەوەش کاتی بە خەڵك و هێزی پێشمەرگە بەخشیووە، تاوەکو لە چنگی هێزەکانی سوپای عێراق رزگاریان ببێت و کاریگەریی بۆردومانی کیمیایی لە سەریان کەم ببێتەوەو ڕێژەی قوربانی کەم ببێتەوە.

هەشتەم: پرۆسەی ئەنفال، کاریگەریی نەرێنی و شوێنەواری توندی لەسەر سەرجەم ڕەهەندە (دیمۆگرافی و مرۆیی و ئابووری)ی خەڵکی ناوچەکە جێهێشتووە، بەجۆرێك سەدان کەس ئەنفالکران و سەرەڕای کوژرانی سەدانی تر، ئەو کەسانەی، کە لە شاڵاوەکە رزگار بوون، جگەلە دەستدانی کەسوکاریان، زیانی ئابووری گەورەشیان

بەرکەوتبوو، هەروەها ئاوارە و پەرتەوازەی ناوچەکانی تربببوون.

نۆیەم: دەوڵەتانی هەرێمی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گشتی هەڵوێستیان لەبەر بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان نەرێنی بوو، جگەلە ئێران هەڵوێستی مرۆیی و سیاسی نواند، تورکیا لەرووی سیاسییەوە نەرێنی بوو. دەوڵەتانی عەرەبیش جگەلە سوریا و جەزائیر، کە تەنها بە بەیاننامە سەرکۆنەیان راگەیاندبوو، ئەوانی تر پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ حکومەتی عێراق نیشاندا بوو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بێدەنگ بوون، ئەو هەڵوێستانە و سەرکەوتنی پرۆسەی ئەنفالی یەك لە دۆڵی جافایەتی و کشانەوەی بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی کورد، دەرفەتی بەردەوامبوونی بە سوپا و حکومەتی عێراق بەخشی بوو، تاوەکو پرۆسەکانی دیکەی ئەنفال ئەنجام بدرێت.

دەیەم: زیانی مادی خەڵکی ناوچەکە یەکجار گەورەبووە، گشت سەروەت و سامانی خەڵکەکە لە کەلوپەلی ناو ماڵ و سەدان تەن لە بەرهەمی جۆراوجۆری کشتوکاڵی و باخداری و دەیان هەزار ئاژەڵ و دەیان تراکتۆر و ئۆتۆمبێل و هەزاران پەلەوەر و بابەتی دوکانداری هەمووی بە تاڵان براون، یان سوتێنراون، یان بەهۆی سەرما و بۆردومانی سوپای عێراقەوە لەناوچوون. لەڕووی ئاژەڵدارییەوە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە و دەشتی سورداش و دەوروبەری، کە خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات بوون، کە بە دەیان هەزار سەر مەزەندە دەکرێن، بەشێکی زۆری لەناوچوون یان بە تاڵان بران، زەویە کشتوکاڵیەکان سوتێنران، ڕەز و باخەکان و کانیاوەکان وشك کران. ناوچەکە بە گشتی بۆتە وێرانە.

یانزەیەم: شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی ناوچەکان بە تەنیا زیانی گیانی و مادی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکو کارەساتێکی ژینگەیی گەورە بووە، بووەتە هۆی شێواندنی ڕواڵەتی گیانداری و ڕووەکی لە ناوچەکە، هەروەها لەناوبردنی رووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی، کە ڕۆڵی لە ژینگەی کوردستان هەبوو، سەرەڕای لەناوبردنی ئاژەڵ و باڵندە کێویەکان.

دوانزەیەم: بەپێی ئەو ئامارانەی لە توێژینەوەکەماندا پێی گەیشتین، دەردەکەوێت، کە ئەو سیاسەتانەی حکومەتی عێراقی و حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا

لە باشوری کوردستان بەگشتی و دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە بەتایبەتی پیادەی کردبوون، سەرەنجام جینۆسایدی (بایۆلۆژیی و ئابووری و کەلتوری و فیزیکی) لەو ناوچانەدا لێکەوتۆتەوە.

* ئەم بابەتە پوختەی نامەیەکی ماستەرە کە بە سەرپەرشتی (د. ئامانج حەسەن ئەحمەد) لە ساڵی (2022) پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، بڕیارە تەواوی نامەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوبکرێتەوە.

# شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ

**توێژینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی**

دەشتی ئەحمەد حەسەن

ماستەرلە جوگرافیا

## پوختە:

تاوانی ئەنفال یەکێکە لە ترسناکترین ئەو تاوانانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەرامبەر بە گەلی کورد لە عێراق ئەنجامدرا، لە بەرنامەیەکی دیاریکراو و پلان بۆ دارێژراودا بە هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جیاوازدا جێبەجێکرا، کە لە 23شوبات/١٩٨٨ دەستی پێکرد، لە 6ی ئەیلولی/١٩٨٨ کۆتایی هات، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا پەیرەوکرا. یەکێك لە قۆناغە پڕ زیانەکانی شاڵاوی ئەنفال کە چەکی کیمیایی تێدا بەکارهێنرا شاڵاوی ئەنفالی دوو بوو لە ناوچەی قەرەرداغ.پاش سێ ڕۆژ لە تەواوبوونی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك لە (22ی ئازاری ١٩٨٨)دا سوپای عێراق هێرش و پەلامارەکانی بۆ ناوچەکانی ئەنفالی دوو دەستپێکرد، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان ناوچەکانی ناحیەی قەرەداغ و باشووری ناحیەی بازیان و چەند گوندێکی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سەنگاو و ڕۆژئاوای ناوەندی دەربەندیخانی گرتەوە. حکومەتی ئەو کاتەی عێراق بە سوپایەکی زەبەلاحەوە لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی بردە سەر ناوچەی قەرەداغ، جگەلە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی زیاتر لە (80) گوند بەر ئەو شاڵاوە کەوتن.

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەری سەرەکیی و بەشێوەیەکی ئەکادیمی ڕەهەندە گشتییەکانی شاڵاوی ئەنفالی دووی تێدا خراوەتە ڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** جینۆساید، ئەنفالی دوو ،ناوچەی قەرەداغ، سوپای ڕژێمی بەعس.

## پێشەکی:

ئەنفال لەدوای کارەساتە تراژیدیا مرۆییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، بەیەکێک لە گەورەترین مەرگەساتی مرۆڤایەتی دادەنریت، کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە، بۆ لەناوبردن و شێواندنی سیمای ئیتنۆگرافی و کلتوری و سیاسی و دیمۆگرافی گەلی کورد ئەنجامدرا. ئەم تاوانە یەکێکە لە پرسە ستراتیژی و ئامانجە لە مێژینەییەکانی ڕژێمی بەعس و تراژیدیاییەکی بێ وێنە بوو لە مێژووی

هاوچەرخی گەلی کوردستاندا کە ئاراستەی دانیشتوانی کوردستان و بزوتنەوە سیاسییەکەی کرا، پرۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراوو بەرنامە بۆ دارِێژراو بوو. یەکێک بوو لە ئامانجە بنەرِەتی و ستراتیژییەکانی کۆلۆنیالیزمی عێراق بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد. چونکە ئەنفال تەنها کارێکی میکانیکی سەربازی نەبوو لە ساتە زەمەنێکی دیاریکراو رِوویدات، بەڵکو پرۆسەیەکی دانەبرِاوبوو لە بونیادی عەقڵییەتێکی سیاسی دیاریکراو، کە عەقڵییەتی بەعسە.

## کێشەی توێژینەوە

گرنگترین کێشەکانی توێژینەوە ئەوەیە: کە ئایا فاکتەرە جوگرافییەکان لە قەبارەی زەرو زیانی ناوچەکەدا چ رِۆڵێکی هەبووە؟ یاخود شاڵاوی ئەنفالی دوو چۆن بووە هۆی لەناوچوونو شوێنبزربوونی هەزاران مرۆڤی بێتاوان؟

## گریمانەی توێژینەوە

توێژینەوەکە ئەم گریمانانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:-

١- شاڵاوی ئەنفالی دوو بووە هۆی لەناوچوونو شوێنبزربوونی هەزاران مرۆڤ لە پیاووژن و منداڵی بێتاوان.

٢- لە زۆر و کەمی ژمارەی قوربانیان و قەبارەی زیانەکاندا فاکتەرە جوگرافیاییەکان رِۆڵی سەرەکییان بینیوە.

## ئامانجی توێژینەوە

١- ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە تیشك خستنە سەرشاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ کە چۆن بووە مایەی لەناوبردنی چەندین مرۆڤی بێتاوان لە پیاو و ژن و منداڵ و پیر، بەهۆی دەمارگیری نەتەوەیی. هەروەها باسکردنی شاڵاوی ئەنفال بەشێوەیەکی ئەکادیمی تاوەکو ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی و بەردەست هەم لەبەردەم کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم هەم لەبەردەستی توێژەران.

## میتۆدی توێژینەوە

بێگومان هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پشت بەجۆرێك لە میتۆد یان زیاتر دەبەستێت بۆیە لەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدەکانی:

١- میتۆدی شیکاریو رِاڤەیی: لە رِێگەی ئەم رِێبازەوە شیکاریی و رِاڤەیی رِەهەندە جیاجیاکانی پەیوەست بە ئەنفالی دووە وە لە ناوچەی قەرەداخ دەکەین.

٢- میتۆدی هەرێمی: لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە هەڵدەستین بە باسکردنی لایەنە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٣- میتۆدی مێژوویی: باسکردنی شاڵاوی ئەنفال بێگەڕانەوە بۆ مێژووی چۆنێتی پلاندانان‌و دەستپێکردنی لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە ئەنجامی ئەکادیمی پوخت نادات بە دەستەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەم میتۆدە بەکاردەهێنین.

## پەیکەری توێژینەوە

به مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی کە لە توێژینەوەکەدا مەبەستمان بوو، هەوڵدراوە توێژینەوەکە بۆ دوو تەوەری سەرەکی دابەشبکرێت، لەگەڵ پێشەکی و دەرئەنجام و ڕاسپاردە، هەر تەوەرێک بۆ چەند باسێك دابەشکراوە:

تەوەری یەکەم/ ئەم تەوەرە لە ناساندنی چەمکی جینۆسایدو جوگرافیای شاڵاوەکانی پێکهاتووە. بۆ دوو باس دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر ناساندنی چەمکی جینۆسایدو جۆرەکانی، باسی دووەم پێکدێت لە جوگرافیایی شاڵاوەکانی ئەنفال.

تەوەری دووەم/ ئەم تەوەرە بەشێوەیەکی گشتی باس لە جوگرافیای شاڵاوی ئەنفالی دوو دەکات لە ناوچەی لێکۆڵینەوەو دابەشکراوە بۆ دوو باس. لە باسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر کاریگەری فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان و ڕۆڵیان لە شاڵاوی ئەنفالی ناوچەکە. لە باسی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر ڕەهەندە گشتییەکانی شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## تەوەری یەکەم:
## ناساندنی چەمکی جینۆساید و جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال

### باسی یەکەم:
### چەمک و جۆرەکانی جینۆساید:

**یەکەم: چەمک و زاراوەی جینۆساید**
کۆمەڵکوژی (جینۆساید) یەکێکە لە سیما دیارەکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، سەدەی بیستەم.چەمك‌و زاوەیەکی سەردەمییانەیە بۆ پرۆسەیەکی دڕندانەی مێژوویی دێرین. بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لەلایەن داوەریی پۆلۆنی**Raphael** (ڕافایل لیمکن **Lemkin**)هوە هاتە کایەوە کە لە کۆنفرانسێکدا لە مەدرید لە ساڵی (1933) ئەم ووشەیەی بەکارهێنا. جینۆساید لە یاسای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا واتە هەریەکێك لەو کردەوانەی خوارەوە:

أ- کوشتنی ئەندامانی یا تاکەکانی کۆمەڵەیەك.

ب- دەستدرێژی کردنە سەر ئەندامانی ئەو گرووپە لەڕووی جەستەیی یان دەروونی.

ج- بە زۆر ڕاگواستنی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

د-پەلکێشکردنی گروپێك‌و ناچارکردنی ئەندامانی بەوەی لە بارودۆخێکی ژیاریی وادا ژیان بەسەربەن کە لەوانەیە ببێتە هۆی لە ناوچوونی بەشێك یان هەموویان.

هـ- گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم زیادبوونی وەچە.

**دووەم: جۆرەکانی جینۆساید:**

شارەزایان بە پشت بەستن بە پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو تاوانکارانی کە لە 1948/12/9 ڕاگەیەنراوە، ئاماژە بە چوار جۆری جینۆساید دەکەن، کە لە بەندی دوەمی پەیماننامەکەدا بەڕوونی هاتووە، جگەلە پێناسەکردنێکی زانستیانەی جینۆساید، جۆرەکانی جینۆسایدیش دیاری دەکات. دەکرێت لێرەدا بەکورتی تۆماریان بکەین:

أ- جینۆسایدی جەستەیی(بەدەنی . فیزیکی (physical genocide):-

هەموو جۆرەکانی کوشتن دەگرێتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی گوللەو چەکی قورس‌و کۆمەڵکوژی وەك (گازی کیمیای‌و بەکارهێنانی گازی قڕکەرو زیندەبەچاڵکردن‌و گوللەبارانکردن‌و خنکاندن و لەسێدارەدان). ڕژێمی بەعس هەر لەسەرەتای ساڵانی (1975 . 1979 . 1980 . 1983 . 1987. 1988)هوە ئەنفال‌و کیمیاباران‌و کۆمەڵکوژی‌و ڕاگواستن‌و تەعریبکردنی دژ بە گەلی کورد بەکارهێناوە، تائێستاش ڕەنگدانەوەی ئەو وێرانەیە بەسەر خاك‌و جەستەو بیری تاکی کوردەوە زۆر بە ئاشکرایی بەدی دەکرێت.

ب- جینۆسایدی بایۆلۆژی Biological Genocide : بریتییە لە ڕێگەگرتن لە زیادبوونی ڕەگەزو کەوتنەوەی نەوەو نەهێشتنی زاوزێ‌و پەیرەوکردنی جۆرێك لە ئەتکردن لە ڕێگەی دەستدرێژی سێکسی‌و بە زۆر سکپڕکردن. یاخود لە ڕێگەی بەندکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك لە پێشکەوتن‌و زیادبوون وەکو بەندکردنی منداڵبوون. نموونەش بۆ ئەم جۆرە لە جینۆساید ئەو ڕەفتارانەیە کە کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس ئەنجامیانداوە بەرامبەر دەستگیرکراوەکانی

شاڵاوەکانی ئەنفال لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج، وەك دابڕانی ژنان لە پیاوەکانیان.

ج- جینۆسایدی کولتوری Genocide Heritage- Nationalism:-

ئەم جۆرە لە جینۆساید بە مانای سڕینەوەو نەهێشتنی سیمای نەتەوەیی و کولتوری دێت. ئەگەر بەوردی بڕوانینە جۆرەکانی جینۆساید، دەبینین حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد لە باشوری کوردستان ئەنجامداوە، هەر لە لەناوبردنی بەکۆمەڵ و جیاکردنەوەی ژن و پیاو و وێرانکردنی چەندین شوێنەواری مێژوویی دێرین بە بیانووی جیاجیا، بۆ سڕینەوەی سیما نەتەوەییەکانی.

د- جینۆسایدی ئابوری Economic Genocide:

ئەم جۆرە لە جینۆساید بە مانای برسیکردنو وێرانکردنی سەرجەم سەرچاوە ئابورییەکانی هەرکۆمەڵێك دێت. دەکرێ بەم جۆرە لە جینۆساید بوترێ (وێرانکردنی ئابوری)، واتە وێرانکردنی سامانو سروشتو بەروبوومی ناوچەکان، تاڵانکردنو فەرهودکردنی ماڵو سامان.لە هێرشەکانی ئەنفالدا جگە لە تاڵانکردنی دێهاتەکان، وێرانکردنی سەرچاوە ئابوریەکانیش مەبەستێکی دیاربوون لای سوپای عێراق، بە بیانووی نائارامی و بوونی پێشمەرگە، بەپێی نوسراوێکی فەرمی ئیستخباراتی سلێمانی لە( 1.26. 1987) بە لیستێك (663) گوندی سنوری پارێزگای سلێمانی بە ناوچەی قەدەغەکراو دەناسێنێت. لە هەمان ساڵدا بە بڕیاری ژمارە (4008) و نوسراوی ژمارە (28/8004) لە بەرواری (6.20. 1987) دوای ئەوە بەشەخۆراکی مانگانەی سەرجەم گوندەکانی بڕی و ئابلوقەی ئابوری بەسەر سەرجەم گوندەکانی کوردستاندا سەپاند.

## باسی دووەم:
## جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال

### یەکەم: چەمکی ئەنفال و ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال

**1–چەمکی ئەنفال:**

ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆز. سورەتەکە لە جەنگی (بەدر)دا دابەزیوە، لە (75) ئایەت پێکهاتووە. وشەکە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای یەکلاکردنەوەی دەسکەوتەکانی جەنگ هاتووە. بەگشتی کۆی وشەی (نفل)ە وشەی (نفل)یش واتە (غنائم)، کە کۆی

وشەی (غەنیمەیە) واتە دەستکەوتو پاداشت. بە هەمان فۆرم چووەتە ناو زمانی فارسییەوە هەمان مانا دەبەخشێت بەرامبەرە بە وشەی (غنیمتها. بخششها). بەڵام بۆ گەلی کورد بەگشتی ئەنفال پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی سیاسی بوو، بە مەبەستی جینۆسایدی نەتەوەی کورد.

### 2– ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال

لە رێگەی گرتنەبەری چەند رێوشوێنێکەوە حکومەتی ئەوکاتەی عێراق ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال کردبوو. یەکەم پیلانی ئەم ئامادەکارییە لە دانانی (عەلی حەسەن مەجید) وەك لێپرسراوی (نوسینگەی باکوری) رێکخستنی حزبی بەعسی دەسەڵاتدارەوە دەست پێدەکات. ئەویش بە بڕیاری ژمارە (160)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە (1987/3/29). بەگوێرەی ئەو بڕیارە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لە ناوچەکانی باکوری عێراق سپێردرا بە (عەلی حەسەن مەجید). سەرەتا بە دوو قۆناغ بڕیاری ڕاگواستنی ئەو گوندانەی دا کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بوون: قۆناغی یەکەم لە (1987/4/21) تا (1987/5/20) خایاند. پاشان قۆناغی دووەم لە (1987/5/21) تا (1987/6/20) خایاند. پاشان لە (1987/6/20) بە بڕیاری ژمارە (4008) لەلایەن نوسینگەی ڕێکخستنی باکورەوە دەرچوو تێدا لە (6/22)ی هەمان ساڵەوە هەموو ناوچەکانی قۆناغی یەکەمو دووەمی ڕاگواستن، لەگەڵ ئەو ناوچانەی بەهۆی هێزەکانی پێشمەرگەوە نەیانتوانیوە دانیشتوانەکەی ڕابگوێزن بە ناوچەی (قەدەغەکراو) دانران، بەپێی برگەکانی ئەم بڕیارە بوونی مرۆیی لەو ناوچانەدا قەدەغەیەو تەقەکردنو کوشتن تێدا سەرپشكو ئازاد کراوە بۆ هێزەکانی عێراق.

## دووەم: جوگرافیایی قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال

بەگشتی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە شاڵاوەکانی ئەنفال دابەش دەبن بۆ چەند قۆناغێك کە تەوەری جیاجیای لەخۆگرتبوو، لێرەدا دەکرێ هەشت قۆناغ دیاری بکرێ لەسەر بنەمای (پێگە جوگرافیەکان) کە شاڵاوەکانی ئەنفال دەیانگرێتەوە:-

### 1–شاڵاوی ئەنفالی یەک (دۆڵی جافایەتی):

ئەم قۆناغە لە شەوی (23ی شوباتەوە تا 19ی ئازاری 1988)ی خایاند، ناوچەکانی

دۆڵی جافایەتیو هەر یەکە لە قەزاو ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، سورداش، قەڵاچۆلان، چوارتا)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی گرتەوە.

## 2–شاڵاوی ئەنفالی سێ (گەرمیان)

دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی گەرمیان بە زەرەرمەندترین شاڵاوەکانی ئەنفال دادەنرێت. لە ماوەی نێوان (1988/4/7 تا 1988/4/20) خایاند لە یەك کاتدا پەلاماری زەمینیو ئاسمانی بۆ سەر ناوچەی گەرمیان دەستپێکرد. سنوری جوگرافی ئەم ناوچەیە لە رۆژئاواوە رێگای نێوان شاری کەرکوكو شارۆچکەی دوزخورماتووە، لە باکورەوە رێگای سەرەکی نێوان کەرکوك- چەمچەماڵ، لای رۆژهەڵاتەوە چیاکانی قەرەداغ، لە باشوریشەوە شارەکانی (کەلارو کفری).

## 3–شاڵاوی ئەنفالی چوار (دۆڵی زێی بچووک)

شاڵاوی ئەنفالی چوار لە (1988/5/3) بە کیمیابارانکردنی هەردوو گوندی (گۆپتەپەو عەسکەر)ی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر دەستی پێکردو حەوزی زێی بچووك ببووە گۆڕەپانی ئەو شاڵاوە. شاڵاوەکە زیاتر ناوچەکانی (شوان، قەرەناو، تەق تەق، کۆیە، ئاشتی، سێگرتکان، خەلەکان، دوکان، سورداش، چەمچەماڵ، ئاغجەلەر، تەكێ، ئاڵتون کۆپری) گرتەوە. لە ماوەی تەنها پێنج رۆژدا واتا تاوەکو (1988/3/8) هەموو ئەو گوندانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن سوتێنراناو تەخت کران.

## 4–شاڵاوی ئەنفالی پێنجەم _ شەشەم _ حەوتەم (ناوچەکانی پارێزگای هەولێر)

ئەم سێ قۆناغەی ئەنفال کە لە (1988/5/15) تا( 1988/8/26)ی خایاند، بەشێوەیەکی سەرەکی ناوچەکانی پارێزگای هەولێری گرتەوە، بەتایبەت هەردوو قەزای شەقڵاوە و رەواندوز. لەگەڵ ناوچەکانی باکووری قەزای رانیەو باکوری رۆژئاوای ناحیەی ناودەشتی سەربەپارێزگای سلێمانی. ئەم شالاوە بەهۆی سروشتی جوگرافیای ناوچەکەو ئاڵۆزیو بەرزی چیاکان و خۆسازدانی هێزەکانی پێشمەرگە، ماوەی زیاتر لە سێ مانگی خایاند بۆیە سوپای حکومەتی عێراق زیاتر لە جارێك وەستان. هەندێك لە توێژەران ئەم شاڵاوەی ئەنفال بۆ سێ شاڵاوی جیاواز دابەش دەکەن، شاڵاوی ئەنفالی (پێنج) لە (5/23) لە تەوەرگەی بالیسان – هیرانو ناوچەکانی دەوربەری دەستپێیکرد و تاوەکو (6/7)ی خایاند. بەڵام


ئەنفالی (شەشەم) و (حەوتەم) لەنێوان هەردوو مانگی تەمموزو ئاب بەرەو ناوچەکانی شەقڵاوە – خۆشناو- ڕەواندوز درێژ دەبوونەوە.

## 5–شاڵاوی ئەنفالی هەشت (ناوچەی بادینان)

دوا شاڵاوەکانی ئەنفال بەتوندی ناوچەی بادینانی گرتەوە، ئەگەرچی شاڵاوەکەش نزیکەی (12) ڕۆژی خایاند لە (8/25/ 1988) تاوەکو (1988/9/6)ی بەردەوام بوو.حکومەتی عێراق ئەنفالی هەشتی بە کیمیابارانێکی چڕی گوندەکانی (بێگوڤە، گوندەکانی کانی ماسی، بالوکە، باوەرکە گەڤرێ، مێرگێتی، گیزی، گێلناسکێ، بیرجینی، بیلیجانە، تێلاکرۆ، ڕۆسێ، زێوێ) دەستپێکرد. سنوری شاڵاوەکانی ئەم قۆناغە ناوچەکانی (دهۆك، ئامێدی، ئاکرێ، زاخۆ، دێرەلۆك، زێوەرو کانی ماسی، ئەتروش، زاوێتە) گرتەوە. لە (1988/9/6) حکومەتی عێراق بەپێی بڕیاری ژمارە (736)ی، (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) کۆتایی ئەم قۆناغەی ئەنفالی ڕاگەیاندو ئەم پەلامارەشی ناونا (خاتمة الأنفال). بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)

**نەخشەی ژمارە (1)**

**جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە فایلی ( mt30DEM) و لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ( 10.7ArcMap).

١- هەرێمی کوردستانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای سلێمانی (GIS)کارگێڕی قەزای قەرەداغ،٢٠٢٢، بەپێوەری (1:549,116).

٢- هاشم یاسین حمدامین، سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمد خۆشناو، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق- عیراق وجیهان، چ١، هەولێر.

## تەوەری دووەم:
## جوگرافیای شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

### باسی یەکەم:
### کاریگەری فاکتەرە سروشتیی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

گومانی تێدانیە کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان جوگرافیاو شاڵاوەکانی ئەنفالدا هەیە، چونکە ناوچەکان ئەو جەستە سروشتیانەن کە شەڕو جەنگەکان لەسەری ڕوودەدەن، هەر بۆیە هیچ جەنگێک یاخود هەڵمەتێکی سەربازی نیە کاریگەری فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانی لەسەر نەبێ. لێرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر گرنگترین ئەو فاکتەرە سروشتی و مرۆییانەی کە کاریگەری و ڕۆڵیان لە شاڵاوی ئەنفالی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەبووە:-

#### یەکەم: فاکتەرە سروشتییەکان

**أ. شوێن و پێگە:**

شوێن بە گرنگترین ئەو هۆکارە سرووشتییانە دادەنرێت کە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هێزو سیاسەتی ناوخۆو دەرەکی دەوڵەت چ لەکاتی جەنگ چ لە کاتی ئاشتیدا. شارەزابوون لە تایبەتمەندییەکانو سروشتی زەوی، پلەی لێژی شاخەکان، دۆڵەکان، تۆڕی گەیاندن، بارودۆخی جێگیری گرنگترین هۆکارن لەسەر جوڵەی هێزەکان. مەبەستمانە لێرەدا ئاماژە بە گرنگی شوێنو پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بدەین کە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی. ناوچەکە لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (35° 28¯ 36˭ - 35° 05¯ 50˭)لە باکورو هەردوو هێڵی درێژی (45° 36¯ 06˭ - 45° 09¯ 44˭) لە ڕۆژهەڵات، لەڕووی جوگرافیاوە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانیو ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە، ناوچەکە بە چەندین قەزا و ناحیە دەورە دراوە لە باکورەوە ناحیەی بازیانو ناحیەی سەرچنار، لە باشورەوە ناحیەی باوەخۆشێنی سەر بە قەزای دەربەندیخانو ناحیەی شێخ تەویلی سەر بە قەزای کەلار، لە ڕۆژهەڵاتییەوە ناحیەکانی تانجەڕۆو وارماوەی سەر بە قەزای شارەزورو لە ڕۆژئاواوە ناحیەی سەنگاوی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، ئەم قەزایە پێکهاتووە لە دوو ناحیە، ئەویش ناحیەی ناوەند (قەرەداغ)و ناحیەی سێوسێنان.

لەڕووی شوێنی سروشتییەوە ناوچەکە دەکەوێتە نێوان دوو زنجیرە شاخی گەورە کە بریتیە لە زنجیرە چیای بەرانان لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵات، هەروەها زنجیرە چیای سەگرمە لە بەشی باکوری ڕۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە بەشی باشوری ڕۆژئاوا لە باکورە ڕووباری باسەرە لە ناحیەی بازیانی جیا دەکاتەوە، لە باشوریشەوە، ئاوزێڵی ڕووباری دێوانە لە باوەخۆشێنی جیا دەکاتەوە.

سەبارەت بە پێگە وێنەی زەوییە کە شاری لەسەر بنیاد نراوە، لە چوارچێوەی ئەو سنورەی کە هەموو ڕووبەری شارەکەی لەسەر بنیادنراوە. ئەگەر سەرنجێکی شوێن و پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بدەین ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ناوچەکە پێگەیەکی بەهێزی هەیە بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە نێوان ناوچەی ژینگەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەی ژینگەیی زاگرۆس کە پێی دەوترێت (کەشو هەوای دەریای ناوەڕاست). بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە نێو قوڵایی چیاکانەوە لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا جێ پێگەی بنکەو بارەگاکانی شۆڕشەکانی کورد بووەو وەکو قەڵایەکی گرنگ و پتەوی شۆڕشو بزاڤە ئازادیخوازەکانی کورد بووە لە ڕابردوودا، لێرەدا پێویستە باسی کاریگەری شوێنو پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین کە چۆنو بۆچی نەیتوانی بێتە لەمپەر لەبەردەم شاڵاوەکانی ئەنفال، هەرچەندە ناوچەکە لەڕووی شوێنەوە سەختو دژوارە:-

1-ئەو کاتەی شاڵاوی ئەنفالی دەستی پێکرد، هەموو هێزی ناوچەکە بە هەموو لایەنەکانەوە ژمارەیان نەدەگەیشتە (400)کەس.

2-هێزەکانی سوپا ئامادەباشو ئیسراحەت بوونو غروری سەرکەوتنی ئەنفالی یەك ورەیەکی بەرزی دابووە بەرهێزەکانی سوپا، لە بەرامبەریشدا شکستی پێشمەرگە لە ئەنفالی یەکدا هۆکارێك بوو، لەلایەکی ترەوە ماندوێتیو شڵەژان کارێکی وایکرد کە پێشمەرگە نەپەرژێتە سەرخۆڕێکخستنەوە.


3-حکومەتی عێراق پشتی بە سوپایەك بەستبوو کە ئەزموونی هەشت ساڵ شەڕو بەرنگاریو هەبوو، زۆربەی ئەفسەرو سەربازەکانی لە مەیدانی جەنگی ئێراندا قاڵببونەوەو شارەزایی زۆریان پەیداکردبوو.

4- ئەو چەکەی بەدەست پێشمەرگەوە بوو هەرگیز بەراورد نەدەکرا بەو چەکە ستراتیژیو پێشکەوتووەی لەلای سوپای عێراق بوو، لە

هەمانکاتدا هاندانیان بە پێدانی مەدالیای ئازایەتی. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

**نەخشەی ژمارە (٢)**

**شوێن و پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە**



**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە فایلی ( mt30DEM) و لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ( 10.7ArcMap).

١- هەرێمی کوردستانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای سلێمانی (GIS)کارگێڕی قەزای قەرەداغ،٢٠٢٢، بەپێوەری (1:549,116).

٢- هاشم یاسین حمدامین، سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمد خۆشناو، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق- عیراق وجهان، چ١، هەولێر.

**ب. بەرزو نزمی (تۆبۆگرافیا):**

مەبەست لە بەرزیونزمی شێوەکانی ڕووی زەوی دەوڵەتە لە چیاو دەشتو بانو گرد، هەریەك لەم شێوانە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر هێزو توانا سەربازییەکان، لەهەمانکاتدا ئەم شێوانە ڕەنگدانەوەی لەسەرهێزی دەوڵەتو سەنگی سیاسی هەیە. ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان دوو هێلی بەرزی یەکسان، هێلی بەرزی (500)م لە ئاستی ڕووی دەریا لەوپەڕی باشوورو هێلی بەرزی (1817)م لە ئاستی ڕووی دەریا لەسەرچیاکانی (سەگرمە.بەرانان.کەلۆش) لەژێر سێبەری ئەم ڕاستیانە دەتوانین ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای بەرزی دابەش بکەین بۆ دوو ناوچە ئەوانیش: ناوچەی چیا بەرزەکان کە ڕووبەریان دەگاتە (366,32)کم$^2$ و بەرێژەی لە (%50,28) لەکۆی ڕووبەری گشتی دەگرێتەوە، ناوچەی دووەم ناوچەی چیا مامناوەندە بەرزەکان ڕووبەریان دەگاتە (362,11)کم$^2$و بەرێژەی لە (%49,71) لە کۆی ڕووبەری گشتی دەگرێتەوە.

شاڵاوی ئەنفال کە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان جێبەجێکراوە، بەمەش تێدا کاریگەری بەرزونزمی بەڕوونی دەرکەوتووە بۆ

نموونە لە ئەنفالی گەرمیاندا کە ناوچەکی دەشتاییە، ئەمە یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی جوڵەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس خێراتر بێتو بە شێوەیەکی ئاسانتر توانیویانە کۆنترۆڵی ئەو ڕووبەرە بەرفراوانە بکەن، هەروەها نەبوونی شاخو ئەشکەوتو ناوچەی سەخت، کە دانیشتوانەکەی خۆیانی تێدا داڵدەبدەن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆرترین ژمارەی قوربانی لە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەنفالی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا کە تاڕادەیەك ناوچەیەکی شاخاوی سەختەو جوڵەی هێزی بەعس کەمتر بووەو بەشێوەیەکی خێرا سوپای بەعس نەیتوانیوە جوڵە بکاتو بوارێکی زیاتر بۆ دانیشتوان ڕەخساوە کە فریای خۆ دەرباز بوون بکەون، هەروەها سەختی جوگرافیای ناوچەکە هەلی زیاتری بۆ هێزەکانی پێشمەرگەو دانیشتوان ڕەخساندوە، ئەمە وایکردوە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال کەمتر بێت بە بەراورد لەگەڵ ئەنفالی گەرمیاندا.

بۆ زیاتر دەرخستنی ڕۆڵو گرنگی تۆبۆگرافیایی ناوچەکە بە تایبەت لە کاتی شاڵاوی (ئەنفالی دوو)دا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە کردوە کە خۆیان وەك شایەتحاڵ لەناو شاڵاوەکەدا بوون، هەر یەکێك لەوان بەم شێوەیە باسی لە گرنگیو ڕۆڵی شاخەکانیان کرد وەکو پەناگەیەکی سروشتی. شادیەتحاڵێك کە دانیشتووی گوندی (تەکیە)یە لە کاتی گێڕنەوەی بیرەوەرییەکانی بەم شێوەیە باس لە ڕۆڵی شاخەکانی ناوچەکە دەکاتو دەڵێت: (لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی ناوچەکەمان بەشی زۆری دانیشتوانەکەی ڕوویانکردە قۆپییەکانی قەرەداغ وەکو پەناگەیەکی سرووشتی، چونکە سوپای ڕژێمی بەعس ئەو توانایەی نەبوو بە ئاسانی دەستی بگاتە ئەو شوێنانە. هەموو ئەو کەسانەشی لە بناری شاخەکان بوون هیچ کەسێك دەستگیرنەکرا، بەڵام بەشێك لەو کەسانەی لە ڕێگا بوون لەلایەن سوپای ڕژێمەوە دەستگیرکرانو ڕەوانەی زیندانەکان کران، بۆیە دانیشتووانی گوندەکەی ئێمە یەکەم هەنگاو بەرەو (دەربەندی گاور) بەڕێکەوتن کە یەکێکە لە قۆپییەکانی ناوچەکە بەڵام کاتێك زانیمان نیازی ڕژێم خراپە بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکەوتین).

یەکێکی تر لە شایەدحاڵەکان کە پێشمەرگەیەکی دێرینە لە ناوچەکەدا ڕۆڵی بەرگری هەبووە لە شاڵاوی (ئەنفالی دوو)دا

باس لە کاریگەری شاخەکان بەم شێوەیە دەکات و دەڵێت: (قۆپییەکان یارمەتیدەرێکی سروشتی باش بوو بۆ بەرگریکردن بەرامبەر هێرشی دوژمنو لە هەمانکاتدا تانكو تۆپخانەکانی دوژمن نەیدەتوانی چالاکانە کاری خۆیان بکەنو هێزی ئاسمانیش کەمتر دەیتوانی هەبێ مەگەر بۆ شوێنی دیاریکراوی لادێ یان شوێنی کۆبوونەوەی هێز، بۆیە دوژمنیش زیاتر پشتی بە هێزی پیادە دەبەست).

## دووەم: فاکتەرە مرۆییەکان

### أ. سنور:

سنورە سیاسییەکان گرنگترین فاکتەری دیاریکردنو جیاکردنەوەی یەکە سیاسیەکانە لە یەکتری. هەندێجار پێگەی جوگرافی وڵات کاریگەری گەورە لەسەر ستراتیژی سەربازی بەجێدەهێڵێتو لە سایەی کاریگەری پێگەی جوگرافییەوە هێڵی گشتی سەربازیو گەشەسەندنی یەکەکانی سوپا دەستنیشان دەکرێت، پسپۆڕانی بواری جوگرافیاو جیۆپۆلەتیك بە بەردەوامی جەخت لە شوێنی دەریای یان داخراوی وڵات یان ناوچە دەکەنەوەو لە ڕێگەیەوە ئاراستەکانی ستراتیژی سەربازی وڵات دیاری دەکەن.

هەروەها بەشێکی چالاکی پارتیزانەکان لە ناوچانەیە کە نزیکە لە سنوری نێودەوڵەتییەوە، تاوەکو لەکاتی تەنگانەو فشاری زۆردا بتوانن بە هەرشێوازێك خۆیان بگەیەننە ئەو دیو سنور، لەم بوارەشدا نموونەی زۆر لەبەردەستدایە،شوێن و سنوری جوگرافی ناوچەکانی ئەنفال کاریگەری لەسەر ژمارەی قوربانییەکان بەجێهێشتووە بۆنموونە ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە قوڵایی جوگرافیاوەو پرۆسەی ئەنفالیان تێدا جێبەجێکراوەو دوربوون لە سنورەکانەوە لە نموونەی ناوچەکانی قەرەداغو گەرمیان، بواری دەربازبوونیان بەرەو سنورەکان لە بەردەمدا نەبووە، لەبەرئەوە ناچار بوون لە جوگرافیاییەکی داخراودا بمێننەوەو لەلایەن سوپای بەعسەوە دەستبەسەر بکرێن، لەکاتێکدا هەندێ ناوچە بە حوکمی پێگەی جوگرافیەوە وا هەڵکەتبوو کە دەروازەی ئەوەی لەبەردەمدابێت بەرەو ناوچە سنورییەکان دەرباز بن وەکو لە دۆڵی جافایەتیەوە ئەو بوارەی جوگرافیا ڕەخسابوو، کە دانیشتوان بگەنە سنوری ئێرانو ژمارەیەکی زۆریان ڕزگاریان بێت لە مەرگ. یەکێك لە هۆکارەکانی قەتیسبوونی

خەڵكی ناوچەی قەرەداغ نەبوونی سنوری نێودەوڵەتی بوو، ئەمەش وایكرد هیچ دەرچەیەك نەبێت بۆ ڕزگاربوونو خەڵكی لە چوارچێوەی ئەو نەخشە سەربازییەی كە بۆ ئەنفالی قەرەداغ دانرابوو دەخولانەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر سنوری ناوچەی قەرەداغ وا بەستە بوایە بە وڵاتی ئێرانەوە ئەوا زیانی هێندە گەورە بەر خەڵكی ناوچەكە نەدەكەوتو خەڵكەكە بە هەر شێوەیەك بوایە سنوریان دەبەزاندو لێیەوە دەرباز دەبوون، هەروەك لە شاڵاوەكانی (یەكەم، پێنجەم، شەشەم ، حەوتەم، هەشتەم)دا رویدا.

**ب. ڕێگای گواستنەوە (هاتوچۆ):**

گواستنەوە لقێكە لە لقەكانی جوگرافیای ئابوریو گرنگی دەدات بە ڕاڤەكردنو شیكردنەوەو دابەشكردنی دیاردەكانی گواستنەوە.ڕاستە ڕێگاكانی هاتوچۆ بە پێوەرێكی ئابوری دەپێورێت، بەڵام هەندێك جار تێبینی ئەوە دەكرێت هەندێك لە ڕێگاوبانەكان بەو مانا ئابورییە نایەت، بۆ نموونە كاتێك ڕێگایەكی هاتوچۆ بۆ ناوچە دورە پەرێزەكانی دەوڵەتێك دروست دەكرێت، ئەگەر لە ڕوانگەیەكی ئابورییەوە لێی بڕوانیین، دەبینین ئەو كارە ئابوریيانە نیە، بەڵام بەپێی پلانێكی سیاسی یان ستراتیژی ڕاكێشراوە، بۆ ئەوەیە دەوڵەت بگاتە ئەو شوێنە دورانە، یان بۆ ئەوەی بەخێرایی بگاتە ئەو ناوچانەی كە بایەخێكی ستراتیژی هەیە لە پاراستنی دەوڵەتدا، بۆیە هەمیشە مەبەستە سەربازییەكان لەپشت ئەو گۆڕانانەوە بوون كە بەسەر هۆیەكانی گواستنەوەدا دەهات، چ لەڕووی شێوە، قەبارە، خێرایی یان تواناكانی گواستنەوە.

لە وڵاتی عێراقدا یەكێك لە ئامانجە سەرەكیەكانی دروستكردنی ڕێگاوبانەكان بەهێزكردنی دەسەڵاتی ناوەندو ئامانجی سەربازی بوو، كە حكومەتی عێراق دەیویست لەو ڕێگەیەوە سەربازو پێداویستییە سەربازییەكانی لە كەمترین كاتدا بگەیەنێتە ئەو ناوچانەی كە مەترسی لەسەردەسەڵاتەكەی هەیە.

(ڕزگار مستەفا عەبدولرەحمان) پێشمەرگەی دێرینو دانیشتووی ناوچەی لێكۆڵینەوە بەم شێوەیە ڕۆڵی ڕێگاوبانی ناوچەكە لە شاڵاوی ئەنفالی ناوچەكەیان دەگێڕێتەوە: (ناوچەی قەرەداغ لەو كاتەدا كۆمەڵێ ڕێگای ئۆتۆمبێلی هەبوو بەڵام تەنها یەك ڕێگایان قیرتاو بوو ئەویش تەنها ڕێگای (قەرەداغ- سلێمانی) بوو، ڕێگاكانی تر هەموو

گڵ بوون سەرەڕای ئەوەی زۆر سەختو خراپ بوون، لەو کاتەدا خراپی ڕێگاکانو سەختییان لە بەرژەوەندی ئێمە بوو وەك هێزەکانی پێشمەرگە چونکە حکومەت نەیدەتوانی تانكو زرێپۆشەکانی بگەیەنێتە ئەو شوێنانەی مەبەستی بوو، لە هەمانکاتدا لە بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکەش بوو بە تایبەت لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی ناوچەکەدا، چونکە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ بە ئاسانی بگاتە هەموو شوێنێکی ناوچەکە، بۆیە زیانەکان بە بەراورد بە ئەنفالی گەرمیان تا ڕادەیەك کەمتر بوو).

هەروەها بەهۆی بوونی زنجیرە شاخی ئاڵۆزو بەرز هاتووچۆ هەروا ئاسان نەبووە تیایدا، بەتەنها توانراوە لە چەند ملەو دەروازەیەکەوە هاتووچۆ بکرێتو پەیوەندییەکان ڕێکبخرێن، بەگشتی لەم ناوچانەدا بڕینو ئاودیوبوون ئاسان نییە. حکومەتی عێراق لە ساڵی(1988)دا سەرجەم ڕێگاکانی ناوچەکەی بۆ مەبەستێکی مەترسیدار بەکارهێنا، بەڵام سەختی ناوچەکەو پاشانیش کەمی ڕێگای هاتووچۆ لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە تاڕادەیەك ئاستەنگی بۆ سوپای ڕژێمی بەعس دروستکرد بوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ناوچەکە بەبەراورد بە ناوچەکانی تر زیانی کەمتربێت. هەر بۆیە لەڕووی جوگرافیایی سیاسییەوە، ناوچە شاخاوییەکان بە هۆیەکی سرووشتی پارێزەری دەوڵەت دادەنرێت.

## باسی دووەم:
## ڕەهەندە گشتییەکانی شاڵاوی ئەنفالی دوو

### یەکەم: جوگرافیا وئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی دوو:

**أ. ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

وەکو لەپێشەوە ئاماژەی پێدرا ڕژێمی بەعس لەمێژ بوو، نەخشەی ئەنفالی هەموو ناوچەکانی کوردستانی داڕشتبوو. حکومەت هەر لەسەرەتای جەنگی (عێراق – ئێران)هوە دەستبەرداری دیهاتەکانی ناوچەی قەرەداغ ببوو دەسەڵاتی بەسەریاندا نەدەشکا، لەساڵی (1987) خودی ناحیەکە (قەرەداغ) چۆڵکراو دانیشتوانەکەی بۆ هەردوو کۆمەڵگەی (نەسرو زەڕایەن) گوێزرانەوە، سوپاو جاش لە شارۆچکە چۆڵەکەدا

مانەوە، بەڵام پێشمەرگە هەر زوو پێی چۆڵکردن، لە تۆڵەی ئەوەدا بۆمبارانی فرۆکە هەرچیەك لە ناوچەکە مابووە وێرانو کاولی کرد. دوای تەواوبوونی پەلامارەکانی ئەنفالی یەك حکومەتی عێراق بواری نەدا بە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیانو خۆیان ڕێك بخەنەوە، بەڵکو بەدوایدا قۆناغێکی تری ئەنفالی دەستپێکرد. بۆ ئەم قۆناغە، ناوچەکانی قەرەداغو (چیای زەردە)ی هەڵبژارد. حکومەتی عێراق، هێزی حەساوەو یەدەگی زۆری هەبوو. هێزەکانی دیکەشی کە لە ئەنفالی یەکدا، بەشداری پێکردبوون ورەیان بەرز بوو چونکە سەرکەوتنیان بە دەستهێنابوو. بە پێچەوانەوە هێزەکانی پێشمەرگە ژمارەیان کەمبوو، هێزی حەساوەو یەدەگیان نەبوو، سەرەڕای ئەوەش لە ئەنجامی شکستەکانی ئەنفالی یەکدا، ورەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئاستێکی نزمدابوو. حکومەت ویستی سود لە بارودۆخی دەروونی هێزەکانی خۆیو هێزەکانی پێشمەرگە وەربگرێتو درێژە بەو سەرکەوتنانە بدات کە لە ئەنفالی یەکدا بەدەستی هێنابوون.جگە لەوەش حکومەت نەخشەی ئامادەکراوی ئەنفالی دووی هەبوو.

**ب. پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

پاش سێ ڕۆژ لە تەواوبوونی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك لە (22ی ئازاری 1988)دا سوپای عێراق بە فەرماندەیی لیوا ڕوکن (ئەیاد خەلیل زەکی). هێرش و پەلامارەکانی بۆ ناوچەکانی ئەنفالی دوو دەستپێکرد، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان ناوچەکانی ناحیەی قەرەداغ و باشووری ناحیەی بازیان، چەند گوندێکی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سەنگاو و ڕۆژئاوای ناوەندی دەربەندیخانی گرتەوە. بە سوپایەکی زەبەلاحەوە لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی بردە سەرناوچەی قەرەداغ. لەیەکەم ڕۆژی شاڵاوەکەدا (گوندی سێوسێنان) درایە بەرڕاجیمەی هەڵگری کڵاوەی کیمیایی و بووە هۆی شەهیدبوونی (68)کەسی مەدەنی لە پیاو و ژن و منداڵ.

لە بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتی سەربازی ژمارە (ش3- ق2)، بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە ڕەزامەندییان لەسەر بەکارهێنانی چەکی تایبەتو کیمیایی وەرگرتووە لە ناوچەی قەرەداغو دۆڵی بالیسان، لەوانە هەردوو گوندی تەکیەو

بەلەکجار ناویان هاتووە وەکو دوو گوندی ناوچەی قەرەداغ.

لە دوای ئەو پەلامارە کیمیاوییە کە تەواوی ناوچەکەی شڵەژاند، هێرشی زەمینیش دەستی پێکرد. هەر لەم پەلامارەدا نزیکەی (200) کەس لە دانیشتوانی بێتاوانی گوندی سێوسێنان بریندارببوون. لەڕۆژی دواتردا گوندی دوکان کیمیاباران کرا، لە (24)ی هەمان مانگیش گوندی جافەران. لەگەڵ ئەمانەشدا دانیشتوانی ناوچەکە دەرفەتی دەرچوونیان کەمبوو، چونکە ڕژێم لە هەموو لایەکەوە ڕێگا سەرەکیەکانی کۆنترۆڵکردبوو. لەپەلاماری ئەنفالی دوودا ڕژێم ئەوەندە کۆسپو بەرگری هێزەکانی پێشمەرگەی نەهاتە پێشو لە ماوەی یەك هەفتەدا هەموو ناوچەکانی کۆنترۆڵ کرد.

(د. فایەق گوڵپی) وەك پزیشکی هێزەکانی پێشمەرگە لەو کاتەدا لەناوچەکە بووە بە چاوی خۆی چۆنێتی کیمیابارانی ناوچەکەی بینیوەو دەڵێت: (ئێوارەی ڕۆژی 1988/3/22 کاتژمێر (6:15) شەشو پازدە خولەك لە ماڵی خۆم دانیشتبووم لە کەمپی (ئیمام هەمزە). لە پڕ گوێم بەر دەنگێکی نامۆ کەوت، لە ژورەوە دەرچووم هەستمکرد دەنگەکە لەڕووی گوندی سێوسێنانەوە دێت، سەیری گوندی سێوسێنانم کرد لە چەندین شوێنی گوندەکەدا پزیسکی ئاگرو دوکەڵم بەرچاو دەکەوت، هێندەی پێنەچوو (دکتۆر ناسح) لە نەخۆشخانەوە هات بۆلام وتی: (منیش چاوم لێ بووە نزیکەی (40)ساروخ بەر گوندی سێوسێنان کەوتوون). خۆمان ئامادەکرد بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان. کاتێك گەیشتینە نزیك نەخۆشخانەکە لەپڕ گوێمان لە دەنگێکی ناسراو بوو، هاواری ئەکرد فریام کەون، من یەکسەر دەنگەکەم ناسییەوە، وەڵامم دایەوە وتم کاك کەمال ئەوە تۆی؟ چی بووە کەمال وتی بەڵێ دکتۆر منم، وتم چیتە وەرە بۆ لای ئێمە، وتی نابینم بەچەکی کیمیایی بریندار بووم یارمەتیم بدەن، کەمال-مان گەیاندە نەخۆشخانە، سەیری چاویمان کرد بیلبیلەی چاوەکانی وەك کونە دەرزی لێهاتبوو، هیچ جۆرە بۆنێکی لێوە نەدەهات بۆمان ساغ بوویەوە ئەوە چەکی کیمیاییە لە گوندی سێوسێنان بەکارهاتووە. چەند گوندێکی تری بۆردومانکرد، پاشان لە دەربەندیخانەوە بە کۆپتەرو چەکی قورس شاخی زەردەیان بۆردومان کرد. دوای چەند ڕۆژێك بەرگریی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، دواجارسوپا شاخی زەردی کۆنترۆڵکرد. ڕۆژی (3/26)

سوپا هێرشی کردە سەر گوندەکانی (عەلیاوا و مەسۆیی)، ڕژێم خۆی دەپاراست لەو شوێنانەی کە بەچەکی کیمیایی لێیدابوو، درەنگ هێرشی بۆ دەکرد، ئەوەش بۆ خۆپاراستن لە کاریگەریی ئەو چەکە. بۆ ڕۆژی دواتر واتە لە (3/28) لە دیوی شارەزورەوە هێرشیانکرد بۆ بورجی دارەڕەش و دەستیان گرت بەسەر سەرجەم ئەو گوندانەدا، لە (3/29) گەورەترین شاڵاو لەلایەن سوپای عێراقەوە لە هەموو قۆڵەکانەوە کرایە سەر ناوچەکە، بە جۆرێك دانیشتوانی گوندەکانی ناچارکرد گوندەکانیان چۆڵ بکەن.

لەگەڵ بۆردومانی چڕوپڕدا هێزەکانی سوپا و فەوجە سووکەکان لە هەموو ئاڕاستەکانەوە پەلاماری ناوچەکەیان دا، دانیشتوانی گوندەکان بوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان ڕوویانکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و بەئاڕاستەی شاری سلێمانی (باکور) هەڵاتن. بەشەکەی تریشیان بە ئاڕاستەی باشوور بەرەو ناوچەکانی گەرمیان بەتایبەت بۆ شێخ تەویل و ناحیەی پێباز و تیلەکۆ ڕەویان کرد.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەو هاوڵاتییانەی بە ئاراستەی باکور (سلێمانی) ڕۆیشتن، بەشی زۆریان توانییان ڕزگاریان بێ، بەڵام ئەوانەی بەرەو باشور (گەرمیان) ڕۆیشتن، کەمیان ڕزگاریان بوو، ئەوانی تر هەموو دەستگیرکران و ئەنفالکران.

لە بەرەبەیانی (1/ 4) سوپا هەردوو گوندی تەکێو بەلەکجاڕی کۆنترۆڵکرد، کە بڕبڕەی پشتی هێزەکانی پێشمەرگە بوون، بۆیە توانای بەرگریکردنیان نەماو لە هەمان ڕۆژدا سەرجەم هێزەکانیان کشانەوە بۆ دیوی گەرمیان.لە هەمان ڕۆژدا واتە لە (1ی نیسان) پرۆسە سەربازیەکانی (ئەنفالی دوو) کۆتایی هات و لە ڕۆژی دواتردا سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بەلاغی ژمارە (3109)ی بڵاو کردەوە کەتێدا باس پاککردنەوەی تەواوی ناوچەی قەرەداغ دەکات لە (خیانەتکاران)و تێکدانی بنکەکانیان، لەو فەرمانەدا ئەو شەڕانە ناونراون (ئەنفالی دوو). لێرەدا پێویستە تیشك بخەینە سەرئەم لایەنانەی خوارەوە:-

أ. ئاراستەی هێرش و پەلامارەکان

ب. ڕەوکردن لە قەرەداغ

## أ. ئاراستەی هێرش و پەلامارەکان

ئەم هێزە زۆرانەی حکومەت بە شێوەیەکی وردی پلان بۆ دانراو دابەشکرا بوون، سەرجەم ناوچەکە خاپور بکەن، بە گشتی

هێزەکان لەم چەند ئاراستەیەوە پەلاماری ناوچەکەیاندا:

**ئاراستەی یەکەم:** زەرایەن _ دیسکەرە بەرەو گوندەکانی (کانی میل، کانی هەنجیر، کۆرە، سێتەلان، ئاوەکەڵە، دەربەند فەقیرە، شاخی سۆڵە، لەوێشەوە بۆ گوندی سێوسێنان).

**ئاراستەی دووەم:** سلێمانی _ زرگوێز _ دارەڕەش (لێرەدا هێزەکان بوون بە دوو بەشەوە):

أ- بەشی یەکەمی هێزەکە ڕۆژی (3/25) لە سلێمانییەوە بەرەو_ دارەڕەش لەوێوە بۆ سەر زنجیرە شاخی (سۆلیاوا) تادەگاتە پشتی گوندی (نەوتی).

ب- بەشی دووەمی هێزەکە لە سلێمانییەوە بەرەو _ زرگوێز _ دارەڕەش _ ناحیەی قەرەداغ.

**ئاراستەی سێیەم:** تانجەڕۆ _ شاخی گڵەزەردە لەم ئاراستەیەوە سوپا بە هاوکاری جاشو هێزی (قوات طواری) لە دابڕاوی شاخی گڵەزەردەوە بە ئاراستەی گوندەکانی (گەڕەزیل، تەنگیسەر، برایم ئاوا، تیمار، هەرگێنە، قارەمان) ڕۆیشت بەبێ ئەوەی تووشی هیچ شەڕو بەرگرییەك ببنەوە.

**ئاراستەی چوارەم:** سوپای عێراق لە سێ ڕێگاوە هێرشی بۆ سەر ناوچەکە دەستپێکرد بەم شێوەیە:

أ- ئەڵلایی بۆ گوندەکانی (قوشقایە،وەرمزیار، گاوانی، باڕۆیی گەورە، داری کەلی، سەرزەل)

ب- ئەڵلایی بۆ گوندەکانی: (سەرزەل، محمودیە، هالەی سەرچاوە، داری کەلی)

ج- ئەڵلایی بۆ گوندەکانی: (هالەی مام قادر، خێوەتە، کەلەکن، سۆڵە، دێلێژە)

هەردوو ئاراستەی (أ – ب) لە کۆتایی سنوری بازیان لە گوندی (سەرزەلی سەروو لە ناوچەی قەرداغدا یەکیانگرتەوەو کەوتنەوە ڕوخانو وێرانکردنی گوندەکانی (تەنگیسەر، سەرزەل، چەولك، فیکەدەرە)

**ئاراستەی پێنجەم:** دەربەندی بازیان بەسەر شاخەکەدا تاوەکو دەربەندی باسەرە، لەم ئاراستەیە هیچ هێزێك نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپا.

**ئاراستەی شەشەم:** چەمچەماڵ_مەلاحسین _باسەرەو ژاڵە. لەم ئاراستەیەوە ڕوبەڕووبوونەوە ڕونەدا.

**ئاراستەی حەوتەم:** سەنگاو – گوندی هەنارە. لەم ئاراستەیەوە سوپا بە پاڵ پشتی جاش، لەنێو شارۆچکەی سەنگاوەوە بەرەو

گوندی هەناره، لەوێشەوە بەرەو شاخی سەگرمەو دواتر بە دیوی قەرەداغ بۆ گوندی جافەران.


**ئاراستەی هەشتەم:** لە سەنگاوە بۆ گوندەکانی (خاکی و دەلکە) دواتر بۆسەر شاخی مێوڵی.

**ئاراستەی نۆیەم:** دەربەندیخان بەرەو گوندەکانی کانی ساردو باوەخۆشێن تا سێوسێنان.

**ئاراستەی دەیەم:** دەربەندیخان بۆ گوندی چرچەقەڵا _ شاخی زەردە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).

**نەخشەی ژمارە(٣)**

**ئاراستەی هێرشەگشتییەکانی شاڵاوی ئەنفال بۆ سەرناوچەی قەرەداغ**



**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە فایلی ( mt30DEM) و لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ( 10.7ArcMap).

١- هەرێمی کوردستانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای سلێمانی (GIS)کارگێڕی قەزای قەرەداغ،٢٠٢٢، بەپێوەری (1:549,116).

٢- هاشم یاسین حمدامین، سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمد خۆشناو، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق- عیراق وجیهان، چ١، هەولێر.

٣- ئەکرەم حمە ئەحمەد، نرکەی قەرەداغ، چ1، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، 2003، ل١٠٠-١٠٨.

## ب. ڕەوکردن لە قەرەداغ:

کاتێك هێرشی زەمینی سوپا لە دوا نیوەڕۆی (23ی ئازار)ەوە دەستیپێکرد، خەڵکی گوندەکان لەو هەواڵانە زەندەقیان چووبوو چ بە دەماودەم چ بە ڕادیۆ مەیدانیەکانی پێشمەرگە بڵاودەبوونەوە لەبارەی ئەو هێرشە پڕ لە وێرانکارییەی گازی ژەهراوی بۆ سەر سێوسێنان، بۆیە کاتێ سوپا شاڵاوی برد بۆ ناوچەکە دانیشتوانەکەی بە دوولادا هەڵهاتن، هەندێکیان بە ئاراستەی باکور (سلێمانی)و ئۆردوگاکان، بەڵام کۆمەڵەی دووەم کە بەرەو باشور (گەرمیان) هەڵاتن. لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە هەریەکەیان بکەین:-

**1-ڕەو بەرەو باکور (سلێمانی):**

کۆڕەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرەو ئاراستەی باکور بوو، خەڵکەکە پەلەقاژەی ئەوەیان دەکرد لە سلێمانی یان لە یەکێك لە کۆمەڵگاکانی سەر شارییەکە پەنایەك بدۆزنەوە، لەنێوان سلێمانیو ناوچەی (قەرەداغ)دا کۆسپێکی سروشتی بوو بووە لەمپەر، لەبەردەم گوندنشینە هەڵاتووەکاندا، ئەوەیش شاخی (4300) پێی (گڵەزەردە) بوو، لەوێ خەڵکەکە کەوتن بەسەر هێزی سوپاو جاشو کۆماندۆدا، ئەو ناوەیان هەموو گرتبوو، لە هەموو لایەکەوە هەروا خەڵکی شەکەتو ماندوو، عەرەبانەو تراکتۆرو ئاژەڵو ماڵات بوو، هەلیکۆپتەر بە ڕاسەرەوە دەسوڕایەوە، تانكو تۆپخانە هەموو لایەکی ئاگر دەدا. ئەگەر چی (میدڵ ئێست وۆچ) باس لە نەرمیەك دەکاتو دەڵێت: (تائێستا ئەو جۆرە لە نەرمی سوپا لە چاو ناوچەکانی تر هەر بەنادیاری ماوەتەوە، چونکە لە ڕۆژانی بەرایی ئەنفالی دوودا بە هەندێ لە گوندنشینەکانیان گوتبوو: (بڕۆن مشوری خۆتان بخۆن جا لەناو شاربێت یان لە کۆمەڵگاکاندا) هەرچەندە دواتر ئەمن لە (نەسرو زەڕایەنو سلێمانیدا) ماڵ بە ماڵیان پشکنیو بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان.

ئەگەرچی هێزێکی سەربازی زۆر هەموو ئەو ناوەی گرتبوو بەڵام دەربازبوانی هێرشە کیمیاییەکەی سێوسێنان، هەواڵی لێبوردنێکی کاتییان بیستبوو بۆیە ماوەی چەند ڕۆژێك بە قەد پاڵی شاخەوە مانەوە تا شتێکیان لێ ڕووندەبێتەوەو کەس دەستی بۆ نەبردن.

لە ڕۆژی پێنجەمی شاڵاوەکەوە سوپا دەستیکرد بە گرتنی خەڵکە دەرباز بووەکەی گوندی سێوسێنان، لە خاڵی پشکنینی (قەرەداغ-سلێمانی) (25-30) کەسی لێ دەستگیرکردن، بەڵام کۆمەڵێك لە پیرو پەککەوتەکان بە یارمەتی جاشەکان توانیان دەربازبن. کاتێ عەرەبانەیەکی تراکتۆری پڕ لە گەنم لە خاڵی پشکنینەکە وەرگەڕا کۆمەڵێك کڵاشینکۆف کەوتنە بەرچاو، سوپا یەکسەر دەستی کرد بەگرتنی ئەو خەڵکە زۆرەی کە لەوێ کۆبووبوونەوە، ئاگاداری گشت یەکە سەربازییەکانیش کرا خەڵك بگرن، گیراوانی خاڵی پشکنینەکە بە ئیڤا ڕەوانەی بارەگای (هێزی ناکاوی چوارباغ) کران لە سلێمانی، لەوێش ناونوسیان دەکرن ناسنامەو شتو کەلوپەلی بە نرخیان لێ دەسەندن، پاش ئەو کارە ئەو گەنجەی لە تەمەنی سەربازی بوون بە چاوبەستراوی بۆ شوێنی نادیار

گواسترانەوە، ئەوانی تریش پاش لێکۆڵینەوەیەکی وورد بە (تێکدەر) ناونووس کران، پاش سێ هەفتە بە پاسو کۆستەر بۆ تۆپزاوای لای کەرکوك گواسترانەوە.

**2- ڕەو بەرەو باشور (گەرمیانی خوارو):**

بێگومان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان گیراوانی ناوچەکاندا هەیە، ئەمە لە شێوازی بێسەرو شوێن کردنو کوشتنی بەکۆمەڵدا سەرەڕای چارەنووسو ژمارەیان. ئەو ژمارە زۆرەی ژنو منداڵ کە بەرەو خواروی گەرمیان هەڵاتن ڕاپێچ کرانو بێسەروشوێن کران لەلایەن سوپای عێراقەوە، (51)کەسی گوندی مەسۆیی لە نزیك کەلار دەستگیرکرانو شوێن بزرکران کە زۆربەیان منداڵی ساوا بوون، خەڵکی گوندی (هۆمەرەقەڵا)یش هەمان چارەنووسیان تووش بوو.

گوندی عەلیاوا کە بە (بەڵخەی خواروو) ناسراوە کاتێ بەرەو خوارووی گەرمیان هەڵاتن هەمان چارەنووسیان تووش بوو، ژمارەی ئەنفالکراوەکانیان (40)کەسە، کە تەمەنیان لەنێوان (3-52) ساڵ بوو. پاش ئەوەی ڕژێم دەچێتە گوندی شێخ تەویلو بۆیسانەو بەکربایەف لە بروسکەیەکی ئیستخباراتی سەربازیدا باس لە گرتنی (75) خێزان دەکات، پێدەچێت ئەو دەستگیرکراوانە لەو ئاوارانەی دیوی ناوچەی قەرەداغ بوبێتن. چونکە خەڵکێکی زۆری شێخ تەویل چۆڵیان کردبوو، لەمبارەیەوە لە ڕاپۆرتەکەیدا میدڵ ئێست ووچ دەنوسێ: (لەو پشێویو تێکەڵو پێکەڵییەی پێش شەڕەکەدا زۆربەی خەڵکی شێخ تەویل ماڵیان چۆڵکردو ڕۆیشتن بۆ سەر شارێی نێوان دەربەندیخانو کەلار، لەوێ (79) کەسیان لێگیراو سەرنگوم کران. ئەمە هێشتا ئەنفالی سێ (ئەنفالی گەرمیان)دەستی پێ نەکردبوو. خێزانەکانی هۆمەرەقەڵا چاوەڕێ بوون، چونکە(4) پیرەمێردی خەڵکی بۆیسانە بە هەڵکردنی ئاڵای سپییەوە بەرەو پیری هێزەکان چووبوون. لەوێ پێیانوتبوون:(بڕۆن ماڵو خێزانتان بێنن، هیچیان بۆ نابێت)، بۆیە ژمارەیەك پیاوو ژن باوەڕیان بە بەڵێنی ئەفسەرەکە کردو خۆیان دابوو بە دەستەوە، کەچی دەستبەجێ گرتنیان. ئەوانەی کە لەدواوە مانەوە باشتر زانییان خەڵکەکە براون بۆ بارەگای لیوا سەربازییەکەی کەلارو ئیتر ئەوە دوا دەنگوباسیان بوو). ئەوانەی لە خێزانەکانی هۆمەرەقەڵا مابوونەوەو خۆیان دابووە دوا جارێکی تر هەڵاتنەوەو نەوەستان تا گەیشتنە

گوندی (لاڵی خان). لەوێ خەڵکەکە زۆریان بینیبوو کە ڕژاونەتە ئەو ناوەو کاروانێکی گەورەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریش هێنراوە بۆ کۆکردنەوەیان، لێرەش دیسان خەڵکەکە کەوتنەوە ڕاو تەکبیر، سەرباری ترسو دڵەڕاوکێ، دواجار خۆیان دابەدەستەوە پێیانوابوو تاکە چارەسەرە.

## دووەم: زیانە گیانی وماددییەکانی شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ یەکێك بوو لەو ناچانەی کە زیانێکی گیانیو مادی زۆری بەرکەوت لە ساڵی (1988)دا. پەلامارەکە هەموو ناوچەکەی گرتەوە، توندی شاڵاوەکە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی زەرەرو زیانێکی گیانیو مادی زۆری لێبکەوێتەوە.

لە ئەنفالی ناوچەکەدا بەپێی سەردانی مەیدانیو بەدواداچوونی توێژەر ژمارەی قوربانییە پێزانراوەکانی ئەنفالی ناوچەکە زیاترە لە (٣١٤)کەس لە ژنو منداڵو پیرو گەنج بێسەرو شوێن کراون. سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی ناوچەکەو تاڵانکردنی ماڵو سامانیان تەواوی گوندەکانی ناوچەکە کە زیاتر لە (80) گوند بوون وێرانکرانو سوتێنران. تەنها لە یەکەم بۆردومانی چەکی کیمیایی گوندی سێوسێناندا (٦٨) کەس بوونە قوربانیو زیاتر لە (200) کەسی تریش بریندربوون. بۆ زیاتر زانینی زەرەرو زیان لێکەوتوانی گیانیو مادی بە شێوەیەکی وردتر ڕوون بکەینەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

### خشتەی ژمارە (1)

### خستنەڕووی ئاماری وێرانکاری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە شاڵاوی ئەنفال دا

| شوێن | ناوچە | ژ.گەڕەک وناوچە | کۆی ژمارەی بینا | کۆی ژمارەی بینای نیشتەجێبوون | کۆی ژمارەی خێزان | کۆی ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی پیشەوەرانی ناوماڵە | ژمارەی جوتیار | ژمارەی بینای خوێندنگە | ژمارەی دامەزراوەی تەندروستی | ژمارەی گوند | سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | بەلوعەی گشتی | بیری ئیرتیوازی | جۆگەوڕووبارەکان |
| ناوچەی قەرەداغ | شارنیشن | 3 | 282 | 222 | 345 | 2067 | 4 | 64 | 2 | 1 | - | - | - | - |
| | گوندنشین | 60 | 2386 | 2134 | 3388 | 20332 | 361 | 1962 | 30 | 9 | 80 | 6 | 1 | 73 |
| | کۆ | 63 | 2668 | 2356 | 3733 | 22399 | 365 | 2026 | 32 | 10 | 80 | 6 | 1 | 73 |


**سەرچاوە:** رئاسة مجلس الوزراء، الديوان مديرية احصاء السليمانية، جدول بعدد المدن والقرى والمباني والمنشأت والمدارس والمراكز الصحية ومشاريع الماء وغيرها التى تم تدميرها وازاحتها من الوجود سنة واحدة (1991) قبل الانتفاضة من قبل الحكومة العراقية.

ئەم ئامارانەی بەردەست کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانییەوە ئەنجامدراوەو پشتڕاست کراوەتەوە، دواتریش وەك یەکێك لە بەڵگەنامەکان دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لەدوای ساڵی (2003) دانی پێداناوە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە حکومەتی عێراق بە هەموو جۆرە سیاسەتو میکانیزمێك هەوڵی ئەوەی داوە گەلی کورد کۆمەڵکوژ بکاتو پاکتاوی ڕەگەزی بکات. هەروەك لە خشتەی ژمارە(1)دا دەردەکەوێت حکومەتی عێراق تەواوی گوندەکانی ناوچەکە کە ژمارەیان زیاتر لە (80) گوند بووە خاپورکردوە، سەرەڕای زیاتر لە (2668) بینای ناوچەکەو نزیکەی (2356) بینای نیشتەجێبوون لەگەڵ زەویدا یەکسان کراون، هاوکات (3733) ماڵی نیشتەجێبوونو (42) بینای خوێندنگەو دامەزراوەی تەندروستی تێکدراون، بەڵگەنامەکە ڕوونی دەکاتەوە کە تەنها لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە (73) کانیو ڕوبارو جۆگە تێکدراون لەگەڵ (1) بیری ئیرتیوازیو (6) بەلوعەی گشتی. هاوکات ئەوەش سەلمێنراوە کە ڕژێمی بەعس (365) پیشەوەری ناوماڵەی لە کارخستووەو زیاتر لە (2026) جوتیاری ناوچەکەی لە کارخستووەو لە تاکی بەرهەمهێنەوە کردونی بە بێکار.

یەکێکی تر لە زیانو سیما دیارەکانی ئەنفالی ناوچەکە کردنە ئامانجی ڕەگەزی نێر بوو، دیارە ڕەگەزی نێر وەك توێژی بەرهەمهێنەر لە کوردستانو ناوچەکەدا مەبەستی سەرەکی شاڵاوی ئەنفالی ناوچەکە بووە. هەر چەندە پەلاماری حکومەتی عێراق بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ هەموو چینو توێژێکی گرتەوە بێ جیاوازی لەنێوان ڕەگەزو تەمەن. بەڵام ڕاستییەك هەیە کە بووەتە سیمایەکی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال ئەویش بریتییە لە بەرزی ڕێژەی ڕەگەزی نێرینە لەنێوان شوێن بزرکراوەکانداو بەرزی ڕێژەی لاوان لە قوربانییەکاندا. لە ئەنجامی بەدواداچونی توێژەر دەرکەوتووە (%67) قوربانییەکان لە ڕەگەزی (نێر)و لە (%33) لە ڕەگەزی (مێ)یە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە بەگشتی ڕەگەزی (نێر) زیاتر بووەتە قوربانیو جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ڕێژەی هەردوو ڕەگەزبەدیدەکرێت. بڕوانە شێوەی (1).

**شێوەی ژمارە(1)**

**ڕێژەی قوربانیانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی ڕەگەز**





**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچە بەرکەوتووەکانی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەروار2022/7/1.

بەڵام سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی قوربانیان هەروەك لە شێوەی (12) دەردەکەوێت، زۆرترین ڕێژەی قوربانیانی جینۆسایدی ناوچەی لێکۆڵینەوە خەڵکی گوندنشین بوون، کە ڕێژەکەیان دەکاتە (%99). بەڵام ڕێژەی شارنشین ڕێژەیەکی زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی جینۆسایدکراوەکان. کە دەکاتە (%1) ئەویش دانیشتووی ناوەندی ناحیەی قەرەداغ بوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە چۆڵکردنی ناحیەکە لە ساڵی (1987) بەهۆی پەلاماری حکومەتی عێراق بۆ سەر ناوچەکەو

دواتر ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ شاری سلێمانی. بڕوانە شێوەی ژمارە (2).

**شێوەی (2)**

**شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان لە کاتی جینۆسایدا ڕوودەکاتەوە**




**سەرچاوە:** پشت بەست بە هەمان سەرچاوەی شێوەی ژمارە(1).

سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەك لە شێوەی (3) دەردەکەوێت بەشێك لە گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە بەر هێرشی کیمیایی کەوتوون، لە ماوەی نێوان (1987-1988). ناوچە پێکراوەکان و بۆردومان کراوەکان بەچەکی کیمیایی، لەڕووی ڕادەی زەرەروزیانە گیانیەکانەوە جیاوازن، ئەویش بەگوێرەی چڕی دانیشتوان لەناوچە بۆردومانکراوەکان و شوێنی کەوتنی بۆمبە کیمیاییەکان. بەگشتی زیانە گیانیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە چەکی کیمیایی (21%)یە بەڵام ڕێژەی ئەنفالکراوان کە بێسەروشوێنکران‌و پاشان زیندەبەچاڵکران (79%)یە. بڕوانە شێوەی (3).

**شێوەی(3)**

**ئەو پرۆسەیە ڕوودەکاتەوە کە دانیشتوانی ناوچەکەی تێدا بوونەتە قوربانی**




**سەرچاوە:** توێژەرپشت بەست بە:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان، بەڕێوەبەراتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی، بەروار(2022/6/7).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچە بەرکەوتووەکانی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەروار2022/7/1.

## دەرئەنجام

پاش تاوتوێکردنی بابەتەکانی دوتوێی لێکۆڵینەوەکە، توێژەر گەیشتە چەند دەرەنجامێکی زانستی، لەم خاڵانەدا بەکورتی دەیانخەینەڕوو:-

١-شاڵاوەکانی ئەنفالی ناوچەی لێکۆڵینەوە ماوەی (١٠) ڕۆژی خایاند واتە لە (٣/٢٢ بۆ ٤/١ی ١٩٨٨) ئەم شاڵاوانە زیانێکی گیانی ومادی زۆری لێکەوتەوە بووە هۆی بێسەرو شوێن بوونی (٣١٤) کەس.

٢-بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق، دەربارەی گەلی کورد و خاکی کوردستان، ناوچەی لێکۆڵینەوەکە دووچاری گەورەترین شاڵاوی ڕاگواستن و قڕکردن بووەتەوە. لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) بەجۆرێک زیاتر لە (٨٠) گوندی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە ڕوخێنران و چۆڵ کران لە دانیشتوان، لەگەڵ کاولکردنی هەموو دەزگا خزمەتگوزاریەکان و پرۆژە کشتوکاڵیەکان و هەموو ژێرخانی دێهاتەکان. ئەم گوندانە (٣٧٣٣) خێزان و (٢٢٣٩٩) کەسیان لەخۆگرتبوو.

٢-لەڕووی ئابووریشەوە گەورەترین زیانی بەکەرتی کشتوکاڵی گەیاند، چونکە کشتیارانی لەکێڵگەکان دوورخستەوە و ناوچە کشتوکاڵیەکان و لەوەڕگا سروشتیەکانی کرد بەناوچەی قەدەغەکراو، کەبوونی مرۆڤ و هەموو بوونەوەرێکی تێدا یاساغ کرابوو.

٣-چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دژ بەدانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لەهەردوو ساڵی (1987 – 1988)دا، بەشێوەیەکی بەرفراوان، لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەکارهێنراوە. لەناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٨) گوند و (١) شار بەچەکی کیمیایی بۆردومان کراون. بەڵام زیانمەندترین ئەو ناوچانەی بەچەکی کیمیایی بۆردومان کرا، گوندی سێوسێنان بوو کە ئێستا ناحیەیە. لەئازاری 1988دا، کەزیاتر لە (٦٨)شەهید و (٢٠٠)بریندارى لێکەوتەوە.

٣-ئەوەی کەدەیسەلمێنێت ئامانجی حکومەتی ناوەندی لەناوبردنی گەلی کورد بووە، ئەنجامدانی کوشتنی بەکۆمەڵی دانیشتوانی سیڤل بوو، لەسەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. چونکە لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا، کە لە (شوبات – ئەیلولی 1988) ئەنجامدرا، ئەو ناوچانەی بەر ئەو شاڵاوانە کەوتن، لەکوشتنی بەکۆمەڵی دانیشتواندا هیچ جیاوازیەك نەکراوە لەنێوان گەورە و

بچووك یان لەنێوان کەسوکاری پێشمەرگە و کەسانی دیکەدا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕەگەزی نێرزیاترکراوەتە ئامانج.

٤-لەشاڵاوی ئەنفالی ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین فاکتەری سروشتی و مرۆیی کاریگەری گەورەیان هەبوو لە قەبارەی زیانە گیانییەکان لە گرنکترین ئەو فاکتەرانەش (تۆبۆگرافیایی ناوچەکەو کەمی ڕێگاوبان و خراپییان، تاڕادەیەک ڕۆڵی ئەرێنیان هەبوو بەڵام لەلایەکی ترەوە نەبوونی سنوری نێودەوڵەتی کاریگەری خراپی هەبوو بووە هۆی قەتیسبوونی دانیشتوانی ناوچەکە.

٥- شاڵاوەکانی ئەنفال تەواو جیبەجێکردنی جینۆسایدی گەلی کوردە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا جێبەجێکراوە.

## ڕاسپاردە:

پاش تاوتوێکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە و گەیشتن بەچەند دەرەنجامێکی زانستی، توێژەرچەند ڕاسپاردەیەك پێشنیازدەکات:-

١- دانانی پلانێك بۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بەشێوازێکی زانستیانە و بەرەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی ناوچە جیاجیاکان.

٢- قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق، بەتایبەتی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.

٣- بەسود وەرگرتن لە بە جینۆساید ناسینی ئەنفال لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکان-عێراق) کار لەسەر ئەم کەیسە بکرێت لە ئاستی نێودەوڵەتی بە تایبەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی (لاهای).

٤- کارکردن بۆ دیاریکردنی شوێنی سەرجەم گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق و هەڵدانەوەی بە شێوەیەکی زانستی و گەڕانەوەی تەرمەکان بۆزێدی خۆیان.

## لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### أ–کتێب


(1)ئەمین، هیوا حسین، تاوانی ئەنفال وکاریگەرییە ئابورییەکانی لەسەر کوردستان ،چ1، بەبێ ناوی چاپخانە، 2021.

(2)ئەحمەد، ئەکرەم حمە، نرکەی قەرەداغ، چ1، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری.

(٣)بەندی، علی، ئەنفالکرنا بەهدینان، چ1، چاپخانەی خەبات، دهۆك، 2001.

(٤)شاخی،مەلا، ئەنفالی خاڵخاڵان، چ2، چاپخانەی کاروخ، سلێمانی، 2007.

(٥)سالح، عەدالەت عومەر، ئەنفال و ئافرەتی کورد ، چ1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2002.

(٦)عبداللە، خەلیل، بە جینۆسایدناسینی ئەنفال، چ1، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی، 2011.
(٧)علی،جاسم محمد محمد، ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا،چ1، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2008.
(٨)عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر عەبدوڵا، ئەنفالی سێ و کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال،چ1، چاپخانەی تەوار، سلێمانی،2004.
(٩)محمد، عمر، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چ1، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013.
(١٠)محمود، سالار، جینۆسایدی گەلی کوردستان، چ2، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، 2013.
(١١)محمد، جەزا تۆفیق محمد، جوگرافیای سەربازی، چ1، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی، 2020.
(١٢)محمود، عبداللە کریم، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دوو، چ2، چاپخانەی پیرەمێرد، 2009.
(١٣)وۆچ، میدڵ ئێست، جینۆساید لە عێراق وپەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، و: لە ئینگلیزییەوە سیامەندی موفق زادە، چ1، چاپخانەی خاك، سلێمانی، 1999.
(١٤)فتح اللە، سەفین جلال، دەروازەیەك بۆ زانستی جوگرافیای سەربازی، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٢٠.
(١٥)صفوی، سید یەحیا، بنەماکانی جوگرافیایی سەربازی، و: هاوڕێ یاسین محمد أمین، چ1، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی، 2011.
(١٦)قەرەداغی، حسین نجم الدین ڕەسوڵ، سەربوردێکی قەرەداغ ودیرۆکی گوندی گۆمەتە، چ1، چاپخانەی تاران، سلێمانی، 2021.
(١٧)ڕووف، محمد، پاکیزەکانی ئەنفال لێکۆڵینەوەیەکە لە سەرکچە فرۆشراوەکانی ئەنفال، چ1، لە بڵاوکارەوکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، 2014.
(١٨)ڕەسوڵ، شۆڕش حاجی، ئەنفال (کوردو دەوڵەتی عێراق)،چ2، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2003.
(١٩)ڕەئوف، محمد، ئەنفال وڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکان، چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2005.
(٢٠)قوربانی، عارف، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی سێیەم، چ1، چاپخانەی ئاسا، سلێمانی، 2003.
(٢١)گوڵ،مارف عمر، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، چ5،چاپخانەی ئاراس، هەولێر،2010.

**ب–نامە زانکۆییەکان:**

(١)کەریم،ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان وزانستەمرۆڤایەتیەکان، نامەی ماستەر، ٢٠١٥.

(٢)دزەیی، یوسف، ئەنفال وکارەسات: ئەنجام و ڕەهەندەکانی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاح الدین، نامەی ماستەر، هەولێر، 2001.

**ج-کۆنفرانسی زانستی:**

(١)دارا حمید محمد، جینۆسایدی زمان زمانی کوردی بە نموونە، ژمارەیەکی تایبەتە بە کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان، بەهاری 2017.

**د-گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

(١)ئەحمەد، تاڤگە، گوندی عەلیاوای ئەنفالکراو، گۆڤاری شەهید، سایمانی، ژمارە (6)، 1999.

(٢)ئەمین، هاوڕێ یاسین محمد، پوختەیەك لە جوگرافیای سروشتی قەزای قەرەداغ، گۆڤاری زەردە، ژمارە(3)، 2020.

(٣)ئامادەکردنی ئەنفالستان، پەلاماری ئەنفالی دوو بۆ ناوچەی قەرەداغ، ژ.(7)، 2010.

(٤)بزێنی، قارەمان نادر شێخ، پرۆسەی ئەنفال لە ناوچەی شێخ بزێنیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(41)، تەمموزی 2013.

(٥)شەریف، سەرکەوت، ئەنفال، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە (5-6)، چاپخانەی قانع، سلێمانی، 2006.

(٦)شاکەلی، محەمەد، چەند پەڕەیەك لەڕۆژمێری ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (1)، سلێمانی، 2000.

(٧)سالّح، ئاری جەلال، ئەنفال هەوڵێك بۆ جینۆسایدکردنی کورد، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (4)، سالّی پێنجەم، کەرکوك، 2004.

(٨)محمد، خلیل ئیسماعیل، لێکجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێرقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(24)، هاوینی 2002.

(٩)عبدالله، فەریق فاروق، ئەنفالو یاسای نێو دەوڵەتی، سەنتەری برایەتی، ژ(24)، هەولێر، 2002.

(١٠)حسن، محمد شێخ، کورتەیەك لە بارەی ئەنفالو ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ، ئەنفالناسی، ژمارە(1)، 2017.

(١١)نەقشبەندی، ئازاد محمد ئەمین،ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال چەند تێبینیەكو سیما سەرەکییەکانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژ.(24)، هاوینی 2002.

**هـ-سەرچاوە حکومییەکان:**

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان، بەڕێوەبەراتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی سلێمانی، ٢٠٢٢.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

**أ-الكتب**

(١)حومد، عبدالوهاب، الاجرام الدولى، ط1، مطبوعات جامعه الكويت، 1988.

(٢)الطبرى، لابى جعفر محمد بن الحجر، تاريخ طبرى، تحقق محمد ابوالفضل ابراهيم، ط2، مطبعة دارالمعارف، القاهيرة، 1967.

(٣)الفراهيدى، خليل بن احمد، كتاب العين، الجزء (8)، ط2، مؤسسة دار الهجرة، 1990.

(٤)الهيتى، صبرى فارس الهيتى و صالح فليح، جغرافية المدن، ط2، دار الكتب للطابعة والنشر، جامعة بغداد، 2000.

(٥)سعيد، محمد ازهر، واخرون، جغرافيا النقل بين المنهجي والتطبيق، ط1، جامعة الموصل، 2008.

(٦)منظمة حقوق الانسان، جريمة العراق في الابادة الجماعية، حملة انفال ضد الكورد، الشرق الأوسط، ترجمة جمال ميرزا، مركز هافيبون للدراسات والنشر الكردية، برلين، 2003.

(٧)محمد، خليل اسماعيل، القضية الكردية في العراق: مشكلة وجود ام حدود، طبع على نفقة جامعة صلاح الدين، اربيل، 2006.

**ب-التقارير والبيانات الحكوميه:**

(1)رئاسة مجلس الوزراء، الديوان مديرية احصاء السليمانية، جدول بعدد المدن والقرى والمبانى والمنشأت والمدارس والمراكز الصحية ومشاريع الماء وغيرها التى تم تدميرها وازاحتها من الوجود سنة واحدة (1991) قبل الانتفاضة من قبل الحكومة العراقية.

**ج-المجلات والجرائد:**

(1)صالح، كازيوة، جينوسايد الكورد، باسم انفال الاسلام وموقف اسلامى كردستان، مجلة انفال عدد(4)، 1996.

(2) عثمان،دلاور، التسجيلات الصوتية لاحاديث علي حسن مجيد، مجلة الانفال(القسم العربى)، العدد(1)، السليمانية، 2000

(3) راصد، حملات الأنفال آخر مراحل الترحيل وأولى مراحل الاءبادة الجماعية، مجلة الأنفال، العدد (3)، السليمانية، 2002.

(4) صالح، مجيد، ابادة الكرد في وثائق حزب البعث البائد، مجلة الأنفال، العدد (6)، السليمانية، 2005.

**سێیەم:سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**:

Medl EastWatch. Genocide in Iraq,

(1) op, cit, P.192.

**چوارەم:سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

(١)معين، محمد، فرهنگ فارسى معين، يك جلدى، چاپ1، انتشارات گلى، تهران، 1385.

**پێنجەم:چاوپێکەوتنەکان:**

(١)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عوسمان محمد عبدالله)، دانیشتووی ناوچەی لێکۆڵینەوەو، شایەدحاڵ، بەرواری 2022/5/12.

(٢)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمد عبدالله عبدالعزیز) دانیشتووی ناوچەی لێکۆڵینەوەوشایەدحاڵ، بەروار 2022/7/18.

(٣)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فایق محمد گوڵپی) پزیشکی پێشمەرگەو شایەدحاڵ، بەروار2022/6/15.

**شەشەم:سایتەکان:**

https://www.un.org/en/genocidepre .vention/genocide.shtml (١)

## Summary:

The crime of Anfal is one of the most horrific crimes committed against the Kurdish people in Iraq in the late 20th century. It was implemented in eight phases and six different regions in a specific and planned program. It began on February 23, 1988 and ended on September 6, 1988. All forms of genocide were practiced. One of the most devastating phases of the Anfal campaign in which chemical weapons were used was Anfal II in the Karadag region. Three days after the completion of the Anfal I (on March 22, 1988), the Iraqi army launched attacks on the areas of Anfal II, which is widely involved in the district of Karadag, south of Bazian district, several villages in eastern Sangao district, and west of central Darbandixan. The Iraqi government attacked the Karadag area with a huge army from several directions. In addition to using chemical weapons, more than 80 villages were devastated by the attack. This study is divided into two main themes and presents the general aspects of the Anfal II campaign academically.

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ئەنفالکراوانی قەزای کۆیە

نیسان زرار صابر

## پێشەکی

تاوانی ئەنفال ئەو تاوانە گەورەییە کە رژێمی بەعسی فاشی بۆ لەناوبردنی گەلی کوردو وێرانکردنی خاكو وڵاتەکەی، بەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌و رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤەوە ئەنجامیدا. ئەنفال بەرنامەیەکی وردی پلان بۆ دانرابوو، بە بڕیاری ڕاستەوخۆی سەدام حسێن (سەرۆك کۆماری ئەوکات)، لە ماوەی (23/ شوبات تا شەشی ئەیلولی 1988) بە سەرپەرشتی (عەلی حەسەن مەجید) ئەنجامدرا. لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر ئەنفالی چواری قەزای کۆیە گرنگی‌و بایەخی خۆی هەیە، چونکە بووە هۆی لەناوبردنی (699) کەس‌و رووخاندن‌و وێرانکردنی (46) گوند، سەرەڕای ڕاگواستن‌و ئاوارەبوونی سەدان کەسی تر.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خوێنەران‌و توێژەران بەرچاوڕون دەکات سەبارەت بەئەنفالی قەزای کۆیە، ژمارەو رێژەو پێکهاتەی رەگەزو تەمەنیان. بەمەبەستی گەشەپێدانی ناوچە ئەنفالکراوەکانی کۆیە، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا هەریەکە لە میتۆدەکانی (هەڵێنجانی مێژوویی‌و شیکاری‌و بەراوردکاری) بەکارهێنراوە، بۆ شیکردنەوەی ژمارەکانی ئەنفالکراوان لە قەزای کۆیەو دەووروبەری.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە

توێژینەوەکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە لەوانە: کەمی داتاو زانیاری تایبەت بە ئەنفالکراوەکان، کەمی سەرچاوەو کتێب، کەمی ماوە لەبەردەم نووسینی توێژینەوەکە.

## بەشی یەکەم:
## ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی ڕەهەندی جوگرافی و مێژووییەوە

### باسی یەکەم:
### ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

ناوچەی لێکۆڵینەوە قەزای کۆیە دەگرێتەوە، کە سەر بە پارێزگای هەولێرە، تها پارێزگای هەولێر لە هەشت قەزا پێکهاتووە، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقو ناوەڕاستی هەرێمی کوردستانەوە. قەزای کۆیە یەکێکە لەقەزاکانی پارێزگای هەولێر کەوتۆتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە، زنجیرە شاخەکانی هەیبەت سووڵتان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتیەوە سنوری سروشتی ئەم قەزایە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت. زێی بچوکیش لە بەشەکانی باشوورەوە سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوکو بەشێك لە پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنیت. ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (35,47°- 36,18°) باکووری هەردوو هێڵی درێژی 44,58J° (44,15°) ڕۆژهەڵات دەکەوێتە باشووری هەرێمی فێنك باکووری گۆی زەوییەوە.

لەڕووی کارگێڕیەوە ئەم قەزایە لەگەڵ دە یەکەی کارگێڕی جیاوازدا هاوسنوورە، هەندێکیان سەر بە پارێزگای هەولێرە، هەندەکیان سەر بە پارێزگای (سلێمانیو کەرکوك)ن، هەریەك لە ناحیەکانی (هیرانو سەڵاحەدین سەر بە قەزای شەقڵاوە، لەبەشی باکووردا ناوچەکانی (خەلەکانی سەر بەقەزای دوکان، چوارقورنە سەر بە قەزای ڕانیە لە خۆرهەڵاتو باکووری خۆرهەڵاتدا هەڵکەوتوون، لە بەشی باشووردا لەگەڵ ناحیەی ئاغجەلەری سەر بەقەزای چەمچەماڵو ناحیەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکووك لەڕۆژئاوادا، لە باکووری ڕۆژ ئاواشدا لەگەڵ ناحیەکانی کەسنەزانو دارەتوو قوشتەپەی سەر بە قەزای دەشتی هەولێرهاوسنوورە.

لە ساڵی (1957-1965) کۆیە (13%) کۆی ڕووبەری پارێزگای هەولێری پێکهێناوە. لە ساڵی (1977) ڕووبەرەکەی فروانبووەو زیاتر لە (14%) کۆی ڕووبەری پارێزگای پێکهێناوە. لە ساڵی (1987) کە دەکرێت بە قەزا ڕووبەرەکەی کەم دەکاتو دەبێتە نزیکی (13%) کۆی ڕووبەری پارێزگای هەولێر، کەواتە ڕووبەری قەزای کۆیە (2050) کم چوار گۆشەیە، (21260)م لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە.

بەهۆی هەڵکەوتەی پێگە جوگرافیەکەیو فراوانی ڕووبەرەکەی هەردوو ناوچەی شاخاویو زۆرکانی لەخۆگرتوە، ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی بەرزیو نزمی جۆراوجۆر لەسەر ڕووی زەوییەکەی. بەجۆرێك لە بەشەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتدا

مۆرکی شاخاوییە، وەکو زنجیرە چیای هەیبەت سووڵتان لە باکووری ڕۆژهەڵاتو زنجیرە چیای باواجی.

ئاووهەوای ئەم ناوچەیە دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای مامناوەندی گەرمەوە، ئەمەش لە دیاریکردنی پێگەی ئەسترۆنۆمی قەزاکە دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاووهەوا لە دەڤەرەکەدا لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر جیاوازە. فاکتەری بەرزیو نزمی بە پلەی یەکەم دێت لەم جیاوازیەدا، بەجۆرێك لە بەشکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە مۆرکی شاخاوی بەسەریدا زاڵە کە ئاووهەوای (دەریای ناوەڕاست) لە جۆری (csa) دەردەکەوێت، کەچی لە بەشەکانی تردا مۆرکی زورکان دەردەکەوێ کە ئاووهەوا (ئەستپس) بەسەریدا زاڵە لە جۆری (BSH)و زۆربەی بەشەکانی ناوچەکە دەگرێتەوە. سەبارەت بە پلەی گەرمی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە بەشەکاندا بەدیناکرێت. بەڵام لە بڕی باران بارین جیاوازترە لە بەشێك بۆ بەشەکانی تر.

کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا، خۆراكو داهاتێکی باش بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دابین دەکات، وەکو کشتوکاڵی ڕووەکی گەنمو جۆ، پاقلەمەنیەکان، سەوزەمەنیەکان. جگەلەمەش ژمارەیەکی زۆری دەستی کار لەخۆدەگرێت، داهاتێکی بەرچاو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکە پێکدەهێنیت. لە ئەنجامی ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە نەتوانراوە وەك پێویست دەرامەتە ئابوورییە کشتوکاڵیەکانی وەبەربهێنرێت.

پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا دیرۆکێکی مێژوویی هەیە کە هەر لە کۆنەوە لەقەزای کۆیە پیشەسازی (جۆڵا، دارتاشی، زێڕنگەری، پێستە خۆشکردن، پێڵاو دروستکردن هەبووە. وێڕای دروستکردنی گەچو هاڕینی دانەوێڵە کە بەهۆی ئاوە بەگەڕهێنراون وەکو ئاشی تۆیزاوە لەسەر ڕووباری تویزاوە دامەزراوە جگەلە چەندین ئاستی تر، پیشەسازی ڕستنو چنین بایەخی تایبەتی هەبووە وەك دروستکردنی: جاجمو بەرماڵو شەڵتەو هەگبەو ڕایەخو بەڕە.

لەپاش ڕاپەڕینی ساڵی (1991)، ناوچەکە تاڕادەیەك پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە وەکو: دامەزراندنی کارگەکانی (دۆشاوی تەماتە، کارگەی پڕکردنەوەی غاز، کارگەی قیر)، وێڕای دامەزراندنی چەندین کارگەی دکە وەك (کارگەی بلۆك، کاشی)، دروستکردنی گەچ، وەبەرهێنان بەردی (مەڕمەڕ) لە ساڵی

(2004)، بڕیاری دامەزراندنی کارگەی پاڵاوتنی نەوت لە شیواشۆك درا لەگەڵ بەرهەمهێنانی کارەبا لەنزیك ناحیەی تەقتەق، ئەمەش بەیەکێك لە گرینگترین پیشەسازییە ستراتیجیەکان دادەنرێت، کەواتە پیشەسازی لەقەزای کۆیە جۆراوجۆرە.

گەشتوگوزار لە قەزای کۆیە بە کەرتێکی گرنگ دادەنرێت کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی داهاتی دەوڵەتو داهاتی تاکەکان. لەم قەزاییەدا چەندین جۆرە گەشتوگوزار هەیە، چونکە کۆیە خاوەنی چەندین ناوچەی گەشتوگوزارە، وەکو (کۆسار، تەقتەق، بۆگد..هتد.

## باسی دووەم:

## ڕەهەندی مێژوویی

لەبارەی ناوی کۆیە بیروبۆچونی جیاواز هەیە، کەسانێك ڕایان وایە ناوی کۆیە لەوەوە هاتووە کە لە سێ لاوە بە چیاو کێو دەورەدراوەو خەڵکی تێدا نیشتەجێبووە، بە کۆسار ناونراوە واتا شوێنی بەردەڵانو بەرز، ئینجا بەتێپەڕبوونی کات ئەم ناوە کورتکراوەتەوە بۆکۆیان کۆیە.

سەبارەت بە (کۆیسنجەق) نەجیبەی کچی مەلا مەحموود لە شێخ نورەدینی مامی بیستووە لە زمانی سەلجوقییەکان زۆر باو بووە. بلۆکی عەسکەری هەموو کوردستان کۆیە بووە، کە دەرچووە بۆ شارەکانی تر بۆیە پێیوتراوە (کۆیسنجەق)، چونکە هەر ناوچەیەکی چوار بلۆکی عەسکەری لێبوایە پێیاندووت (سنجەق).

سەبارەت بە دروستبوونی شاری کۆیە لە سێ شوێن دروستکراوە کە بریتین لە:

یەکەم: ئەسکی کۆیە کە لەئێستادا کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی کۆیە.

دووەم: کاولەکۆکە لە ئاشانەوە دەستپێدەکات هەتا سەرچاوەی حەمامۆك کە کەوتۆتە ژووروی کۆیە.

سێیەم: فتنەکۆ کە شوێنی ئێستای کۆیەیە لە دامێنی گردی کەکۆن پەیدابووە، ئەملاو ئەولای باکووری بەرەو ڕۆژهەڵات درێژبۆتەوە.

ئەمانە هەمووی ئەوە دەردەخەن کە قەزای کۆیە شارێکی ئاوەدان بووە. دوابەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن عوسمانیەکانەوە لە ساڵی (1524)، ناوچەی کۆیە شێوە سەربەخۆییەکی وەرگرتووە، بەهۆی فەرمانڕەوایی هەریەکە لە میرنشینانی بابانو سۆرانو ئەردەڵان. ئەوانیش لەپێناوی فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەیان بەردەوام لە ململانێدا بوون، زۆرجاریش

دانیشتوانی دەڤەرەکە باجی ململانێکانیان داوە.

دوا بەدوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە ساڵی (1918)، ناوچەکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوەو چەند گۆڕانکاریەکی بەخۆیەوە بینیووە. کاتێك شێخ مەحموود حکومەتی کوردی سلێمانی دامەزراند، دەستیکرد بە ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیو لە (1919/6/19) کۆیەی خستە سەر پارێزگای سلێمانی. دوابەدوای دروستکردنی دەوڵەوتی عێراق لە ساڵی (1921) نەخشەی کارگێڕی قەزای کۆیە دەخرێتە سەر پارێزگای هەولێر، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر سەر بەپارێزگای هەولێرە.

## بەشی دووەم:
## پانۆرامای ئەنفال

### باسی یەکەم:
### ئەنفال

وشەی ئەنفال لەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە کە لەکۆی وشەی (نفل)هوە هاتووە، نەفلیش بەمانای "غەنیمە" یان دەستکەوت دێت، عەرەبەکان لەپێش هاتنی ئیسلامدا وشەی (الانفال)یان بەکارهێناوە، وەك دەستکەوتو تاڵانو بڕۆی جەنگ، لە ئەنجامی شکانی دووژمنو دەسخستنی ماڵو سامانو گرتنی دیل بووە.

ئەم تاڵانو بڕۆیە لە جەنگدا بەرامبەر بە دوژمن لای عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب باو بووە، چونکە هۆزێکی دواکەوتوو بوون، بەڵام بە هاتنی ئیسلام غەنیمە حەلال کرا بەوەی کە موسڵمانەکان فەزڵیان درابوو بەسەر هەموو میللەتەکانی تردا. ئەو غەنیمەیەی کە حەڵاڵ کرا ئەوەیە کە لە نەیارانی ئیسلامو بێباوەڕان دەسەندرێ کاتێك کە لە مەیدانی جەنگدان. ئەو سامانەی دەستی موسڵمانەکان دەکەوێت بە (الفئ) ناسراوە.

ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە، کە لە حەوت ئایەتی مەدەنیو (183) وشەو (5294) پیت پێکهاتووە. ئەم سورەتە لە ساڵی دووەمی کۆچی لە مانگی ڕەمەزان لەکاتی جەنگی بەدری گەورەدا دابەزیووە. لە ئەنجامی ئەم جەنگەدا موسڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر کافرەکانداو دەستکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا، هەرچەندە کافرەکان لەڕووی ژمارەوە زیاتر بوون، سەرەڕای ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لەنێوان ئەنفالی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)و ئەنفالی کوردان لە ساڵی (1988)دا هەیە.

توێژەرانیش لەم بوارەدا ئاماژەیان پێکردووەو تەواو پێچەوانەی یەکترن.

## باسی دووەم:
## قۆناغەکانی ئەنفال

پرۆسەی جێبەجێکردنی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال کارێکی هەروا ڕێکەوتوو کتوپڕ نەبوو، بەڵکو پێشتر چەندین کۆبوونەوەو پیلانو بەرنامەڕێژکرابوو، بەمەبەستی تەعریبو پاکتاوی نەژادیو قڕکردنی مرۆڤی کورد لەکوردستان بەگشتیو دەووروبەری بەتایبەتی. ڕژێم لە هەشت قۆناغی یەك لەدوای یەکدا (4500) گوندو شارو شارۆچکەی کوردستانی کاولو وێرانکردو خەڵکێکی زۆریش ڕاپێچی بیابانەکانی ناوەڕاستو خواروی عێراق کران. پێشتریش (85%) ئەنفالکراوانی کۆمەڵکوژ کرد، کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان باشترین شاهێدی ئەم ڕاستیەن.

قۆناغی یەکەمی ئەنفال لە (18/شوبات/1988) دەستی پێکردو هەتا (1988/3/19) خایاند، ناوچەی (دۆڵی جافایەتیو سەرگەڵوو بەرگەڵوو)ی گرتەوە کە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێبوو. قۆناغی دووەم لە (22/ئازار) دەستی پێکردو تا ڕۆژی یەکی نیسانی خایاند، ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ)ی گرتەوە. قۆناغی سێیەم لە (7 تا 25/ نیسان) خایاندو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە. قۆناغی چوارەم لە (3 تا 8/مایس)ی خایاند، سنوری ناوچەکانی (ئاغجەلەر، شوان، چەمچەماڵو قەزای کۆیەی بە هەر شەش ناحیەکەیەوە) گرتەوە. قۆناغی پێنجەم لە (15/ حوزەیران تا 26/ئاب) خایاند، ناوچەکانی (بالیسانو هیران)ی گرتەوە. قۆناغەکانی شەشەمو حەوتەم لەنێوان مانگی تەمووزو ئابدا بوو، ناوچەکانی (شەقڵاوە، خۆشناوەتی، ڕەواندز)ی گرتەوە. قۆناغی هەشتەمو کۆتایی لە (25/ئاب تا 6/ئەیلول/1988) خایاند، سنوری ناوچەکانی بادینانی گرتەوەو لە زۆر گوندا چەکی کیمیایی بەکارهێنرا.

## بەشی سێیەم
## گەشەی دانیشتوانو دابەشبوونی ئەنفالکراوەکانی قەزای کۆیە

## باسی یەکەم:
## گەشەی دانیشتوان

گەشەی دانیشتوان بە یەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت کە پێویستە لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی دانیشتواندا لەبەرچاو بگیرێت. چونکە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی

دانیشتوانی هەر هەرێمو ناوچەیەكو زیادبوونی دانیشتوان، پێوادانێكی گرنگەو ئاماژەیە بۆ ئاستی گۆڕانی قەوارەی دانیشتوان لە ماوەیەكی دیاریكراودا. لەسەردەمی ئێستادا بۆ زیادبوونو گۆڕانی دانیشتوان لەنێوان دوو ئاماردا سەرژمێری سەرتاسەری بە سەرچاوەیەكی سەرەكی دادەنرێت. قەزای كۆیەش وەك تەواوی ناوچەكانی تر قەبارەی دانیشتوانی لەماوەی نێوان ساڵانی لێكۆڵینەوەدا گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە.

ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە قەزای كۆیە لەماوەی ساڵانی (1957-1965) نزیكەی (%3) دابەزیوە، كەچی لە ماوەی ساڵانی (1965-1975) ئەو ڕێژەیە كەم بۆتەوە بۆ (%0,5)، ئەوەش بۆ نائاسایی دۆخی سیاسیو هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان حكومەتو پێشمەرگە دەگەڕێتەوە. لەماوەی نێوان ساڵانی (1978-1987) ڕێژەكە بۆ (%1,6) نزم بۆتەوە. ئەوەش بۆ پرۆسەی ڕاگواستنو ئەنفالی گوندەكان دەگەڕێتەوە كە ژمارەیەكی زۆری دانیشتوان بۆ دەرەوەی قەزاكە ڕاگوێزراون، بەڵام لە ماوەكانی دواتردا دۆخەكە ئاسایی دەبێتەوەو جارێكی تر ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێكۆڵینەوە بەرز دەبێتەوە.

## باسی دووەم:

## جوگرافیای دابەشبوونی ئەنفال

دابەشبوونی ئەنفالكراوانو ڕێژەیان لەقەزای كۆیە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر جیاوازە. زۆربەی سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن پرۆسەی ئەنفال هەر شەش ناحیەكەی قەزای كۆیەی گرتۆتەوە. ناحیەكانیش بریتین لە (تەقتەق، ئاشتی، سێگردكان، شۆڕش، سكتان)، زۆرترین ڕێژەی ئەنفالكراو لە ناحیەی ئاشتیەو كەمترینیشی لە ناحیەی شۆڕشە. زۆرترین ڕێژەی ئەنفالكراو كەوتۆتە ناحیەی ئاشتی كە ڕێژەكەی دەگاتە زیاتر لە (%65)، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە زۆربەی گوندەكان ئەم ناحیەی ناوچەی ئازادكراوبوونو لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بوو، بۆیە دانیشتوانی ئەو گوندانە بۆیان نەكرا ڕابكەنو ئەنفال كران، بەڵام كەمترین ڕێژەی ئەنفالكراو لە ناحیەی شۆڕشە كە كەمتر لە (%0,1 )بووە، ئەمەش بۆ دووری ناوچە ئازادكراوەكانو چۆڵبوونی ناوچەكە دەگەڕێتەوە.

# بەشی چوارەم

# دیمۆگرافیاو ئەنجامەکانی پرۆسەی ئەنفال

## باسی یەکەم:

## دیمۆگرافیای قەزای کۆیە

لەم باسەدا هەوڵدەدەین توێژینەوە دەربارەی تایبەتمەندی دیمۆگرافی ئەنفالکراوەکانی قەزای کۆیە بکەین، بەتایبەتی لەڕووی (پێکهاتەی ڕەگەزیو تەمەن)هوە، چونکە وەك ئاشکرایە ئەنفالکراوەکان تەنها لە ڕەگەزی نێر نەبوون، بەڵکو ڕەگەزی مێشی تێدابووە، ئەمەش لە ناحێیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. بەهەمان شێوە لەڕووی پێکهاتەی تەمەنەوە ئەنفالکراوان لە یەك تەمەن نەبوون، بەڵکو لە هەرسێ گرووپی تەمەن بوون کە گەنجو منداڵو پیرن، بەڵام لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمانەوە بۆمان دەردەرکەوێت، ڕێژەی ڕەگەزی نێری ئەنفالکراوان لە قەزای کۆیە بریتیە لە (%78.4)، بەڵام ڕەگەزی مێ (%21.6) ڕێژەی ئەنفالکراوانی قەزای کۆیە پێکدەهێنیت.

ڕێژەی ڕەگەزی نێرو مێ لە یەکە کارگێرییەکانی قەزای کۆیە بریتین لە: لە ناحیەی تەقتەق ڕەگەزی نێر (%86.7) ڕێژەی ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنیت، بەڵام ڕەگەزی مێ (%13,3) ڕێژەی ئەنفالکراو پێکدەهێنێت. لە ناحیەی ئاشتی ڕەگەزی نێر (%72.6) ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت، بەڵام ڕەگەزی مێ (%27,4) ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت. لە ناحیەی دێگەڵە ڕەگەزی نێر (100%) ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت، بەڵام ڕەگەزی مێ (%0)ە. لە ناحیەی سێگردکان ڕەگەزی نێر (%95,5) ڕێژەی ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت، بەڵام ڕەگەزی مێ (%4,5) ڕێژەی ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت، ناحیەی سەنتەر ڕەگەزی نێر (%91,7ر) ێژەی ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت، بەڵام ڕەگەزی مێ (%8,3) ڕێژەی ئەنفالکراوی ئەم ناحیەیە پێکدەهێنێت.

هەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەوە بۆمان دەردەرکەوێت زۆرترین ڕێژەی تەمەن گەنجە، دوای ئەو ڕێژەی تەمەنی منداڵە، بەڵام ڕێژەی پیری تێدا نیە.لەناحیەی (سێگردکان . سکتان) ڕێژەی تەمەن گەنج (100%)، ڕێژەی تەمەنی منداڵو پیر تێیدا (0%)ە. بەڵام

ناحیەی شۆڕش دەردەکەوێت (100%) ئەنفالکراوەکان لە تەمەنی گەنجدان.

لەناحیەکانی ئاشتیو سەنتەرو تەقتەق ڕێژەی تەمەنی هەردوو گرووپەکەی تێدایە. لە ناحیەی سەنتەر ڕێژەی تەمەنی گەنج (90,8%)و ڕێژەی تەمەنی منداڵ (9,2%)ە. لەناحیەی تەقتەق ڕێژەی تەمەنی گەنج (53,7%)و ڕێژەی تەمەنی منداڵ تێیدا (46,3%)ە، لە ناحیەی ئاشتی ڕێژەی تەمەنی گەنج (62,8%)و ڕێژەی تەمەنی منداڵ دەگاتە (37,2%).

## باسی دووەم: ئەنجامەکانی پرۆسەی ئەنفال

سیاسەتی جینۆسایدی کورد بەبەردەوامی پەیڕەوکراوە، بەڵام لە ساڵی (1988) گەیشتە لوتکەی ئەوپەری دڕندایەتی، کە کاریگەریو شوێنەواری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێهیشتووە، کە تائێستاش تاکی کورد پێیەوە دەناڵێت، بۆیە دەتوانین ئەنجامو کاریگەرییەکانی ئەنفال بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەند بکەین.

1.وێرانکردنی زۆربەی گوندەکانی قەزای کۆیە کە ژمارەیان بە زیاتر لە (46) گوند دەخەمڵێندرێت، هەموو شوێنەوارێکی بەردەوامبوونی ژیانیان تیادا سڕایەوە.

2. شوێن بزرکردنو لەناوبردنی نزیکەی (700) مرۆڤی کورد .

3. داتەپاندنی ژێرخانی ئابووری قەزاکە، لەڕێگای وێرانکردنی گوندەکانو کێڵگە کشتوکاڵیەکان، کە بووە هۆی لەناوبردنی ڕێژەی هەرە زۆری سامانی ئاژەڵی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەل بەتاڵان بردنی ماڵو سامانی گوندنشینەکان.

4. تێکدانو تەختکردنی شوێنە مێژوویيو پەرستگاکان (مزگەوتو کڵێسە)و ناوەندەکانی خوێندنو تەندروستی.

5. پەیڕەوکردنی سیاسەتی زەوی سووتاو، بە کیمیابارانو ژاراویکردنی سەرچاوەکانی ئاو بۆ سڕینەوەی هەموو شێوەیەکی ژیان لەم ناوچانەدا.

6. لەناوبردنی بنەماکانی ژیانی گوندنشینەکانو نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان، گۆڕینی تاکی کورد لە بەرهەمهێنەوە بۆ بەکاربەر کاریکردە سەر دامەزراندنی ئاستی بژێوی دانیشتوانە ڕزگاربووەکە.

7. هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیو بڵاوبوونەوەی هەندێ دیاردەی ناشایستە کە پێچەوانەی دابو

نەریتو بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووە.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. جیاوازییەکی زۆر هەیە لەرێژەی ئەنفالکراوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، زۆرترین رێژە لە گوندەکانی ناحیەی ئاشتیە، کەمترین رێژەی ئەنفالکراوانیش لە گوندەکانی ناحیەی شۆڕشە (دێگەڵە).

٢. بەشێکی زۆری ئەنفالکراوەکان لە ڕەگەزی نێر بوون، بەڵام رێژەی ڕەگەزی مێ کەمتر بووە.

٣. زۆرترین ئەنفالکراوەکانی قەزای کۆیە لە تەمەنی گەنجی بوون، بەڵام کەمترینیان لە تەمەنی پیریدا بووە.

## ڕاسپاردەکان

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا بەباشی دەزانین ئەم چەند ڕاسپاردەیەی خوارەوە بەرچاو بخەین:

١. بایەخ بە ئەنفالکراوەکانی قەزای کۆیە بدرێت، لەڕووی ماددیی و مەعنەویەوە.

٢. چارەسەرکردنی کێشەی یاسایی هەندێ لەو ژنانەی تاوەکو ئێستا وەکو مارەبڕ یان وەکو بێوەژن ماونەتەوە.

٣. دروستکردنی مۆنۆمێنتی تایبەت بە ئەنفالکراوەکانی قەزای کۆیە.

* ئەم توێژینەوەیە، لەبنەڕەتدا توێژینەوەی دەرچوونە (بحث تخروج)، لە ساڵی (2022)، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (زانستی جوگرافیا)، پێشکەشی بەشی جوگرافیای فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە کراوە.

## لیستی سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

#### یەکەم: پەرتووک

1. ئەمین، بەختیار محەمەد -قادر، موزەفەر ساڵح، 2011، ئەنفالی بناری گل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووك.

2. حاجی (مەلا شاخی) ئەبوبەکر محەمەد، 2007، ئەنفالی بناری خاڵخاڵان (ئەنفالی چوار)، چاپی یەکەم، 2001، سلێمانی. چاپی دووەم، 2007، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی.

3. ئەمین، وەیسی ساڵح حەمەد -شەریف عومەر عەلی -فەتحوڵڵا عوبێد خدر، 2007،

جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی پێنجەم، هەولێر.

**دووەم : ماستەرنامە و دکتۆرا**

١ سەعید، کامەران تاهیر، 2006، قەزای کۆیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی هەرێمی)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٢ عومەر، لوقمان وسوو، 2006، توانستە گەشتوگوزارییەکانی قەزای کۆیە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

.٣ سەلیم، هیوا صادق، 2005، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای کۆیە لە ساڵی (1957-2002)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب، هەولێر.

٤- هەمەوەندی، یادگار عەبدوڵلا عەلی، 2008، ڕەهەندە سیاسیەکانی پرۆسەی ئەنفال لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای سیاسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

**سێیەم: سەرچاوە فەرمییەکان**

.١ هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێری، 1:200000، 1990.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی دانیشتوانی قەزای کۆیە لە ساڵی 2020.

٣- پشت بەستن بە ڕێکخراوی ناوەندی زانیارییە مرۆییەکانی هاوبەش (J H I C)، نەخشەی کارگێری دەڤەری لێکۆڵینەوە (١:٥٠٠٠٠٠)

٤- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی دانیشتوانی قەزای کۆیە لە هەردوو ساڵی (2015و 2020).

**سەرچاوە: عەرەبی**

.١ غلاب محمد سید -عبدالحکیم محمد صبحی، 1947، السكان دیموغرافیاو جغرافیا، الطبعه الانجلو المصریه القاهیره.

.٢ الهیئه العامه للمساحه، خارطه جمهوریه العراق الاداریه، 1983، بقیاس (100000،1).

3- الهیئه العامه للمساحه خارطه جمهوریه العراق الاداریه، ١٩٨، بمقیاس (١:١٠٠٠٠٠).

4- جمهوریه العراق، وزاره الداخلیه، مدیریه النفوس العامه، الجوعه الاصلیه تسجیل عام (١٩٥٧)، الداء اربیل، مطبعه الارشاد.

5-جمهوريه العراق، وزاره التخطيط، الجهاز المركزى الاحصاء، تبائع العام للسكان سنه (١٩٦٥)، مطبعه الجهاز المركزى الاحصاء، بغداد، ١٩٧٣.

6- جمهوريه العراق، وزاره التخطيط، الجهاز المركزى الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان سنه (١٩٧٧)، مطبعه الجهاز المركزى الاحصاء، بغداد، ١٩٧٨.

7- جمهوريه العراق، وزاره التخطيط، الجهاز المركزى الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان سنه (١٩٨٧)، مطبعه الجهاز المركزى الاحصاء، بغداد، ١٩٨٨.

8- جمهوريه العراق، وزاره التخطيط، الجهاز المركزى الاحصاء، اربيل نتائج الحصر والترقيم سنه (٢٠٠٩)، محافظه .

## پاشكۆی خشتەكان

**خشتەی(1) ڕێژەی ئەنفالكراوەكانی قەزای كۆیە**

| ناحیە | ژمارە | ڕێژەی% |
|---|---|---|
| سەنتەر | 109 | 15,6 |
| تەق تەق | 106 | 15,3 |
| شۆڕش | 1 | 0,1 |
| سێگردكان | 22 | 3,1 |
| ئاشتی | 456 | 65,2 |
| سكتان | 5 | 0,7 |
| كۆی گشتی | 699 | %100 |

**خشتەی (2) ژمارەی دانیشتوانی قەزای كۆیە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ماوە | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٣٦١٤٧ | ١٩٦٥-١٩٥٧ | ٢,٨ |
| ١٩٦٥ | ٤٥٢٢١ | ١٩٧٧-١٩٦٥ | ٠,٥ |
| ١٩٧٧ | ٤٨١٤٧ | ١٩٨٧-١٩٧٧ | -١,٦ |
| ١٩٨٧ | ٤٠٧٤٧ | ٢٠٠٩-١٩٨٧ | ٣,٦ |
| ٢٠٠٩ | ٩٥٢٨١ | ٢٠١٥-٢٠٠٩ | ٤,١ |
| ٢٠١٥ | ١٢٢٢٢٥ | ٢٠٢٠-٢٠١٥ | ٣,٩ |
| ٢٠٢٠ | ١٤٨٨٥٢ | | |

**خشتەی(3) ڕێژەی ئەنفالكراوەكانی قەزای كۆیە**

| یەكە كارگێڕیەكان | ڕێژەی نێر | ڕێژەی مێ |
|---|---|---|
| تەق تەق | %86.7 | %13.3 |
| ئاشتی | %72.6 | %27.4 |
| شۆڕش | %100 | %0 |
| سكتان | %100 | %0 |
| سیگرتكان | %95.5 | %4.5 |
| قەزای كۆیە | %78.45 | %21.6 |

**خشتەی (4) ڕێژەی ئەنفالکراوان بە گوێرەی دەستەی تەمەنەکان لە قەزای کۆیە %**

| ناحیە | ژمارەی ئەنفال | ڕێژەی منداڵ | ڕێژەی گەنج | ڕێژەی پیر | سەرجەم % |
|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | 109 | 9.2 | 90.8 | 0 | 100 |
| تەق تەق | 106 | 46.3 | 53.7 | 0 | 100 |
| ئاشتی | 456 | 37.2 | 62.8 | 0 | 100 |
| شۆڕش | 1 | 100 | 0 | 0 | 100 |
| سێگرتکان | 22 | 0 | 100 | 0 | 100 |
| سکتان | 5 | 0 | 100 | 0 | 100 |

# تەوەرەی سێیەم: کیمیایی بارانی هەڵەبجە

## ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە رۆژنامەگەری ئێرانیدا ڕۆژنامەی (کیهان) نموونە

کارزان محەمەد ئەحمەد

## کاریگەری درێژخایەنی چەکە کیمیاییەکان لەسەر ژینگەو مرۆڤ لە هەڵەبجە بۆ نمونە

ئیراد مەنوچەرسان ئەحمەد

# ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە رۆژنامەگەری ئێرانیدا ڕۆژنامەی (کیهان) نموونە

پ.ی. د.کارزان محەمەد ئەحمەد
مامۆستا لە بەشی تەکنیکی میدیا- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە رۆژنامەگەری ئێرانیدا- رۆژنامەی کیهان بەنمونە)، تاوتوێی ئاستی بایەخ و چۆنییەتی ڕووماڵی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی پڕتیراژ و بەئەزموونی فارسیدا کردووە.

بەئامانجی شرۆڤەی سەرجەم ژانر و بابەتەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) کە تایبەتە بە کیمیابارانی (هەڵەبجە) و قوربانیان و بەرکەوتووان، بەشێوازێکی زانستییانە میتۆدی (ناخشیکاری) لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنرا تا بەچڕوپڕی بتوانین شەنوکەوی بابەتەکە بکەین.

ئەم توێژینەوەیە لە میتۆدنامە و دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە: لە میتۆدنامەکەدا هەریەك لە ناوەرۆك، میتۆد، پرسیارەکان و گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە و ئاستەنگاکانی بەردەمی خراونەتەڕوو. لە باسی یەکەمدا، چەمك و بنەماکانی جینۆساید و دۆسییەی جینۆسایدی هەڵەبجە و پاشان ئەم تاوانە لەبەر رۆشنایی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا تاوتوێ کراوە. باسی دووەم وێڕای ناساندن و کورتە مێژوویەکی رۆژنامەی (کیهان)ی فارسی کە سامپڵی توێژینەوەکەیە، بەمیتۆدێکی ئەکادیمی تاوتوێی کۆی ژمارەکانی (1) یەك مانگی ڕۆژنامەی (کیهان) کراوە، واتا ماوەی (1-31 فەروەردینی 1367هـ.ش، 20ی ئازار-20ی نیسانی 1988ز) کە ڕووماڵێکی هەمەلایەنەی جینۆسایدی هەڵەبجەی لە ماوەی جەنگی عێراق-ئێراندا کردووە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێك ئەنجام خراونەتەڕوو کە توێژەر لەڕێگەی شرۆڤەی ناوەرۆکی بواری ڕۆژنامەگەرییەوە دەستەبەری کردوون، چەندین راسپاردەی گرنگیش بۆ خزمەتی توێژینەوەکانی ئایندە دەربارەی جینۆسایدی گەلی کورد پێشکەش کراوە.

## باسی یەکەم:

## میتۆدنامە

**یەکەم: ناونیشانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەری ئێرانیدا- ڕۆژنامەی –کیهان- نمونە)، شرۆڤەیەکە بۆ ڕووماڵی ڕۆژنامەگەریی لەهەمبەر دۆسیەی جینۆسایدی هەڵەبجە و ڕەنگدانەوەی لە ژانرەکانی ڕۆژنامەگەریی فارسیدا بەتایبەتی ڕۆژنامەی (کیهان).

**دووەم: کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە:**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، هەوڵدراوە بەشێوازێکی زانستی وەڵام بدرێتەوە کە بریتییە لە:"ئایا تاچەند ڕۆژنامەگەریی ئێرانی بایەخیان بە جینۆسایدی هەڵەبجە داوە؟".

کۆمەڵێك پرسیاریتر هەن کە هەوڵی وەڵامدانەوەیەکی زانستی و دیکۆمێنتدایان دەدەینەوە، ئەو پرسیارە لاوەکییانەش بریتین لە:

-ئاستی بایەخدانی ڕۆژنامەی (کیهان) وەك ڕۆژنامەیەکی بەئەزموون و پرتیراژی فەرمی، بە جینۆسایدی هەڵەبجە چۆن بووە؟

-ڕۆژنامەی (کیهان) لە چەند ڕەهەندەوە ڕووماڵی جینۆسایدی (هەڵەبجە)ی کردووە؟

-لەڕووی هونەری ڕۆژنامەگەرییەوە، ڕێژە و فراوانی ژانرەکانی نووسین (هەواڵ، مانشێت و مانشێتەهەواڵ، ڕاپۆرت، وتار، گفتوگۆ، یادداشت، وێنە)ی تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە چەندە؟.

-ڕۆژنامەکە بۆ ڕووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجە، پشتی بەکام سەرچاوە (ناوخۆ، بیانی) بەستووە؟ تاچەند پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسانی خۆی بۆ دەڤەرەکە ناردووە؟

-ڕۆژنامەی (کیهان) چۆن باسی لێکەوتە و کاریگەرییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجەی لەسەربەرکەوتووان و ئاوارەکان کردووە؟

-پۆلێنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی (کیهان).

-ڕۆژنامەی (کیهان) کام بواری تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجەی بەرجەستەتر کردووە؟

**سێیەم: بایەخی توێژینەوەکە:**

شرۆڤەی ڕۆژنامەگەریی بیانی کە چۆن ڕووماڵی دۆسیەکانی جینۆسایدی کوردیان کردووە، بەسەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی نەهامەتییەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی میدیای نوسراو، بەتایبەتی ئەو میدیایانە

موڵکی کورد نین، بەڵام دیکۆمێنت و بەڵگەی گرنگن بۆ تۆماری جینۆسایدی گەلی کورد لە کات و ساتی خۆیدا.

**چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ، توێژەر کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکردووە:

1-زانینی ئاستی بایەخدانی رۆژنامەگەری ئێرانی (کیهان بەنمونە) بە جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ژمارە و داتا.

2-خستنەڕووی سەرجەم ئەو ژانرە رۆژنامەگەرییانەی لەم رۆژنامەیەدا تایبەتن بە جینۆسایدی هەڵەبجە (وەك: هەواڵ و راپۆرت، وتار، مانشێتی سەرەکی، وێنە و فۆتۆستۆری...).

3-تاچەند جینۆسایدی هەڵەبجە لە بابەتەکانی رۆژنامەکەدا رەنگدانەوەی هەبووە.

4-شرۆڤەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بەجینۆسایدی هەڵەبجە کە بۆ نووسینەوە و تۆماری مێژوویی لە بواری رۆژنامەگەریدا جێگەی بایەخن.

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە جۆرییە (Qualitative)ە، بەپشتبەستن بە میتۆدی ناخشیکاری (content analysis)، هەوڵدەدات لەڕووی پێوانەی یەکە و جۆرەوە، تەوەرە و دەستەکانی بابەتی توێژینەوەکە شرۆڤە بکات.

سودیشمان لە شێوازەکانی (دیدار و هەڤپەیڤین) و (رێگای تێبینیکردن)یش وەرگرتووە.

**شەشەم: بواری توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگا و سنووری توێژینەوەکە بەسەر سێ بواری گرنگدا پۆلێن کراون:

1–**بواری شوێن:** لەساتی روودانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، رۆژنامەنووسانی ئێرانی لە شوێنی کارەساتەکەدا سەرقاڵی گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگ بوون، یەکێك لەو رۆژنامانەش کە لەڕووی دەستپێشخەرییەوە لە ریزبەندی یەکەمدایە، رۆژنامەی (کیهان)ە کە لە شاری (تاران) تائێستاش بەتیراژێکی فراوان چاپ و بڵاودەکرێتەوە. لەهەمانکاتدا توێژەر جینۆسایدی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و دەنگوباسی قوربانیان و بەرکەوتەو ئاوارەکانی وەك مشتە (سامپڵ)ی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە لەهەردوو رووی (جیۆگرافی و مەعنەوی)یەوە. مەبەست لە (جیۆگرافی) بریتییە لە خودی هەواڵ و بابەتەکانی پەیوەست بە شاری هەڵەبجە لە

ساڵی (1988)دا، مەبەستیش لە مەعنەوی واتا ڕووماڵی دەنگدانەوەی جینۆسایدەکە لەسەر ئاستی جیهان کە لە ڕۆژنامەکەدا تۆمارکراون.

2–**بواری کات:** لەڕووی کاتەوە ڕۆژانی (1-31 فەروەردینی 1367هـ.ش، 20ی ئازار-20ی نیسانی 1988) (1ی ئاب تا 31ی تشرینی دووەمی ساڵی 2014) بۆ توێژینەوەکە دەستنیشان کراوە کە ماوەی گەرمی ڕووماڵی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی بەتایبەتی ڕۆژنامەی (کیهان)ە، سەبارەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە و قوربانییەکانی.

3–**بواری مرۆیی:**

شیکاری و شرۆڤەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بە قوربانیان و بەرکەوتووانی جینۆسایدی هەڵەبجە کراوە، ئەویش لە ڕێگەی تاوتوێی ناوەڕۆکی سەرجەم ژمارەکانی یەك مانگی ڕۆژنامەی (کیهان).

**حەوتەم: شێوازی وەرگرتنی سامپڵ و قەبارەکەی**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ وەرگرتنی سامپڵ پشت بە میتۆدی سەرژمێری بەستراوە، لایەنی پۆزەتیڤی ئەم شێوازەش لەوەدایە: گرفتی وەرگرتنی سامپڵی هەڵە ناهێڵێت، بەو هۆیەوە ئەنجامی توێژینەوەش کەمتر دووچاری گرفتی لایەنداریێتی دەبێتەوە. (دانیل رایف، 1381، ص 94-95).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەوڵیداوە بۆ چارەسەری هەردوو گرفتی (لایەنداریێتی) و (ئەگەری وەرگرتنی سامپڵی هەڵە)، پشتبەستێ بە (ڕێبازی نمونەوەرگرتنی سەرژمێری) بۆ نمونەکانی توێژینەوەکە.

شێوازی کۆکردنەوەی داتا: سەرەتا سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا بەپێی ژمارە و کاتی دەرچوونی ریزبەند کراون، پاشان کۆدگوزاری بۆ سەرجەم بابەتەکانی کرا و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە جینۆسایدی هەڵەبجە دەستنیشان کران، بەپێی پرۆگرامی تایبەت بە ئامار لە زانستی کۆمەڵایەتیدا (SPSS)[1] بەپێی ژمارە و ڕێژە هەڵاوێرد و پۆڵێنبەندی کران.

هەروەها بۆ بەئامارکردنی داتا و ڕێژەکانیش، ڕێبازی (کای سکوێر) بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکارهێنرا.

**هەشتەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە**

هەر توێژینەوەیەك بەپێی سروشت و ناوەڕۆکەکەی، کۆمەڵێك ئاستەنگی

1 - Statistical Package for Social Sciences.

لەبەردەمدایە، ئەم توێژینەوەیەش چەند گرفتێکی هەبوو کە گرنگترینیان دەستڕاگەیشتن بوو بە ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، بەجۆرێك كە سەرجەم ژمارەكانی ڕۆژنامەكە بەشێوەیەكی دروست لەخۆبگرێت.

**نۆیەم: ڕاستی و جێگیری**

بەئامانجی دڵنیابوون لە پابەندێتی بەشرۆڤەی زانستی و گونجاندنی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەكە، سەرەتا بڕگەكانی پەیوەندیدار بە(ناخشیكاری)ی بابەتی توێژینەوەكە، بەپشتبەستن بە (ڕواڵەتەڕاستی- الصدق الظاهری) لەلایەن دوو پسپۆڕی میدیای فارسییەوە هەڵسەنگێنرا[2] و بەپێی پێویست سەرنجەكانمان لەبەرچاوگرت. پاشان بەبەكارهێنانی هاوكێشەی هۆڵستی، ڕێژەی ڕاستییەكە دەرهێنرا و لەڕووی زانستیەوە ڕێژەكەی پەسەند بوو.

-جێگیری:

بەئامانجی دەستنیشانكردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی ناخشیكارییەكە لە ڕێگەی كاتەوە، بەشێوازی دووبارەكردنەوە و هەر بە هاوكێشەی (هۆڵستی)، ڕێژەی (96%)ی بەدەستهێنا كە ئاستێكی پەسەندكراوە.

-بەكارهێنانی شیكاری ئاماری:

توێژەر هاوكێشەیەكی ژمێرەیی گونجاوی بەكارهێنا كە بریتییە لە دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی، بەشێوەی خشتەی ئامار بەپێی یەكە و دەستە و دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی، خراونەتەڕوو.

**دەیەم: توێژینەوەكانی پێشوو**

تائێستا چەند توێژینەوەیەكی هاوشێوە بەزمانی فارسی ئەنجامدراوە، هەوڵمانداوە سود لە میتۆد و داتاكانی وەربگرین، دیارترینیان بریتین لە:

-شرۆڤەی ناوەرۆكی ڕۆژنامەی (كیهان) سەبارەت بەجەنگی ئێران و عێراق: ئەم توێژینەوەیە لەلایەن (زەهرا نازری) بەزمانی فارسی ئەنجامدراوە، شرۆڤەی ژمارەكانی سێ مانگی ڕۆژنامەی (كیهان)ی كردووە، لە ساڵی (2009) لە گۆڤاری (نگین) بڵاویكردۆتەوە.

-(ئاریا محەمەد) ساڵی (2011-1390ه.ش) نامەیەكی ماستەری لەسەر جینۆسایدی هەڵەبجە بە میتۆدی شرۆڤەی ناوەرۆك نووسیوە و پێشكەشی زانكۆی ئازادی

[2] - ئەم دوو پسپۆڕەی ڕۆژنامەگەریی فارسیش بریتی بوون لە بەڕێزان (د.موجتەبا ئەمیری مامۆستای ڕۆژنامەگەریی لە زانكۆی تاران، د.مەهدی سدق پسپۆڕی ڕۆژنامەگەریی لە تاران).

ئیسلامی لە شاری تاران کردووە بەم ناونیشانە (بررسی نسلکشی در حقوق بین المللی با تأکید بر قضیه حلبچه، پایان‌نامه دوره کارشناسی ارشد، دانشگاه ازاد اسلامی واحد تهران مرکزی).

## پێشەکی:

تاوتوێی زانستییانە بۆ پەیامەکانی ئەو میدیایانەی کە بەشێوەی شایەتحاڵێك لە گەرمەی ڕووداوەکاندا، ڕووماڵی بەرفراوانی دۆسییە گرنگەکانی تاوانی دژەمرۆڤایەتییان کردووە، بەسەرچاوەیەکی پڕبەهای داتا و زانیاریی دادەنرێن بۆ نووسینەوەی مێژوو، بەتایبەتی بۆ ئەو گەلە چەوساوانەی قوربانی دەستی جینۆسایدن.

کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کە بە یەکێك لە گەورەترین جینۆسایدە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لەقۆناغی کۆتایی جەنگی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق-ئێراندا و لە ڕۆژی (16ی ئازاری 1988)دا، لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی عێراق بە بۆمبی کیمیایی قەدەغەکراو ئەنجامدرا، بەوهۆیەوە بەپێی ئامارەکان نزیکەی (5.000) هەزار هاوڵاتی شەهیدبوون و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار و ئاوارەی ئەودیو سنورەکان بوون. ئێستاش دوای تێپەڕینی (33) ساڵ، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ژینگەییەکانی لەسەر دانیشتووانی دەڤەرەکە هەر بەردەوامە.

تائێستا توێژینەوەی پێویست بەزمانی کوردی سەبارەت بە داتا و زانیاریی ڕۆژنامەگەریی هەردوو لایەنی جەنگەکە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە ئەنجام نەدراوە، لەکاتێکدا بەدیکۆمێنتێکی پڕبایەخ دادەنرێت بۆ تۆماری کارەسات و کاردانەوە مرۆیی و سیاسییەکانیشی، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەوڵیداوە شرۆڤەی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەیەکی فەرمی و پرتیراژی دەوڵەتی ئێران بکات کە تا ماوەی یەك مانگ لەدوای ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدەوە، لە سەرجەم لاپەرەکانیدا ڕوومالّی جینۆسایدەکەی کردووە، زۆر زانیاریی و داتا و وێنە و نەخشەی تێدایە کە بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی جینۆسایدەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر رایگشتی جیهانی لەهەمبەر دۆزی ڕەوای گەلی کورد، بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی دادەنرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەیەکی پرتیراژ و فەرمی (کیهان)ی

فارسی ئەنجامدراوە، هۆکاری هەڵبژاردنیش بۆ بابەتی توێژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە لەو ساتەدا پرتیراژترین رۆژنامەی رۆژانەی ئێرانی بووە کە رۆژانە لەرێگەی پەیامنێرە تایبەتییەکانییەوە، رووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجە و قوربانیان و بریندارانی کردووە، هەواڵ و زانیاریی گرنگیشی سەبارەت بەناردنی بەرکەوتووان بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و رەنگدانەوەی جینۆسایدەکەش لەسەر هەڵوێستی وڵاتان لەخۆگرتووە.

ئامانجی توێژینەوەکەش، شەنوکەوکردنی کۆی داتا و زانیاریی و بابەتەکانی ماوەی یەك مانگی رۆژنامەی (کیهان)ە لە دوای ئەنجامدانی جینۆسایدەکەوە، هەوڵدراوە بەپشتبەستن بە میتۆدی زانستی (شرۆڤەی ناوەرۆك)، تاوتوێی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە بکەین، پاشان ئەنجام و پێشنیازیش بخەینەڕوو.

هەروەها لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا، نمونەیەك لە دیارترین لاپەرەکانی رۆژنامەی (کیهان) بخەینەڕوو کە رووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجە و رەهەندەکانیشی کردووە.

چەمکە سەرەکییەکان: جینۆسایدی هەڵەبجە، قوربانیانی جینۆساید، رۆژنامەی (کیهان)، جەنگی عێراق- ئێران.

## یەکەم: چەمک و بنەماکانی جینۆساید

### چەمکی جینۆساید:

(جینۆساید) (Genocide) وەك تاوانی دژە مرۆیی (Crime Against Humanity) هێندەی تەمەنی مرۆڤ و جەنگەکانی بەدێرین دادەنرێت، لە ململانێی ئیمپراتۆر و دەوڵەت و نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکانی بەر لەزایینەوە تائێستاش، ئەم تاوانە بەبەردەوامی هەڕەشەی لە کۆمەڵگای مرۆیی کردووە.

لەڕووی زاراوەوە، چەمکی جینۆساید (Genocide) لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، (Genos) بە مانای رەگەز و نەژادێکی مرۆیی و (Caedere) بە مانای لەناوبردن و کوشتن و راماڵینی دێت، یەکەمجار زانای بەڕەگەز پۆڵۆنیو هەڵگری ناسنامەی ئەمریکی پرۆفیسۆر (رافایل لیمکین) ( Raphael Lemkin) زاراوەی (جینۆساید Genocide)ی بەکارهێنا، ناوبراو لەو باوەڕەدایە چەمکی جینۆساید واتا: لەناوبردنی میللەت یا نەتەوەیەك، بەپیلانێکی

بەرنامەڕێژ و بە ڕەفتاری توندوتیژانە بەئامانجی لەناوبردنی بونیادە بنەڕەتییەکانی ژیانی گروپێکی میللی کە بەمەبەستی لێکهەڵوەشاندنی خودی گروپەکە ئەنجام دەدرێت. (Lemkin, 1944, p. 79-80)

بەپێی پێناسێکیتر: جینۆساید بەربڵاوترین تاوانی نێودەوڵەتییە کە بەئامانجی لەناوبردنی کۆی میللەتێك یا چین و گروپێکی میللی، نەتەوەیی، نەژادی یا مەزهەبی ئەنجام دەدرێت. ئەم دیاردەیەش بەدرێژایی مێژوو هەر ئەنجام دراوە. (Sarkin, 2008, pp. 331-332)

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەوە، جینۆساید تاوانێکی بەئانقەست و بەرنامەی پێشوەختە بۆ ئەنجامدانی هەیە، ئامانجەکەشی لەناوبردنی بنەما بنەڕەتییەکانی ژیانی میللەتێك یا لایەنێکی ئایینی و ئیتنیکییە.

پێناسێکیتر بۆ باشتر ناساندنی جینۆساید بە بەراورد لەگەڵ تاوانەکانیتر، دەستنیشانکردنی جۆر و شێوازی ئەنجامدانی جینۆسایدە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنفاشیۆنی قەدەغە و سزادانی جینۆساید کە ساڵی (1948ز) لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە، لە ماددەی (2)دا بنچینەیەکی یاسایی خستۆتەڕوو، تیایدا هاتووە کە کوشتنی بەکۆمەڵ و ڕێگەگرتن لە زاووزێ و هاوشێوەکانیان دەچنە خانەی جینۆساید (UN:Convention, 1948).

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەوە، بۆچوونێکی هاوبەش لەسەر تاوانی جینۆساید بریتییە لە بوونی هەردوو بنەمای کوشتنی بەکۆمەڵ و بەرنامەڕێژی بۆ ئەنجامدانی کە ئامانجەکەی لەناوبردنی جەستەیی و سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانیانە.

## قۆناغەکانی پراکتیزەکردنی تاوانی جینۆسایدیش بریتین لە:

1-وێرانکردنی چوارچێوە و قەبارەی نیشتمانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی لەژێر چەوساندنەوەدان.

2-گۆڕینی چوارچێوەو قەبارە نیشتمانییە وێرانکراوەکە بەو سیستەمەی کە ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەیسەپێنن. (د.مارف عومەرگوڵ،2000، لا 47)

تاوانە جەنگییەکانی دژ بە گەلی کورد بەدرێژایی سەدەی بیستەم، لە چوارچێوەی ئەو پێناس و پرەنسیپانەی بۆ جینۆساید دەکرێن، دەچنە خانەی جینۆساید، بەڵام ئەمەش پێویستی بە شرۆڤە هەیە کە

یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە.

سەبارەت بە ڕەهەندە یاساییەکانی جینۆساید، واتا ئەو بنەما گرنگانەی لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە وەك پێوەرێك بۆ جینۆساید هەن، شارەزایەکی بواری جینۆسایدی هەڵەبجە لەو باوەڕەدایە دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕوانگەی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەوە سەرجەم بنەماکان لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دەرهەق بەو شارەدا هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

-بنەمای یاسایی: بەپێی پرەنسیپە سەرەکییەکانی یاسای سزادان، تەنها ئەو ڕەفتارانە سزا دەدرێن کە بەپێی یاسا بە تاوان دانرابن و سزایان بۆ دەستنیشان کرابێت. لە ساڵی (1948)یشەوە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمی کۆنڤاشیۆنی قەدەغەکردنی کوشتاری بەکۆمەڵی وەك بنەمایەکی یاسایی بۆ سزادانی جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی داناوە.

-بنەمای ماددیی: تاوانی جینۆساید بەپێی ماددەی (6)ی پەیڕەونامەی دادگای سزای نێودەوڵەتی بەتاوان دانراوە.

-بنەمای مەعنەویی تاوان: یەکێك لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی جینۆساید جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی دەروونی. (سید جعفر حسینی و دیگران، 1398، ص 26)

ئەمرۆش لە یاسای سەرجەم وڵاتانی جیهان وێڕای ئەوەی کوشتنی بەئانقەستی کەسێك یا گروپێك بەتاوان دادەنرێت، لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چەندین ڕێککەوتنامەی جیهانی بۆ قەدەغە و سزادانی تاوانی جینۆساید پەسەند کراوە و لەلایەن دادگا نێودەوڵەتییەکانەوە پراکتیزە دەکرێن، لەبەر ئەم فاکتەرەش هەر دۆسییەیەکی جینۆساید (بەتایبەتی جینۆسایدەکانی دژ بەگەلی کورد)، بۆ وەرگرتنەوەی مافە ماددی و مەعنەوییەکانی و ڕێگەگرتنیش لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە مرۆییە، پێویستە بەتەواوەتی شرۆڤەی یاسا و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی جینۆساید بکەین.

## دووەم: دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە، زەمینەسازیی بۆ جینۆسایدی گەلی کورد

بەرنامەڕێژیی دەوڵەتی عێراق بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەوڵەتی نوێی ئێران بەئامانجی

وەرگرتنەوەی کەنداوی فارس، لە سەرەتادا بە هەڵوەشاندنەوەی پرۆتۆکۆلی جەزائیری ساڵی (1975ز)[3]ی نێوان هەردوو وڵات دەستی پێکرد. (ویلایتی، 1376، ص 37)

بەپێی ئەو پەیماننامەیە، دەوڵەتی عێراق لەپێناو سەرکوتی شۆڕشی کوردستان، بە ناچارییەوە نیوەی کەنداوی فارسی بە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران بەخشی، لەبەرامبەردا ئێران کۆتایی بە پشتیوانی لە شۆڕشی کورد هێنا و سنورەکانی داخست، ئامانجی عێراق هاتەدی و شۆڕش دووچاری نسکۆ بۆوە، هەربۆیە لە سیاسەتێکی نوێدا لەهەمبەر دەوڵەتی نوێی ئێران کە تازە لە شاهەنشاهییەوە سیستەمەکەی بۆ کۆماری گۆڕابوو، دەیویست سەرلەنوێ هەژموونی خۆی بەسەرکەنداوی فارسدا زاڵ بکات.

لەبەر ئەم فاکتەرانە، بە فەرمانێکی تایبەتی (سەدام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری پێشووتری عێراق، ڕۆژی (17ی ئەیلولی 1980ز) لە بەیاننامەیەکدا ڕێککەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە، پەلامارێکی سەربازیی کتوپڕیشی بۆسەر ئێران دەستپێکرد تا مەرجەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێ. (طوالبة، 1984، ص48.) عێراق جەنگەکەی بە قادسییەی دووەم[4] و ئیرانیش بە (بەرگری پیرۆز- دفاع مقدس) ناوزەدی کرد. (محمد درودیان، 1379، ص 30).

---

[3]- ئەم پرۆتۆکۆلە لە 6ی ئازاری 1975 لەلایەن (سەدام حوسێن)ی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و (حەمەرەزاشا)ی ئێران بە ئامادەبوونی (هواری بۆمیدیەن)ی سەرۆکی جەزائیر لە جەزائیر مۆرکرا، تیایدا نیوەی کەنداوی فارس بەخشرا بە ئێران، شای ئێرانیش دەستی لە هاریکاریی شۆڕشی کورد هەڵگرت، بەوهۆیەوە شۆڕشی کورد نسکۆی هێنا. گرنگترین ئامانجەکانی هەردوولا لەو ڕێککەوتنامە بریتی بوو لە:

- چارەسەری مەسەلەی پەنابەرانی کوردی عێراق.
- باشکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا.
- دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان ئێران و عێراق.
-ڕێگادان بە گەشتی بەکۆمەڵی زیارەتکارانی ئێرانی و عێراقی بۆ سەردانی مەزارە پیرۆزەکان.
-کردنەوەی سەرکونسوڵگەری ئێران لە کەربەلا و بەسرە و سەرکونسوڵگەری عێراقیش لە لە خورەمشەهر و کرماشان.

بۆ دەقی ڕێککەوتنامەکە بڕوانە: علی اکبر ویلایتی: تاریخ سیاسی جنگ تحمیلی عراق علیه جمهوری اسلامی ایران، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، چاپ اول 1376، ص 37.

[4]- ناونانی ئەم جەنگە لەلایەن عیراقەوە بە قادسییەی دووەم، بۆ یادکردنەوەی جەنگی قادسییەی یەکەم بوو کە لە (16-19 تشرینی دووەمی 636)ی زایینی لەلایەن سوپای عەرەب و فارسەوە ڕوویدا، سەرەنجام سوپای عەرەب بە سەرکردایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس سەرکەوتنی بەدەستهێنا، سەدامیش دەیویست بە لاسایی ئەو جەنگە، سەرکەوتن بەسەر ئیراندا بەدەست بهێنێ.

دەستنیشانکردنی ساڵی (1980) بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەلایەن دەوڵەتی عێراق، فاکتەرەکەی دەگەڕایەوە بۆ بەهێزبوونی سوپاکەی و قۆستنەوەی نائارامیی دۆخی ئێران بەهۆی ڕووخانی دەسەڵاتی شاهەنشاهی و هاتنەئارای حکومەتێکی تازەوە، سەدام لەو بڕوایەدابوو بە ئاسانی دەتوانێ بەهۆی جەنگەوە ئێران ناچار بکات تا دەست لە نیوەی کەنداوی فارس هەڵبگرێت کە بەپەیماننامەی (جەزائیر) وەریگرتبوو.

گەلی کورد لە هەردوو وڵاتەکەدا، بەدرێژایی ماوەی ساڵانی جەنگ (1980-1988) ڕووبەڕووی چەندین کارەساتی خوێناوی بۆوە، بەتایبەتی کە کوردستان ببووە گۆڕەپانێکی گەرمی جەنگی هەردوو دەوڵەت، لەهەمانکاتدا دەرفەتی بۆ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردیش ڕەخساند تا هێزەکانی پێشمەرگە بەپشتیوانی دانیشتوانی گوندەکان، ڕووبەرێکی زۆری جیۆگرافیای کوردستان ڕزگار بکەن، ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەریش بۆ کاروباری ژیانیان پێکبهێنن.

لە ماوەی جەنگی هەردوو دەوڵەتی عێراق-ئێران، هێز و پارتە کوردییەکانی کوردستان وەك هاوپەیمانێکی سەربازیی، چەندین چالاکیی هاوبەشیان بەشێوەی سەربەخۆ یا بەپشتیوانی ئێران دژ بە سوپای عێراق ئەنجام داوە. دیارترین هاوپەیمانێتی سەربازیش، پلانی ئازادکردنی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بوو لە بەهاری ساڵی (1988)دا.

لە ڕوانگەی حیزبە کوردییەکانەوە، ئامانجی سەرەکی بۆ ئازادکردنی شاری هەڵەبجە و ڕاماڵینی سوپای عیراق، کەمکردنەوەی فشاری زۆری سەربازیی سوپای عیراق بوو کە بەوپەڕی دڕندەییەوە دەستی بەشاڵاوی ئەنفال بۆسەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی پێشمەرگە کردبوو بەتایبەتی بۆسەرناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتی، بڕیاردرا بەهاوپەیمانی حیزبەکان، بڕیار لەسەر ئازادکردنی شاری هەڵەبجە بدرێ. (ئەمین، 1999، لا 144)

مەبەستی ڕاستەوخۆی ئێران لە بەشداریی پرۆسەی گرتنی شاری هەڵەبجە، وێرای ئامانجە سیاسییەکانی، لەڕووی سەربازییەوە بریتی بوو لە:

-ئازادکردنی شارۆچکەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، بیارە و تەوێڵە.

-زەمینەسازی بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەنداوی دەربەندیخان.

-داخستنی ڕێگای پاشەکشە لە سوپای عیراق لە سنوری پارێزگای سلێمانییەوە. (محمد درودیان، 1376، ص 222).

ئامانجی ناڕاستەوخۆشی لەو نەخشەیە، کەمکردنەوەی فشاری پەلامارەکانی سوپای عیراق بوو لە بەرەی باشور واتا لە شارەکانی بەسرە و فاو. (ویلایتی، چاپ اول 1376. ص 178)

بۆ پراکتیزەکردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هاوبەشە، سەرجەم هێزە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان کە تازە ببوونە هاوپەیمان، بە هاوکاری یەکتر بەم چەشنەی خوارەوە نەخشەی ئازادکردنی هەڵەبجەیان داڕشت:

-هێزەکانی (ی.ن.ك) بەهاریکاریی قەرارگای ڕەمەزانی ئێرانی، ڕەبییەکانی پاسەوانی تۆپخانەی (دەڵەمەڕ) بگرن. هێزێکیتر بەشێوەی نهێنی و پارتیزانی بۆ ناوشاری هەڵەبجە بچن تا دەستبەسەر هەندێ شوێنی هەستیاری حیزبی بەعسدا بگرن. هەروەها ئەرکی ئازادکردنی بەرزاییەکانی ئەشکەهۆڵ و شنروێشی گرتەئەستۆ.

-هێزەکانی (حسك) بە هاریکاریی قەرارگای ڕەمەزان، لە پشتەوەی هێزەکانی عیراق و لەسەر سنوری پردی زەڵم، بۆ شڵەژانی سوپای عیراق لە کاتی جێبەجێکردنی نەخشەی ئازادکردندا، چەند چالاکییەك ئەنجام بدەن.

-هێزەکانی (پ.د.ك) و (حسك) بەهاوکاری قەرارگای قودسی ئێرانی و بەشێك لە قەرارگای ڕەمەزان، لە لای باکورەوە پەلاماری شاری هەڵەبجە بدەن.

- لەلای باشورەوە کە قەرارگای فەتحی ئێرانی لێبوو، لەلای ناوچەی نەوڕۆڵی و تەمورەژەنان و (ملەی دارێ) بەرەو شارۆچکەی سیروان بچن، ئەم دوو هێزە بگەنەوە یەکتر و پاشان هێزەکانی عیراق کە دەکەوتنە پشتی پردی زەڵمەوە تا تەوێڵە و شرام و پاڵانیا و چیای پەرۆنی گەمارۆ بدەن.

-بزووتنەوەی ئیسلامی ئەرکی کاروباری لۆجستیکی سەرجەم هێزەکانی پێسپێردرا. (حەمە سەعید، 2014، لا 71)

نەخشەی ئازادکردنی هەڵەبجە، لەلایەن (شەوکەتی حاجی موشیر)ی فەرماندەی (ی.ن.ك)ەوە سەرپەرشتی دەکرا.

دوای جێبەجێکردنی پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی، دانیشتوانی هەڵەبجە

هەڵوێست و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، بەڵام سوپای عیراق ڕێژەی پەلامارو تاوانەکانیان لە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال لە کوردستان کەم نەکردەوە. لە پەلامارێکی کیمیایی کتوپڕدا، ڕۆژی (16)ی ئازار نزیکەی (50) فڕۆکە کە هەریەکەیان (8) بۆمبای (500کگم)ی کیمیاییان هەڵگرتبوو، کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیان کرد. (السامرائی، 1997، ص 104)

(عەلی حەسەن ئەلمەجید)ی سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی پەلامارە کیمیاییەکە، بە باشی دەیزانی ئەو گازانەی لە پەلاماری هەڵەبجەدا بەکاریدەهێنێ لە هەوا سەنگینترە، بۆیە سەرەتا بە تۆپباران دەستی پێکرد تا خەڵك بۆ خۆپاراستن بچنە نێو پەناگە و ژێرزەمین و کونەتەیارە، پاشان کیمیابارانی کردن تا فریای خۆڕزگارکردن نەکەون، ئەم پەناگایانە بوون بە "ژووری گاز". واتا وەك ئەو ژوورانەی کە نازییەکان پڕیان دەکرد لە دیل و پاشان بە گازی خنکێنەر دەیکوشتن. (جەی کیلی، 2012، لا 79).

بەبڕوای (پیتەر گالبرێس)ی چاودێری ئەمریکی کە بە فەرمی لەلایەن واشنتۆنەوە ئەرکی ڕاگوێزانی بەڵگەنامەکانی ئەنفال و کیمیابارانی لە ئەستۆدابوو، لەو باوەڕەدایە:"عەلی کیمیایی بە تاقیکردنەوە مەرگبارەکانی خۆی، هەوڵیدەدا بزانێ کام چەکی کیمیایی زۆرترین کاریگەریی هەیە".( CBS News, 2003, Web)

بێگومان ئەم پەلامارە کیمیاییە، یەکەمین ڕەفتاریی تاوانبارانەی عێراق نەبوو لە ماوەی جەنگەکەدا، بەڵکو لە دەستپێکی جەنگی عێراق و ئێران بەتایبەتی لە ساڵانی (1984-1988)دا، دەوڵەتی ئێران پتر لە (252) پەلاماریی کیمیایی عێراقی بۆ سەر وڵاتەکەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمارکردووە، دیارترین نمونە بۆسەر کوردستانیش پەلاماریی کیمیایی ڕۆژی (6ی تیری 1366هـ.ش، 27ی حوزەیرانی 1987) بۆ سەر ناوچەی شاری سەردەشت بوو کە نزیکەی هەزارکەس برینداروشەهید بوون. (اردلان و مقدم،1394، ص 123).

لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا، هەرچەندە تائێستا ئامارێکی وردی ڕێژەی شەهید و قوربانیان و بەرکەوتووان و ئاوارەکان لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی خەمڵاندنەکان نزیکەی (5.000) هەزار هاوڵاتی شەهید وزیاترلەوژمارەیەش بریندار بوون کە تائێستاش بەشێك لە بەرکەوتووان

لە ژیاندان و شوێنەواری کیمیایی لەسەر جەستەیان ماوە.

گرنگترین پرۆسەی میدیایی بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕایگشتی جیهانی لە جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە، هاتنی دەیان پەیامنێری ئێرانی و جیهانی (بەتایبەت میدیای ئەوروپی) بوو بۆ ڕاگواستنی هەواڵ و بەدواداچوون و وێنە و ڤیدیۆی قوربانیان و بەرکەوتووان لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری[5]، ڕۆژنامەی (کیهان)یش لەڕیزی ئەو ڕۆژنامە پرتیراژانەی ئێراندا بوو کە لە سەرەتاوە بەشێوازێکی فراوان ڕوومالّی جینۆسایدەکەی کردووە، لەم ڕوانگەیەوە وەك سامپڵێك بۆ ئەم توێژینەوەیە دەستنیشان کراوە و لە بەشی دووەمدا شرۆڤەی ناوەرۆکی بابەتەکانی دەکەین.

## سێیەم: جینۆسایدی هەڵەبجە لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا:

[5]- توێژەر بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانییانەی کۆکردۆتەوە و سەرلەنوێ بەچاپی گەیاندوون کە دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە نوسراون و چوار جار چاپ کراونەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر:

-د.کارزان محەمەد: جینۆسایدی هەڵەبجە لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2020ز

بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، جۆرەها ڕێککەوتنامەی ئاشتی لەنێوان دوو وڵات یا زیاتردا ئەنجامدراوە، هەڵکشانی ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی لە جەنگەکاندا، بووە مایەی هاندانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپێناو بەستنی ڕێککەوتنامەی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و قەدەغەکردنی چەکی کوشندە لە یەکلاکردنەوەی ململانێکاندا کە زۆرجار خەڵکی مەدەنی دەبنە قوربانی..

لەم ڕوانگەیەوە یەکەمین هەوڵی نێودەوڵەتی کە چەندین وڵات بەشێوەیەکی فەرمی تیایدا بەشداربن بۆ ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغە، لە ساڵی (1874)دا لەژێرناوی (کۆنڤاشیۆنی برۆکسل بۆ ماف و یاساکانی جەنگ) پەسەند کرا، گرنگترین بەندەکانی ڕێککەوتنامەکە سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی لە جەنگدا بوو. (The Brussels Convention 1874)

درێژەکێشانی تاوانەکانی جەنگ و کوشتاری مەدەنی لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918) کە مرۆڤایەتی کارەساتی گەورەی بەخۆوەبینی، بەتایبەتی بەهۆی بەکارهێنانی چەکی ژەهراوی و قەدەغەکراو،

بووەمایەی کۆدەنگی لەنێوان چەندین دەوڵەتی زلهێز بەئامانجی خۆپارێزی لە چەکی کیمیایی و ژەهراوی، لە ئەنجامدا لە ساڵی (1925)دا (پرۆتۆکۆلی ژنێڤ) پەسەند کرا و هەردوو وڵاتی عێراق و ئێرانیش ئیمزایان لەسەر کرد. (Geneva Protocol,1925, UN website)

لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهان، هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ پرۆتستۆ و قەدەغەکردنی جینۆساید لەسەر ئاستی جیهان، بە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە ساڵی (1946)دا بەشێوەیەکی فەرمی هاتەوەئارا. لەم بڕیارنامەیەدا داوای لە سەرجەم وڵاتانی جیهان کرد تا بەیاسا ڕێگە لە جینۆساید بگرن و سزای تاوانبارانیشی بدەن. (The Crime of Genocide, 1946, UN website)

بەپشتبەستن بەم بڕیارنامەیەش، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆگرامی دامەزراندنی (کۆنڤاشیۆنی ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید)ی لە ساڵی (1948)دا پەسەند کرد، پێکهاتووە لە (19) بەندو پێشەکییەکی کورت و تا ساڵی (1996) پتر لە (115) وڵات بۆتە ئەندام.

لە ماددەی یەکەمدا جینۆسایدی وەك تاوان ناساند، لە ماددەی دووەمیشدا جۆرەکانی جینۆسایدی خستۆتەڕوو: مەبەست لە جینۆساید هەرکام لەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە وەك:

-کوشتنی ئەندامانی گروپێك.

-زیانگەیاندنی توند بە تەندروستی جەستەیی یا دەروونی ئەندامانی گروپێك.

-بەئانقەست گروپێك لەبەردەم هەلومەرج و دۆخی ژیانێکی نەشیاودا دابنرێن کە سەرەنجام ببێتەمایەی لەناوبردنی جەستەی بە تەواوەتی یاخود بەشێکی.

-ئەو هەنگاوانەی بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە لەدایکبوون و زاووزێی ئەو گروپە ئەنجام دەدرێت.

-گواستنەوەی ناچاریانەی منالان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکیتر. (the Crime of Genocide, 1948, UN website)

هەروەها ماددەی (3) ی ئەم پەیماننامەیە، چوارچێوەیەکی یاسایی گرنگی نێودەوڵەتییە بۆ ڕێگری لە تاوانی جینۆساید، لە ماددەی (3)دا جەخت لەسەر سزادانی جینۆساید و پلاندانان و بزواندن و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە کراوەتەوە.

بەپشتبەستن بەماددەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە، لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا سەرجەم جۆرەکانی تاوانکاریی ئەنجام دراوە. هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەمی ماددەی دووەم، تائێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر دانیشتوانی هەڵەبجە بەشێوازی جۆراوجۆر دەبینرێت.

پەسەندکرانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە (10)ی دیسامبەری ساڵی (1948) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، ڕێوشوێنێکی یاسایی گرنگ بوو بۆ دەستنیشانکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کە هیچ دەوڵەتێك مافی پێشێلکردنی نییە.

لەم پرەنسیپانەی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا کە نزیکەی تەواوی مافەکانی مرۆڤی لەخۆگرتووە، لەبەندی (5)دا هاتووە: "هیچ مرۆڤێك ئازارو ئەشکەنجە نادرێتو ڕەفتاری توندوتیژو دڕندانەو ئابڕوبەرانەی لەگەڵدا ناکرێت".

پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە دۆسیەی جینۆسایدی هەڵەبجە، بە ئاشکرا بە بەزاندنی سەرجەم ئەو مافە مرۆییانەش دادەنرێت کە لە جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە.

سەبارەت بە قەدەغەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای چەکی بایۆلۆژی و کوشندە لەسەرئاستی وڵاتانی زلهێزی جیهان و فرۆشتنی بە وڵاتە هاوپەیمانەکانیان، سەرلەنوێ بووەمایەی هاندانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تا لە ساڵی (1971) بەئامانجی چاکسازی لە پرۆتۆکۆلی (1925)ی ژنێڤ، لە ساڵی (1972) کۆنڤاشیۆنی چەکە بایۆلۆژییەکان (BWC)[6]ی پەسەند کرد لەپێناو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەو چەکە دژە مرۆییانە.

بەگشتی سەرجەم ئەو تاوانانەی لەم ڕێککەوتنامانەدا ئاماژەیان پێدراوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر شاری هەڵەبجە و کیمیابارانکردنیدا دەبینرێت، ئەمەش پاساوێکی گرنگی یاسایی بوون کە لەناوخۆی عێراقدا دادگایەك بۆ دادگایی تاوانبارانی دۆسییەکە دابمەزرێت، بەپشتبەستن بە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانیش تاوانبارە سەرەکییەکان بەتایبەت (عەلی حەسەن ئەلمەجید) ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان

[6]-The Biological Weapons Convention (BWC): https://www.un.org/disarmament/ar/biological-weapons/

بۆوە، بەڵام تائێستا مافە یاساییەکانی هەڵەبجە نەهێنراوەتەدی کە قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و زیانلێکەوتووانە، لەم روانگەیەوە تۆماریی دیکۆمێنتاریی جینۆساید بەتایبەتی ئەو راستییانەی لە میدیاکاندا تۆمار کراون، بەڵگەنامەیەکی گرنگن کە لە ئێستا یاخود ئایندەدا کورد داوای مافی قەرەبوو لە دەوڵەتی عێراق بکات.

توێژەر بۆ تاوتوێی دیکۆمێنتێکی گرنگی جینۆسایدی هەڵەبجە، داتا و بابەتەکانی رۆژنامەی (کیهان)ی بەنمونە وەرگرتووە تا لەرێی میتۆدێکی زانستییەوە، رەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو دیکۆمێنتە گرنگە شرۆڤە بکات.

## بەشی پراکتیکی: ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی (کیهان)ی ئێرانیدا ناساندن:

رۆژنامەی (کیهان) بە ئاراستەیەکی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە بە یەکێك لە پرئەزموونترین و بەتەمەنترین رۆژنامەکانی ئێران دادەنرێت، یەکەمین ژمارەی لە (3ی خوردادی 1321هـ.ش، 9ی ئایاری 1942) واتا لە سەردەمی حکومڕانی پەهلەویی دووەمدا بەشێوەی رۆژانە دەرچووە، خاوەن ئیمتیازەکەی (عەبدولرەحمان فەرامەرزی) بوو. (صدری طباطبائی، جلد اول، 1378، ص 590).

لە ماوەی کارکردنیدا، چەندینجار بەهۆی هەلومەرجی سیاسی یاخود بڵاوبوونەوەی هەواڵ و وتارەوە لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا، رووبەرووی داخستن بۆتەوە بەتایبەتی لە ساڵانی (1942، 1943)دا. (ابوترابیان، 1366،ص 135)

رۆژنامەی (کیهان) تائێستا بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە، ناوەندی سەرەکی لە شاری (تاران)ە، بە قەبارەی (12) لاپەرە (22928) ژمارەی تا کۆتایی ساڵی (2021) لێدەرچووە. سایتە فەرمییەکەشی بریتییە لە (https://kayhan.ir).

## رۆژنامەی (کیهان) و بایەخدان بەجینۆسایدی هەڵەبجە:

رۆژنامەگەریی لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێراندا بەتایبەتی لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوانیاندا، سەرجەمیان ڕووماڵی بەرەکانی جەنگیان دەکرد بەئامانجی پشتیوانی لە دەوڵەتەکانیان.

رۆژنامەی (کیهان) کە لە دەیەی هەشتای سەدەی رابردوودا، بە یەکێك لە رۆژنامە

پرتیرژە فەرمییەکانی دادەنرا، ڕۆژانە دەیان پەیامنێری لە ناوچە سەرسنوورییەکانی هەردوو وڵاتدا، سەرقاڵی گواستنەوەی هەواڵ ووێنەی جەنگ بوون.

لە سەرەتای بەرنامەڕێژیی بۆ ئازادکردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن هێزە کوردییەکانی کوردستانی باشور بەبەشداریی دەوڵەتی ئێران، چەندین پەیامنێری ڕۆژنامەی (کیهان) هاوکاتی ئەو نەخشە سەربازییە، ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ و وێنەکانیان لە ئەستۆدا بووە. هەربۆیەشە لە سەرەتای ئازادکردنی شاری (هەڵەبجە) تا کیمیابارانی شارەکە و دەربەدەریی دانیشتوانەکەی، یەکەمین ڕۆژنامەیە کە بەشێوەیەکی فراوان ڕوومالی جینۆسایدەکەی کردووە. لەم ڕوانگەیەوە دەستنیشانمان کرد تا بەشێوەیەکی زانستی، پۆلێنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە بەپشتبەستن بە میتۆدی ناخشیکاریی یاخود شیکاری ناوەڕۆك بکەین.

خاڵێکی گرنگ کە جێگەی بایەخە، هەندێ لەو هەواڵ و بابەتانە پتر لە ژانرێکی ڕۆژنامەنووسیان لەخۆگرتووە، هەربۆیە پۆلێن و دەستنیشانکردنی ڕێژەکان بەپێی کرۆکی بابەتەکان ئەنجام دراوە.

## یەکەم: پۆلێنی بابەتەکانی تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر بنەمای ژانرەکانی ڕۆژنامەگەری:

توێژەر دوای ڕوومالی وردی سەرجەم لاپەرەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی هەڵەبجەی لەسەر بنەمای جۆر و ژانرەکانی ڕۆژنامەگەریی پۆلێن کرد، بەگشتی (182) بابەتی جۆراوجۆری تێدایە.

ڕێژەی هەواڵی تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانیتری ڕۆژنامەگەری، بەپلەی یەکەم دێت و (54) هەواڵی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە کە ڕێژەی (29.67%)کۆی بابەتەکان پێکدێنێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخی هەواڵ لە ڕۆژنامەگەریی سەردەمی جەنگدا.

هەروەها (مانشێتی لاوەکی) یاخود _(مانشێتەهەواڵ)ی پەیوەندیدار بە هەڵەبجە کە لە لاپەرە یەکدا بڵاوکراوەتەوە، بەڕێژەی (21.43%) لە پلەی دووەمدایە.

پاشان نامە و بەیاننامە و کۆنفراسی میدیایی کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڕێژەی (12.09%) و لە پلەی سێیەمدایە.

ڕاپۆرتەهەواڵ کە بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر زانیاری وردی لەخۆگرتووە، بەڕێژەی (11.54%)ی کۆی بابەتەکانە و لە پلەی چوارەمدایە.

هەروەها چەندین ژانریتری وەك (مانشێتی سەرەکی لاپەرە یەك، دیدار و چاوپێکەوتن، سەروتار و وتار، شرۆڤە، ستون، یادداشتی ڕۆژانە، وێنە و نەخشە، ژانری شیعر و ئەدەب) لە پلەی پێنجەم تا دوانزدەهەمدان کە دەربارەی جینۆسایدی هەڵەبجەن. هەروەك لە خشتەی ژمارە (1)دا خراونەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (1).**

| جۆر | دووبارەبوونەوە | ڕێژە | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | 54 | %29.67 | یەکەم |
| مانشێتی لاوەکی لاپەرە یەك | 39 | %21.43 | دووەم |
| نامە و بەیاننامە و کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەری | 22 | %12.09 | سێیەم |
| ڕاپۆرتەهەواڵ | 21 | %11.54 | چوارەم |
| دیدار و چاوپێکەوتن | 13 | %7.14 | |
| سەروتار و وتار | 3 | %1.65 | |
| شرۆڤە | 1 | %0.55 | |
| ستون | 1 | %0.55 | |
| یادداشتی ڕۆژانە | 8 | %4.39 | |
| وێنە و نەخشە | 14 | %7.69 | |
| مانشێتی سەرەکی لاپەرە یەك | 3 | %1.65 | |
| ژانری شیعر و ئەدەب | 3 | %1.65 | |
| کۆی گشتی و ڕێژە | 182 | %100 | |

## دووەم: ئاستی بایەخدانی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) بە جینۆسایدی (هەڵەبجە):

لە زانستی ڕۆژنامەگەریدا، بەهای بابەت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوە هەیە و لاپەڕەی یەکەم بە گرنگترین لاپەرە دادەنرێت.

لە پۆلێنی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)دا بەپێی بایەخدانیان بە جینۆسایدی هەڵەبجە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرجەم لاپەڕەکان گرنگیان پێداوە. لاپەڕ (یەك) کە بەئەرزشترین لاپەڕەی ڕۆژنامەیە، لە (17) ژمارەدا بەجۆرەها ژانری هەواڵ و مانشێت و وێنە، بایەخی بە جینۆسایدی هەڵەبجەداوە و بەڕێژەی (15.74%) لە پلەی یەکەمدایە. هەروەها لە لاپەڕ (سێ)ی (17)

ژمارەدا وەك تەواوکەری لاپەڕە (یەك)یرۆژنامەی (کیهان)، هەر لە پلەی یەکەمدایە.

هەروەها لە لاپەڕە (دوو)ی (16) ژمارەی ڕۆژنامەکەدا، هەواڵ و ڕاپۆرتی سەبارەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە تێدایە، بەوهۆیەوە بە ڕێژەی (14.81%) بە پلەی دووەم دێت.

بەگشتی لەکۆی ژمارەکانی ماوەی (1) یەك مانگی ڕۆژنامەی (کیهان) کە بەسامپڵی توێژینەوەکە دەستنیشان کراوە، بابەتی جۆراوجۆر لە دووتوێی لاپەڕەکانیتریدا دەربارەی شەهیدان و بەرکەوتووانی جینۆسایدی هەڵەبجە و کاردانەوەکانی بڵاوکراوەتەوە.

لەم خشتەیەدا، ئاستی بایەخی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) بە بابەتی توێژینەوەکە ڕوون کراوەتەوە. بنۆڕە خشتەی ژمارە (2).

**خشتەی ژمارە (2)**

| لاپەڕە | دووپاتبوونەوە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| لاپەڕە یەك | 17 | %15.74 |
| لاپەڕە دوو | 16 | %14.81 |
| لاپەڕە سێ | 17 | %15.74 |
| لاپەڕە چوار | 5 | %4.63 |
| لاپەڕە پێنج | 1 | %0.92 |
| لاپەڕە شەش | 4 | %3.70 |
| لاپەڕە حەوت | 2 | %1.85 |
| لاپەڕە هەشت | 3 | %2.78 |
| لاپەڕە نۆ | 4 | %3.70 |
| لاپەڕە دە | 6 | %5.56 |
| لاپەڕە یانزدە | 2 | %1.85 |
| لاپەڕە دوانزدە | 6 | %5.56 |
| لاپەڕە سیانزدە | 4 | %3.70 |
| لاپەڕە چواردە | 6 | %5.56 |
| لاپەڕە پانزدە | 9 | 8.34 |
| دوالاپەڕە | 6 | %5.56 |
| ژمارە و ڕێژەی سەدی | 108 | %100 |

## سێیەم: ڕەهەندەکانی بایەخدان بە جینۆسایدی هەڵەبجە:

سەرجەم ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا دەربارەی جینۆسایدی هەڵەبجە و کاردانەوەکانی بڵاوکراوەتەوە، بایەخیان بە لایەنێك یاخود چەند ڕەهەندێکی جینۆسایدەکە داوە. بۆ نمونە ڕاپۆرتەهەواڵێك چەندین بابەتی فرەڕەهەندی دەربارەی لایەنەکانی جینۆسایدەکە لەخۆگرتووە.

لە پرۆسەی سەرنجدان و شرۆڤەی ناوەرۆکی بابەتەکاندا، بایەخدان بەکاریگەرییە پزیشکی و تەندروستییەکان لەسەر بەرکەوتووان لە پلەیە یەکەمدا بوو بەڕێژەی (25.82%). ئاماژەدان بە چالاکییە دیبلۆماسییەکان بۆ بەجینۆسایدناساندنی دۆسیەی هەڵەبجە

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە پلەی دووەمدا بوو بەڕێژەی (%22.53). هەروەها بڵاوکردنەوەی بابەتی مرۆیی وەك ئاوارەبوون و دەربەدەری و پێشێلی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا، لە پلەی سێیەم و بەریژەی (%19.23) بوو.

خستنەڕووی لایەنە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجەش لە رۆژنامەی (کیهان)دا، لە ریزبەندی چوارەم تا شەشەمدا بوو.

پۆڵێنی رەهەندەکانی بایەخدان بە کیمیابارانی هەڵەبجە لە رۆژنامەی (کیهان)، لە خشتەی ژمارە (3)دا ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (3)**

| بەپێی سروشتی بابەت | ژمارە | دووپاتبوونەوە | پلەبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| مرۆیی | 35 | %19.23 | سێیەم |
| سیاسی | 32 | %17.58 | چوارەم |
| سەربازی | 24 | %13.19 | پێنجەم |
| پزیشکی | 47 | %25.82 | یەکەم |
| دیبلۆماسی | 41 | %22.53 | دووەم |
| ئابوری | 3 | %1.65 | شەشەم |
| ژمارە و ریژە | 182 | %100 | |

## چوارەم: سەرچاوەی هەواڵ و داتا میدیاییەکانی رۆژنامەی (کیهان):

سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی و وێنەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە و ڕووماڵی کاردانەوەکانی لەسەر ئاستی جیهان، لە رۆژنامەی (کیهان)دا جۆراوجۆرن.

بەرێژەی (%53.57)ی هەواڵەکانی لە ئاژانسە ئێرانییەکان وەرگرتووە و بەپلەی یەکەم دێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەکاتی جەنگەکەدا ئاژانسەکان وەك ئەرکێکی حکومی ڕووماڵی ڕووداوەکانیان بۆ سەرجەم رۆژنامە فەرمییەکان کردووە.

بەرێژەی (%36.43)ی هەواڵەکانی (کیهان) کە تایبەتن بە کاردانەوەی هەڵەبجە لەسەر ئاستی جیهان، لە ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وەرگرتووە و بەپلەی دووەم دێت. هەروەها بەرێژەی (%10)ی هەواڵەکانیش، لەلایەن پەیامنێرانی خودی رۆژنامەکەیە و بەپلەی سێیەم دێت. بنۆڕە خشتەی ژمارە (4).

**خشتەی ژمارە (4)**

| سەرچاوە | ژمارە | دووپاتبوونەوە | پلەبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئاژانسە ئێرانییەکان | 75 | %53.57 | یەکەم |
| میدیا و ئاژانسیە نێودەوڵەتییەکان | 51 | %36.43 | دووەم |
| هەواڵنێری تایبەت | 14 | %10 | سێیەم |
| ژمارە و رێژە | 140 | %100 | |

## پێنجەم: جۆری هاوکاریی مرۆیی بۆ قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە:

کاردانەوەی جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر رایگیشتی جیهان و ئێرانیش، وێرای شەپۆلێکی نارەزایی دژ بەو کارەساتە مرۆییە، هاریکاریی جۆراوجۆر پێشکەش بە قوربانیان و بەرکەوتووان کراوە.

بەپێی ڕووماڵی رۆژنامەی (کیهان)، بەرێژەی (%37.5)ی هاریکارییەکە چارەسەری پزیشکی بووە بەتایبەت بۆ برینداران و بەپلەی یەکەم دێت. بەرێژەی (%23.86)ی کۆکردنەوەی هاریکاری مرۆیی و پزیشکی بووە و بەپلەی دووەم دێت.

بەرێژەی (%13.64) ناردنەدەرەوەی بەرکەوتووان بۆ چارەسەر بۆ وڵاتانی ئەوروپا و چەند دەوڵەتێکیتر. بەرێژەی (%10.23)جۆری هاریکارییەکە سەردان و پشکنینی بەرکەوتووان بووە، بەرێژەی (%7.95) پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و بەرێژەی (%6.82)راهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەرکەوتووان و ئاوارەکان بووە. بنۆڕە خشتەی ژمارە (5).

**خشتەی ژمارە (5)**

| جۆری هەڵوێست و هاوکاری | ژمارە | دووپاتبوونەوە | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| چارەسەری پزیشکی | 33 | %37.5 | یەکەم |
| کۆکردنەوەی هاریکاریی مرۆیی و پزیشکی | 21 | %23.86 | دووەم |
| ناردنەدەرەوەی بەرکەوتووان بۆ چارەسەر | 12 | %13.64 | سێیەم |
| سەردان و پشکنینی بەرکەوتووان | 9 | %10.23 | |
| هاریکاریی دارایی | 7 | %7.95 | |
| راهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی | 6 | %6.82 | |
| ژمارە و رێژە | | %100 | |

## شەشەم: پۆڵێنی هەڵوێستی و هاوسۆزی نێودەوڵەتیی بۆ (هەڵەبجە):

تۆمارکردنی هەڵوێست و بریاری دەوڵەت و دامەزراوە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا سەبارەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە، ئەرکێکی گرنگ

ڕۆژنامەگەرییە تا ببێتە داتا و شایەتحاڵێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژوو.

لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژنامەی (کیهان) لەرێگەی پەیامنێران و ئاژانسە جیهانییەکانەوە، ئاماژەی بە هەڵوێستی دەوڵەت و لایەنە فەرمییەکان داوە.

بەرێژەی (22.30%)ی هەڵوێستەکان بۆ پرۆتستۆی جینۆسایدی هەڵەبجە، دەوڵەتە فەرمییەکان و باڵیۆزانی وڵاتانی جۆراوجۆر دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بووە و بەپلەی یەکەم دێت. بەرێژەی (16.90%)ی هەڵوێستەکان، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بوون. بەرێژەی (14.86%) لەلایەن تیم و رێکخراوە پزیشکییەکانەوە بووە و بەپلەی سێیەم دێت.

پۆلێنی هەڵوێستەکانیتریش بەپێی ڕووماڵی ڕۆژنامەی (کیهان) بەم چەشنە بووە: بەرێژەی (10.14%) رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەرێژەی (8.78%) حیزب و رێکخراوە لۆکاڵییەکانی وڵاتان، بەرێژەی (5.40%) نەتەوەیەکگرتووەکان، بەرێژەی (5.40%) لەلایەن کەسایەتییە ناسراوەکانەکانەوە، بەرێژەی (4.73%) لایەنگران و دڵسۆزانی مافی مرۆڤ، بەرێژەی (3.38%) بەیاننامەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، بەرێژەی (2.70%) پارلەمانی وڵاتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، بەرێژەی (2.03%) کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەرێژەی (2.03%) ناوەندە ئەکادیمییەکان و بەرێژەی (1.35%) دامەزراوە ئاینییە مەسیحییەکان بوون.

بنۆڕە خشتەی ژمارە (6).

**خشتەی ژمارە (6)**

| دەوڵەت و لایەنەکان | ژمارە | دووپاتبوونەوە |
|---|---|---|
| دەوڵەتە فەرمییەکان و نوێنەرانیان (دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا) | 33 | %22.30 |
| کۆمەڵگای ئەوروپی | 25 | %16.90 |
| هەڵوێستی تیم و رێکخراوە پزیشکییەکان | 22 | %14.86 |
| رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان | 15 | %10.14 |
| حیزب و رێکخراوە لۆکاڵییەکانی وڵاتان | 13 | %8.78 |
| نەتەوەیەکگرتووەکان | **8** | %5.40 |
| کەسایەتییەکان | 8 | %5.40 |
| لایەنگران و دڵسۆزانی مافی مرۆڤ | 7 | %4.73 |
| ئەمریکا | 5 | %3.38 |
| پارلەمانی وڵاتان (دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا) | 4 | %2.70 |
| کۆمەڵگای نێودەوڵەتی | 3 | %2.03 |
| ناوەندە ئەکادیمییەکان | 3 | %2.03 |
| دامەزراوە ئاینییە مەسیحییەکان | 2 | %1.35 |
| ژمارە و رێژە | 148 | %100 |

## حەوتەم: پۆلێنی هەڵوێستی و هاوسۆزی ناوخۆی ئێران بۆ (هەڵەبجە):

رۆژنامەی (کیهان) بەشێوەیەکی فەرمی و رۆژانە، تۆماری هەڵوێستی جۆراوجۆری لەناوخۆی ئێران لەهەمبەر جینۆسایدی هەڵەبجەدا کردووە.

بەرێژەی (34.38%)ی هەڵوێستەکان لەلایەن بەرپرسانی حکومی و دیبلۆماسی و نوێنەرانی دەوڵەت لە دەرەوە بووە و بەپلەی یەکەم دێت. بە رێژەی (12.5%)ی هەوڵەکان، ناردنی بەیاننامە و داخوازیی بووە بۆ وڵاتانی جیهان و بەپلەی دووەم دێت. بەرێژەی (9.37%) کۆکردنەوەی هاریکاریی مرۆیی و پزیشکی بووە بۆ قوربانیان. بەرێژەی (6.25%)ی هەڵوێستەکان لەلایەن پارلەمان و مەجلیسی شورای وڵاتەوە بووە. رێکخراوە خێرخوازیی، مرۆیی و ژینگەپارێزەکان و گوتار و بەیاننامەی کەسایەتییە ئایینیەکانیش هەریەکەیان بەهەمان رێژە بووە.

هەروەها هاوسۆزی وەك (مەراسیم و ماتەمینی گشتی، گوتاری ناوەندە ئاینی و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، بەیاننامەی رێکخراوە پیشەییەکان) هەرکامیان بەرێژەی (4.69%)ی کۆی نارەزایەتییەکان پێکهێناوە.

زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانیش بە دوو چالاکی بەرێژەی (3.12%) و ئەنجامدانی دوو خۆپیشاندانی جەماوەریش بەرێژەی (3.12%)ی لە کۆی هەڵوێستەکان پێکدێن. بنۆرە خشتەی ژمارە (7).

**خشتەی ژمارە (7)**

| دەوڵەت و لایەنەکان | ژمارە | دووپاتبوونەوە |
|---|---|---|
| هەڵوێستی بەرپرسانیی حکومی و دیبلۆماسی | 22 | %34.38 |
| بەیاننامە و داخوازیی بۆ وڵاتانی جیهان | 8 | %12.5 |
| کۆکردنەوەی هاریکاریی مرۆیی و پزیشکی | 6 | %9.37 |
| پارلەمان و مەجلیسی شورا | 4 | %6.25 |
| رێکخراوە خێرخوازیی، مرۆیی و ژینگەپارێزەکان | 4 | %6.25 |
| گوتار و بەیاننامەی کەسایەتییە ئایینیەکان | 4 | %6.25 |
| مەراسیم و ماتەمینی گشتی | 3 | %4.69 |
| ناوەندە ئاینییەکان | 3 | %4.69 |
| کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان | 3 | %4.69 |
| بەیاننامەی رێکخراوە پیشەییەکان | 3 | %4.69 |
| زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان | 2 | %3.12 |
| خۆپیشاندانی جەماوەری | 2 | %3.12 |
| ژمارە و رێژە | 64 | %100 |

## هەشتەم: خۆپیشاندان و چالاکی رای گشتی کوردانی تاراوگە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە:

هەڵوێستەکانی کوردانی تاراوگە بۆ هاوسۆزی لەگەڵ جینۆسایدی هەڵەبجە و پرۆتستۆی تاوانی دەوڵەتی عێراق، لە رۆژنامەی (کیهان)دا بۆ مێژوو تۆمارکراون.

بەپێی تاوتوێی هەواڵ و زانیارییەکانی رۆژنامەی (کیهان)، کوردانی تاراوگە لە بەریتانیا بە ئەنجامدانی (5) چالاکی بەرفراوان بەرێژەی (25%)ی کۆی چالاکییەکانی دژ بە دەوڵەتی عێراقیان ئەنجام داوە و بەپلەی یەکەم دێت. کوردانی ئاوارە لە وڵاتانی (ئەمریکا، نەمسا، ئیتاڵیا) هەرکامیان بەئەنجامدانی (3) چالاکی، بەرێژەی (15%)ی چالاکییەکانیان بۆ پرۆتستۆی جینۆسایدی هەڵەبجە ئەنجامداوە. هەروەها کورد لە وڵاتانی (سوید، ئەڵمانیا) بەرێژەی (10%) و کورد لە وڵاتانی نەرویج و تورکیا بەرێژەی (5%)ی کۆی چالاکییەکانیان سازداوە. بنۆڕە خشتەی ژمارە (8).

**خشتەی ژمارە (8)**

| تاراوگە/ وڵات چالاکی کوردانی | ژمارە | دووپاتبوونەوە |
|---|---|---|
| بەریتانیا | 5 | %25 |
| ئەمریکا | 3 | %15 |
| نەمسا | 3 | %15 |
| ئیتاڵیا | 3 | %15 |
| سوید | 2 | %10 |
| ئەڵمانیا | 2 | %10 |
| نەرویج | 1 | %5 |
| تورکیا | 1 | %5 |
| کۆی گشتی و رێژە | 20 | %100 |

## نۆیەم: جۆری چالاکی کوردانی تاراوگە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە:

بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدۆی قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە، بۆتەمایەی هەژاندنی کوردانی تاراوگە و چالاکی جۆراوجۆریان بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ئەو کارەساتەدا سازداوە.

بەپێی هەواڵ و بابەتەکانیتری رۆژنامەی (کیهان)، (13) خۆپیشاندان و رێپێوان لەسەر ئاستی جیهان لەلایەن کوردەوە ئەنجام دراوە و بەرێژەی (30.95%) و بەپلەی یەکەمی جۆری چالاکییەکان دێت. بەرێژەی

(%28.57) ڕاگەیاندنی مەراسیم و ماتەمینی گشتی بووە و لە پلەی دووەمدایە، بەڕێژەی (%21.43)ی چالاکییەکان بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پلاکارد بووە و لەپلەی سێیەمدایە. بەڕێژەی (%14.29) ناڕەزایەتی دیبلۆماسی و بەڕێژەی (%4.76)ی چالاکییەکانیش دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتخانەی عێراق بووە. بنۆڕە خشتەی ژمارە (9).

**خشتەی ژمارە (9)**

| جۆری چالاکی کوردانی تاراوگە | ژمارە | دووپاتبوونەوە |
| --- | --- | --- |
| خۆپیشاندان و ڕێپێوان | 13 | %30.95 |
| مەراسیم و ماتەمینی گشتی | 12 | %28.57 |
| بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پلاکارد | 9 | %21.43 |
| ناڕەزایەتی دیبلۆماسی | 6 | %14.29 |
| دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتخانەی عێراق | 2 | %4.76 |
| کۆی گشتی و ڕێژە | 42 | %100 |

## دەیەم: جۆری قوربانی و زیانی مرۆییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە

ڕۆژنامەی (کیهان) لە زۆربەی بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکانیدا، بایەخی بە جۆری قوربانی و زیانی مرۆییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر دانیشتوانەکەی داوە.

لە شرۆڤەی ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (%42.86) گرنگی بە ڕێژەی شەهیدبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی داوە بەتایبەتی ژن و مناڵ. بەڕێژەی (%38.39) باسی لە برینداری و برینداری و ژەهراویبوونی بەرکەوتووان داوە و بەپلەی دووەم دێت. هەروەها بەڕێژەی (%15.18) ئاماژەی بە بارودۆخی سەختی ئاوارەیی و دەربەدەریی قوربانیانی کارەساتەك داوە، هەروەها بەڕێژەی (3.57)یش دۆسییەی ونبوون و بێ سەرشوێنبوونی بەرکەوتووانی کیمیایی خستۆتەڕوو. بنۆڕە خشتەی ژمارە (10).

**خشتەی ژمارە (10)**

| جۆری قوربانی وزیانی مرۆیی | ژمارە | دووپاتبوونەوە |
| --- | --- | --- |
| شەهیدبوون | 48 | %42.86 |
| برینداری و ژەهراویبوون | 43 | %38.39 |
| ئاوارە و دەربەدەری | 17 | %15.18 |
| ونبوون و بێ سەرشوێن | 4 | %3.57 |
| کۆی گشتی و ڕێژە | 112 | %100 |

## ئەنجامەکان

-کیمیابارانی هەڵەبجە بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە.

-رۆژنامەگەریی ئێرانی بەتایبەت رۆژنامەی (کیهان)، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕووماڵی بەردەوامی جینۆسایدی هەڵەبجە.

-رۆژنامەی (کیهان) یەکەمین رۆژنامەی فەرمییە کە بەشێوەیەکی مەیدانی ڕووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجەی کردووە.

-رۆژنامەی (کیهان) لە هەموو رەهەندەکانەوە، بابەت و هەواڵ و وێنەی بۆ ماوەی یەك مانگ لەبارەی جینۆسایدی هەڵەبجەوە بڵاوکردۆتەوە.

- ژانرە رۆژنامەگەرییەکان (هەواڵ، مانشێت، راپۆرتەهەواڵ، دیدار و چاوپێکەوتن، وتار، شرۆڤە، ستون، وێنە و نەخشە...) لە رۆژنامەی (کیهان)دا بایەخیان بە جینۆسایدی (هەڵەبجە) داوە، بەڵام هەواڵ و مانشێتی لاپەرە یەك بە پلەی یەکەم دێت.

-سەرجەم لاپەرەکانی رۆژنامەی (کیهان) بایەخیان بە جینۆسایدی هەڵەبجە داوە، بەتایبەتی لاپەرەی یەکەم کە بە گرنگترین لاپەرە دادەنرێت.

- ڕەهەندەکانی بایەخدان بە جینۆسایدی هەڵەبجە بەپێی پلەبەندی لە رۆژنامەی (کیهان)دا بریتین لە: مرۆیی، سیاسی، سەربازی، پزیشکی، دیبلۆماسی، ئابوری.

-سەرچاوەی هەواڵ و داتا میدیاییەکانی رۆژنامەی (کیهان) بەپلەی یەکەم ئاژانسە ئێرانییەکانە، پاشان میدیا و ئاژانسیە نێودەوڵەتییەکان و پەیامنێرە تایبەتییەکانی خۆی.

-بەپێی پۆڵێنی رۆژنامەی (کیهان) بۆ ڕووماڵی هاوکاریی مرۆیی بۆ قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە، یارمەتییەکان بریتی بوون لە: چارەسەری پزیشکی، کۆکردنەوەی هاریکاریی مرۆیی و پزیشکی، ناردنەدەرەوەی بەرکەوتووان بۆ چارەسەر، سەردان و پشکنینی بەرکەوتووان، هاریکاریی دارایی، راهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی.

-رۆژنامەی (کیهان) توانوییەتی ببێتە دیکۆمێنتێکی گرنگ بۆ تۆماری هەڵوێستی دەوڵەت و لایەن و دامەزراوە جیهانییەکان کە هاوسۆزییان بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە دەربڕیوە.

-رۆژنامەی (کیهان) سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تۆماری هاریکارییە ماددی و مەعنەوییەکانی

ناوخۆی ئێران بۆ هاوسۆزی لەگەڵ جینۆسایدی هەڵەبجە.

- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، رۆژنامەی (کیهان) ڕووماڵی هەڵوێستی جیهانی بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە ئەنجام داوە.

-بایەخدان بە ئاماری راستەقینەی قوربانی و زیانی مرۆییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە، لە ناوەرۆکی بابەتەکانی رۆژنامەی (کیهان)دا، بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی بۆ قەبارەی زیانەکانی جینۆسایدەکە دادەنرێت.

## پێشنیاز و راسپاردەکان

-پێویستە میدیاکان لەرێی دروستکردنی ڕایگشتییەوە، ڕێگە لە ئەنجامدانی جینۆساید بگرن و تاوانبارانیش بەردەوام ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.

-میدیاکان بە بڵاوکردنەوەی کلتوریی ناتوندوتیژی و ئاشتییانە لەنێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکاندا، هەرجۆرە بەرنامە و پیلانێك بۆ پەنابردنی نەتەوە و ئایینەکان بۆ جەنگ و جینۆساید لەبارببەن.

-ئاشناکردنی جەماوەربەو جینۆسایدانەی دژ بەگەلی کورد ئەنجام دراون، هەوڵدانیش بۆ تۆماری داتا و بەدیکۆمێنتکردنی جینۆسایدەکان.

-میدیای کوردی ئەرکی سەرشانییەتی دۆسییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد بە میدیاکاران و ڕایگشتی جیهانی بناسێنێ.

-هاندانی میدیاکاران و توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە میتۆدەکانیتر لەسەردۆسییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد.

-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر رۆژنامەکانیتری ئێران (بۆ نمونە رۆژنامەکانی: ابرار، جمهوری اسلامی، اطلاعات...) کە ڕووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجەیان کردووە تا ئاستی بایەخدانی ئەو رۆژنامانەش بەو جینۆسایدە تاوتوێ بکرێت.

-توێژینەوە دەربارەی هەڵوێستی میدیای جیهانی بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە و چۆنییەتی ڕووماڵکردنی ئەو تاوانە گەورەیە کە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤی تیادا پێشێلکرا.

-هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەرشیفی رادیۆ و کەناڵە تیڤییەکانی ئێران و جیهان کە ڕووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجەیان کردووە، لەپێناو شەنوکەوکردنیان بەمیتۆدی زانستی بۆ باشتر تێگەیشتن لە شێوازی رەنگدانەوەی جینۆسایدەکە لە میدیادا.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:


1. حەمەی حەمە سەعید: گازبارانی هەڵەبجە و راستی ڕووداوەکە، چاپی یەکەم، 2014
2. مارف عومەر گوڵ (دکتۆر): عیراق لە پێشێلکردنی بنەما ئیمپیرەتیڤەکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە بۆ جینۆساید، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (1) ساڵی (2000)
3. مایکل جەی کیلی دکتۆر: تارماییەکانی هەڵەبجە، وەرگێڕانی (کارزان محەمەد)، لە بڵاوکراوەکانی چاپوپەخشی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم 2012
4. نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم.


## سەرچاوە عەرەبییەکان:


1. حسن محمد طوالبة: مناقشة في النزاع العراقي الإيراني، بيروت، منشورات الوطن العربي، 1984
2. الوفيق السامرائي: حطام البوابة الشرقية و حقائق عن الزمن السيئ في العراق : قراءه جديده في حربي الخليج الاولى و الثانية، كويت 1997.


## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

-Book and articls:


1. Lemkin, Raphael, Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation - Analysis of Government - Proposals for Redress, Washington, D.C.: Carnegie Endowment for International Peace, 1944.
2. Sarkin, Jeremy & Fowler, Carly, 2008, Reparations for Historical Human Rights Violations: the International and Historical Dimensions of the Alien Torts Claims Act Genocide Case of the Herero of Namibia, Human Rights Review, N 9.

-Electronic Sources:

3. -CBS News, Chemical Ali: Alive and Held (August 21, 2003), www.cbsnews.com/stories/07/04/2003/iraq/printable 548099.shtml.
4. -1925 Geneva Protocol, Protocol for the Prohibition of the Use in War of

Asphyxiating, Poisonous or Other Gases, and of Bacteriological Methods of Warfare https://www.un.org/disarmament/ar/wmd/bio/1925-geneva-protocol/

5. UN: Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide: https://www.un.org/en/genocideprevention/documents/atrocity-crimes/Doc.1_Convention%20on%20the%20Prevention%20and%20Punishment%20of%20the%20Crime%20of%20Genocide.pdf

- Convention:

6. -The Brussels Convention on the law and custmos of war 1874.

7. UN:Convention on the Prevention and Punishment of Genocide, 1948.

8. United Nations General Assembly Resolution, 1946, 96, The Crime of Genocide.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

**کتاب:**

1. ابوترابیان، حسین: مطبوعات ایران از شهریور 1320 تا 1326. چاپ 1366، مؤسسه اطلاعات.

2. رایف، دانیل و دیگران: تحلیل پیامهای رسانه ای، کاربرد تحلیل محتوای کمی در تحقیق، ترجمه مهدخت بروجردی علوی، تهران: سروش.

3. صدریطباطبائینائینی، سیدمحمد: راهنمای مطبوعات ایران (1304 تا 1357). جلد اول، چاپ 1378، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانهها.

4. علی اکبر ویلایتی: تاریخ سیاسی جنگ تحمیلی عراق علیه جمهوری اسلامی ایران، دفترنشرفرهنگ اسلامی، چاپ اول 1376.

5. محمد درودیان: شلمچه تا حلبجه، چاپ اول 1376، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ.

6. محمد درودیان: أغاز تا پایان (سیری در جنگ ایران و عراق): مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ، چاپ سوم 1379.

**مجله:**

1. اسعد اردلان، محمد رامبد فرهودی مقدم: ارزیابی حقوقی فاجعه حلبچه و انفال و تاثیرات ان در تحول حقوق بین الملل، مجله دانشنامه حقوق و سیاست، شماره 25، پاییز 1394.

2. سید جعفر حسینی و دیگران: بررسی جنایت نسلکشی "با مطالعه موردی جنایات انجام گرفته در سردشت و حلبچه، فصلنامه جامع دفاع مقدس، سال چهارم، شماره 4، تابستان 1398.

# کاریگەری درێژخایەنی چەکە کیمیاییەکان لەسەر ژینگەو مرۆڤ لە هەڵەبجە بۆ نمونە

ئیراد مەنوچەرسان ئەحمەد
پسپۆری بایۆلۆجی

## لەبری پێشەکی

چەکی کیمیایی: چەکێکی کۆمەڵکوژە، زۆرجار بۆ مەبەستی سەربازی‌و بۆ کوشتنی مرۆڤ‌و لەناوبردنی ژینگە بەکاردێت، زۆرێك لە چەکە کمیاییەکان وێرانکاری درێژخایەن دوای خۆیان بەجێدەهێڵن، چ لەڕووی ژینگەوە بێت یان کاریگەری درێژخایەنی تەندروستی لەسەر جەستەی بەرکەوتووان بە مادده کیماییەکان دەردەکەوێت.

## جۆرەکانی مادده کیمیاییە بەکارهاتوون لە جیهاندا:

**یەکەم: ماددەی پرتەقاڵی ( Agent Orange chemical):**

یەکێك بوو لە چەکە کۆمەڵکوژەکان بۆ قرکردنی ژینگە بەکارهاتووە، بەناوی ڕووەك کوژی ژەهراوی (herbicide)، کە لەماوەی جەنگی ڤێتنام (1961-1971)، ئەمریکا وەك چەکی سەربازی بەکاریهێنا، نزیکەی چوار ملیۆن کەس ڕووبەڕووی ئەم مادده کیمیایە بوونەوەو (17.8%) لە ژینگەی ئەو وڵاتە زیانی بەرکەوت.

**دووەم: چەکە کیمیاییەکان، دەکرێت بە دوو گرووپەوە:**

گرووپی یەکەم: ئەو چەکانەن کە لەناو جەنگەکاندا بەکارهاتوون، زۆرترین کاریگەری مەترسیدار لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵن، نموونەی ئەمانەش وەك گازی خەردەل‌و گازە دەمارییەکان (تابوون، سارین، ڤی ئێکس، سۆمان)، گازی سیانیدو کلۆرین‌و دای کلۆرین‌و فۆسۆجین دەگرێتەوە.

گرووپی دووەم: ئەو چەکانەن کە کاریگەریەکەیان لەسەر مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کاتییە، وەك: گازی فرمێسکرێژکە زۆرجار بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکاردەهێنرێت.

## کاریگەرییە ژینگەییەکانی ئەم چەکانە بە شێوەیەکی گشتی:

1- لەناوبردنی سیستمی ژینگە (Ecosystem) بە سەرجەم گیانەوەرو شیردەرەکان واتە کاریگەری دەبێت لەسەرزیندەوەران لە بەشی زیندەبەرگی گۆی زەوی.

2- لەناوبردنی سەرجەم ڕووەکە سەوزەکان‌و وشکبوونی لە ڕەگەوە لەکاتی بەکارهێنانی، دارستانەکان دەگۆڕن بۆ ناوچەیەکی وشکی بێ بەرهەم وەك ماددەی کیمایی ماددەی

پرتەقاڵی (Orang Agent) لە ڤێتنام بەکارهات.

3- زیان گەیاندن بە ژیانی کێوی (wildlife) بەتایبەتی شیردەرەکانو باڵندەکان، کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی ژمارەو جۆرەکان. وەك گازی خەردەلو گازە دەمارییەکان لە ماوەی جەنگی نێوان ئێران - عێراق بەکارهات. کە دەکرێت بەدرێژایی ژیان نەتوانرێت قەرەبووی ئەو زیانگەیاندنە بکرێتەوە.

## مێژووی بەرهەمهێنانی چەکە کیمیاییەکان لە عێراقدا:

عێراق لە ساڵی حەفتاکاندا دەستی بە توێژینەوەو بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی کردوە، یەکەم دامەزراوەی بۆ توێژینەوەی کیمیایی لە ساڵی (1971) دروستکردوە بۆ بەرهەمهێنانی گازی خەردەل، دواتریش دامەزراوەیەکی دیکە (حەسەن ئیبن هەیسەم) لە ساڵی (1974) بۆ گازی خەردەل بنیاتنرا، دواتر عێراق پلانەکانی فراوانکرد بۆ ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەك لەسەر چەکە کیمیاییەکانو دەزگای بازرگانی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراند، لەژێر ناوی (بەرهەمهێنانی دژە مێروەکان (pesticide) کە دەکەوتە باشوری ڕۆژئاوای بەغداو حەفتا کیلۆمەتر لێیەوە دووربوو.

دوای ئەوەی لە سەرپێچیکردنی پرۆتۆکۆلی جنێفی ساڵی (1925) سەرکەوتبوو عێراق دەستیکرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمایی. لە جەنگی ئێران - عێراق لە سەرەتای هەشتاکاندا گازی خەردەلی بەکارهێنا دژی سوپای ئێران لە ڕێگەی بۆمبەکان بەهۆی فرۆکە جەنگیەکان. لە (5%) زیانە گیانیەکانی ئەم چەکە لەسەر ئێران بەهۆی گازی خەردەلەوە بووە بەجۆرێك نزیکەی سەد هەزار سەربازی ئێرانی بەهۆی گازی خەردەلەوە کوژران.

لە ئازاری ساڵی (1986) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (خاڤێر دی بلار) بە فەرمی عێراقی تاوانبارکرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی سوپای ئێران، داوای لە حکومەتی ئەوکاتەی عێراق کرد کە واز لە سەرپێچیەکانی پرۆتۆکۆلی جنێفی ساڵی (1925) بهێنێت.

دوای ئەوەی عێراق خۆی دۆزیەوە دەتوانێت پابەند نەبێت بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتانی ڕۆژئاوا، مەودای فراوانبوونی بەرهەمهێنانی چەکە کیمیاییەکانی زیادیکردو داوای هاوکاری لە (200) کۆمپانیا لە (26) وڵات کرد بەم شێوەیە:

• 86 کۆمپانیای ئەڵمانی

• 21 کۆمپانیای فەرەنسی

• 19 کۆمپانیای بەریتانی

• 18 کۆمپانیای ئەمەریکی

• 17 کۆمپانیای ئوسترالی

• 2 کۆمپانیای ئیتالی

• 11 کۆمپانیای سویسری

ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری دارایی و پێداویستیە سەربازیەکانیان بۆ عێراق کردووە بریتی بوون لە وڵاتەکانی (ئەرجەنتین، بەرازیل، میسر، هندستان، یۆنان، ڕۆمانیا، یابان، هۆڵەندا، یابان، هۆڵەندا، پۆڵەندا، سوید، ئیسپانیا، چین، کۆریای باکور، کوبا، دانیمارك، فینلەندا، نەرویژ، یەکێتی سۆڤێتی پێشوو).

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووەو لە ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) (NYEWYOURK TIMES) لە ساڵی (1984) بڵاوکراوەتەوە کە (70%) مادده کیمایيەکانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی عێراق لەلایەن دوو کۆمپانیای زەبەلاحی ئەڵمانیەوە دابینکراون کە ئەوانیش کۆمپانیای کارلکۆلب ( CARL KOLB COMPANY)، کۆمپانیای پیلۆت پلانت (PILOT PLANT).

ئەم ئامادەنەبوونی دەنگی ناڕەزاییە نێودەوڵەتیە لەسەر بەکارهێنانی چەکە کیمایيەکان لەلایەن سوپای عێراق دژ بە سوپای ئێران، عێراقی هاندا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە هاونیشتمانیانی کورد وەك لەم خشتەیە ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (1)، زانیاری دەربارەی لایەن و میژو و جوگرافیای گازی چەکی کمیایی**

| دانیشتوانی بە ئامانج گیراو | زیانە گیانییەکان بەنزیکەیی | جۆرەکانی چەکی کیمیایی بەکارهاتوو | ئەو ناوچەیەی چەکی کیمیایی تێدا بەکارهاتووە | بەروار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئێرانی / کورد | زیاتر لە سەد کەس | گازی خەردەل | حاجی ئۆمەران | ئابی ساڵی 1983 |
| ئێرانی / کورد | 3000 | گازی خەردەل | پێنجوێن | تشرینی یەکەم- تشرینی دووەمی ساڵی 1983 |
| کورد | سەدان کەس | گازی خەردەل و گازی دەماری | دۆڵی باڵیسان | نیسانی ساڵی 1987 |
| کورد | 5000 | گازی خەردەل و گازی دەماری | هەڵەبجە | ئازاری 1988 |

شایانی باسە لە ساڵی (1993) عێراق لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە ڕێککەوتنێکی فەرمی کە ناوی ئەو کۆمپانیایانە ئاشکرا

نەکەن کە چەکی کیمیایان بە عێراق فرۆشتوەو بۆی دابینکردوە. نۆ ساڵ دوای ئەو رێکەوتنامەیە پێش کۆتایی جەنگی عێراق سەدام حسێن سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق ئامادەکاری کرد بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)و ئاژانسی وزەی ئەتۆم (IAEA) بە یاداشتێکی (12000) پەڕەیی کە ناوی هەموو یاداشتە بەنهێنی پارێزراوو بە شێوەیەکی فەرمی بڵاونەکرایەوە، بەپێی لیژنەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (UNSCOM) لە ساڵی (1994) بانگەشەی کرد کە هەموو چەکە کیمیاییەکانی عێراق تێکشکێنراوەو عێراق بێ چەکی کیمیایی ماوەتەوە.

## جۆرەکانی چەکی کیمایی بەکارهاتوو لە هەڵەبجەدا:

بەپێی ڕاپۆرتەکانو توێژینەوەکان کە کراوە، دەرکەوتووە کە ڕژێمی پێشووی عێراق چەکە کیمیاییەکانی گازی خەردەلو گازە دەمارییەکان (تابوون، سارینو ڤی ئێکس VX)، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن سیانید بەرامبەر بە هاونیشتمانی کورد لەو شارەدا لە ساڵی (1988)دا بەکارهێناوە.

**توێژینەوەکەی دکتۆر کریستین گۆیسدن:**

تائێستا یەکەم توێژینەوە لەسەر ئاستی دەرەوەی عێراق ئەنجامدرابێت، لەلایەن ژنە پرۆفیسۆری بۆماوەزانی دکتۆر (کریستین گۆیسدن) لە زانکۆی لیڤەرپوڵی بەریتانی لە ساڵی (1998) بۆ زانینی کاریگەری درێژخایەنی چەکە کیمیایەکان پاش دە ساڵ لە ڕووداوی کارەساتی هەڵەبجە. توێژینەوەکە لەسەر (700) کەسی بەرکەتوو بە چەکی کیمیایی، دوای پشکنین سەرجەم بەرکەوتەکان ئاماژەی کرد کە زۆرێك لە بریندارەکان تووشی شێواندنی پێست بوون، نزیکەی (500) لە بریندارەکان لەلایەن پزیشکەوە ئاگادار کراونەتەوە کە لەمەترسیدان، گازە بەکارهاتوەکان زۆر بەتوندی کاریگەری لەسەر چاویان هەبوو، هەندێکیان تووشی کوێربوون هاتبوون. هەروەها لە توێژینەوەکەدا ئاماژەکرا کە جۆرەکانی چەکە کیمییایەکانی وەك گازی خەردەلو تابوونو سارینو ڤی ئێکس بەکارهاتووە. هەندێك لەو گازانە کاریگەری جینی هەیە لە ئایندەدا واتە کاردەکاتە سەر (DNA) خانەکانو دەبێتە هۆی تێکدانی ڕیزبەندی نیکلۆتایدەکانی (DNA) کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی تێکچوونە بۆماوەییەکان لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان. مەترسی توشبوون بە نەخۆشیەکانی وەك شێرپەنجە.

هەر لەتوێژینەوەکەدا ئەوەی خستۆتەڕوو ئەم چەکانە کاریگەری توندی کردۆتە سەر ژنان، ئەویش بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەبارچوون‌و منداڵبوونە لە ژنانی بەرکەوتە لەدایکبوونی کۆرپەلەی توشبوو بە پشێویە زگماکیەکانی دڵ‌و شەقبوونی مەلاشوو لێوی کەروێشك.

هەروەها بەپێی ئەو داتایە کە لەتوێژینەوەکەدا خرایەڕوو لەدایکبوونی منداڵی داون دوو ئەوەندەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە، نەخۆشیە زگماکیەکانی دڵ چوار ئەوندەیە بەڕێژەیەك لە ساڵی (1990) لە (39) حاڵەت بەرزبوتەوە بۆ (173) حاڵەت لە ساڵی (1996).

### گازی خەردەل‌و ژەهراویبوونی جینی:

کەمترین دۆزی گازی خەردەل لە خانەکاندا دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە دابەشبوونی سروشتی خانەکان، بەهۆی ئەوەی کە ئەم گازە لەتوانایدایە بچێتە نێو ئەڵقەکانی (DNA)، دەبێتە هۆی دروستبوونی بازدان لەخانەدا، ئەگەر هەیە ببێتە هۆی بە هەڵە لەبەرگرتنەوەی (Error Replication) کە کاردەکاتە سەر خانە دابەشبووە نوێیەکان، لە دروستبوونی پشێوییە زگماکیەکان‌و نەخۆشیەکانی شێرپەنجە.

**گازە دەمارییەکان (**Nerve Agents**):**

یەکێکە لە چەکە کۆمەڵکوژەکان، بەپێی سەرچاوەکان ئەم گازە لە هەڵەبجەدا بەکارهاتووە، مێژووی بەکارهێانی ئەم چەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی جیهانی دووەم. کاریگەری ئەم چەکە لەسەر جەستەی مرۆڤ کاردەکاتە سەر هاندانە دەمارییەکان (Nerve Impulses) لە خانە دەمارییەکانی لەشدا ئەویش لە ڕێگەی وەستاندن‌و بلۆککردنی ئەنزایمەکانی ئەستیل کولاین (Acetylcholine).

### گازە دەمارییەکان جۆرەکانی تابوون‌و سارین‌و ڤی ئێکس (VX):

کەسی بەرکەوتە بەم گازە زۆرجار گیان لەدەستدەدەن، لە نیشانەکانی بەرکەوتن بەم گازە هەستکردن بە تەنگەنەفەسی‌و دڵتێکەڵهاتن‌و لیك ڕژاندن دەبێتەوە، تووشی لەدەستدانی کۆنترۆڵکردنی لەش دەبێتەوە، وەك فرمێسك ڕژاندن‌و کرژبوونی بیبیلەی چاو، هەستکردن بە ئازاری ناوسك، ڕشانەوە، سوتاندنی چاو، دوای ماوەیەکی کەم قوربانیە کە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە.

گازە دەمارییەکان کاریگەری درێژخایەنی دەبێت لەسەر ئەو کەسانەی کە بریندار دەبن بەم گازە، بەردەوام دەناڵێنن بەدەست زیانگەیاندنی دەماری‌و کاریگەری دەبێت

لەسەر قوربانیەکان. عێراق هەرسێ جۆری گازی دەماری (تابوون، سارین، ڤی ئێکس VX بەکارهێنراوە لە ساڵەکانی هەشتاکاندا بەپێی راپۆرتەکان نزیکەی (5500 بۆ 10000) سەربازی ئێرانی کوژراون بەهۆی گازە دەمارییەکانەوە، نزیکەی (100000) سەربازیش بریندارببوون بەهۆی ئەم گازانەوە، کەمترین دۆز لەم گازە ژهراوییە کەم کەس لە دەستی رزگاری دەبێت.

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتیو تەندروستییە درێژخایەنەکانی چەکە کیمیاییەکان لەسەر ژنانی بەرکەوتە لە پارێزگای هەڵەبجەدا:

ڕووبەڕووبوونەوەی بەرفراوانی دانیشتووانی کورد لە عێراقو باشوری کوردستان لەسەدەی بیستەمی ڕابردوودا بە چەکە کیمیایەکان (گازی خەردەلو گازە دەمارییەکانو گازی سیانید) بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنی هاونیشتیمانیانی کوردو برینداربوونی جەستەیی و دواتر بەجێهێشتنی کاریگەرییە لاوەکییەکان لەسەر بەرکەوتووانی ئەم چەکانە، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ بریندارەکان دەناڵێنن بەدەست نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کاریگەری چەکە کیمیاییەکان.

بەپێی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان نزیکەی (%2.9) دانیشتوانی کورد لە باشوری کوردستان بەر چەکە کیمیاییەکان کەوتوون. پشکی گەورە لە نەهامەتییەکانی چەکە کیمیاییەکان لەسەردانیشتوانی کورد بەر ژنان کەوتووە، بەجۆرێك ئەو ژنانەی کە بەرکەوتەی ئەم چەکانەن تائێستا دەناڵێنن بەدەست نەخۆشییە جەستەییە درێژخایەنەکان کە ئەمەش کاریگەی ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر ژیانی ئاسایی ئەم ژنانە، چونکە زۆرێك لەو بریندارانە باری ئابوریان لاوازەو خاوەنی داهاتی خۆیان نین، بەردەوام ڕۆژانە بڕێکی زۆر لە دەرمانو چارەسەروەردەگرن کە زۆرێك لە دەرمانەکان لە هەرێمی کوردستان دەکڕن. بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی بە بەشداریکردنی (67) ژنی بەرکەوتە لە پارێزگای هەڵەبجە کۆمەڵێك دەرئەنجام بەدەستهاتوون بەم شێوەیە:

بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (%83.58) چەکە کیمیایەکان کاریگەریی هەیە لەسەر ئەندامی هەناسە. لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەسەر

بەرکەوتووان دەرکەوت کە بەپلەی یەکەم ئەو ڕێژەیەی کە لە ئامارەکەدا ئاماژەی پێکراوە، نەخۆشیە جیاوازەکانی کۆئەندامی هەناسەیان هەیە، وەك تەنگەنەفەسی، کۆکە، ئازارەکانی قورگ، گرفت لە دەنگە ژێیەکاندا، هەندێکیان بەشێك لە شانەکانی سیەکانیان لەدەستداوە، کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە.

دواتر نەخۆشیەکانی چاو بە ڕێژەی (%56.71) کە ئەمەش لە داتای ڕاپرسیەکەدا بە پلەی دووەم دێت، کە تێیدا ئەندامانی بەشداربوو لە توێژینەوەکەدا گرفتەکانی چاویان هەبوو، وەك بینین‌و لەدەستدانی بینایی، گرفتی پێڵوەکان، گرفتی کۆرنیەکانی چاو.

نەخۆشیەکانی پێست ڕێژەی (%31.34) بەدەستهێناوەو بە پلەی سێیەم دێت، کە ئەندامانی بەشداربوو بەپێی ئەم ڕێژەیە گرفتی پێستیان هەبوو، وەك هەستیاری پێست‌و هەندیکیان تووشی شێواندنی پێست بووبوون‌و ڕێژەی ئەوانەش کە دووچاری سەرئێشەی توندیان هەیە بەپێی ڕاپرسیەکە (%13.43)یە.

ئەو بەشداربووانەی کە لەڕاپرسیەکەدا بەشداریانکردووە بەڕێژەی (%25.37) نەشتەرگەریان ئەنجامداوە بۆ چاو وەك چاندنی کۆرنیەو نەشتەرگەری جۆگەی فرمێسکەڕژێن.

بەپێی بوونی ڕاپۆرتە پزیشکیەکان ڕێژەی (%14.92) لە بەشداربووانی ڕاپرسیەکە گرفتیان هەبوو لە سیەکانیاندا، هەندێکیان بەشێك لە شانەکانی سیەکانیان لەدەستدابوو. ڕێژەی (23.88%) گرفتی چاویان هەبوو، پێویستی بە چارەسەر هەیە، ڕێژەی (7.46%) پێویستیان بە چارەسەری پێست هەیە.

ڕێژەی (100%) بەشداربووانی ڕاپرسیەکە پێیانوابوو کە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان تەنها لە بواری گشتیدا هەیە، بوارە پسپۆرییەکانی وەکو چاو، منداڵبوون‌و ژنان، نەخۆشی پێست، منداڵان هیچ ڕێژەیەکی بەدەستنەهێناوە، دەتوانرێت دابنرێن لەوە کە لە ئاستێکی لاوازدایە.

## دەرئەنجام و پێشنیار

دەرەنجامی ئەو توێژینەوەی کە بە ئەنجام گەیەنرا ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

1- دانانی سەنتەرێکی تایبەت بە پێشکەشکردنی داتاکانی برینداربوانی چەکە کیمیاییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە، کە بەپێی

ڕەگەز جیاکرابێتەوە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان.

1- زۆرێك لە بریندارەکان لە دۆخێکی زۆر نالەباری تەندروستی ژیان بەسەردەبەنو پێویستیان بە چارەسەرکردنێکی زۆر بەپەلە هەیە، وەك چاندنی سیەکانو نەشتەرگەری چاو، ئەو ژنانەی کە توشی شێواندنی پێست بوونەتەوە پێویستە نەشتەرگەری جوانکاریان بۆبکرێت.

2- باری ئابووری زۆربەی ژنەکان لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، ئەویش بەهۆی ئەو بارگرانیەی کە لەسەر شانیانە بۆ کڕینی چارەسەرەکانو خاوەنی ئابووری سەربەخۆ نین، کەسانی دیکە وەك براو هاوسەرەکانیان بژێوی ڕۆژانەیان بۆ دابین دەکەن.

3- هەندێك لە بریندارەکان ئامێری پزیشکیان لەماڵەوە بۆ دانراوە بەتایبەتی ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی هاتوون، بەڵام ئەم ئامێرانە پێویستیان بە کەسی شارەزا هەیە بۆ ئیشپێکردنیان، چونکە لەمیانەی ڕاپرسیەکەماندا دەرکەوت ئەو ژنانەی کە ئامێرە پزیشکیەکانیان پێدراوە نازانن بەکاریبهێنن، لەم ڕوانگەوە پێشنیار دەکەین کە کەسێکی پسپۆڕی تەندروستیان بۆ دابنرێت بۆ ئیشپێکردنی ڕۆژانەی ئامێرە پزیشکیەکان.

4- یەکێك لە بریندارەکان بەپێی ڕاپۆرتە پزیشکیەکان، بەتەواوەتی بینایی لەدەستداوە ئەم جۆرە بریندارانە پێویستە کەسانی تایبەتیان بۆ دابین بکرێت بۆ یارمەتیدانیان لە بەڕێکردنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە.

5- ئەو ڕێژەیەی ژنان کە دیاریکراوەو دووچاری حاڵەتی جیابوونەوە (تەلاق) بوونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بە خۆیان نیەو گرفتی نەبوونی شوێنی حەوانەویان هەیە، لەکاتێکدا ئەمانە نەخۆشن لەسەر کەسانی نزیك وەك براو خوشکیان دەژینو پێداویستی تایبەتی نەخۆشیان دەوێت، ئەوانەش کە ژنی دوومیان بەسەرهاتووە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی دژواردا ژیان بەسەردەبەن لەلایەك ناڵاندنیان بەدەست نەخۆشیە درێژخایەنەکانو لایەکی دیکە گرفتی زۆری کۆمەڵایەتیان هەیەو پێویستە چارەسەریان بۆبکرێت.

6- ڕێژەیەك لە ژنە نەخۆشەکان بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی برینداربوون بە چەکە کیمیاییەکان، بەڵام تائێستا دەرفەتیان

پێنەدراوە بە بینیان لەلایەن لیژنە پزیشکیەکانی پەیوەندیدار بە چارەسەرکردنی چەکە کیمیایەکان، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم لیژنانە گەڕۆکن و جێگەی تایبەتیان نیە لەناو پارێزگای هەڵەبجە بۆ چارەسەرکردن و دەستنیشانکردنی بریندارەکان، پێشنیاردەکەین بە دانانی لیژنەی تایبەت بەو دۆزە لە پارێزگای هەڵەبجە.

8 - رێژەیەك لەو ژنانە لەکاتی منداڵبووندا تووشی گرفتی هەناسەدان بوونەتەوە، پێشنیار دەکەین ئەو ژنانەی کە برینداری چەکی کیمیایین، لەکاتی منداڵبووندا گرنگییان پێبدرێت و بخرێنە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕی ژنانەوە.

9- بەپێی ئەو رێژەیەی کە ڕەزامەندی ژنان لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە نەخۆشخانەکانی پارێزگای هەڵەبجە بەپێی پسپۆرییەکان چەندە، پسپۆڕی گشتی رێژەی (100%)، لەکاتێکدا پسپۆرییەکانی وەك چاوو ژنان و منداڵبوون و پێست و منداڵان هیچ رێژەیەکی بەدەستنەهێناوە ئەمەش ئەو ئاماژەیە دەخاتەڕوو ژنانی پارێزگای هەڵەبجە کە بەشدایان کردووە لە ڕراپرسیەکەدا، ناڕازین لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی تایبەت بە ژنان.

10- ئەو دایکانەی کە بەرکەوتەی چەکە کیمییایەکانن و مەترسی لەدایکبوونی منداڵی پشێویە زگماکیەکانیان لێدەکرێت پێویستە پشکنینی پێشوەختەیان بۆ بکرێت بەمەبەستی ڕێگرتن بە لەدایکبوونی منداڵی پشێویە زگماکیەکان پێشکەشکردنی داتاکانی بریندارببوونی چەکە کیمیاییەکان کە بەپێی رەگەز جیاکرابێتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاریەکان، لەم ڕووەوە پێشنیار دەکەم بە کردنەوەی ئەو سەنتەرەو ئاکتیڤ کردنی.

12- پێشنیاری قەرەبووکردنەوەی سەرجەم بریندارببوون بە چەکە کیمیاییەکان لەئێستادا دۆزێکی گرنگە چونکە بەپێی راپرسیەکە زۆربەی بریندارەکان لە دۆخێکی ئابووری خراپدا ژیان دەگوزەرێنن.

13- ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستان دووچاری هاتوە، راستەوخۆکاری کردوتە سەر بریندارببووان لە وەرگرتنی چارسەر، چونکە ژمارەیەك بریندار لە وڵاتی ئێران چارەسەر وەردەگرن کە بۆماوەی دوو ساڵە ئەو ژنانەی کە بریندارببوون چارەسەریان وەرنەگرتووەو لە چارەسەرکردن دابڕاوان کاریگەریەکەی لەسەر بریندابووان هەستی پێدەکرا.

14-پێشنیار دەکەین بەدانانی کلینێکی پزیشکی بێ بەرامبەر کە سەرجەم پسپۆرییەکانی لە نەخۆشیەکان تێدابێت، بۆ ئەوەی ژنانی بریندار بتوانن بەئاسانی چارەسەروەربگرن بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر کلینکە پزیشکیەکانی دیکە، چونکە بەپێی راپرسیەکە ژنان ڕەزامەندنین لە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە پارێزگای هەڵەبجە.

15- زۆرێك لە ژنە برینداربووەکان بێزاربوون لە درکاندنو باسکردنی حاڵەتی نەخۆشیەکانیان چونکە بێ هیوا بوون، پێشنیار دەکەین بە کردنەوەی سەنتەرێکی هیوابەخش بۆ برینداربووان.

17- تائێستا لە هەندێ ناوچەی هەڵەبجەدا بۆمبی کیمیایی بوونی هەیە، بەجۆرێك لە هەندێ شوێندا سەرەرای بوونی ئەو بۆمبانە لە ناوچانەدا ئێستا بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانو مەترسی زیانگەیاندنی تەندروستی لێدەکرێت، پێویستە لایەنی پەیوەندیدار کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆزە بکات.

# تەوەرەی چوارەم:
# جینۆسایدی گەلان

## ساڕێژگەری گێڕانەوە لەنێوان ڕواندا و کوردستاندا

هاوڕێ ڕەسوڵ ڕەزا

## جینۆسایدی کلتوری: قڕکردنی کتێبخانەکانی بۆسنە بەنموونە

بارام سوبحی

# سارێژگەری گێڕانەوە لەنێوان رواندا و کوردستاندا

هاوڕێ رەسوڵ رەزا

## پێشەکی

نووسینی ئەم بابەتە لەدوای سەردانێکم بۆ وڵاتی ڕواندا لە کیشوەری ئەفریقا لە مانگی ئابی (2022) دێت، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سارێژگەری گێڕانەوە (Narrative Therapy)، کە بە هاوکاری بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی ملبۆرن و دۆلچ سەنتەر لە ووڵاتی ئوستراڵیا و زانکۆی ڕواندا ڕێکخرابوو. جگەلەوەی کە بینیومە، سوودم لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازیش وەرگرتوە.

هەڵبەت بەندە وەك تاکە کورد لە کوردستان و عێراق بانگهێشت کرابوم، وەکو نوێنەری کورد و دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ ماوەی دە ساڵ ئەزمونی چارەسەری دەروونیم هەیە، بە دیاریکراوی سێ ساڵە وەك چارەسەرکاری سارێژگەری گێڕانەوە لەگەڵ هاوپیشەکانم لە دۆلچ سەنتەر لە وڵاتی ئوستراڵیا.

ئامانج لەم کۆنفرانسە لە وڵاتی ڕواندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ساڵی (1994) جینۆسایدێکی گەورە لە وڵاتی ڕواندا ڕوویدا. لە ماوەی سەد ڕۆژدا زیاتر لە هەشت سەد هەزار لە خەڵکی توتسیەکان لە کیگالی پایتەخت و تەواوی ئەووڵاتە لە منداڵ وژن و پیاوی سڤیل کەوتنە بەردەم کوشتارێکی زۆر گەورە لەلایەن هۆتوەکانەوە، بەجۆرێك کاریگەری ئەو کوشتارە ترسێکی زۆر گەورەی لە ناخی هەر تاکێکی ڕواندی چاندوە، کەم ماڵ هەیە لە ڕواندا چەندین کەسی لەو ڕووداوەدا تیانەچوبێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر بەراوردکردنێکی ڕووداوی جینۆسایدی ڕواندییەکان و کۆمەڵکوژی ئەنفالی نەتەوەی کوردە. بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەبێت کاتێك دەبینێت ڕواندییەکان هەنگاوی زۆر گەورەیان ناوە لە چارەسەری دەروونی و ئەو کارو چالاکیانەی کە ساڵانە لە وڵاتە ئەنجام دەدەرێت، لەکاتێکدا بەراورد بە کوردستان، ڕواندا وڵاتێکی زۆر هەژارە و وڵاتێکی زۆر دووری کیشوەری ئەفریقایە و دەکەوێتە نزیك هێڵی کەمەرییەوە.

## سەد ڕۆژ یادکردنەوە

یادکردنەوەی ساڵانەی ئەو جینۆسایدە[7] یەك هەفتەی تەواوە بۆ تەواوی وڵاتەکە. ڕێکخراوی ئیبوکا (Ibuka)ش کار و چالاکیەکانی بۆ ماوەی سەد ڕۆژ ئامادە دەکات. لەو ماوەیەدا چەندین ڕێکخراوی ناحکومی لە وڵاتانی دنیاوە بانگهێشت دەکرێن بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە جینۆسایدیان بەسەردا هاتوە، کار و چالاکیەکان (ئەنجامدانی کۆنفرانس لە زانکۆکان، سیمینار، دیبەیت لەسەر کاریگەرییەکانی جینۆساید، سەردانیکردنی ئەو ماڵ و کەسانەی کە قوربانی و ڕزگاربووی ئەو ڕووداوەن دەگرێتەوە، لە سەردانەکەشدا بایەخ بە تەندروستی جەستەیی و دەروونیان دەدرێت، چونکە ئامانجێکی گەورەی یادکردنەوەکە بۆ سارێژکردنە).

لە ڕواندا ساڵانە لە ڕێگەی تیمی تایبەتەوە هەموو ئەو ماڵانەی کە ڕزگاربووی جینۆسایدەکەن، یاخود کەسوکاریان لەدەستداوە، بەدوور لە چاوی میدیاکان دەچنە ماڵەکانیان و بە شێوەیەکی ئەکادیمی چارەسەری دەروونی و جەستەییان بۆ دەکرێت.

لێرەوە دەپرسم کام لە ڕێکخراوەکانی کوردستان لە حکومی و ناحکومی، لە خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیویەتی وەك ڕواندییەکان بەشێکی ئەنفالناسی بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە زانکۆکان دروست بکات؟ جگەلەوەی لە کوردستان یادی ئەنفال بە شێوازێك دەکرێتەوە جێگەی شەرمە، کە تەنها بریتیە لە هاتنی چەند بەرپرسێکی حکومەت و هەندێک بەرنامەی تەلەفزیۆنی و دووبارە هەڵدانەوەی برینی کەسوکاریان، هەموو یادەکەش تەنها چەند کاتژمێرێك دەخایەنێت.

## لە گریانەوە بۆ شانازی

لە ڕواندا لەکاتی یادکردنەوەکاندا بەهیچ جۆرێك گریان و حاڵەتی هەست و سۆزی توندی بەهێز ڕوونادات، بەڵکو لە یادکرنەوەکاندا تاکەکان زۆر هەست بە بەهێزیی و شانازی دەکەن. بە پێچەوانەی لای خۆمانەوە کە گریان و شیوەن دەبینین، کەسوکار و ڕزگاربووانی ئەنفال هەمان

---

[7] a crime committed with the intent to destroy a national, ethnic, racial or religious group, in whole or in part.
تاوانێک کە بە مەبەستی لەناوبردنی گروپێکی نەتەوەیی ڕەگەزی یان ئایینی ئەنجام دەدرێت، بە تەواوی یان بەشێکی.

هەستی لەدەستدان و هەستکردن بە گوناه و تاوانی بۆ دروست دەبێتەوە. ئەمەش تاوانی حکومەتە چونکە تائێستاش بە چاوێکی بەزەیی و گوناهەوە لە کەسوکاری ئەنفالی ڕوانیوە، هەمیشە وەك بونەوەرێکی جیاواز سەیرکراون کە شایەنی بەزەیی پێدا هاتنەوەن، بەڵام لەڕووی چارەسەری دەروونی بەتایبەتی سارێژگەری گێڕانەوە ئەم بابەتە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنەو نابێت ئەم شتانە ڕووبدەن!

بۆچی ڕواندییەکان ناگرین و شانازی بەخۆیانەوە دەکەن؟ وەڵامەکەی ئەوەیە ئەوان بەردەوام کاریان لەسەر ئەو بنەمایە کردوە: (ئێمە یادی جینۆساید ناکەینەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆمان بشێوێنین، ئێمە ئەوە یادە دەکەینەوە تاوەکو خاڵە جوانەکانی کلتورەکەمان بدۆزینەوە و یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بین).

لە میتۆدی چارەسەری سارێژگەری گێڕانەوەدا (Narrative Therapy)، ئەو دێڕە خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، هەر بۆیە تائێستا دەیان کتێب و تێزی ماستەر و دکتۆرای لەسەرنووسراوە

ڕواندییەکان بۆ چارەسەری دەروونی لەو خاڵەوە دەست پێدەکەن کە دەڵێت: ئێمە وەك ساڵی (1994) بیر ناکەینەوە، ئێمە وەك ساڵی (2003) بیر دەکەینەوە. مەبەست لەم وشەیە ئەوەیە ئەوان بە باسکردنی چیرۆکەکان برینەکان و ئازارەکانیان هەڵنادەنەوە، بەڵکو باسی ئەوە دەکەن ئێستا لە (2023) دەتوانین چی بکەن بۆ ژیانیان!

لێرەدا جیاوازییەکە ئەوەیە: ئایا ئێمە لە کوردستان باسی ساڵی (2023) دەکەین، یاخود تائێستا کەسوکاری ئەنفال هەر لە ساڵی (1988)دا دەژین؟ ئێستاش کەسوکاری ئەنفال لە هەمان نائومێدی و بێ هیوایی ئەو ساتانەدا دەژین کە ڕووداوەکان ڕوویانداوە.

## خزمەت لەبری رق

ڕواندییەکان دەڵێن ئێمە ئەگەر بیر لە ڕق و تۆڵە بکەینەوە زۆر ترسناکە، ئەگەر قوربانیەکان بیر لە توندوتیژی بکەنەوە، وڵاتەکەمان بەرەو پێش ناچێت و نەوە لەدوای نەوە توندوتیژی بەردەوام دەبێت. هەر ئەو بیرکردنەوەیەش وایکردوە ئێستا کیگاڵی پایتەختی ڕواندا سەلامەتترین و پاکترین شاری ئەفریقا و شەشەمین شاری سەلامەت و پاکوخاوێنی جیهان بێت، بەجۆرێك ئەگەر یەك مانگ لە شارێکی

گەورەی وەکو کیگالیدا بسورێیتەوە ناتوانیت دەبەیەکی پلاستیکی ئاو ببینیتەوە. بە گوزەرکردن بەناو ئەو شارەدا مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێت، کاتێک دەبینێت هێندە پاك و خاوێن و جوانە و دانیشتوانەکەی لە ئاستێکی هێندە بەرزی هۆشیاری ژینگەیی و دەروونیدان، بەمەرجێك هەر لەو شارەدا (29) ساڵ لەوەوبەر نزیکەی یەك ملیۆن مرۆڤ کوژراون.

## چارەسەری سارێژگەری گێڕانەوە چییە؟

لێرەدا گرنگە باس لە چەند خاڵێکی چارەسەری دەروونی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی چارەسەری سارێژگەری گێڕانەوە (Narrative Therapy) بکەم، چونکە لە دروستبونەوەی تاکی ڕواندیدا رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە. ئەرکی چارەسەرکار ئەوە نیە دەستنیشانی نەخۆشی و کەموکورتیەکان بکات، یاخود ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەش بکات بەوەی چی بکات و چی شتێ نەکات، بەڵکو لە ڕێگەی ئاخاوتنەکانیەوە یارمەتیخواز بانگهێشتی پانتاییەکی دیکە بکات کە تیایدا یارمەتیخواز ڕوونتر و بەرجەستەتر درك بە کارتێکردنی کێشەکە بکات لەسەرژیانی.

بەنموونە لە یادی ئەنفالدا لە کوردستان، میدیاکان و هەتا ڕێنماییکارەکانیش کاتێک چاوپێکەوتن دەکەن بە پرسیارەکانیان کەسوکاری ئەنفال و قوربانیەکان بەرەو ئاقارێکی خراپی دەروونی دەبەن، بۆ نمونە منداڵەکەت لەسەر مەرگ داوات چیت لێدەکرد؟ ئەفسەرە سەربازییەکە چۆن جنێوی پێدەدان؟ سەگە ڕەشەکان چۆن لاشەی ئەو کەسانەیان دەخوارد کە رۆژانە دەمردن؟ هەموو ئەم پرسیارانە تەعزێبارییەکی گەورە دروستدەکەن هەم بۆ کەسوکاری ئەنفال و هەم بۆ بینەر. ئەم جۆرە لە پرسیارکردن لە خۆوە کارەساتە، چونکە هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە دوای سێ دەیە کەسوکاری ئەنفال لەهەمان تەعزێباریدان، لێرەدا بە نمونەیەك مەبەستی قسەکانم ڕونتر دەکەمەوە.

لە رواندا پرسیارەکانیان بانگهێشتی تاك دەکات بۆ ژیان، دوور لە بەسەرهاتی قوربانیەکان بۆ نمونە - دەتوانی باسی شتێکم بۆبکەیت کە زۆر دڵخۆش بوو بیت بە ئەنجامدانی؟ سەردانی کردنی خزم و کەسوکار! یاخود کارێکی دەستی کە خۆت

ئەنجامت دابێت! دروستکردنی خواردنێکی خۆش! کەی ئەم ڕوداوە خۆشە بۆ تۆ ڕوویدا؟ کێی تر لە دەورت بوون لەو کاتە لە خزم و کەس؟ بێ ئەرك دەتوانی زیاترم بۆ باسبکەی لەسەر ئەو ڕووداوە خۆشە؟ بۆ نمونە ئەگەر چێشتێکی خۆشی لێنابوو پرسیاری ئەوە دەکرێت وا دیارە تۆ کابانێکی زۆر باشی! چەند ساڵە چێشتی خۆش دروست دەکەی! لێرەوە چارەساز وردتر و بە دیقەتتر دەچێتە ناو مێژووی کەسەکەو پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕەنگە لە ژیاندا نەمابن.. ئێستا دەپرسم ئایا یادەوەرییەکی خۆش کە پەیوەندی بە چێشت کردنەوە هەبێت وەك زەماوەندی جاران یاخود زەماوەندی خۆت! لێرەدا یارمەتیخواز ئەگەر ئەو کەسانەشی بیر بکەوێتەوە کە لە ژیاندا نەماون بە شێوازێك بیری دەکەویتەوە کە ئازار بە خۆی نەگەیەنێت.. دواتر چارەسارکار دەپرسێت هەستت چۆنە کە ئێستا تۆ کارامەییەکی لەو شێوازەت هەیە لە چێشت کردن، یاخود لە رستن و چنین و یاخود ئاژەڵداری و هتد؟

بەڵام دەپرسم ئایا لە کاتی چاوپێکەوتنی قوربانیانی ئەنفال چیان لێ دەپرسن! چەن ڕۆژە ئاوی خواردنەوەتان نەهاتوە؟ چەن ڕۆژە لە سرەی موچە وەستاوی؟ چەند مانگە موچەتان وەرنەگرتوە؟ بەداخەوە هەموو پرسیارەکان یارمەتیخواز بەرەو ئاقارێکی دەرونی سەخت دەبات.

ئێستا دەمەوێت دووبارە ئەو ڕستەیەتان بیر بخەمەوە کە ڕواندییەکان ئیشی لەسەر دەکەن کە دەڵێن (ئێمە یادی جینۆساید ناکەینەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆمان بشێوێنین، ئێمە ئەوە یادە دەکەینەوە تاوەکو خاڵە جوانەکانی کلتورەکەمان بدۆزینەوە و یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بین).

لە کوردستان ئەگەر چاوپیکەوتنی کەسوکاری ئەنفال بکەیت جگەلە باسی قورسی و لەدەستدان و نەهامەتیەکان و شیوەن و گریان، هیچ شتێکی تریان نیە لەسەری بدوێن. لەکاتێکدا ئەگەر پرسیاری دڵخۆشی و ئەو ڕووداوانەی لەگەڵ بکەیت کە تیایدا هەست بە ئارامی و ژیان دەکەن، وەك ئەوەی باسی بابەتێکی قەدەغە و یاساغ بکەیت یەکسەر خۆیان لەو پرسیارانە نادەن و بابەتەکە دەگۆڕن و لێی هەڵدێن، پێیان عەیب و کارەساتە لەدوای ئازیزەکانیان دڵخۆش بن. کۆمەڵگە زۆر لەو دۆخە بەرپرسیارە، چونکە هەمیشە بە چاوی

بەزەیی و قوربانی سەیر کراون، بەردەوام پرسیاری رۆژە سەختەکانی ژیانیان لێکراوە، ئەگەر کەسێك بیرکردنەوەی جیاوازی هەبووبێت بە چاوێکی کەم و بێ رێز سەیر کراوە.

کاتی ئەوەیە بیرکردنەوەکان بگۆڕدرێن، ڕزگاربوی ئەنفال هەست بە شانازی و هێز بکات، لە چاوپێکەوتنەکاندا پەنجە بخاتە سەرخاڵە بەهێزەکانی خۆیی و دور بکەوێتەوە لەو بیرکردنەوانەی ژیانی لەبەرچاو ڕەش دەکەن، ڕێگە نەدات و نەچێتە ئەو بەرنامە و چاوپێکەوتنانەی کە پرسیاری بێ ماناو تەعزێباری لێدەکەن. پرسیاری ڕۆژە ڕەشەکانی ژیانی لێدەکەن. ژیانی هەموو مرۆڤێك لە زنجیرەیەك چیرۆك پێکدێت، دەکرێت یەکێك لەو چیرۆکانە ناخۆش و بە ئازار بن، بەڵام بیرمان نەچێت ئەوە تەنها یەك چیرۆکە، دەکرێت دەیان چیرۆکی تر هەبن بۆنی ژیان و توانا و زیرەکی و سەرکەوتنی ئەو کەسەی لێبێت. لەکاتێکدا کە دەچینە سەر چیرۆکە بە ئازارەکەش ئەوە لە بیر نەکەین بەجۆرێك پرسیار بکەین مرۆڤەکان هەست بە هێز و توانای خۆیان بکەن، ئەو بۆشاییانە بدۆزنەوە کە هانی دەدەن بە شانازییەوە لە ژیان بەردەوام بێت.

## نموونەیەکی کوردانە

لە رۆژی چوارەمی کۆنفرانسی سارێژگەری گێڕانەوەدا، لەبارەی ئەزمونی کوردەوە ئەم نموونەیەم گێڕایەوە:

(ساڵی نەوەدەکان کوردستان ڕووبەڕووی برسێتیەکی گەورە بوویەوە، سنورەکان بەڕوویدا داخران و قاتی و گرانی بڵاوبویەوە، بەدەستهێنانی بژێوی ژیان بۆ خێزانەکان زۆر قورس و زەحمەت بوون، بەڵام ئێمەی کورد لە ڕێگەی کشتوکاڵ و چاندنی گەنم و جۆ و بەخێوکردنی پەلەوەری خۆماڵی و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان وەکو گۆشت و شیر و هێلکە توانیمان لەو کاتە سەختە ڕزگار بین و بۆ ماوەی چەندین دەیە بەردەوامیمان بەو ژیانە دا، لەکاتێکدا رژێمی سەدام حسێن هەموو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەکارهێنا. لەکۆتاییدا کاتە سەختەکان تەواو بوون، ئێستاش ئێمە دۆستی ژینگە و کشتوکاڵین و ساڵانە دوعا دەکەین باران ببارێت لەبەرئەوەی بتوانین گەنم بچێنین و مەڕ و ماڵات و سروشتەکەمان ڕزگاریان بێت، هەمیشە بە بەهێزی دەمینینەوە، ئەم چیرۆکانە لەئێستادا بۆ نەوەکانمانی دەگێڕینەوە و بە شانازییەوە فێری نەوەکانمان دەکەین لەهەر بارودۆخێکدا بن بیری

ئەوەیان هەبێت ئێمە شاخەکان و سروشت دۆستمانن، چیرۆکەکانمان هەستی شانازی و سەربەرزیمان پێدەبەخشن و بەردەوامین).

بە چەپڵەرێزان پێشوازی لەم قسانەم کرا، بەڵێ ئەوان هەر وشەیەك بۆنی دووبارە ژیانی لێبێت، بۆنی بەهێزی و هەستانەوەی لێبێت، بۆنی ئەوەی لیبێت ئەم هەستە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکان، هەڵدەستنە سەر پێ و چەپڵەی بۆ لێدەدەن. هاوپیشەکانم لە دۆلچ سەنتەر و وڵاتی رواندا بڕوایان وایە لە ڕووداوەکاندا فێردەبین و ڕزگار دەبین و بەردەوام دەبین.

## سەرچاوەکان:


1- Land of a thousand stories.

2- Freedman, J. & Combs, G. (1996). *Narrative therapy: The social*

3- *construction of preferred realities.* W.W. Norton & Company.

4- Morgan, A. (2000). *'What is narrative therapy?' An easy-to-read*

5- *introduction'.* Dulwich Centre Publications.

6- White, M. (2001). The narrative metaphor in family therapy.

7- In Denborough, D (Ed.). *Family Therapy: Exploring the field's*

# جینۆسایدی کلتوری: قڕکردنی کتێبخانەکانی بۆسنە بەنموونە

بارام سوبحی

## پێشەکی

بوونی کتێبو کتێبخانەکان تەنها هەڵگری رەمزی رۆشنبیریو زانیاری نین، بەڵکو بە پلەی یەکەم هێمان بۆ ئەوەی کە بەشێکی رەسەنن لە کلتور و کەلەپوری گەلان، چونکە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی نێوان رابردوو ئێستان، بۆیە کاتێك ستەمکارێك بڕیاری لەناوبردنی ئەوکۆیادەوەرییەی گەلێك دەدات، ئەوا ئامانجی ئەوەیە بوونی ئەوگەلە بە تەواوەتی بسڕێتەوە. هەرئەوەش وایکردوە لەناوبردنی کتێب و کتێبخانەکان بخرێتە خانەی جینۆسایدەوە و بە جینۆسایدی کلتوری پۆلێن بکرێت.

لە ساڵی (1944)، رافاییل لیمکین کە توێژەرێکی جولەکەی پۆڵەندی بوو، نزیکەی هەموو خێزانەکەی لە هۆڵۆکۆستی نازیدا لەدەستدابوو، وشەی «جینۆساید»ی کردە هاوناوی کوشتاری بەکۆمەڵ. جینۆساید لە دوو برگە پێکهاتووە کە «جینۆس genos «بە زمانی گریکی واتای خێڵ یان خێزان دەگەیەنێت و «ساید cide «بە زمانی لاتینی واتای کوشتن دەگەیەنێت. چوارساڵ دواترو پاش دادگاییەکانی نۆێرمبێرگ تاوانی جینۆساید لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدانرا، وەك لەناوبردن و تێکشکاندنی ئەنقەستی گروپێکی رەگەزی یان ئیتنیکی یان ئایینی.

بەشێوەیەکی گشتی جینۆساید چوار جۆر لەخۆدەگریت کە بریتین لە: (جینۆسایدی فیزیکی جەستەیی، جینۆسایدی بایەلۆژی، جینۆسایدی کولتوریو نەتەوەیی، جینۆسایدی ئابوری). مەبەست لە جینۆسایدی کولتوري و نەتەوەیي بریتیە لە قەدەغەکردنی زمان و رۆشنبیری و شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندێتی نەتەوەیي و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵك و وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو رووخاندنی ئەشکەوتو مزگەوتو کڵێسەو هەموو شوێنەوارێك کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەوخەڵکە بێت.

لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسەیە، لێرەدا وەکو نموونەیەك بۆ رونکردنەوەی جینۆسایدی کلتوری، باس لە سوتاندن و لەناوبردنی کتێبخانەکانی بۆسنە لەلایەن سربەکانەوە لەمیانی شەڕی بۆسنە و هەرسك لە (نیسانی 1992 تا کانونی یەکەمی 1995) دەکەین.

## بۆسنەو هەرسک:

بۆسنە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوەو لە ناوچەی بالکانە، دەکەوێتە ناوەندی ئەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەتی یۆگسلاڤیای پێشویان پێکدەهێنا.

پایتەختەکەی شاری سەرایڤۆیەو گەورەترین شارە. ژمارەی دانیشتوانەکەی چوار ملیۆن کەس زیاترە. لە ماوەی جەنگی بۆسنەدا (1992 - 1995)، زیاتر لە سەد هەزار کەس کوژرا، زیاتر لە (700) گۆڕی بەکۆمەڵ کە زیاتر لە سی هەزار قوربانی لەخۆگرتووە.

کاتێك سربەکان جەنگیان لەدژی بۆسنەو هەرسك هەڵگیرساند، لە درێژترین گەمارۆدا کە پایتەختێکی ئەوروپی لە مێژوی جەنگە هاوچەرخەکاندا بەخۆوە بینیویەتی، گەمارۆی سەراییڤۆی پایتەختیان دا. لەکاتی گەمارۆکەدا بەڕوونی دەرکەوت کە سربەکان وردی بەگوێرەی نەخشەیەکی پلاندارێژراو دەجوڵێنەوە، کە خۆی لە سڕینەوەی هەر شوێنەوارێکی ئیسلامی دەبینەوە کە بوونی موسڵمانان لە بۆسنەو هەرسك بسەلمێنێت.

بۆیە تەنها بە کۆمەڵکوژی مرۆیی وازیان نەهێنا، بەڵکو بەشێوەیەکی ئەنقەستو بەبەرنامە دەستیانکرد بە سڕینەوەو لەناوبردنی هەموو کەلەپورێکی کلتوریو هزرییو ئاینی لە بۆسنە، لە دەرەنجامی ئەو کۆمەڵکوژییە تۆقێنەرو ترسناکەدا بۆسنە زۆرینەی کەلەپورو یادەوەرییە مێژووییەکانی لەدەستدا.

## قۆناغی ئامادەکاری بۆ جەنگ:

پێش دەستپێکردنی پەلامارەکانی سربیا بۆ سەر بۆسنە لە ساڵی (1992)، زۆرێك لە ڕۆشنبیرانو شاعیرانو زانایانی سرب دەستیان بە ئامادەکاری کرد بۆ کۆمەڵکوژی کلتوری بۆسنەکان. لە ساڵی (1986) ڕوانگەی فەرمی هزریی لە یۆگسلاڤیا کە خۆی دەبینیەوە لە ئەندامانی ئەکادیمیای سربی بۆ هونەر و زانست (SANU)، یاداشتێکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا داوای پێویستی یەکێتی نیشتیمانیو کلتوری گەلی سربی دەکەن، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: دامەزراندنی تەواوەتی ئاشتی نەتەوەییو کلتوری بۆ گەلی سربی، مافێکی مێژوویی خۆمانە بەدەر لەو هەرێمەی کە سربەکانی تێدایە".

سەرکردەی حیزبی شیوعی سربیا سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ کە بووە کەسێکی نەتەوەپەرست پشتیوانی لەم بیرۆکەیە دەکرد، لەسەر ئەو بنەمایەش ڕۆشنبیران و کەسایەتە سەربازییەکانی سربەکان دەستیانکرد بە

دروستکردنەوەی بۆسنە بەگوێرەی دیدگا رەگەزپەرستەکانیان، نکۆڵیان لە مافی بوونی موسڵمانان دەکرد، زۆر نووسراو و دروشم بڵاوکرانەوە کە بە ئاشکرا داوای لەناوبردنی موسڵمانانی بۆشناقیان دەکرد. تەنانەت خەسڵەتی مرۆییان لێیان دادەبڕی و پاساویان بۆ پاکتاوی رەگەزی و کلتوری لە بەرانبەریان دەهێنایەوە، تا ئەو رادەیەی بۆسنەییەکانیان بە "تورکانی داگیرکەری ئەم ناوچەیە، لەناوبەری سربیاو ناپاكو پیسکەری رەگەزی سلاڤی" دادەنا.

لێرەدا تیۆرەکانی دکتۆری سربی یۆڤان راسکۆڤیچ لەبارەی شیکاری دەروونی موسڵمانان جێگەی ئاماژەیە، کە تیایدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد لەرێگەی پراکتیکی کلینکیەوە ئەوەی ئاشکراکردوە کە موسڵمانان تووشی (پەڵەی روشانی کۆم (Anal-erotic fixation) بوون، بەهۆی دەستنوێژگرتن و نوێژکردنەوە، بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە موسڵمانان رقیان لە کەسانی تر دەبێتەوە، بەوتەی ئەم دکتۆرە سربەکان تەنها کۆمەڵەن کە دەروون دروستن و توانای حکومڕانیان هەیە، بەم شێوەیە ئایندەییان بریتیە لە حکومڕانیکردن بەسەر گەلانی دیکەی یۆگسلاڤیادا.

هەروەها دکتۆرە بیلجانا بلاڤیسك، پرۆفیسۆری زیندەزانی و راگری پێشووی کۆلێژی زانستە سروشتییەکان و ماتماتیك لە زانکۆی سەراییڤۆ، جەخت لە بوونی شێواوییەکی بۆماوەیی موسڵمانانی بۆسنە دەکات بەهۆی ئیسلامبوونیانەوە، بەگوتەی ئەم پزیشکە جینێکی بۆماوەیی هەیە کە رەگ و ریشەکەی لەناو ئەو کەسانەدایە کە موسڵمان دەبن، بۆیە دەڵێت: بێگومان لەگەڵ هەر نەوەیەکی یەك لەدوای یەك لە موسڵمانان ئەم جینە زیاتر چڕدەبێتەوە و خراپتریش دەبێت، تەنها لەبەرئەوەی زیاد دەبێت و زیاتر گوزارشت لە خۆی دەکات، شێوازێکی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیش بەسەریاندا دەسەپێنێت".

سربەکان هەر بەوەندەوە نەوەستاون، بەڵکو زانای سربی نادا تۆدۆرۆڤ بانگەشەی ئەوە دەکات چیرۆکەکانی "هەزارو یەك شەوە" کە منداڵانی موسڵمان دەیخوێننەوە "رێنمایی نائاگایی"یان بۆ ئەشکەنجەدانو کوشتنی مەسیحییەکان بۆ دابین دەکات، تۆدۆرۆڤ تیۆرەکەی خۆی روونتردەکاتەوە و دەڵێت: «بەو پێیەی ئەم چیرۆکانە پڕن لە ئیرۆتیزم، بەدڵنیاییەوە موسڵمانان لەکاتی باڵغبووندا بەوردی دەیانخوێننەوە، کاریگەری ئەم

چیرۆکانەش لەسەرعەقڵی هۆشیارو نائاگای موسڵمانان لەکاتی ئەنجامدانی درندەییەکاندا دەردەکەون".

هەروەها نیکۆلا کۆلێڤیچ چوا، پرۆفیسۆری ئەدەبیات لە زانکۆی سەرایڤۆ، کە بە یەکێك لە پسپۆرە گرنگەکانی ئەدەبی شکسپیر دادەنرێت و کۆمەڵێك کتێبی لە ڕەخنەی ئەدەبی و شیعریدا بڵاوکردۆتەوە، لە ناخی دڵەوە پشتیوانی لە سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی دەکرد، لەکاتی وانەوتنەوەی لە زانکۆکە بۆ ماوەی (27) ساڵ، سووکایەتی بە هەزاران خوێندکاری بۆسنی دەکرد، داوایدەکرد لە وڵاتەکە دەربکرێن، چونکە بە مەحاڵی دەزانی سربەکان لەگەڵ موسڵماناندا بژین.

هەروەها ئەکادیمیستی سربی میلۆراد ئیکمیسچ، بەرگری لە سیاسەتە رەگەزپەرستەکانی سربیا بەرانبەر بە موسڵمانان دەکرد، بەو پێیەی ململانێیەکی سروشتییە لەپێناوی مانەوەی بایۆلۆژی و پاکژکردنەوەی رەگەزی. هەروەها شاعیری سربی برانا کرنیسیڤیچ، لێدوانێکی هاوشێوەی داو وتی "سربەکان لە رقەوە شەڕ ناکەن، بەڵکو لە نائومێدییەوەیە".

میدیاکانی سربیا موسڵمانانی بۆسنەیان بە رەگەزێکی نامرۆیی دادەنا، بە کۆچەرو پیس و سەگ و قەحپە و ئاژەڵ ناویان دەبردن، هەروەها زۆر باسیان لە پلانێکی ئیسلامی نێودەوڵەتی دژی گەلی سربیا دەکرد، شەڕێك لە ئارادایە لەگەڵ موسڵمانان لەپێناوی رزگارکردنی بەهاو پاراستنی ناسنامەی مەسیحی. بۆیە ڕۆشنبیرانی سربیا بە زیندووکردنەوەی شەڕی کۆسۆڤۆ کە لە ساڵی (1389) ڕوویدابوو، سەرنجیان خستە سەر بەکارهێنانی ئەفسانە نەتەوەیی و مێژووییەکان. ڕۆشنبیرانی سربیا مردنی لازارۆسی شازادەی سربییان بۆ ئەفسانەیەکی هاوشێوەی مەسیح گۆڕی، کە نوێنەرایەتی قوربانیدان و مردن دەکات، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم ڕووداوە بوو بەو ئەفسانەیەی کە ڕۆڵی سربەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ موسڵمانە سلاڤییەکاندا دیاری دەکات.

## میلۆسۆڤیچ: وتاربێژێکی دیکتاتۆر:

سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ سەرۆکی سربیا لە (1989/6/28)، نمایشێکی سۆزدارانەی ئەنجامدا، زیاترلە ملیۆنێك سربی کۆکردەوە تاوەکو دیدگای ناسیۆنالیستانەی تایبەتی خۆی بۆ "سربیایەکی گەورە" پێشکەشیان

بکات کە کرۆکەکەی نەتەوە و ئایین بوو، هەروەها بۆ ئەوەی تێپەڕبوونی (600) ساڵەی شەڕی کۆسۆڤۆ و خەباتی نەبڕاوەی نەتەوەی سربیایان بیریان بخاتەوە.
میلۆسۆڤیچ، وتاربێژێکی لێهاتوو بوو، بە بەکارهێنانی وێنەی ئایدیالیستی و ئاسمانی قوربانییەکانی گەلی سربیا، کە چۆن بوونەتە قوربانی دەستی موسڵمانان، هەوڵی بزواندن و یاریکردن بە ژێی سۆزو ئایینو نارەزایی خەیاڵی سربەکانی دا.
میلۆسۆڤیچ لەپێناوی دروستکردنی "سربیای گەورەدا"دا سێ شەڕی گەورەی کردووە، ئەوانیش شەڕی سلۆڤینیا لە (6/27 تا 1991/7/7)، پاشان شەڕی کرواتیا (ئایاری 1991 تا کانونی دووەمی 1995)، دواجار شەڕی بۆسنە و هەرسك (نیسانی 1992 تا کانونی یەکەمی 1995).

## جۆشدانی میدیا و پەروەردە:

هەر لە چوارچێوەی تەیارکردنی سربەکان بۆ شەڕی بۆسنە، لەڕێگەی میدیاکانەوە لێشاوێك گوتار ئاراستەی سربەکان کرا کە تیایدا موسڵمانانیان وەکو خائین لە ڕەگەزو بکوژانی مەسیح نیشاندەدا، پاشان لەڕێگەی درامای تەلەفزیۆنی و دۆکیۆمێنتاری و ڕۆژنامە و ڕۆمانی مێژووییەوە، ئەو گوتارەیان ئاراستە کرا کە مێژوویان وەکو خەباتی نەبڕاوەی نەتەوەی پاکی سربیا لە دژی موسڵمانانی دوژمن پێشکەش دەکرد کە هەڕەشەیان لە مانەوەیان دەکرد.
بەدەر لە میدیاکان، پێویست کرابوو لەسەر خوێندکاران لە زانکۆ و پۆلەکاندا دەق ناچاری بخوێننەوە کە باس لە گەندەڵی ڕاستەقینەی موسڵمانان دەکات، هەروەها باس لە مێژووی تاوانکاری موسڵمانانی بۆسنە لەگەڵ سربەکاندا دەکات. بەم شێوەیە ئەم پڕوپاگەندەیەی کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی سربییەوە دەستپێکرد، هەستی ڕق و کینە و سووکایەتی بەرامبەر بە موسڵمانانی بۆسنە وروژاند، بەم شێوەیە جینۆساید و جینۆسایدی کولتووری موسڵمانان لەناو مێشکی بارگاویکراوی گەلی سربیادا بووە بابەتێکی ئامادە، کە بەجۆشو خرۆشەوە ئامادەی تەقینەوە بوو، بەڵام قڕکردنەکە لەلایەن کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی سربیاوە گەیشتە ئاستی کارێکی پیرۆز و ئەرکێکی ئاینی کە شایستەی لێخۆشبوونی گوناهەکان بوو، هەر ئەوانیش پشتگیری و پیرۆزیان لە ئامێرەکانی کوشتنو قڕکردن دەکرد.

گۆجکۆ دۆجۆ، شاعیری بەناوبانگی ناسیۆنالیستی و نوێنەری سربەکانی بۆسنە لە بەلگراد، قسەی لەگەڵ ڕادۆڤان کارادزیچ، سەرۆکی ئەوکاتی سربەکانی بۆسنە کردووە و پێیوتووە: "هەموو شتێك بسوتێنن... دەبێت هەموو موسڵمانان سەرببڕدرێن"، کارادزیچ-یش ڕایگەیاند "لەماوەی 2 -3 ڕۆژدا سەرایڤۆ نامێنیت، (500) هەزار دەکوژرێن، چیتر موسڵمان لە بۆسنە و هەرسك نامێنن".

## سووتاندنی کتێبو کتێبخانەکان:

بۆسنە یەکێك بوو لە دەوڵەمەندترین و هەمەچەشنترین ناوچەکانی باڵکان، هەروەها پردێك بوو کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەیەکەوە دەبەستەوە، بەبوونی سیمایەکی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتیی لەناو جەرگەی ئەورووپادا دەناسرایەوە، هەروەها شانازی بە هەبوونی گەورەترین و جوانترین کتێبخانە گشتییەکانەوە نەك تەنها لە ئەورووپادا بەڵکو لە هەموو جیهاندا دەکرد.

ئەم کتێبخانانە هەڵگری چرای زانست و هزر بوون و مێشکی داهێنەرانیان دەگەشاندەوە، کاتێك سربەکان بە ئەنقەست مووشەکە سووتێنەرەکانیان ئاراستەیان کرد، تووشی کارەساتێکی گەورە هاتن. کتێبخانەی نیشتمانی کە دەکەوتە ناوەندی پایتەختی سەرایڤۆ و گەورەترین و جوانترین کتێبخانە بوو لە بۆسنە و هەرسك، یەکێك بوو لە یەکەمین ئەو کتێبخانانەی کە سربەکان سووتاندیان.

بینای ئەم کتێبخانە شکۆمەندە، لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە شێوازی مەغریبی دروستکرابوو، هەندێکیش بە یادەوەری مێژوویی هەموو نەتەوەکانی بۆسنەی دەزانن، یەکێك لە ئەمیندارانی کتێبخانەکان دەڵێت "چەندین جار وەستاوین بۆ ئەوەی سەرسام بین بەو شتانەی کە لە کتێبخانەی نیشتمانیدا هەبوون، هەر کاتێك سەیرمان دەکرد هەستمان بە داهاتوویەکی پرشنگدار دەکرد".

لە (25/ئاب/1992)، سربەکان بینای کتێبخانەی نیشتمانییان بە بۆمبی فسفۆڕ ڕووخاند، ڕێگرییان لە گەیشتنی ئاو بۆ کتێبخانەکە دەکرد، کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تەواو دەسووتا، بڵێسەی ئاگر لە هەر یەکێك لە (86) پەنجەرەکەیەوە دەردەچوو. هێزەکانی سربیا گەمارۆیان بەسەر سەرایڤۆدا سەپاند، هاتوچۆ بەناو شارەکەدا مەترسیدار بوو، قەناس بەدەستەکان لە

باڵەخانە بەرزەکانی ناو شەقامەکاندا خۆیان حەشاردابوو تاوەکو تەقە لە هەر ڕێبوارێك بکەن، تەنانەت لە شەقامەکان چەندین تابلۆ هەڵواسرابوون کە لەسەریان نووسرابوو: "ئاگاداربە... قەناس بەدەستەکان".

سەرباری ئەوە، خەڵکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەقەی قەناس بەدەستەکان ماڵەکانیان بەجێدەهێشت، تاوەکو ئەوەی لە کتێبخانەکەیان بەجێمابوو ڕزگار بکەن، لەکاتێکدا بڵێسەی ڕق ڕەفە و دیوارەکانی هەڵدەلوشی، هەندێکیان لەکاتی هاتن و چونیاندا بۆ ڕزگارکردنی کتێبەکان دەکوژران، تەنانەت ئەو کارمەندانەی ئاگرکوژێنەوەش کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە هاتبوون، لەلایەن سربەکانەوە بۆردومان دەکران تاوەکو ڕێگریان لێبگرن و نەتوانن ئاگری کتێبخانەکە بکوژێننەوە.

فەرمانبەرانی کتێبخانەکانیش لە کوشتن ڕزگاریان نەبوو، بە نموونە خاتوو عایدە پۆتۆرۆڤیچ بەرپرسی بەشی ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکان لە کتێبخانە لە تەمەنی سی ساڵیدا بە هاوەنی سربەکان کوژرا، لەکاتێکدا خۆی و هاوەڵەکانی هەوڵیاندەدا کتێب و دەستنووسە دەگمەنەکان لە ئاگرەکە رزگار بکەن. هەروەها هەریەکە لە بەڕێوەبەری کتێبخانەکە، دکتۆر ڕیزۆ سیگاریك، لەکاتی هەوڵدان بۆ دانانی کەڤەری پلاستیکی بۆ هەندێك کون لە بیناکەدا، میرکۆ ئازینۆڤیچ، کە پیاوێکی تەمەن شەست ساڵ بوو پێشتر خانەنشین بوو بوو، بەڵام لە کاتی جەنگدا ویستبووی بۆ یارمەتیدانی کتێبخانەکە بمێنێتەوە، کوژران.

بەپێی وتەی جۆن پۆمفرێت، پەیامنێری ئەسۆشێتد پرێس، کە لەکاتی سوتاندنی کتێبخانەکە لەلایەن سربەکانەوە لەوێ بووە، هاووڵاتیە خۆبەخشەکان زنجیرەیەك قەڵغانی مرۆییان دروستکردوە تاوەکو فەرمانبەرانی کتێبخانەکە بتوانن ئەو کتێبانەی کە دەیانتوانی لە بینا سووتاوەکە کۆبکەنەوە و بیگوازنەوە بۆ بارهەڵگرەکان کە لە دەرەوە ڕیزیان گرتبوو، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ یەکێك لە فەرمانبەرانی کتێبخانەکە دەڵێت: "ئێمە توانیمان تەنها چەند کتێبێکی بەنرخ ڕزگار بکەین، بەڵام هەموو شتەکانی تر سووتان و بەشێکی زۆری میراتی نیشتمانیمان بووە خۆڵەمێش".

کۆگای کتێبەکان کە زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو بەرگ، (155) هەزار دەستنووسی دەگمەن، (600) کۆمەڵەی تەواو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە بۆسنە بڵاوکراونەتەوە، جگەلە توێژینەوە سەرەکییەکانی زانکۆی سەرایڤۆ، تێزە زانستییەکان، بەرهەمی زانایان، شاعیران، ڕەخنەگران، ڕۆمان و کتێبی مێژوویی، کتێب و بەڵگەنامەی دیپلۆماسی، سەرچاوەی مەعریفی، ئەو هەموو مرواریە بەنرخانە، گۆڕانو بوونە خۆڵو تۆزێکی بێ گیان.

لەو ئاگری دۆزەخە تەنها (10%)ی ناوەڕۆکە بەنرخەکەی کتێبخانەکە ڕزگاری بوو، ئەو ئاگرەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (25-27ی ئاب) بەردەوام بوو، چونکە هەندێك کەس ژمارەی کتێبو دەستنووسە سووتاوەکانیان بە (440 کیلۆمەتر) لە ڕووبەری ڕەفە بەستراوەکان خەملاندوە، بۆیە زۆرێك پێیانوایە سووتاندنی کتێبخانەی نیشتمانی لە مێژووی هاوچەرخدا، گەورەترین ڕووداوی سووتاندنی کتێبە بەئەنقەست. یەکێك لە فەرمانبەرانی کتێبخانەکە باسی ئەم ڕووداوە بە ئازارە دەکات و دەڵێت: "خۆر بە دوکەڵی کتێبەکان تەمومژاوی بوو، کاغەزی کتێبە سووتاوەکان بە هەموو شارەکەدا بڵاوبوونەوە، لاپەڕە سوتاوەکان وەکو بەفری ڕەش زەوییان داپۆشیبوو".

لە (17/ئایار/1992)، واتە سێ مانگ پێش ئەوەی سربەکان کتێبخانەی نیشتیمانی بسوتێنن، تۆپخانەی سربی بە ئاڕپیجی فۆسفۆری بۆردومانی کتێبخانەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتیان لە سەراییڤۆ کرد (کە لە ساڵی 1950 دامەزراوە)، یەکێك بوو لە دەوڵەمەندترین شوێنەکانی جیهان بۆ پاراستنی دەستنووس، دەستنووسی ئیسلامی و جولەکەکانی تێدابوو، هەروەها بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، کە مێژووی هەندێکیان بۆ سەدەی یانزەهەمی زاینی دەگەڕایەوە. بەڵگەنامەی زۆر دەگمەن کە مێژووی پێنج سەدەی بۆسنەیان لەخۆگرتبوو، زیاتر لە حەوت هەزار بەڵگەنامە کە بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕانەوە، پێنج هەزاری دەستنووسی ڕۆژهەڵاتی کە مێژووەکەیان بۆ سەدەی یازدەهەمی زاینی دەگەڕایەوە، جگەلە (300) فایلی میکرۆفیلمی نووسراوەکانی بۆسنە لە دەستنووسی کتێبخانەکانی دیکە، دە هەزار بەرگ لە کتێبخانەی توێژینەوەی

پەیمانگەکە و (300) کۆمەڵەی بڵاوکراوەی وەرزیی.

ئەو هەموو گەنجینە مێژووییە بەنرخە سربەکان بەوپەڕی دڵڕەقیەوە لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێردا سوتاندیان، فەرمانبەرێکی کتێبخانەکە دەڵێت: خاپورکردنی کتێبخانەی ئەم پەیمانگایە کە یەکێك بوو لە گرنگترین ناوەندە سەرەکییەکانی توێژینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە باڵکان، زیانێکە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە". بەوتەی پرۆفیسۆر ئەندراس ریدڵمایەر، سوتاندنی کتێبخانەی پەیمانگای رۆژهەڵاتی گەورەترین زیانە لە سوتاندنی دەستنووسەکاندا.

لە ئایاری (1992)دا کۆنترین کتێبخانەی بۆسنەو هەرسك کە کتێبخانەی غازی خەسرەو بەگ بوو کەوتە بەر پەلاماری سربەکان، ئەو کتێبخانەیە یادەوەری کلتوری و مێژوویی ناوچەی باڵکانی لەخۆدەگرت، یەکێك بوو لە پایە گرنگەکانی ناسنامەی بۆشناقەکان، تەمەنی کتێبخانەکە دەگەیشتە (482) ساڵ، مێژوی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1537)و لەلایەن خەسرەوبەگی والی بۆسنەوە دروستکراوە، پاشان کردی بە وەقفێك بۆ زانستخوازان، لە دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی رانەوەستاوە، رۆژانە لەنێوان (100 - 200) خوێندکار و توێژەرسەردانیان دەکرد.

کتێبخانەی غازی خەسرەو گەنجینەیەکی تایبەت بە مێژووی کلتوری و سیاسی بۆسنە و هەرسك بوو، زیاتر لە (110) هەزار دەستنووسی کۆن، دە هەزار دەستنووسی ناوازە، کە مێژووی هەندێکیان بۆ سەدەی چوارەم و پێنجەمی زایین دەگەڕایەوە، هەروەها (500) هەزار کتێبی دەگمەنی لەخۆدەگرت کە بە چەندین زمان، لەوانە فارسی، تورکی، عەرەبی، عوسمانی، بۆسنی کۆن کە بە عەرەبی و زمانە جیاوازەکانی ئەوروپا نووسرابوون. جگەلە ئەرشیفی بەڵگەنامە مێژوویەکانی تایبەت بە قۆناغی عوسمانییەکان لە بۆسنە و هەرسك، ئەرشیفی کۆمەڵە وەقفیەکان کە ژمارەیان دەگەیشتە (1400) بەڵگەنامە، هەروەها ئەو بەڵگەنامانەی کە سیستم و مێژووی فێربوونی وڵاتی لەخۆگرتبوو، هەر لە کتێبخانەکەدا بەشێکی تایبەت هەبوو بە نەخشە دێرین و جیۆپۆلەتیکیەکانی جیهان و دیمۆگرافیەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆرە مەزنەکاندا.

هەر لە کتێبخانەی غازی خەسرەودا دەستنووسی تایبەت بە ئەدەب و لۆژیك و فەلسەفە و مێژوو پزیشکی و بیرکاری هەبوو، کتێبی هونەری جۆراوجۆرو زانیاری لەسەر بۆسنەییەکانو گەلانی دیکە هەبوو، لە گرنگترین و دێرینترین دەستنووسەکانی کتێبخانەکە کتێبی "بوژانەوەی زانستی ئاینی: أحیاو علوم الدین"ی پێشەوا غەزالی بوو کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (500) کۆچی دەگەڕێتەوە، ئەو کتێبەی لە سەردەمی ژیانیدا نووسیوە. هەروەها دەستنووسی کتێبی (فردوس الاخبار بمأپور الخگاب) کە ئەبو سەجای شیراویح دەیلەمی هەمەدانی کۆیکردۆتەوە، کۆپیەك لە دەستنووسی کتێبی (الکشف والبیان ڤی تفسیر القرئن)ی ئەبو ئیسحاق نیسابووری، ئەمینداری دەستنووسە ئیسلامییەکان حاسۆ بۆبار دەڵێت: کاتێك سەردانی کتێبخانەی غازی خەسرەوبەگم کرد، چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد هێندە کتێبی جوان و نایابی تێدابێت، چونکە ئەو کتێبخانەیە مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە".

هەرچەندە سربەکان بۆردومانی کتێبخانەی غازی خوسرەویان کرد، کە بەشێك لە ناوەڕۆکەکەی لەدەستداو بەشێکی زیانیان بەرکەوت، بەڵام بەهۆی ئەو کەسانەی کە بەرپرسی کتێبخانەکە بوون، لەسەرووی هەموویانەوە دکتۆری دلێرو ئازا مستەفا یاهیچ، لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە نەیانهێشت هەمان چارەنووسی کتێبخانەکانی دیکەی هەبێت. ناوبراو لە کردەوەیەکی بوێرانەدا کە بە درێژایی ساڵانی شەڕو گەمارۆ بەردەوام بوو، لەگەڵ تیمە بچووکەکەیدا توانی دە هەزار دەستنووس لە سوتاندن ڕزگار بکات. گۆڤاری کۆمەڵگەی کوەیتی ژمارەی دەستنووسە لەناوچووەکانی بە سێ هەزار دەستنووس خەمڵاندوە.

لەدرێژەی زنجیرەی قڕکردنی کتێب و کتێبخانەکان، سربەکان ڕووی چەکەکانیان کردە کتێبخانەی توێژینەوەیی زادار، کە (600) هەزار بەرگ، (5566) گۆڤاری وەرزی، (33) کتێب کە پێش ساڵی (1500) چاپ کرابوون، (1080) دەستنووس، (1350) کتێبی دەگمەن، (1200) نەخشەی جوگرافی، (2500) وێنەی فۆتۆگرافیو (1500) بلۆگی مۆزیکی لەخۆگرتبوو. هەموو ئەوانە بوونە تۆز و لەناوچوون. هەروەها بە موشەکی تۆپەکانیان کتێبخانەی قەشەکانی ڕۆمانی کاسۆلیکیان لە مۆستار سوتاند، بەو هۆیەوە زیاتر لە شەست هەزار کتێب و دەستنووس

لەناوچوون. هەروەك سربەكان كتێبخانەی ئەرشیفی هەرسكیان لە مۆستار سوتاند و پەنجا هەزار كتێب و بەڵگەنامەی مێژوویيان لەناوبرد. لەلایەكی دیكەوە میلیشیاكانی (HVO) لە ناوەڕاستی تەمموزی (1993) كتێبخانەی ئەنجومەنی رەوەندی ئیسلامییان لە ستۆلاك سوتاند كە چل دەستنووسی سەدەی حەڤدەی لەخۆگرتبوو، جگەلە كتێب و تۆمارە كۆمەڵایەتیەكان كە مێژووەكەیان بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕایەوە.

لە سەرەتای ئابی (1993)دا كتێبخانەی مزگەوتی ئیمپراتۆر لە ستۆلاك سوتێندرا، كە دەیان دەستنووسی بۆسنی و عەرەبی و توركی و فارسی تێدابوو لە سەدەی حەڤدەوە بۆ سەدەی نۆزدە، هەروەها كتێبخانەی مزگەوتی بۆدگراسكاو كتێبخانەی تاون میوزیام و كتێبخانەی كڵێسای فرانسیسكان سوتێران، كە زیاتر لە حەڤدە هەزار بەرگی تێدابوو كە مێژووەكەیان لە سەدەی پازدەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم درێژ دەبێتەوە، هەروەها هێزەكانی سربیا هەموو كتێبخانە گشتیەكانیان لەهەریەك لە ڤۆكۆڤارو ڤینكۆڤچی سوتاند و تەنانەت لەگەڵ زەوییدا تەختیان كردن.

كتێبخانەی زانكۆكانیش لە ئاگری تۆپخانەكانی سربیا رزگاریان نەبوو، بەجۆرێك كتێبخانەی زانكۆی مۆستار لەناوبرا، هەندێك مەزەندەی ئەوە دەكەن كە (60%) كتێبخانەی كۆلێژەكانی بۆسنە لەناوچوون. تەنها لە كتێبخانەی دە كۆلێژی زانكۆی سەرایڤۆ (400) هەزار كتێب و (500) گۆڤاری وەرزی لەناوچوون، هەروەها هەشت لقی كتێبخانەی گشتی شارەوانی سەرایڤۆ تووشی بۆردومان و سوتاندن هاتن، سەرباری روخاندنی هەموو مزگەوتە دێرینەكان كە كتێبخانە و تۆماری ماڵ و موڵكی تێدابوو.

تەنانەت كتێبخانە تایبەت و كەسیەكانیش لە دۆزەخی سربەكان رزگاریان نەبوو، بە نموونە كتێبخانەی كۆچكردوو عەلی سدیقۆڤیچ (1872 - 1936)، كە سەد دەستنووسی بە زمانەكانی توركی و بۆسنی و عەرەبی و فارسی لەخۆگرتبوو، سدیقۆڤیچ تەواوی كتێبخانە بەنرخەكەی و بەڵگەنامە كەسییەكانی بە مزگەوتی جانحای دێرین بەخشیبوو، هەروەها كۆمەڵێكی بەنرخ كتێب و دەستنووسی دەگمەنی لەخۆگرتبوو كە بەخشرایە كتێبخانەی مزگەوتەكە. لە سەرەتای بەهاری (1993)دا سربەكان

کتێبخانەکەیان سوتاند و یەك کتێبی دەرنەچوو، هەروەها گۆڕستانی تەنیشت مزگەوتەکەش تەختکران، کە گۆڕی دەیان زانای موسڵمانی بۆسنی تێدابوو. ڕۆژنامەنووس ڕۆبەرت فیسك لەبارەی ئەم قڕکردنەوە دەڵێت: ئەوان مردووەکانیان دەکوشت وەکو چۆن زیندووەکانیان دەکوشت". لە شاری بانیالوکا (دووەمین گەورە شاری بۆسنە) داوا لە موسڵمانان دەکرا بڕوانامەیەك رادەست بکەن کە بیسەلمێنێت هەموو کتێبەکانیان رادەستکردوە.

## لەناوبردنی یادەوەری

لەڕاستیدا ئاماری زیانەکان تەنها لە قڕکردنی کتێب و کتێبخانەکاندا نەوەستا، بەڵکو چەندین دۆسیەی خوێناوی و تۆقێنەر هەن، بە نموونە ژمارەی ئەو زاناو ڕۆشنبیرانەی کە لە قەناره دران، لە گرتوخانەکان دەیان هەزار لە ژنان لاقە کران، جگەلە دەیان مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی کە لەگەڵ زەویدا تەختکران، هەندێك سەرچاوە ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە لە ساڵی (1993) لەلایەن سربەکانەوە خاپورکرا بە نزیکەی هەزار مزگەوت دەخەمڵێنن، تەنانەت لە هەوڵێکدا بۆ سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی بۆسنەییەکان، گۆڕستان و بەردی گۆڕی موسڵمانانیش لەلایەن سربەکانەوە لەناوبران.

سربەکان هاتن تاوەکو هەموو بەڵگەکان لەسەر بوونی موسڵمانانی بۆسنە بسڕنەوە، تەنانەت ئەگەر بەردی گۆڕیش بێت، چونکە تەنانەت بەردی گۆڕیش بانگەشەی سربەکان بەرامبەر بە بۆسنە لەناودەبات. یاهیچ تێبینی دەکات "ئەگەر بەردی گۆڕەکانیش ئامانجی سربەکان بن، ئایا دەکرێ ئێمە وێنای ئەوە بکەین کە گەنجینەکانی زانین و هێما زیندووەکانی ناسنامەمان وەکو دەستنووس و کتێبەکان لە چنگی شەڕانگێزی ڕزگاریان دەبێت؟ (..) دەستنووسەکان بەڵگەن لەسەر بوونی ئێمە لەم خاکەدا بۆ چەندین سەدە، ئەمەش خزمەت بە ئامانجە شەڕانگێزیەکانیان ناکات، چونکە ئەوان بە ئەنقەست مێژوو ساختە دەکەن".

بەوتەی موستەفا یاهیچ بەڕێوەبەری پێشووی کتێبخانەی غازی خەسرەو، دوژمنکاری سربی لەسەر بۆسنە مەبەست لێی ئەوە نەبوو کە ژیانی دانیشتوان بخاتە بەردەم هەموو جۆرە وێرانکارییەکی سیستماتیکی، تاوەکو خۆیان رادەست

بکەن، بەڵکو سربەکان دەیانویست لەڕووی دیمۆگرافی و ئاینی و کلتورییەوە موسڵمانان لە ڕەگەوە هەڵبکەنن، هەر شوێنەوار و بەڵگەیەك کە بیسەلمێنێت ئەوان خاوەنی ئەم خاکەن و تیایدا ژیاون و ریشەی مێژوویان تێیدا هەیە، لەناوببەن".

بۆیە یاهیچ پێیوایە سربەکان بە ئەنقەست، بە لەناوبردنی میراتی کولتووری، مەبەستیان ئەوە بووە بیسەلمێنن کە موسڵمانانی بۆسنە سەر بە زێدی خۆیان نین، بەڵکو پاشماوەی داگیرکەرانی تورکن، هەربۆیە سربەکان سەرنجیان لەسەر سڕینەوەی تەواوی تۆمارو بەڵگەنامەکانی ڕابردوو بوو کە ڕەوایی بانگەشەی مێژوویی موسڵمانان لە بۆسنە نیشاندەدات، هەروەها هەموو تۆمارەکانی لەدایکبوون و مردن و هاوسەرگیرییان لەناوبرد، تاوەکو ئەو کەسانەی لەلایەن سربەکانەوە بە زۆر دەردەکرێن، چیتر داوای موڵك و ماڵی خۆیان نەکەن.

## سەرچاوەکان:


1. أحمد سيف النصر: اباده الذاكره: لماذا اشعل الصرب النيران في مكتبات البوسنه؟ موقع نون بوست، (2022/6/27)، https://www.noonpost.com/content/44491

2. لویس سیمۆن: جینۆسایدو زانستی سەلماندن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە یەك، 2018.

3. ئاوات خورشید محەمەد: ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس دا، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە سێ، 2021.

4. ماڵپەڕی ویکیپیدیا + ماڵپەڕی الجزیرە نت.

## ئەنفالی نۆیەم

فاروق رەفیق

## فاروق رەفیق توێژەر و سکۆلەری بواری فەلسەفە:

## "ئێمە هێشتا لە ئەنفال تێنەگەیشتووین"

بەکر حمە حسێن

# تەوەرەی پێنجەم:

# ئەنفالی نۆیەم

# ئەنفالی نوێیەم

د. فاروق ڕەفیق

توێژەرو سکۆلەری بواری فەلسەفە

## لەبری پێشەکی

مەبەستی ئەم باسە بریتی نییە لە شەن و کەوکردنی کۆی پرسیار و پرۆسەی ئەنفال و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی بڕیار لەسەر دراو لەڕووی سەربازییەوەو ژمارەی قوربانییەکانی ناو پرۆسەکانی ئەنفال، هەشت مانۆڕە سەربازییەکە، هێرشە سەربازییەکە وەك جێبەجێکردنی کۆی پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد، قات و قڕکردن و سڕینەوەی کورد لە دیمەنەکەدا، یاخود کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆی ئەو عەمەلیاتانە بەڵکو لێرەدا مەبەستی من دوو بابەتە:

**یەکەم: تێگەیشتن لە مەغزا و مانا قوڵەکانی ئەنفال لە ڕەهەندە نەتەوەییەکەوە:** واتا ئەنفال چ مانایەکی وجودی بەیان دەکات لە پەیوەند بە کیان و بوونی جڤاتی و نەتەوەیی ئێمە؟ ئایا ئەنفال هەڵگری هیچ پەیامێکی وجودی و مێژوویە بۆ ئێمەی کورد؟

**دووەم: بە خێرایی ئاماژەکردنە بە هەلومەرجی هەنووکە(1) ئێستای کورد بوون لە کوردستان بەگشتی و لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی:** بە واتایەکی دیکە مەبەستمە قسە لە ئەنفالی نوێیەم بکەم کە ئێستا[2] ئێمەی کورد لەناو ئەو هەلومەرجە وجودی و سیاسی و کلتوریەداین. ئێمە پێمان ناوەتە ناو پرۆسەی ئەنفالی نوێیەمەوە کە دواجار لەسەری دەوەستم.

## لەنێوان ئەنفال و هۆلۆکۆستدا:

وەك بەرچاوڕوونیەك بۆ خاڵی دەستپێك، ئاماژە بەم ڕاستیە دەکەین و کۆمەکمان دەکات کە لە ئەنفال بگەین، بەمەش دەتوانین خاڵی هاوبەش لەنێوان دوو ڕەشەکوژی، قات و قڕکردن، دوو جینۆسایدی دوو ئیتنیك، دوو شوناسی دوو گروپی نەتەوەیی جیاواز، واتا جینۆسایدی جولەکە کە ناسراوە بە هۆلۆکۆست و

---

[1]. ئەم وتەیە لە سیمینارێکدا لە ساڵی 2012 لە شاری سلێمانی و بەدوایدا لەشاری ئۆسلۆ پێشکەش کرا، لێرەدا بێ دەستکاری و وەکو خۆی بۆ یەکەم جار بڵاوی دەکەینەوە.

[2]. مەبەست لە کات و زەمەنی حەفدەی شوبات و رۆژانی دوایی ترد کە ئەفسوس دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر پێشکەشکردنی ئەم باسەدا بەشێك لە کورد و ئێزیدیەکان ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە.

ئەنفالکردنی کورد، دەتوانین خاڵی هاوبەش ببینینەوە بۆ ئەوەی مەبەستمان بێت کە ڕەهەندە تایبەت و ناوازەکانی هەر دوو کەیسە و دیاردەکانی لەبەرچاو نەگرین.

یەکەم ڕەهەند دەبێت لەبەر چاوی بگرین باکگراوندی مێژوویی و کلتوریە لە کەیسی جولەکەکاندا "پرسیاری جوو"، لە ترادسیۆنی مەسیحیەتدا و لەکەیسی کوردا "پرسیاری کورد بوون". یاخود وێنای کورد و سەیرکردنی وەك بیچمێك، مەخلوقێکی عەجیب و غەریب لە ترادسیۆنی ئیسلامییدا بەتایبەتی لەلای عەرەبە موسوڵمانەکان وەك (زیگمۆنت باومان)، لە کتێبی "مۆدێرنیتی و هۆلۆکۆست"دا[(3)] پێمان دەڵێت: هۆلۆکۆست لە هەوادا ڕوونادات، بێ پێشینەی مێژوویی و کلتوری و سیاسی ڕوونادات، خەڵاتی نازییەکان نییە بە تەنیا، بەڵکو زادەی جۆرە دنیابینیەك و ئایدۆلۆژیایەکە، توخمەکانی بەناو ئایین و کلتور و کێشە کۆمەڵاتیەکان، لەناو میراتی ئەوروپا و لە ترادسیۆنی مەسحیەتدا شۆربۆتەوە. لەو میراتەدا (پرسیاری جوو) هەم ڕیشەیەکی ئاینی هەیە و هەم سیاسی و هەم کۆمەڵایەتی. ڕەنگە گەر شۆرشی فەرەنسی روینەدابا و ئەوروپا پێی نەنایەتە ناو دنیای مۆدێرن، دنیای سەردەم و دنیای ئایدۆلۆژیا کاتییەکان، ڕەنگە پرسیاری جوو تەنیا بە یەك ئیجابێك، لایەنگرییەك، سەرکوت کردنێك، قبوڵ نەکردنێك بمایەتەوە و نەگوازرایەتەوە بۆ نکۆڵی کردنی تەواو و دارِشتنی بەرنامەی سڕینەوە و مەحفکردنەوەی جولەکەکان لەناو ترادسیۆنی ئەوروپی و مەسیحیەتدا .

سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا بازێکی گەورە بوو، وەرچەرخاندنێکی گەورە بوو کە بەم یا بە ئەو شێوەیە کاریگەری خۆی لەسەر "پرسیاری جوو" دانا. کارێکی کرد لە جولەکەکان و لە ئاینزای یەهودیەت دوژمنێك دابتاشێ کە شایەنی ئەوە نییە لەتەکیدا، یان لە تەکیاندا هەڵبکەیت. وێنایەکی ترسناك بۆ جوو و یەهودیەت کێشرا، وەك ئەوەی ئەو ترادسیۆنە سەرلەبەری (هارمۆنیایە، ڕێکخستنە، جوانییە. تەنیا توخمێکی دزێو، نەگونجاو، لە هارمۆنی بەدەر، نامۆ و تێکدەری مانا) بریتیە لە جووەکان.

---

(3). zy gman Bauman Modernity aw the Holo caust Covell universtiy press . New work 1989.

لێرەوە "پرسیاری جوو" دەبێتە پرسیارێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ ئەو ترادسیۆنە و ئەو شارستانیەتە کە لە کێشانی ئەم وێنەیە بەروبومی یەك ئاراستە، یەك دنیابینی نییە، بۆ نموونە دنیابینی کۆنسەرڤەتیڤ، بەڵکو ئەمە عەینی ڕاوبۆچوونی چەپەکانیشە بەتایبەت کارڵ مارکس، لینین و سۆسیالیستەکانی دیکەش لە خودی ئەوروپادا، واتا سەیرکردنی جوو وەك ملۆزم، کێشە، گیروگرفت کە دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

نازییەکان لەدایکبووی نێو ئەم میراتە کلتوری و فیکری و ئایینیەن، هاتن لەسەر ئەم میراتەوە جارێکی دیکە "پرسیاری جوو"یان وروژاندەوە، بە شوێنێکیان گەیاند. لەم پرۆسەیەدا چەپەکانی ئەوروپا رۆڵێکی ترسناکیان بینی کە ناشێت و ڕەوا نییە لەبەر چاو نەگیرێت، بە مانایەکی دیکە دژە سامی، یان دژە یەهودی لە فابریکی دنیابینی چەپدایە هەرچەندە نازیزم یەهودیەت تاوانباردەکات بەوەی کە ڕەگ و ڕیشەی سۆشیالیزم و چەپی ڕادیکاڵە. تەنانەت دوای ئەو میراتە شەرمئاوەرە، تا ئەمڕۆ چەپەکان بەتایبەت لە ئینگلستان، ئەمەریکا و کەنەدادا مۆڵگەی دژە سامی و دژە یەهودین. لێرە دەرگایان واڵاکردوە بۆ فاشیزمی ئیسلامی تا ژەهری خۆی بەسەر یەهودییەکاندا برپێژێت.

بەڵێ نازییەکان لەسەروو ئەو میراتە ئەورووپییەوە رق و کینە و ڕیزنێتی خۆیان دارشت و بەیانکرد، جا با ڕادیکاڵانەتریش بوو بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕەگ و ڕیشە کلتوریەیی کە پشتیان پێ بەست و لەسەرەوەرا "داهێنانیان تیدا کرد". نازیزم "پرسیاری جوو"ی بە ئەوپەڕو سنووری خۆی گەیاند کە بە پەنهانی لەناو خودی پرسیارەکەدا خۆی مەڵاس دابوو، بە هەمان شێوە لە پەیوەند بە جینۆسایدکردنی کوردەوە هەمان وێناو دنیابینی و مامەڵە کردن لە ئارادایە، چۆن؟

بواری ئەوە نیە ڕۆچینە ناو وردەکاری و قوڵایی مێژووییەوە، دەنا شتێك هەیە بەناوی "پرسیاری کورد" لە ترادسیۆنی عەرەبی – ئیسلامی – ئێرانی – تورکیدا (ئەمەی دواییان توخمێکی ڕەسەنەو خۆی بەناو میراتەکەدا دەکاو وێناکردنێکی نارەسەن دوور لە دادپەروەری و حەقیقەت بۆ نەك کورد بەڵکو گشت ناوچەکە دەکێشێت. وێناکردنێکی هەمەجیانە – بەربەریانە – مەغۆلیانە کە نە لە دوور نە لە نزیك

پەیوەندیەکی بە شارستانێتی و مێژوو و کلتووری ناوچەکەوە نییە. پێش هێرش و "حەملە"ی بەربەرییەکان، واتا مەغۆلەکان و تورکەکان بۆ سەر ناوچەی زاگرۆس و میزۆپۆتامیا و بیزەنتی (تورکیای ئێستا).
ترادسیۆنی عەرەبی – ئیسلامی چۆن وێنای ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بە "أکراد" (کە ئەمە سوکایەتییە) وینەی کێشاوە؟ دیارە ئەمە خۆی سەرباسێکی گەورەیە و ئێمە لێرەدا نە هەل و نەکات و نە بۆنەی ئەوەمان لەبەردەستدایە کە ئەم کێشەیە تاوتوێ بکەین و بەم یا بەو شێوەیە هەوڵبدەین هەقی پێ بدەین، تەنها دەتوانین ئەم سەرنجانە بخەینەڕوو :

- کورد بە زەبری شمشێرو هێز موسڵمان بووەوگوایە "ئیسلامی قبوڵکردوە".

لە چرکەساتی گوایە "موسڵمان بوونیەوە" تا ئەمرۆ ڕووبەڕووی ڕەفزکردن و ڕەتکردنەوە و مەسخەرە پێکردن بوەتەوە لەلایەن عەرەب و فارس و تورک، بگرە دواجار پاکستانی و ئەندۆنیسی و بەنگلادیشی و ئەفغانیشی بۆ زیاد بوو، بۆ؟ چونکە قبوڵنەکراوە وەك موسڵمان، وەك باوەڕدار، ئیماندار، وەك موسڵمانی حەقیقی.

- لەو میراتەو لەو مێژووەدا هەزاران وێنای ناشرین بۆ کورد دروستکراوە هەر لە بێ باوەڕییەوە بۆ وەحشی بۆ جنۆکە بوون، بۆ ئەوەی کە نەوەی ئەو جنۆکانەی پێغەمبەر سلێمانن، ئەوەی کە پێغەمبەرکێیە و جنۆکە چییە؟ ئەمە پرسیاری موسڵمانە "ڕەسەنەکان" نین؟ گرنگ ئەوەیە کە کوردەکان مرۆڤ نیین، لە نەوەی جنۆکەن، مافیان نییە، موسڵمان نیین ، کەواتە ئەو لەبەرئەنجامە لۆژیکیەیە زەمینەی قات و قڕکردنیانی دروستکردوە، لەبەرئەوەی نە مرۆڤن و نە موسڵمان کەواتە شایەنی جینۆساید کردنن، کوشتن و بڕین و قات و قڕکردنن .

ئەم وێناکردنە لە سەدان کتێبی توراسی و میراتی ئیسلامییدا خۆی بەیان کردوە. لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە بۆ مەسعودی و گشت بەناو "مێژوونوسە توراسییەکانی عەرەب و ئیسلام."

کورد لەمیرات و لە ترادسیۆنی ئیسلامییدا ڕۆڵی " Other" ئەوی دیکە دەبینێت. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم ئەوی دیکەیە "Other" گوایە موسڵمان بووە، کەواتە دەبێت بووبێتە بەشێك لە "شوناسە فەرمییەکە"، شوناسە ڕەسمیەکە کەچی

نەبووە، بگرە بووەتە "Other" ئەوی دیکە، بگرە بووەتە دوژمن، بۆتە دوژمنی ئیسلام، دوژمنی فارس، دوژمنی عەرەب، دوژمنی تورك، بۆ؟ ڕاستگۆیانە ئاماژەی پێ بکەین لێرەدا نهێنیەك هەیە کە موعەمایەك هەیە کە کەس پەی پێنەبردوە، کەس تەلیسمی ئەو موعەمایەی نەشکاندوە. لەبەرئەوە ئێمە نازانین بۆ "ئەمە هەل و مەرجەکەیە"؟

کورد موسڵمان بووە، بەڵام قبوڵ نەکراوە. موسڵمان بوونی هەرچەندە بە زەبری شمشێر و زۆرو جیهاد (جیهاد واتە سەپاندنی تیرۆر، بەهۆی چەکەوە سەپاندنی عەقیدەیەك کە جورئەتی گفتوگۆی فیکری و ئیلاهیاتی نییە، بە ناچاری بە تیرۆرخۆی دەسەپێنێت، جیهادی ئیسلامی واتا تیرۆری ئیسلامی کە مێژووەکەی هەزار و چوار سەد ساڵە).

کورد لە میراتی ئیسلامی و لە ترادسیۆنی ئیسلامییدا بونەوەر و مەخلوقێکی غەریب و نامۆ و ڕێگە لێ بزر بوو زیاتر هیچی دیکە نییە. لەو میراتەدا ڕەفز دەکرێت، ڕەتدەکرێتەوە، ئینکار دەکرێت، بە دەعباو دەعجان دەکرێت، لە مرۆڤبوون دەخرێت، سوکایەتی پێدەکرێت، مەسخەرەی پێدەکرێت، بە جنۆکە دەکرێت (کە کەس نازانێت جنۆکە بوون واتای چییە؟). لە هەموو حاڵەتەکاندا لە کیان و وجود دەخرێت، بێ ئەوەی هەستی ئەخلاقی و جوانناسی و مرۆڤ بوون لەم ڕەوتەدا لەکەداربکردرێت؟ بۆ نا؟

ئەوەی کە تائێستا لە پەیوەند بە کورد و ترادسیۆنی ئیسلامییەوە ئاماژەمان پێدا، بریتیە لەو زەمینەیەی کە جینۆسایدکردنی کورد، قات و قڕکردنی کورد، ئینکاری کردنی کورد لەسەریەوە ڕوویداوە و ڕوودەدات!

کاتێك بەعس یا فاشیزمی تورکی، یا فاشیزمی فارس دێت و سەرقاڵی جینۆسایدکردنی کورد دەبێت، واتا زەمینەیەك هەیە بۆ ئینکاریکردنی "بوونی کورد" و "بوونی مافەکانی کورد" و "کەینوونەی کورد"بوون، وێرای ئەوەی کە ئێمە لە بۆنەی دیکەو لە پرۆگرامی دیکەدا باسمان لە لە ڕۆڵی کورد کردوە لە میرات و ترادسیۆنی ئیسلامییدا. وێرای ئەوەش ئەو میراتە، ئەو ترادسیۆنە، مۆڵگەی ئینکارکردنی کورد و مۆڵگەو سەرزەمینی سەرهەڵدانی مامەڵەی فاشیستانەیە بەرامبەر بە کورد. کورد دەچەوسێتەوە لەبەرئەوەی میراتێکی ئیسلامی – عەرەبی – فاشیستی هەیە دژ بە کورد کە تێیدا کورد وەك سەرەتا وەك جنۆکە دواجاردەعبا و دەعجان، دواجارنا –

مرۆڤ ، دژە – ئیسلامی، – دژە – حەقیقەت، – دژە – عەرەب، وێنا کراوە و دەکرێت.

یەکەم بەرئەنجام لە ئەم پرۆسەیەدا پێ بگەین ئەوەیە کە زەمینە خۆشکردن بۆ لەناوبردنی کورد وا لەناو میراتی ئیسلامی – عەرەبیدا، عەرەب – موسڵمانەکان چۆن زەمینەیان خۆشکردوە، یەهودیەکان تەفرو تونا بکەن، ئاوهاش زەمینەیان خۆش کردووە کورد و ئێزیدی و کەمایەتیەکانی دیکە جینۆساید بکەن، فاکتەری سەرەکی جینۆسایدکردنی کورد خودی ئیسلامە و هیچی دیکە، ئیسلام فاکتەری قات و قڕکردنی ئەوانی دیکەیە.

ئێمە لێرەدا دوو ترادسیۆنمان هەیە، ترادسیۆنی مەسیحی کە تێیدا دژە یەهودی – دژە سامی–تێدا پەروەردە دەبێت، ترادسیۆنی ئیسلامیشمان هەیە کە مۆڵگەی سەرەکی دژە – یەهودی – دژە – نا – ئیسلامی، واتا هەر گروپێکی دیکەی نا – موسڵمان لەخۆدەگرێت. دژایەتیکردنی کورد لە میراتی عەرەبی ئیسلامی – فارسی - تورکیدا ڕەسەنترین دژایەتیکردنە، بەمانای ئەوەی کورد ڕۆڵی ئەوی دیکە "the Other " دەبینێت.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە میراتی عەرەب – ئیسلامیدا کورد ڕۆڵی ئەوی دیکە (the Other)دەبینێت، تائێرە کێشەیەك لەئارادا نییە، بەڵام ئەو کاتەی ئەوی دیکە دەبێتە ئەوی دیکەی نەیار، موعارەزەی ئەوی دیکە، بەمانای وشە ڕاو دنیابینی جیاواز، ئیدی کێشە دروست دەبێت، کێشەی دنیابینی جیاوازدێتە ئاراوە؟

## هۆلۆکۆست وەک دواچارەسەر بۆ پرسی جوولەکە:

ڕەهەندێکی دیکە کە دەبێت لەبەرچاوی بگرین بریتیە لە خاسیەتی ناسینەوەی ئەو جینۆسایدە کە بریتیە لەو گوزارەیەی یوفیمیستیك(euphemistic) واتە گوزارەیەك کە ڕۆڵی مانای ڕاستەقینە پەردەپۆش دەکات کە دەڵێت: ( the final solution to the jewish Question)

دوا چارەسەر بۆ پرسی جوو. لێرەدا دوا چارەسەر وەك دەستەواژەیەك بەکارهێنرا وەك ئاماژەیەك بۆ جینۆسایدکردنی جولەکەکانی ئەوروپا. هەروەها لە نێوەندە ئەکادیمی و بەناو فیکریەکاندا ئەم دەستەواژە فەلسەفیە بەکاردەهێنرا وەك پاساو هێنانەوە بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە قات و قڕکردنی

جولەکەکان(life unworthy of life)ژیان بەهای ژیانی نییە .

بە شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی دوا چارەسەر دەتوانرێت وا پێناسە بکرێت وەك دوا هەوڵی نازییەکان لە ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك بە شێوەیەکی بنەڕەتی، یا دوا چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئەوروپی کە بوونی ئیتنیکێکی جیاوازە لە ئەوروپادا، بوونی شوناسێکی ئینتیکی ئایینی کلتوریە بەناوی جوولەکەکانی ئەوروپا.

بەواتایەکی دیکە لەم دەستەواژە پڕ لە هێماو ئاماژە و ڕەمز و نیازەدا، ئەم دەستەواژەیە دەوڵەمەند و بە مانا و لێوانلێوە لە نهێنیەکانی مێژوو، دەتوانین چەند ڕەهەندێکی تۆخ بکەینەوە.

**یەکەم:** دوا دەستەواژەی دوا چارەسەر.

**دووەم:** چارەسەر، لە دوا چارەسەر.

**سێیەم:** ئامانج.

**چوارەم :** پرس لەپرسی جوولەکەدا.

ئەم دەستەواژەیە دەوڵەمەندە بە مانا و سیمبول. بۆ یەکەمجار لەلایەن نازییەکانەوە بەتایبەتی لەلایەن هێرمەن گۆڕینك Herman goeringوە لە (1941/7/13) بەکارهاتووە وەك فەرمانێك بۆ ئەفسەرێکی ئاسایش:

I charge you Furthermore with Submitting to me in. in the near future future an overall plac of the organizations!, functional, and Serial measures to be taken in preparing endation of the as pive! for the Final Solution of the Jewish Question

"من زیاتر ڕووبەڕووی ئەرکێکی دیکەت دەکەمەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا نەخشەیەکی گشتی پلانێکم بخەیتە بەردەم دەربارەی هی ڕێکخستنی و وەزیفی و داوپێنگە ماتەریاڵیەکان کە دەبێت سەرڕێگا بخرێت لە خۆ ئامادەکردندا بۆ وەگەڕخستنی دوا چارەسەری پرسی جوولەکەکان وەك ئامانجێکی چاولێبڕاو."

لێرەدا زۆر گرنگە لە یادمان بێت دەستەواژەی دواچارەسەر، واتا چارەسەرەکە دوا هەوڵە، دوای شکستی هەوڵەکانی پێشووتر، واتا پێشتر هەوڵی دیکە دراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت کێشەکەی چارەسەر نەکردووە، ئەویش شوناس و بوونی جولەکەیە لە ئەوروپادا وەك کێشەیەکی بێ چارەسەر .

دوا چارەسەر بریتییە لەو قۆناغەی ئەو پرۆسەیەی کە لە ماوەی (200) ساڵدا

قسەی لەسەر کراوە و بیری لێکراوەتەوە، بیرکردنەوەو تەشخیس کردنی گیروگرفت یا کێشەیەکی گەورەی ئەوروپا کە بوونی جوولەکەکانە وەك شوناس و تینیکێکی جیاواز لەناو کلتوور و شارستانیەتی ئەورووپیدا. لەیادمان بێت جولەکەکان لەدوای (1492) کە تێیدا موسڵمانەکان و جولەکەکان لە ئیسپانیا (Convertose) دەرنران، جولەکەکان بەشێکی زۆریان لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی نیشتەجێبوون. جولەکەکان لە ئەڵمانیا – فەرەنسا و ئینگلستان وەك کێشەیەك بینراون، کێشەیەکی ئاینی – نەتەوەیی – کلتوریی و کۆمەڵایەتی بەهۆی جیاوازبوونیانەوە.

دوا چارەسەر بریتیی بووە لە دوا قۆناغی پرۆسەیەك کە نازییەکان لەبەرچاویان گرتبوو بۆ مامەڵەکردن لە تەك "کێشەی جوولەکە"دا لە هەل و مەرجێکدا کە دوا بڕیار دراوە و گشت دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان، بەمانایەکی دیکە خودی دەوڵەت خراوەتە خزمەت ئەم بڕیارە ، بڕیاری "دوا چارەسەری پرسی جوولەکە".

دوا چارەسەر بریتییە لە دانانی سنورێك بۆ بوونی جولەکە، بریتییە لە کۆتاپهێنانی ، کۆتاپهێنانێکی هەمیشەیی و بۆ دوا جاری کێشەیەك کە باس لە هەبوونی شوناسێکی جیاواز، کلتورێکی جیاواز کە نامۆیە، کە نابێت بوونی هەبێت لە ئەوروپادا.

دوا ئامانج بریتیی بوو لە "مەحف کردنی فیزیکیانەی جولەکەکان وەك دوا گەشەکردنی پرۆسەیەکی درێژخایەن"، ئەمە دوا ئامانجە، نەك دوورخستنەوەی جولەکەکان لە ئەوروپا، بەڵکو لەناوبردنیان لەڕووی فیزیکی و بایۆلۆژی و مەعنەوییەوە، بەواتایەکی دیکە کۆتایی پهێنانیان، کۆتاپهێنان بە بوونیان لە ئەوروپا.

چارەسەر، مەبەست چیە لە چارەسەر لە دەستەواژەی دوا چارەسەر؟ چارەسەر بریتییە لەو ڕێگاو شێوازەی کە هێزێك هەڵیدەبژێرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك یاخود دەتوانرێت وەك میتۆدێك ببینرێت کە لەڕێگەوەی بڕیارێك بسەپێنرێت.

لە کەیسی جولەکەکاندا چارەسەرەکە بەپێی هەل و مەرجەکان و سەردەمەکان و وەك بەرئەنجامی حاڵەتە تایبەتییەکانی هەر کلتور و کۆمەڵگایە، فۆڕمی جیاوازی لەخۆگرتوە، بەڵام دوا ئامانج و چارەسەر هەر ئەوە بوو کە جولەکە وەك شوناسێکی تایبەتی – جیاواز لە دیمەنەکە بکرێتە دەرەوە، واتا (سەرەتا) بە پەراوێزخستن،

دواجار له (مرۆڤ)خستن، ئینجا بەشەیتانیکردن و دواجار لەناوبردن.

سەرەتا پرۆسەکە بە پەراوێزخستن دەست پێدەکات (ئەمە لەکەیسی کوردیشدا بەهەمان شێوەیە). پەراوێز خستن لەناو خودی کۆمەڵگادا، دواجار مامەڵەکردنی وەك ئەوەی کە مرۆڤ نییە واتا لە مرۆڤخستنی، دواجار کێشانی وێنەیەك، وێناکردنی وەك دڕندە و وەحشی کە هیچ خسڵەتێکی مرۆیی نییە، بگرە شەیتانە، ئیدی لێرەوە لەناوبردنی زۆر ئاسانە، لەڕاستیدا لەناوبردنی خۆی لەخۆیدا دەبێتە ئەرك، ئەرکێکی نیشتمانی و ئایینی .

## خاسیەتە دیارەکانی جینۆسایدکردنی جوولەکە(هۆلۆکۆست):

لە پرۆسەی لەناوبردن یا جینۆسایدکردنی جوولەکەکاندا دوو خاسیەتی دیار هەن، کە دواجار لە ئەنفالیشدا لە جینۆسایدکردنی کورد لە عێراق و لە تورکیا دەبینرێتەوە، ئەوانیش ئەمانەن :

1. پرۆسەی کردنی دەوڵەت بە دەوڵەتێکی جینۆساید (a genocidal state) بەو مانایەی کە گشت دامودەزگا دەوڵەتی و حکومی و هەواڵگری و قەزایی و بیرۆکراسیەکانی دەوڵەت، حکومەت دەرگیر دەبن لە پرۆسەی گوشتن و لەناوبردن و پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئیتنیکێك یا نەیارانی حزب و دەوڵەت. هەموو دامودەزگا بیرۆکراسیەکانی دەوڵەت دەرگیری ئەم پرۆسەیە دەبن، پرۆسەی "دوا چارەسەر بۆ پرسی جوو" لە ئەوروپادا، هەر لەکڵێساوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەخۆیی و گشت هێزەکانییەوە، تاکو دامودەزگای ئەمنی و باری کەسێتی و زانیاری کە تایبەتن بە وەزارەتی ناوخۆ، کە سەرجەمیان باس لە زانیارییەکان دەکەن سەبارەت بە ژیانی هاونیشتیمانیان، بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامیەت و بەڕێوبەرایەتی نفوس و تاپۆ و دارایی و ئابووری و بازرگانی و تۆماری گشتی و ئۆفیسی پۆستە و ڕاگەیاندن و ئەحواڵی شەخسی(ڕەگەزنامە).

2. خاسیەتێکی دیکەی هۆڵۆکۆست بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا: پاڵنەری سەرەکی لەودیو هۆڵۆکۆستەوە بریتی بوو لە ئایدۆلۆژیا، کە ڕیشەکەی لە خەیاڵدانی نازیەکاندا، بەڵام لە کلتوری ئەورویپیدا بەشێوەیەکی گشتی وەك فۆڕمێکی دژە سامی ڕەگی داکوتی بوو، وەك وەهمێك، وەهمی ئەوەی کە ئەم شوناسە جیاوازە سەرچاوەی نەهامەتی و شکستەکانی

ئەوروپایە، کە ئەوەش خۆی بریتیە لە پرۆسەی بە شەیتانیکردنی ئەوی دیکە، مەبەست لە خودی جولەکەیە، وەك کەمایەتیەك کە بوونی لە ئەوروپا بۆ (500)ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە بەتایبەت دوای کەوتنی غەرناتە.

## ئەنفال وەک دواچارەسەر بۆ پرسی کورد:

لەو رۆژەی کە کورد بە زەبری شمشێر و لەژێر هەڕەشەی تیرۆر واتا جیهادی ئیسلامیدا وازی لە ئایینە کانی خۆی هێناوە و بووە بە موسڵمان، وەك ئەوی دیکە"the other" مامەڵەکراوە، مەسخەرە کراوە، قبوڵ نەکراوە، بە کۆیلە کراوە، لە مرۆڤ بوون خراوە، کەرامەتی ڕوشێنراوە، کۆی ئەو مامەڵەکردنانە لەپاڵ ئینکارکردنی شوناسیدا لە دەوڵەت-نەتەوە دروستکراوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لە عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران، ئینجا هەوڵدان بۆتوانەوەی، کۆی ئەو میراتە شتێك دروستدەکەن بەناوی "پرسی کورد". پرسی کورد نەك لە عێراق، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. پرسی کورد لە (سایکس-بیکۆ)وە دەست پێناکات، بەڵکو لە داگیرکارییەکانی عەرەبەکانەوە و سەپاندنی ئاینێکی زۆر لۆکاڵی خۆیان بەسەر کوردا، ئا لەوێوە پرسی کورد دەست پێدەکات، پرسی نەتەوەیەکی داگیرکراو، شوناسی پەرت بوو، شوناسی لێك هەڵوەشاوە، پرسی نەتەوەیەکی بە عەرەب کراو کە تا ئەمڕۆ ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، ئەمجارە کورد خۆی رۆڵێکی چالاکانە لە بەعەرەبکردنی خۆی و مەسخ بوونی خۆی دەگێڕێت لەسەر دەستی ئیسلامییەکان.

پرسی کورد هەروەك پرسی جوولەکە، پرسی ئیتنیکێکی جیاوازە لەنێو شارستانیەت یا کلتورێکی بە زۆر سەپێنراودا. لەم چارەنووسەشیدا چەندین میللەتی دیکە بەشدارن، نموونەی ئەو میللەتانەش هەن کە هەر نەماون و مەحف بوونەتەوە، وەك میسریەکان، یاخود مەسخ بوونی فارسەکان، یا مەسخ بوونی ئەمازیغیەکان لە باکوری ئەفریقا .

پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەیەکی وجودی و سیاسی و خاڵی دیاریکەری فەرهەنگ و سیستەم و رژێمەکانی ناوچەکەیە، واتا ئەو شوناسە جیاوازە لە ڕێگای (بوون و مانەوە و بەرگریکردنیەوە لەخۆ)، جا با لاوازیش بێت، سروشتی رژێمەکانی ناوچەکە و کلتوری باوی

ستەمکاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستمان نیشاندەدات، خۆشی بەدەست چەندان قەیران و کێشەوە دەناڵێنێت، لەسەرو هەموویانەوە نامۆبوون بە خۆی لە ڕێگای هەڵگرتنەوەی شوناسی ئایینی، ئاینێکی دیکە کە ئاینی عەرەبە، با سێ خاسیەتی پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاماژە پێ بدەین:

1. جیاکردنەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئیسلام و بینینی کێشەکەی و پرسەکەی، وەك پرس و کێشەیەکی نەتەوەیی یاخود پرسی شوناسێکی جیاواز کە ڕۆژگارێك شوناسی هەبووە، ئاینی خۆی هەبووە کە ئێستاش پاشماوەی ئەو ئاینانە لێرەو لەوێ ماون، وەکو ئێزیدی و یارستان و زەردەشتی، دوای داگیرکردنی و هەوڵدان بۆ بە عەرەبکردن و بە تورك کردنی هێشتا ئەو شوناسە هێندە جیاوازییەکانی خۆی پاراستوە هەتا وەزەی ئەوەی هەبێت وەك شوناسێکی جیاواز بمێنتەوە، بەڵام بێ کیان و بێ هەبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی.

لێرەدا وەك پرسێك وەك کێشەیەك ماوەتەوە. لەم بەستێنەدا ئیسلامیەکان بەهەموو باڵەکانیانەوە، بە هەموو ڕەوت و لایەنەکانیانەوە گەورەترین هەڕەشەن لەسەر کورد، چونکە دەیانەوێت جیاوازی کورد بسڕنەوە، گەرەکیانە شوناسی کورد بسڕنەوە لەناو بۆتەقەیەکی (عەرەبی – ئیسلامی)دا مەحفی بکەنەوە، واتا پرۆسەی داگیرکردنەکەی بەدوو ڕێگا بوو یەکەم: لەلایەن عەرەبە داگیرکەرەکانەوە چواردە سەدە پێش ئێستا سەر ڕێگا خرا، تا ئەو پرۆسەیە تەواو بکەن و ئاسەواری کوردبوون نەهێڵن. دووەم: ڕژێمەکانی ناوچەکەش یەك سەدەیە چاویان لەو ئامانجە بڕیوە، ئامانجیان مەحف کردن و توانەوەی کورد و سڕینەوەی شوناسەکەیانە. (کوردبوون)ە.

2. کورد وەك ئیتنیکێکی جیاواز، وەك کێشەیەکی گەورە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێتەوە کە هەوڵدان بۆ مەحف کردنەوەی شوناسی ئاینی و نەتەوەیی ناوی گەلەکەی مێژووی ناوچەکەیە. ناوی ستەمکاریەکە کە خاڵی ناسینەوەی خودی کلتورو ژیانی بەناو "سیاسی" ناوچەکەیە. پرسی کورد ئاماژەیە بۆ هەبوونی فاشیزم و ستەمکاری و تیرۆر و غیابی دادپەروەری و غیابی یاسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

پرسی کورد ئاماژەیە بە بوونی بەربەستێکی سەوز لە مێژووی کۆن و ئێستای ناوچەکەدا.

3. پرسی کورد وەك پرسێکی هەرێمی، پرسی کورد هەروەك پرسی جوولەکە لە ئەورووپادا، پرسێکی ناوچەییە، پرسێکی لۆکاڵی وڵاتێك نییە، بەڵکو پرسی کۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، نەوەك تەنیا لەبەرئەوەی کە خاکەکەی بەسەر (چوار وڵات)دا دابەش بووە، بەڵکو مانەوەی لەدەرەوەی جوغزی یاسایی و هاونیشتمانی بووندا ئاماژەیە بۆ کێشە گەورەکانی ناوچەکە، لە هەبوونی ستەمکاری و نەبوونی دادپەروەری و یاسا و داننەنان بە کەرامەتی مرۆڤدا. بە مانایەکی دیکە پرسی کورد لەهەمانکاتدا لە هەناویدا پرسە سیاسی و کلتوری و یاساییەکانی دیکەی هەڵگرتووە کە هەر هەموو دەبنە خاڵی ناسینەوەی هەلومەرجی دەرەوەی مەدەنیەت.

چارەسەر نەکردنی ئەم پرسە لە ڕێگای دداننان بە مافە بنەڕەتیەکانی ئەم میللەتە کارێکی کردوە کێشەکە نەك وەك کێشەیەکی سیاسی و شارستانی خۆ بنوێنێت و خۆ بەیان بکات، بەڵکو وەك کێشەیەکی کلتوری و کۆمەڵایەتی و پاسۆلۆژی(نەخۆشی زانی) خۆ بەیان بکات، کێشەی کورد بۆتە نەخۆشیەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بیماریەك کە چەند وڵاتی تەنیوە، نیشانەی پرسیاری لەسەر کلتوری ڕژێمەکان داناوە. ئەو نەتەوانەی کە داگیرکەری کوردن و ئینکاری مافەکانی کورد دەکەن، بیمارو ئالودەن بە دەست چەندین نەخۆشی فیکری و کلتوری و سیاسییەوە دەناڵێنن.

## ئەنفال وەک جینۆساید:

گەر ئەنفال وەك جینۆسایدکردن بناسێنین، لەم حاڵەتەدا دەبێت بزانین کە جینۆساید چییە و چۆن پێناسەی بکەین. جینۆساید "وێرانکردنێکی بە بڕیار و سیستماتیکیانەی بە کۆ یاخود بەشی ئیتنیکێك، ڕەگەزێك، گروپێکی ئاینی یان نەتەوەییە. لەکاتێکدا پێناسەی ورد لای توێژەرانی بواری جینۆساید لوتکەی مەسەلەیەکە شوێنی مشتومڕە، کە پێناسەیەکی یاسایی لەم پەیمانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی دەبینینەوە:

1948 United Nations Convection on pauish ment of the ملthe prevendion crimed Cenocide MCPc

ماددەی دووی ئەم ڕێکەوتنە (پەیماننامە)یە بەم شێوەیە جینۆساید پێناسە دەکات وەك نواندنی "یەکێك لەم کردەوانە، کردارانەی کە نوێندراون (ئەنجام)دراون، وەك نمایشی نیاز و ڕاز و

مەبەستێك بۆ وێرانكردن، خاپوور كردن وەك كۆیەك یان بەشێك، هی گروپێكی نەتەوەیی ئیتنیكی ڕەگەزی یا ئایینی وەك ئەوەی كە هەیە، وەك ئەوەی كە ئەو گروپە خۆی پێناسە دەكات، خۆی بەیان دەكات.

كەواتە نواندنی ئەو كردەوانە دەگەیەنێت بەنیازی كاولكردن و خاپوركردن و مەحفكردنەوە. هەروەها كوشتنی ئەندامانی گروپێك، كە دەبنەهۆی ئازاردانی ئەندامێكی گروپێك چ ئازاردانێكی مەعنەوی بێت یان جەستەیی یاخود ڕۆحی، بەمەبەستی بوونە هۆی بەجێهێشتنی زام، نیشانەی برین لەسەر ڕۆح و جەستەی ئەندامی گروپێكی دیاریكراو بەنیازی هێنان و بەجێهێشتنی كاریگەری جەستەیی و مەعنەوی چ بە شێوەیەكی گشتی یا بەش، لەسەر شوناس و بوونی چ تاك یا گروپێكی تایبەتی و جیاواز.

زاراوەی جینۆساید بۆ یەكەمجار لەلایەن ڕافائیل لیمكن 1959 Raphael leemking توێژەرێكی پۆلۆنی جوولەكە دارێژراوە، بەمانای لەناوبردن و مەحفكردنەوەی (جۆر، خەڵك، ڕەگەز)دێت. ڕافائیل ئەم زاراوەیەی دارشتووە بۆ گەیاندنی هەموو ماناكانی بەرنامەی قات و قڕكردن(قەلاچۆكردن)ی گروپێك.

لە ساڵی (1933) لیمكن یەكەمین پێشناز بۆ ناونانی تاوانی لەو جۆرە دەخاتە بەردەم Legal Councicle of the Leaguue of ) Nation) بە تاوانی بەربەریانە ناوزەدی دەكات (Crime of barity).

جینۆساید بە شێوەكی گشتی مەرج نییە كە مانای لەناوبردنی نەتەوەیەك بگەیەنێت، خاپوركردنێكی یەكسەرەو ڕاستەوخۆ (immedition) مەگەر ئەو كاتەی لە پرۆسەیەكی خێرای دەستە جەمعیدا بەئەنجام بگەیەنرێت، دەنا جینۆساید ئاماژەیە بە پلانێكی دارێژراو بۆ سەرڕێگاخستنی كۆمەڵێك كردە و نواندنی كردار و جێبەجێكردنی كۆمەڵێك بەرنامە و سیاسەت بە نیازی چاو بڕین لە خاپوركردنی بناغە جەوهەرییەكانی ژیانی ئەو گروپە نەتەوەییە ئیتنیكیەی كە پلانەكە بۆ ئەو و لەسەر ئەو دارێژراوە بۆ مەحف كردنەوەی ئەو گروپە. بەواتایەكی دیكە ئامانجی ئەو پلانە پێشوەخت دارێژراوە لێك هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگا (كۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیەكان) و لێك هەڵوەشاندنەوەی كلتور و زمان و هەستی نەتەوایەتی و مەراسیم و بۆنە كلتورە نەتەوەییەكانی ئەو نەتەوەیە. بەمانایەكی

دیکە لێسەندنەوەی ژیان و کەرامەت و ئازادیە لە تاکەکانی ئەو گروپەو کۆی گروپەکەیە.

## ڕێگاکانی پێناسەکردنی جینۆساید:

دەتوانین بە سێ شێوە، سێ ڕێگا جینۆساید پێناسە بکەین:

1. پێناسەی یاسایی (Legal) : وەك ئەوەی لە پەیماننامەکەی(un) دا هاتووە و پێشتر ئاماژەی پێداوە.

2. پێناسەی باو(common) : کە بریتیە لەم پێناسەیە کوشتنی بەمەبەست و بە ئیرادەو بەرنامە بۆدارێژراوی خەڵکێك یان گروپێك لەلایەن حکومەت و دەوڵەتێکەوە، بەبێ هۆ یان بەهۆی جیاوازی نەتەوەیی و کلتوری ئتینکی یاخود بەهۆی شوناسی تایبەتی گروپێکەوە. ئەم پێناسەیە گیروگرفتی هەیە. ئیشکالیەتی گەورەش ئەمەیە کە بەکارهێنانەکەی و ئاماژەکەی تەنیا و تەنیا بۆ کوشتنە (Murder) واتا تەنیا کوشتن لەلایەن ئۆتۆرەتیەکەوە بە جینۆساید دەزانێت. بە واتایەکی دیکە هەلومەرجە فیزیکی و دەروونی کلتوریەکە کە بەسەر گروپێکدا دەسەپێنرێت ناگرێتەوە. بۆ نموونە کورد لە ئێران، بەشێوەیەکی سیستماتیکی ناکوژرێن، بەڵام لەڕووی کلتور و زمانەوانی و ئابووری، بەهەق ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە.

3. پێناسەی گشتی: بریتیە لە ئەنجامدانی هەرکوشتنێکی (intenttional) بەمەبەست و ئامانجداری خەڵکێکی بێ چەکی مەدەنی(سڤیل) لەلایەن ئۆتۆرەتێکەوە، جا حکومەت بێت یاخود دەوڵەت.

ئەم پێناسەیەش ئیشکالیەتی تێدایە، کێشەیەك چارەسەر دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا کێشەیەکی دیکە دروست دەکات. بۆ نموونە ئەگەر جینۆساید ئاماژەکردن بێت بۆ هەر کارێکی - کردەیەکی کوشتن لەلایەن حکومەتەوە ئەو کاتە ناوێك نامێنێت وەك ئاماژە کردن بە کوشتنی خەڵکێك بەهۆی ئەندامێتیانەوە لە گروپێکدا یاخود ئاماژەیەك ناهێڵێت بۆ "مەبەست و نیازی لەناوبردنی گروپێك بەتەواوەتی یا وەك بەشێك "To estroy a group in wholeor inpart . هەر بەهۆی ئەم ئیشکالیەتەوە بوو کە زاراوەی نوێ داتاشرا (democide) .

## قڕکردن لە جینۆسایدەوە بۆ دیمۆساید:

لە زاراوەی (دیمۆساید)، لە زمانی یۆنانیدا لە وشەی(demos)ەوە هاتووە واتە (خەڵك) واتا کوشتنی خەڵك لەلایەن ئۆتۆرەتێکەوە، جینۆسایدیش وەك ئاماژەیەك بۆ کوشتنی خەڵك بەهۆی ئەندامێتیانەوە لە گروپێکی ئیتنیکی تەنەوەیی جیاوازدا. (Artiecle 2) لە (Convertion on the واتا(CppcG) prevention and pubishment of frime of Genocite) ئەم تاوانە یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت بەمەبەستی مەحفکردنەوە یان تێکشکانی بەتەواوەتی یاخود وەك بەشێك لە گروپێك چەن نەتەوەیەك یان ئەتنیکی جیاواز یاخود ئاینی یان ڕەگەزی بەم شێوەیە:

1. کوشتنی ئەندامانی ئەوگروپە.
2. کارێك بکرێت کە ببێتەهۆی دروستکردنی زیانێکی جەستەیی یا دەروونی ئەندامانی گروپێك.
3. بەمەبەست سەپاندنی جۆرە هەل و مەرجێکی ژیان بەسەر گروپێکدا بەنیازی خاپورکردنی فیزیکی ئەوگروپە جا بە تەواوی یاخود وەك بەشێك.
4. سەپاندنی داو پێنگەکان بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە زاوزێ لەناوگروپێکدا.
5. بەزۆر ڕاگواستنی منداڵەکانی گروپەکە و ڕادەست کردنیان بە گروپێکی دیکە .

گەرئەوخالانەی سەرەوە وپێناسەکان هەر هەموو لەبەر چاو بگرین وێنەیەکمان دەستگیر دەبێت دەربارەی جینۆساید، لەهەمانکاتدا دەربارەی ئەنفال وەك سەر ڕێگاخستنی پرۆسەی جینۆسایدێك. گوتمان پلان دارشتن بۆ "دوا چارەسەرکردنی پرسی جوولەکە" واتا هۆلۆکۆست دەوڵەتی ئەڵمانی کردە دەوڵەتێکی جینۆساید. ئەمە بۆ دەوڵەتی عێراق وئێران وتورکیاش ڕاستە.

لێرەدا مەبەستمانە لیکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال بکەین بە تەنیا، واتا لەناو سنووری دەوڵەتی عێراقدا، چ ئێران و چ عێراق و چ تورکیا چ سوریاش دەوڵەتگەلی جینۆسایدن، تەنیا دەبێت "ڕۆشنبیر" ببێت تا بەم دەوڵەتانە بڵێت "دیموکرات!"

## عێراق وەک دەوڵەتی جینۆساید (Iraq a genocid state)

لەکەیسی ئەنفالدا، عیراق وەك دەوڵەتێکی جینۆساید کردە ڕۆڵی گێڕا لە تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، ئەمە جگەلە هەوڵەکانی بەعس لە سالانی (1977 و

1978) بۆ ڕاگواستنی گوندەکان و خاپورکردنی گوندەکان و کۆکردنەوەی خەڵکی ئەو ناوچانەی لە ئۆردگا زۆرەملێکاندا، بەناوی "عمليات الانفال" لە ئازاری (1987) ئامادە کاری بۆ دەکرێت ئەو کاتەی عەلی حەسەن مەجید لەلایەن بەناو (مجلس قيادە الثورە) بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (160) لە (1987/3/29) دەسەڵاتی ڕەهای پێدەدرێت لەناو باکوری عێراق، سەرپەرشتی پرۆسەیەکی سەربازی بکات وەك لە یادمان بێت، بۆ نیگای دوا چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا، واتا بەگوێرەی ئەم بڕیارە کۆمەڵێك لایەن و ئیدارە و دامودەزگا و هێزی چەکداری و ئەمنی جیاواز پەیوەست دەکرێتەوە بە "عضو القيادەالقطريە" عەلی حەسەن مەجید بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکانی ئەنفال لەوانە:

1. مەجلیس تەنفیزی حوکمی زاتی – (هەرێمی کوردستان).
2. پارێزگارەکانی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکێتیە ئیدارییەکانی بەناو باکور.
3. دەزگای موخابەرات و هێزی ئەمن و ئیستخباراتی سەربازی.
4. جەیشی شەعبی.
5. هێزی سوپای کۆماری، ئەنفالی یەك و دوو.
6. هێزی ناکاو – جاشەکان، جاسوسەکانی پۆلیس.

بەواتایەکی دیکە گشت هێزە چەکدارەکان، بە سوپا و پۆلیس و هەواڵگری مەدەنی و سەربازییەوە مۆبلایزکراون، بەسیج کراون لە پرۆسەکانی ئەنفالدا. هەروەها چەند وەزارەتێکی دەوڵەت بەشداربوون لە عەمەلیاتەکانی ئەنفالدا، وەزارەتی کشتوکاڵ کۆکردنەوەی بەرووبومە بەجێهێڵدراوەکان، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دارایی بۆ دەست بەسەراگرتنی موڵك و ماڵی ئەنفالکراوەکان، وەزارەتی ڕاگەیاندن بۆ شێواندنی ڕاستیەکان و پروپاگەندەکردن، لەپاڵ دائیرەکانی نفوس و ئامار کەواتە بە چەند بەرئەنجامێك دەگەین:

1. پرۆسەکانی ئەنفال دەوڵەتی عێراق کردە دەوڵەتێکی جینۆسایدa genocid state) بەو مانایەی جگەلە هێزە سەربازییەکان، وەزارەتەکان و ئیدارەکانی دیکە سەرجەم سەرقاڵی بەئەنجام گەیاندنی ئەنفال بوون وەك جینۆساید.
2. لە ڕێگای گشت ئەو وەزارەت و ئیدارانەوە، دەرگیرکردنی خەڵکی ناو ئەو وەزارەتانەی لەتەك ئەنفالدا دەتوانین بڵێن کە ئەنفال بە کردەوە تەنیا پرۆسەیەکی سەربازی نەبووە،

بەڵكو خەڵكی مەدەنیش لە پرۆسەكەدا بەشداربوون، واتا تێوەگلانی كۆی یان بەشێكی زۆری كۆمەڵگای عێراق لە جینۆسایدی ئەنفالدا، جگەلە دام و دەزگا بیرۆكراسیەكانی دەوڵەت كە دەرگیری ئەم پرۆسەیە بوون، بەشێك لە كۆمەڵگای مەدەنیش لە پرۆسەكەدا تێوەگلێنراون.

3. بۆ ئەم بەسیج كردنە، مۆبلایزكردنەی بەشە جیاوازەكانی كۆمەڵگای عێراق، تەنها پلانێك كافی نەبووە، بگرە ئایدۆلۆژیایەك دارێژراوە، وێناكراوە، بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بە ئەنفال، كە ئەم ئایدۆلۆژیایە هی بەعس نەبووە بە تەنیا، بەڵكو لەماوەی شەست ساڵدا لەسەر بنەمای ئەزموونەكان و وێناكردنەكانی ئەوی دیكە، واتا كورد وەك ئەوی دیكەی عەرەب دارێژراوە لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە كە عەرەبە بۆ نەتەوەی بن دەست كە كوردە، ئەو ئایدۆلۆژیایە ماتۆڕی ئەو دیو سەر ڕێگاخستنی "دواچارەسەری كێشەی كوردە لە عێراقدا" كە بە ئەنفال خۆی بەیان كردوە، بە مانای جینۆساید كردن و قات و قڕكردنی كورد، یەكەمجار و بۆ هەمیشە دواچارەسەری ئەو كێشەیەی كە لە دروستبوونی عێراق وەك كیانێكی – دروستكراوی "مەسنوعی" لە ئارادا بووە.

جێگەی ئاماژەكردنە كە پرۆسەكانی ئەنفال بەرمەبنای بەرنامەڕێژیەكی پێشوەخت و بڕیار لەسەر دراو، بەرمەبنای بڕیارێكی سەركردایەتی حیزب و حكومەت و دەوڵەت بە بەشداری سێكتەرە جیاوازەكان و كۆمەڵێك دامودەزگای سەربازی و حكومی و حیزبی و مەدەنی و ئیستخباراتی(هەواڵگری) بە ئەنجام گەیەنراوە، كەواتە :

1. ئەنفال بەربنەمای بەرنامەیەك بوو كە پێشتر تاوتوێ كراوە و بیری لێكراوەتەوە و بڕیاری پێشوەختی لەبارەوە دراوە بۆ جێبەجێكردنی، ڕوانینێكی سیاسی و بڕیارێكی سیاسی بۆ چارەسەركردنی كێشەیەك كە جینۆسایدی ئەنفال دوا چارەسەریەتی.

2. ئەنفال تەنیا پرۆسەگەلێكی سەربازی نەبووە، بەڵكو پرۆسە گەلێك بووە كە دەوڵەت و حكومەت و بەشێك لە كۆمەڵگای مەدەنیش دەرگیری بووە، بەواتایەكی دیكە لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە دەتوانین بڵێن دەوڵەتی عێراق ئەوسا بەهۆی دەرگیربوونیەوە لەتەك جێبەجێكردنی پرۆژەی جینۆسایدی كوردا (ئەنفال) دەبێتە دەوڵەتێكی جینۆساید واتا

کۆی سیستمەکە سەرقاڵی پیادەکردنی جینۆساید بووە.

3. لە دروستبوونی ئەو کیانە مەسنوعیە کە ناوی عێراقە کێشەیەك هەبووە بەناوی کێشەی کورد، واتا بوونی ئیتنیکێکی جیاواز کە ناگونجێت لەتەك ئەو کیانە تازەیەدا، چونکە کیانەکە ڕەگەزپەرستە، قەومچیە، بەرمەبنای عەرەبایەتیە. ئەو کەمایەتیەش شوناسێکی جیاوازی هەیە، کەواتە کێشەیەك هەیە کە هەمیشە پێویستی بەچارەسەر هەیە، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هەوڵی حەلکردنی ئەم موعەمایە زۆر دراوە، لە چارەسەری سەربازییەوە بۆ چارەسەرەکانی دیکە، بێ سوود بووە کەواتە پێویستی بە دوا چارەسەر هەیە کە خوودی جینۆسایدکردنە، کە ئەنفالە.

4. ئەنفال بریتی بوو لە دوا چارەسەر بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا ( the final sotution) واتا ئەنفال وەك مەحفکردنەوەی شوناسێکی جیاواز، پرۆسەیەکی سیستماتیکە دەوڵەتی میللەتێکی سەردەست بۆ چارەسەرکردنی هەبوونی میللەتێکی دیکەی ژێر دەست کە کوردە لە کیانێکی مەسنوعی دا.

## ئەنفالی نۆیەم:

پرۆسە سەربازییەکانی ئەنفال بریتیی بوون لەسەرڕێگاخستنی "دوا چارەسەر" بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا، واتا مەحفکردنەوەی کورد لەو کیانە مەسنوعیەدا، دوای بەبنبەست گەیشتنی هەموو چارەسەر و ڕێگاکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەتەڵە، ئەو کێشە ڕیشەییە کە هەبوونی ئیتنیکێکی جیاوازە لەناو ئەوکیانە مەسنوعیەدا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دروستکردنەوەی ڕژێمی عێراق کە ئەمجارە سەرانی گەمژەی کورد لەم پرۆسەیەدا بەشداربوون، ئەم بەشداربوونە خۆی بەشداربوون بوو لە دروستکردنی زەمینەیەکی نوێ بۆ ئەنفالێکی نوێ کە ئەنفالی (نۆیەم)ە، واتا ئەنفالی نۆیەم بەدەستپێشخەری ی سەرانی گەمژەی کورد سەرڕێگاخرا.

لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە کورد وەك کەمایەتیەك بەشداریەکی چالاکانەی کرد بۆ دروستکردنی زەمینە بۆ ئەنفالێکی نوێ، جینۆسایدکردنێکی نوێی کورد لە عێراقدا لە ڕێگایەکی یاساییەوە، بەهۆی دارشتنی دەستوورەوە. سەرڕێگاخستنی ئەزموونی

حکومڕانی کورد خۆی زەمینەیەك بوو بۆ (ئەنفالی نۆیەم) کە دواجار کورد چالاکانە بەشداریکرد لە جینۆسایدکردنی کورد لە عێراق و چالاکانە بەشداریکرد لە پرۆسەی تەعریب کردن و داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان و گورزلێدان لە زمان و لە کلتوری کوردی بەڵام بەناو لەژێر "ڕێبازی کوردایەتی"دا.

ئەمجارە لە داڕشتنی دەستوری عێراقدا کورد بە فەرمی بەشداری جینۆسایدکردنی خۆی کرد.

دەستوری عێراق هیچ نییە جگەلە بە "ڕەسمی ناساندنی جینۆسایدکردنی کورد"، بەهۆی ئیقرارکردن(دانپێدانان)ی لەسەر هەبوونی ناوچە جێناکۆکەکان"ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان"، ئەم ئیقرارکردنە بەرجەستە بوونی قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەنفالە لەدوای خودی پرۆسەکانی ئەنفال. دەستوری عێراق لەئێستادا بریتیە لە ئینکارکردنی نەتەوەی کورد لەلایەن هێزە عێراقییەکان و خودی کوردەوە، بە موبارەکەکردنی سەرکردە "گەمژەکانی کورد" کە ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە داڕشتنی ئەو دەستورەدا. بەمانایەك لە ماناکانی دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە، ڕووخان و دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، ڕۆڵی سەرانی "کورد" لە پرۆسەی دروستکردنەوەی ئەو کیانە ڕەگەزپەرستیەدا، خۆی سەررێگاخستنی (ئەنفالی نۆیەم) بوو.

(ئەنفالی نۆیەم) واتا تەواوکردنی پرۆسەی ئینکارکردنی کورد، دداننەنان بە مافە نەتەوەییەکانی ئەو میللەتە جیاوازە لەم کیانە مەسنوعیەدا کە عێراقە، (ئەنفالی نۆیەم) خۆی بریتیەلە سەر ڕێگاخستنی "ئەزموونی شکستخواردوی حکومڕانی کورد لە ناوچەکە"دا. ئەزموونی "حوکمڕانی کوردی" پەڵەیەکی شەرم ئاوەرە بە تەوێڵی سەرانی "گەمژەی کورد"ەوە، لەوەدا کە هیچ وانەیە لە ئەنفال و پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد نە حاڵی بوون، نە تێگەیشتن، نە سەرنجیاندا، نە لەسەرییەوە هیچ شتێکیان دروستکرد، نە لە سەریەوە دنیابینیەکیان سەررێگا خست. دوای ئەنفال هەروەك پێش ئەنفالە، ئەویش تراژیدی تراژیدیاکانە، یاخود کۆمیدی کۆمیدیاکانە، گەر قسە لەسەر نەتەوە بکەین تراژیدیایە، گەر قسە لەسەر "سیاسەت و سەرکردە گەمژەکان" بکەین، کۆمیدیایە، چ کۆمیدیایەك!!

(ئەنفالی نۆیەم) خۆی لە پرۆسەی دروستکردنەوەی دەوڵەتی مەسنوعی عێراقیدا دەبینێتەوە، خۆی لە پرۆسەی دارشتنەوەی بەناو "دەستوری عێراق"دا دەبینێتەوە کە سەرکردە گەمژەکانی کورد رۆڵی دیاریان لەو پرۆسەیەدا بینی. دەستوری عێراق خۆی دەستورێکە لە بۆسەدایە بۆ (ئەنفالی نۆیەم) و ئەنفالەکانی دیکە کە بەرێوەن، ئیقرارکردن بە ماددەی (140) خۆی ئیقرارکردنە، مل نانە، تەسلیم بوونە، بە پرۆسەی ئەنفالەکانی دی کە بەرێوەن، لەوانە (ئەنفالی نۆیەم)، ئیقرارکردن بە هەبوونی ناوچە کێشەلەسەرەکان"ناوچەی جێ ناکۆکی لەسەرەکان" لوتکەی (گەمژەیەتی کوردایەتی)یە، کوردایەتی لەم ئیقرارکردنەدا سەلماندی کە هیچ نییە جگەلە "دواکەوتوویی عەقڵی"، جگەلە "بیرکۆڵی سیاسی"، جگەلە "گەمژەیی سیاسی لە لوتکەدا" کە کوردایەتی بە جوانترین شێوە گوزارشتی لێ دەکات، گەمژەیی سیاسی باشترین تەعبیرلێکردنی بریتیە لەو کەسانەی کە پێیان دەڵێن "سیاسی کورد" یا لەوە خراپتر و کارەساتتر "سەرکردەی کورد"، کە ئەمەی دواییان جگەلە گەمژەیی کۆمیدیاشە!!

## ئەنجامە بەراییەکانی ئەنفالی نۆیەم:

ئەنفالی نۆیەم تائێستا ئەم بەر ئەنجامانەی لێکەوتۆتەوە:

1. تەعریبکردنی کوردستان: پرۆسەی تەعریبکردن زۆر خێرا بڵاودەبێتەوە و بەرەو پێش دەرِوات, بەهۆی غیابی سیاسەتیشەوە لە کوردستان ئەم کێشەیە نەبوەتە مایەی سەرنجدان. دیارە لەپاڵ هۆی دیکەدا لەوانە سەرقاڵ بوونی ئەو کەسانەی کە بە هەڵە پێیان دەڵێن "سیاسەتمەدار" سەرقاڵبوونیان بە قاچاخچێتی نەوت و گاز و دەرمان و مەوادی بێ هۆشکەر.
2. داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق.
3. مامەڵەکردن لە تەك کورد وەك گروپێك کە رەنگە هەندێك خاسیەتی جیاوازی کلتوری هەبێت، بەڵام نەتەوە نییە.
4. کردنی خاکی کوردستان بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەب و بە خستنە برسێتی کردنی کورد وەك بە شێك لە ئوممەی عەرەبی.
5. هەوڵ و کۆششکردن بۆ تەواوکردنی پرۆسەی "دوا چارەسەری بۆ پرسی کورد" لەلایەن هێزە ئاینییەکانەوە چ شیعە بێت یاخود سوننە.

6. ژیانی کورد لەناو ئەنفالێکی گەورەتردا کە بریتیە لە جینۆسایدکردنێکی لەسەرخۆی کورد.

دەربازبوون لەم بەرئەنجامە ترسناکانە، لەم چارەنووسە تاریکە، تەنیا بە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی کوردی و ڕەتکردنەوەی ئەحزابی کوردی دەبێت، لە ڕێگای هێنانەکایەوەی سیاسەت و هۆشیارییەکی مەدەنی بۆ کەلاوەکە کە (هەرێمی کوردستان)ە.

**د. فاروق رەفیق:**

## تویژەر و سکۆلەری بواری فەلسەفە: "ئێمە هێشتا لە ئەنفال تێ نەگەیشتووین"

هەڤپەڤین: بەکر حمەحسێن

لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ گۆڤاری ئەنفالناسی، توێژەرو سکۆڵەری بواری فەلسەفە د. فاروق رەفیق، دەڵێت: تائێستا ئەنفال بەردەوامە، چونکە هێشتا لە ئەنفال تێنەگەیشتوین. هەروەها پێی وایە: ئێستا بە خەڵکی بڵێین چی بکەین بۆ ئەنفال؟ یەکسەر بیری بۆ ئەوە دەڕوات حکومەت چی کردوە؟ کەچی دەبێت ئەم ڕوانینە تیکرا سەرلەبەری هەڵگێڕینەوە و پرسین: تۆ چیت کردوە بۆ ئەنفال؟ من چیم کردوە بۆ ئەنفال؟ ئەو چی کردوە بۆ ئەنفال؟ خۆت وەکو جڤات چیت کردوە بۆ ئەنفال؟.

لەم گفتوگۆیە ئەو توێژەرەی کورد پەنجە لەسەر زۆر خاڵی گرنگ دادەنێت و زۆر بابەتی پەیوەست بە ئەنفال دەوروژێنێت هەرچەندە ئەو ڕای وایە کە "ئەنفال پرۆسەیەکی بەردوامە و ئیمەی کورد هیشتا قودرەتی تێگەیشتنمان نییە لە ئەنفال و مانا و مەغزاکانی چەمکی ئەنفال".

لە گفتوگۆکەدا ئێمە بەتاسەوە دەپرسین و ئەویش وەڵام دەداتەوە.

**ئەنفالناسی:** دوای (35) ساڵ لە جینۆسایدی ئەنفال، بۆچی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و پەرلەمان وەستا؟ چۆن پێناسەی ئەنفال بکەین لەڕێگەی هۆکارەکانی یان کاریگەرییەکانی یان (act) کەیەوە پێناسەی بکەین؟ ئایا کێشەکە بوونی ئێمەیە لە عێراق و ئێران و تورکیادا؟

**فاروق رەفیق:** با لەوێوە دەست پێبکەین هەموو ئەوانەی دەڵێی دەتوانین بیکەین. ئەگەر هاتوو تیمێك ئیش لەسەر ئەوە بکات ئەمە چۆن جینۆسایدە؟ تیمێك لەسەر ئەوە کاربکات ئەنفال چۆن قڕکردنی نەتەوەیەکە؟ تیمێك ئیش لەسەرئەوە بکات ئینکاری کردنی وجوودی نەتەوەیەکە، لەسەر خودی ئەکتەکە.

لە سەرەتادا دەستخۆشی لەخۆت و هەموو ئەو کەسانە بکەم لەم بوارەدا ئیشیان کردووە، چەند بەڕێزێکن کتێبیان هەیە و ئیشیان کردووە دەستی هەمووتان خۆش بێت، با نەڵێین هیچ نەکراوە، ئەم هەموو جوهد و هەوڵانە لەبەرچاو دەگرین، من دوو باسی بڵاونەکراوەم هەیە، کە دانەیەکیان

باسی ئەنفالی نۆیە و پێشتر باسمکردووە، کە ڕوویداو ئەوەی شەنگال بوو، ئێستا لەناو ئەنفالی دە داین، بۆیە نامەوێت پێناسەی بیزەنتی جینۆساید و ئەنفال بکەم، وەکو ئەوەی لە قانوونی دەولی هەیە ئایا ئەمە جینۆسایدە یان نا؟ ئێمە پێویستمان بەم سەفسەتەیە نییە، چونکە ئەنفال ڕووداوێکی تراژیدی بوو بەسەرماندا هاتووە، بۆ قڕکردنی نەتەوەیەك بوو، کەڵەکەبووی (70 - 80) ساڵ لکاندنی کورد بووە بە عێراقەوە، ئەم قڕکردنە تەنها لە عێراق ڕووینەداوە. گرفتەکە ئەوەیە ئەو کەسانەی باسی ئەنفال دەکەن باسی ئەوە ناکەن ئەی لە تورکیا چی ڕوویداوە، لە دەرسیم چی ڕوویداوە؟ قڕکردنی گەورەی کورد لە تورکیا لە باکوری کوردستان ڕوودەدات. تەعریبکردنە ئەسڵیەکە لە سوریا ڕوودەدات. لە ئێران ئینکارکردنی کورد ڕوودەدات، ئەمە پاکێجێکە و یەك کەیسە پێکەوە.

لێرە لە پرۆسەیەکی سەربازیدا کە پێدەگوترێت ئەنفالی (1، 2 تا 8) ئێستا نۆ ڕوویداوە کە شەنگالە، ئێمە ئێستا لە ئەنفالداین، من بۆ ئەمە دەڵێم ئەنفال چییە؟ ئەنفال ئینکاری کردنی وجودی کۆمەڵە خەڵکێك و کوشتنیەتی بەدڕندانەترین شێوەیە، من لە باسەکەمدا بەراوردم کردووە بە هۆلۆکۆست، چۆن لە هۆڵۆکۆست قەزیەك هەیە ( final solution) واتە دوا چارەسەر. دوار چارەسەر چییە ؟ یانی سڕینەوە یان مەحفکردنەوە. لەعێراقیشدا لەڕاستیدا ئەنفال بریتیە لە سەر ڕێگەخستنی دواچارەسەری کێشەی کورد، چۆن کێشەی کورد چارەسەر بکەین! ئەویش سڕینەوەیانە، ئیبادەکردنیانە، لە تورکیاش بەهەمان شێوە، تازەترین لێدوان ئەردۆگان دەڵێت شتێك نییە بە ناوی کوردستانەوە، لەکاتێکدا ئەو سەر بە نەتەوەیەکە کە (800) ساڵ پێش ئێستا هاتووە خاکەکەی ئێمەی داگیرکردووە. (800) ساڵ بۆ مێژوو هەر هیچ نییە، وەکو ئەوە وایە بڵێی دوێنێ ڕوویداوە. ئێمە لەناو ئەم ئەنفالەداین کە ئینکارکردنی وجودی نەتەوەیەکە.

**ئەنفالناسی:** بۆچی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال سەرکەوتوو نەبووە؟ ئایا ئەمە پەیوەندی بە بوون و نەبوونی بەڵگەوە هەیە یان بابەتەکە سیاسییە و پەیوەندی بە بەرژەوەندییەوە هەیە؟

**فاروق ڕەفیق:** نا بابەتەکە پەیوەندی بە بوون و نەبوونی بەڵگەوە نیە، پەیوەستە بە نەبوونی عەقڵەوە، نەبوونی هۆشیارییە، عەقڵێك نییە ئەمە بخوێنێتەوە، هەموو بەڵگەکان هەن، بەڵگەنامە و نوسراوەکان هەمووی کۆکراونەتەوە. ئەمەریکا کە عێراق داگیردەکات، بە تەن بەڵگەنامە دەبات، ئەمەریکا لەو کاتەی عێراق داگیر دەکات پێویستی بەوە بووە بڵێ ئەمە جینۆسایدە، بەڵام ئێستا هیچ ئیشێکی پێی نییە، ئەوە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا، بەڵام ئەدی ئێمە خۆمان چی دەکەین؟ من ناڵێم بەڵگەکان کۆنەکرێتەوە، چونکە خەڵك هەیە ئەوەی کردووە، ئەوەتا ئێوە گۆڤارتان هەیە، ژمارەیەك خەڵك ئەم بەڵگەنامانەیان کۆکردۆتەوە. ئێمە کێشەی بەڵگەمان نییە. دەتوانی چەند تیمێك دابنێی خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەبن. ئەگەر هەموو دونیا پڕ بکەین لە بەڵگە کە ئێمە چیمان بەرامبەر کراوە. ئەگەر عەقڵێك نەبێت لەگەڵ ئەم بەڵگانە ئیش بکات، هەمووی دەخەیتە ناو مۆزەخانەوە.

ئەگەر تەماشای ئێستا بکەین، دەبینین تەعریب ئێستا لە سەردەمی بەعس زیاترە، یەك جیاوازی هەیە ئەویش ئەوەیە هەندێك قات لەبەرو سیاسیمان ناردووە بۆ بەغدا پارە وەردەگرن و هیچ ناڵێن، تەعریب لە جاران زۆرترە، ڕەگەزپەرستی لە ترۆپکدایە بەرامبەر بە کورد. جیاکاری بەرامبەر کورد هەیە، بە تۆخی هەیە. ئەو ناوچانەی بە خوێنی پێشمەرگە ڕزگارکرا دواتر هەمووی وەرگیرایەوە و بە دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە سەیرکرا. تۆ ئەگەر ئێمە قبوڵ دەکەیت وەکو نەتەوەیەك، ئەمە ناوچەی داگیرکراوە، یانی چی دەیکەیت بە شایی و لۆغان و خۆشی، لەبەرئەوەی سەربازی تۆ هاتووەتەوە ناوی. بۆیە دەڵێم ئێمە ئێستاش لە ئەنفالدا دەژین.

**ئەنفالناسی:** ئێمە عەقڵی گەورەمان نەبووە کە باسی دەکەی، بەڵام بەڵگە و توێژینەوەمان زۆرن، هیچ کاتێك هەیە بۆ دەستپێکردن و کۆتایی لە کارکردن لە بواری ئەنفالدا. ئێمە دەتوانین بڵێین کاتێك هەیە و کۆتایی دێت، ئەم عەقڵە گەورەی بەڕێزت باسی دەکەی ناوەندەکانی زانکۆ، ڕۆشنبیران، سیاسیەکانن، یان دروستکردنی بەرژەوەندیە بۆ زلهێزەکانی دنیا؟

**فاروق ڕەفیق:** نا هیچیان نین، ئەوە ئەزەفول ئیمانە. ئەمە پرسیارێکی گرنگە؟ ئەم عەقڵە کە لەکوێوە دێت؟ ئەوەی من

نائومێد دەکات لە جوتیارێکی کوردەوە دەست پێدەکەیت تا ڕۆشنبیرێکی کورد، ئەو هەستە نیە بەرامبەر ئەو ئیهانە گەورەیەی بەرامبەر ئێمە کراوە لە هەڵەبجە و ئەنفالدا، لە پارچەکانی تری کوردستاندا، ئێمە ئیهانە کراوین، ئیهانەی کەرامەتی ئینسانی ئێمە کراوە، ئەنفال چییە؟ تۆ کە نەزانی ئیهانە کراوی، سوکایەتی گەورەت پێکراوە، کە ئەمەت زانی ئینجا دەڕۆیت و هەموو بەڵگە و بەڵگەنامەکان خۆی دروست دەبێت، ئێمە هەست ناکەین بریندار کراوین، ئێمە غرووری نەتەوەیمان ڕسوا بووە هەستی پێناکەین. هاتووین بە چەپڵەڕێزان دەڕۆینەوە بۆ مەرکەز. وەزیر و فەرمانبەرێك دادەمەزرێنێت وا دەزانن عێراق واتە ئەمە.

**ئەنفالناسی:** کەواتە ئەو کارە دەبوو پەروەردە بیکردایە؟

**فاروق ڕەفیق:** تۆ ناوی چوارپێنچ شوێنت وت، زانکۆکان ناوەندی حزبین هەروەکو بارەگاکانی حزبن، عەقڵ و مەعریفە و سکۆڵەر بەرهەمناهێنێ، لەبەرئەوە زانکۆ نییە. ڕۆشنبیری کوردیش ئەو کۆمەڵە خەڵکەن خەریکی کۆمەڵێ شتی زۆرزۆر بچوکی خۆیانن، هیچ پەیوەندیەکیان نییە بەو ژیانەی ئێمە تێدا دەژین، نە بەو موعاناتانەی ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ناو بەناو لیستێك دێتە دەرەوە هی ئەو ڕۆشنبیرانەی بە تەنەکە پارەیان وەرگرتووە لەم بارەگا و لەو دەزگایە، ئەمە چۆن دەتوانێ لە ئەنفال تێبگات، ناتوانێ لە ئەنفال بگات، کێشەمان ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆیە، کێشەمان سیاسیە، ئەوەی تۆ پێیدەڵێت سیاسی، دۆستانە بە تۆ دەڵێم هەمیشە لەناو کەوانە "سیاسی". کە وتت کەوانە، کەواتە شوێنی ئیشکالە، ئێمە سیاسیمان نییە. من لەدوا کتێبمدا (وێرانە خاکی شۆڕشگێڕان) باسی ئەوەم کردوە کە شتێك نییە لەم وڵاتەدا بەناوی سیاسەتەوە، کە سیاسەتت نەبوو تۆ چۆن سیاسەتمەدارت هەیە، سیاسەتمەدارت نییە، بەڵام خەڵکێك هەیە بەو ناوەوە خەریکی بازرگانی کردنە، زۆرباشە ئەمانە هەن، خەڵك هەیە ئەمانە وەك عەلاگە بەکاردەهێنێ، هەرچی کەموکوڕی ئەم نەتەوە هەیە بەواندا هەڵیدەواسێ، ئێستا بە خەڵکی بڵێن چی بکەین بۆ ئەنفال یەکسەر بۆ ئەوە دەڕوات حکومەت چی کردووە؟ دەبێت ئەم گفتوگۆیە سەر لەبەری هەڵگێڕینەوە. تۆ چییت کردووە بۆ ئەنفال؟ من چیم کردووە بۆ ئەنفال؟ خۆت وەکو جڤات چیت کردووە؟

پرسیارێکی جوانت کرد، با وەڵامی ئەوەشت بدەمەوە ئێمە ئێستا لەناو ئەنفالداین. ئەوەی ڕوودەدات ئینکاری کردنی ئێمەیە جارێکی دیکە. لە کەرامەت و غروری نەتەوەیمان دەدرێت. بە بارێکی دیکەدا هەڕەشەی وجودیمان لەسەرە. ئایا کاتی ئەوە نییە ئەمە تەرح بکەینەوە؟ با هۆشیاربین و ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ بەڕێزتدا دەیکەین، خەڵکانی دیکەش بیکات، ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، ئەوەی نەکراوە نەکراوە، بەڵام ئێستا دەتوانین چی بکەین؟ هەمیشە ئەوەی جێگەی ئومێدە بڵێ وەرە با ئیشەکە بکەین جارێکی دیکە. هەمیشە و دووبارە کاتی دەستپێکردنە، سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە. بەڵام چی دەوێت، ئەوەی کە لەڕابردوودا نەمانبووە یەکەم هۆشیاریی و عەقڵە، دووەم غرورمان نەبووە. غرور بۆ نەتەوەی ژێردەستە زۆر پێویستە، چونکە ئێمە لە غروری نەتەوەییمان دراوە و جوامێریمان تێدا کوژراوە.

**ئەنفالناسی:** وەزارەتی شەهیدان و سەنتەری جینۆسایدمان هەیە، پارەیان بۆ خەرجدەکرێت، ئەم دەزگایانە ئیشیان چییە، ئەوەی کراوە پێشتر زیاتر هەوڵی تاکەکەسی بووە، دەبێت پرسی ئەنفال لە چوارچێوەی دەزگادا چۆن ئیدارە بدرێت؟

**فاروق ڕەفیق:** ئەگەر بمانەوێت شتێك بکەین دەبێت لەودیو وەزارەتی شەهیدانەوە ئیش بکەین، لەودیو یەکێتی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە دەبێت ئیش بکەین، وەزارەتی چی کاکە؟ بە پارە عەقڵ دەکڕدرێت؟ پارە خەرج دەکەین بەس کە عەقڵ نەبوو چی لە پارە دەکەیت، ئێستا بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بڵێ دەمانەوێت باسی ئەنفال بکەین وا دەزانێ یادی دەکەینەوە. ئیهانەی ئەنفالکراوەکان دەکەن. ئازیزم ئەم بابەتە پارە نییە، ئەمە عەقڵە، پێگەی تۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کوێیە، تۆ بە بەردەوامی ئینکار دەکرێیت، ئەمە تۆی نەجوڵاند و تۆی دروست نەکرد، لەسەر پێی خۆت بوەستی، عەجولانە پرسیاری گەورە بکەی. ئەوانەی پێیان دەڵێن "سیاسی"سەرەیان گرتووە و لەسەر ئەژنۆ دەڕۆن بەرەو پایتەخت. دوژمنەکانی ئێمە دەزانن تۆ چۆن باسی ئەنفال دەکەیت، ئەوانەی تۆ پێیدەڵێت سیاسی لەسەر ئەژنۆ دەڕۆن بۆ تاران و ئەنقەرە و بەغدا، تۆ کە خاوەنی ئەمانە بیت چۆن دەتوانی ئەم قسانە بکەیت. ئێمە وەکو ڕێزێك لە ئەنفال و

کەسوکاریان ناگرین، دەبێت بڵێین هیچ نەکراوە ڕاگرن. نابێت چاوەڕوانیمان لە زانکۆ و وەزارەتی شەهیدان هەبێت، تکا دەکەین خۆتان لە قەرەی مەدەن، چونکە ئێوە ئەو دەستەن، دەست ببەن بۆ ئاڵتون دەبێت بە شیاکە.

**ئەنفالناسی:** لەئێستادا بارودۆخێکی سیاسی دروستبووە، قوربانی خۆزگە بە جەلادەکەی دەخوازێت، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ داوا دەکرێت مەرکەز داگیرمان بکات و موچەمان بداتێ، ئایا بە دیلی ئەم بارودۆخ و قەوارەیە، بەغدا و مەرکەزو حەشدی شەعبییە؟ بەدیلی ستەمکاری هەرێم بەغدایە؟

**فاروق ڕەفیق:** ئەوە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، دەبێت لەو هەڵوێستە تێبگەین نەك ئەوەی ئەمە شتێکی باشە. دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەیە پرسەکە. ئەوەش بەوە چارەسەر نابێت جارێکی دی شەراکەتی بکەیت لەگەڵ ستەمکاراندا. چونکە: یەکەم بەغدا کلیپتۆکراسیە واتە حکومڕانی چەتەکان، دووەم یەك عەقڵ نییە لە بەغدا تۆ بتوانی گفتوگۆیەکی لەگەڵدا بکەیت. لەبەرئەوە مەرکەز نییە، بەڵکو تۆ خۆت داغان بووی. کلیپتۆکراسیش لە کوردستان هەیە، حکومڕانی چەتەکان هەیە خەڵکێك نانی نیە، ئاوی نیە، هەموو پێداویستیەکانی ژیانی نییە، خەڵکی ژیانی دەوێت، تۆ پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانت نیە، ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی نیاندەرتاڵ. یانی چی (12) سەعات کارەبا نەبێت، کێ ئەمەی کرد؟ ئەمە ئەو کۆمەڵە خەڵکە کردوویەتی شایستەی ئەوە نیە حوکم بکات. نازانێ حوکم چییە؟ بەڵام هەلامەتێك بگرێت منداڵەکەی لە نەمسایە لە لەندەنە، منداڵی ئێمە چیە؟ دەرگای مەکتەبەکانیان لە منداڵی ئێمە داخستووە. خەڵك لەمە توڕەیە بەدیلی نیە. قودرەتی بیرکردنەوەی نیە ئەڵتەرناتیڤێك دروست بکات. بۆیە گەڕانەوە بۆ مەرکەز ئەڵتەرناتیف نیە، ئەم شتانەی دەیڵێم هیچی رق نیە بەرامبەر بە عەرەب، بەرامبەر بە تورك، چونکە من کەیسێکم هەیە، کەیسی نەتەوەکەم و من داکۆکی لەمە دەکەم، کەواتە ئێمە کێشەمان لەگەڵ نەتەوەی کوردیش هەیە کە ناجوڵێ و بیر ناکاتەوە. ئەڵتەرناتیڤی عەرەب چیە بۆ کورد؟ ئەوەیە بە نەورۆزەکەی بڵێت جەژنی دارو درەخت، ئەوەیە ڕێگەی لێبگریت زمانەکەی بەکاربهێنێت، یان ئەوەی لە پەرلەمان بۆی

نەبێت بە کوردی قسەبکات، ئەمە گاڵتەجارییە.

**ئەنفالناسی:** بەپێی دەستور دەتوانی بە کوردی قسە بکەی چونکە کوردی زمانێکی فەرمییە، بەڵام پەرلەمانتارەکان خۆیان قسە ناکەن؟

**فاروق ڕەفیق:** شەرمێك هەیە، ئێمە میللەتێکی داگیرکراوین، ئەم داگیرکردنەش مێژوویەکی هەیە. ئەوەش نییە دەوترێت سایکس بیکۆ، نا ئێمە زۆر لەپێش ئەوەوە داگیرکراوین. ئێمە زیهنێکمان بۆ دروستبووە کە زیهنی کەسی داگیرکراوە، ئێمە خۆمان بە بچوك دەبینین، زمانمان بە بچووك دەبینین. زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندترە لە زمانی عەرەبی، گەمژەیەك دەنێریت بۆ بەغدا نە کوردی دەزانێ نە عەرەبی، چی دەکات، دەیەوێت بەهەر شێوازێك بێت دوو کەلیمە عەرەبی بڵێت تا بڵێت عەرەبی دەزانم، ئەمە مێنتاڵتی کەسی داگیرکراوە.

**ئەنفالناسی:** دوای (2005) کورد دەیەوێت ئەنفال بە جینۆساید بناسێنێ، بە نموونە لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی، وەکو: سوید، بەریتانیا، کەنەدا...تاد، بەڵام لەم بوارەدا سەرکەوتوو نابێت، دواتر دێت لەڕێگەی دروستکردنی بەرژەوەندی بۆ زلهێزەکان وازلە ئەنفال دەهێنێت و سەرقاڵدەبێت بە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، ئێمە ناتوانین دەستکەوتی نەتەوەیی و وەبەرهێنانی دەوڵەت لەسەرئەنفال بکەین؟

**فاروق ڕەفیق:** بەکارهێنانی وشەی وەبەرهێنان بۆ ئەنفال لەلای من جێگەی ئیشکالە. من کەیسێکم هەیە کەیسێکی ڕەوایە، ئەوەی ئیسرائیل کردوویەتی هەمووومان دەیبینین، کەیسێکی ترمان هەیە شاکارە، ئەویش کەیسی جینۆسایدی توتسیەکان و هۆتسیە لە وڵاتی ڕواندا، بڕواناکەم ئەو گفتوگۆیانەیان کردبێت کە چۆن ئەم جینۆسایدە بەکاربهێنین، پارە بهێنن لەدەرەوە بۆ وڵاتەکە، کەچی ئێستا ڕواندا بووەتە یەك وڵات و شوێنێك هەموو جیهان سەیری دەکات، هاتوون وڵاتێکیان بینا کردووە لەدوای ئەو جینۆسایدەوە، جگەلەوەی ئاشتەوایەکیان لەنێوان ئەم دووانە دروستکردووە، وڵاتەکەشیان هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە. تۆ بە بیناکردنی خۆت خەڵك ڕادەکێشێت بۆ وەبەرهێنان، تۆ چی دەکەی؟ نەوت و غازی چی کاکە، ئەوە ئیهانەیە بە ئەنفالکراوەکان، یانی چی تۆ نەوت دەنێریتە دەرەوە و (32) ملیار دۆلار قەرزاریت، ئەم نەوتە لەدەستی

ئەمیندا نەبووە ئێستا غازەکە ناچێتە دەستێکی ئەمینەوە. تۆ ئەمە چارەسەر بکە، لایەنی کەمی حکومڕانی یاسا جێبەجێ بکە. یەك کورد شك نابەم غەرب (ڕۆژئاوا) بناسێ. بۆیە وەبەرهێنانی چی، ئێمە کراوین بە نەوت فرۆش، بەڵام کوا کەیسەکانمان، ئەی نەتەوەکەمان. ئەی غرورمان، ئەی ئازادییەکانمان، ئەی نیشتمانەکەمان؟

**ئەنفالناسی:** لە ئەنفالدا ڕەمزی گەورەمان هەیە، چیرۆکی تراژیدیمان هەیە، تەیمورمان هەیە فەرەجمان هەیە، تەیمور لەسەروبەندی ڕوخانی ڕژێمی بەعس ناوەندەکانی بڕیاری ئەمەریکای پێدەگێڕن و لۆبی دروست دەکەن، چۆن عێراق داگیربکەن، بۆچی نادیە موراد دەبێتە ڕەمزێکی گەورە و خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت. بەڵام لە ئەنفالدا ئەمە ڕوونادات. ئەمە کۆڵەواری فیکرو عەقڵی خۆمانە، یان بەکارهێنان و بەرژەوەندی زلهێزانە؟

**فاروق ڕەفیق:** لەڕاستیدا هەردووکیانە، بەکارهێنانی دنیایە. هەرکاتێك بایی ئەوە تراژیدیات هەبوو کە خەڵکێك لە دەرەوە بیەوێت بەکاریبهێنێ دێت بۆلات، وەکو ئەوەی ئەمەریکا کردوویەتی، ئەمەریکا لەم ڕووەوە تۆمارێکی پاك و چاکی نییە. هەموو ئەوانەی کرد بە بەهانەو لە عێراق دا، چۆن لە ئەفغانستان دەرباز بوو، ئێستاش لە عێراق ڕۆیشتووە، ئەمەریکا زۆرباش دەزانێت چی لە عێراقدا ڕوویداوە ! لە ڕابردوودا نا، واز لە ڕابردوو بهێنە، کۆڵن پاوڵ چوو بۆ هەڵەبجە، کۆڵن پاوڵ ئەو کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پنتاگۆن بوو، باسی ئەوەی دەکرد جینۆسایدی هەڵەبجە ڕووینەداوە. ئەو پیاوە، وەك کۆیلە ئەمەریکای دەگێڕا ئەویش ئەهات ئێمەی وەك کۆیلە دەگێڕا تا بەهانە بدات بۆ لێدانی عێراق.

ئەمەریکا ئێستاش دەزانێ لە عێراق و کوردستاندا چی ڕوودەدات و چی دەگوزەرێت، شەهامەتیان نییە خۆیانی لێ لادەدەن. لەبەرئەوە واز لە ئەمەریکا بهێنن، تۆ خۆت چی دەکەی، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە خۆمان چی دەکەین؟ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خۆمان، هەمیشە کاتی دەستپێکردنە تا ئەو شوێنەی ئامرازەکانت پێ بێت. ئامرازی گەورەی ئێمە عەقڵە، ئەگەر عەقڵ نەبوو ئیتر تۆ تیاچوویت، نەستراتیژیت هەیە، نە بیرکردنەوەت هەیە. هەر کاتێك تۆ ئەم گەشەکردنەت کرد، کە تێگەیشتی چیت بەرامبەر کراوە. چی دەکەی؟ سەرلەنوێ ئەم پرسیارانە زیندوو دەکەیتەوە، ئینجا دەبێت

بەو نەتەوە و بەو بوونەرە موزعیجەی پرسیاری گەورە دەکەیت، شتی گەورە سەر رێگا دەخەیت.

**ئەنفالناسی:** ڕووداوی ڕیفراندۆم و 16 ئۆکتۆبەر پەیوەست بە ئەنفال چۆن دەبینی؟ چونکە لە ڕیفراندۆمدا جۆرێك لە ئومێد هەیە بۆ نەتەوەی ژێردەستەو جینۆسایدکراو، لە 16 ئۆکتۆبەردا بێ ئومێدیەکی تەواو، بۆچی ئەو هەموو قوربانیەمان دا و بۆچی جینۆساید کراین؟

**فاروق رەفیق:** ئەگەر نەتەوەیەکی زیندوو هەبووایە، لە ئەنفال و هەموو ئەو شتانەی لە مێژوودا ڕوویانداوە کە بریتین لە سڕینەوە و زەوتکردنی ئازادییەکان، لێدان لە کەرامەتی، ئەگەر ئەم بیرکردنەوەیەی هەبووایە، لەڕاستیدا نە ڕیفراندۆم ڕوویدەدا، نە 16 ئۆکتۆبەریش ڕوویدەدا. چونکە ڕیفراندۆم نە بۆ سەربەخۆیی بوو نە بۆ دروستکردنی دەوڵەت بوو، بۆ هیچ لەمانە نەبوو، ئەوانەشی کردیان وتیان بۆ سەربەخۆیی نەمانکردووە، من یەکێك بووم لەوانەی لە ڕیفراندۆم وتم نا، نۆکەرو کۆیلەکانیان ئەوانەی خانووی پەنجا دەفتەر دۆلاریان بۆ کڕیوون و خستوویانەتە گەڕ هەزار شتیان پێوتین، من تائێستا لە تەلەفزیۆندا نوری مالکیم بینیووە، وتیان ئەمانە پیاوی نوری مالکین، خۆیان چوونەوە بۆ لای نوری مالکی لەسەر ئەژنۆش، هێزێك نەبوو لە کوردستانی تۆدا عاقڵ و خاوەن حیکمەت بەو خەڵکە بڵێت بووەستە هێشتا تۆ کێشەی حکومڕانیت هەیە، تۆ شتێکی عەجیب و غەریبت دروستکردووە، ناشرینترین حکومڕانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا حکومڕانی کوردیە، ئەوەی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا هەبووە. تۆ ئەمەت چارەسەر کردووە تا بچیت بۆ دەوڵەت، تۆ چۆن دەبیت بە دەوڵەت؟ دەوڵەت بە دەوڵەتمەدار دەکرێت تۆ دەوڵەتمدارت نییە. بە سیاسی دەکرێت تۆ سیاسیت نییە. تۆ عەقڵت نییە، تۆ قانونت نییە، تۆ گۆرانییبێژ دەنێریت بۆ پەرلەمان تەشریعت بۆ بکات، لەوێ سەرچۆپی دەگرێت. نۆکەریان هەیە و تەلەفزیۆنیان هەیە، ئەی غروری نەتەوەیمان چوو بۆ کوێ؟ کەیسەکەمان چوو بۆ کوێ؟ من بۆ ئەوەی خەڵکی لێم بێتاقەت نەبێت و بڵێت هیچت تیانەهێشتەوە، ڕاشکاو پێت بڵێم تا نەچیتە سەر زەوی ڕەق ناتوانین هیچ شتێك بینا بکەین، ئێمە ئەگەر ئەم وەهمەمان هەبێت بەو کۆمەڵە خەڵکەی کە حزبیان هەیە

دەتوانن ئیدارەی ئەم کەیسە بکەن، کە سی ساڵە سەلماندوویانە ناتوانن ئیدارەی ئەم کەیسە بکەن، نایزانن حزبیش نین، ناتوانین هیچ بکەین. حزب دیاردەیەکی مۆدێرنە، حزب ناتوانێ لە باتی خەڵك بیربکاتەوە، حزب نابێت سەروەت و سامانی هەبێت، نابێت بانکی هەبێت، نابێت بیری نەوت و بۆری غازی هەبێت، بەڵام هەموو ئەمانەی کردووە، بۆیە ئەرکی سەرەکی دەبێت ئەوە بێت خۆمان ڕزگاربکەین لە حزب.

**ئەنفالناسی:** لەدوای ئەنفال حزبەکانی ئێمە لەباتی بیناکردنەوەی نەتەوە و نیشتمان، شەڕی ناوخۆیان کرد، لەو سی ساڵەی حکومڕانی کوردی لایەنی کەمی عەدالەت نەبوو، چاوەڕوانی چی بین بۆ ئاییندە؟ چی سەرپێ دەخەین، ئێمە لەبەردەم ئەنفالی تردایین وەك ئەوەی دەڵێت لەبەردەم ئەنفالی دە داین؟

**فاروق ڕەفیق:** بەڵێ ئێمە لە ئەنفالی دە داین، من یەك دووجاربەشداری هەڵبژاردنم کردووە لەم وڵاتەدا، لەهەردوو ڕیفراندۆمەکەی عێراقدا بەشداریم کرد و فریاکەوتم لە کەنەدا گەڕامەوە وتم نا بۆ دەستوری عێراقی، من کۆڕ و سیمینارم کرد وتم ئەم دەستورە کۆمەڵێ قومبەلەی تێدایە دوای پێماندا دەتەقێتەوە، ئەمە دەستوری نەتەوەیەك نیە، ئەمە هی کۆمەڵێ بەناو سیاسیە کە تەسلیم بوون و لەوێ سەیارە خراوەتە ژێریان، پارەیان وەرگرتووە. ئەمە هی شەوی سورە، ئەم دەستورە هی نەتەوەیەك نیە کە جینۆساید کرابێت، ئەمە هی کۆمەڵێ سیاسیە، ڕیفراندۆمیش هی نەتەوەیەك نەبوو، من ڕێز لە هەڵبژاردنی نەتەوەکەم دەگرم ئەگەر بیر لەسەربەخۆیی بکاتەوە، بەڵام سەربەخۆیی بە دەوڵەتمەدار و عەقڵ دەکرێت. جارێ تۆ ئەمەت دروست نەکردووە. بۆیە لە دواجاردا تۆ شتێك دروست دەکەیت وەك ئەم شتە عەجیب و غەریبە کە پێی دەوترێ حوکمڕانی کوردی. دەبێت ئێمە واجب بەیتێکە ( Home work)هکە بکەین. واجب بەیتێکەمان بریتیە لەوەی بیربکەینەوە، ئەم گفتوگۆیانە سەرڕێگا بخەین و بوێربین و نەترسین.

**ئەنفالناسی:** دەبێت چاومان لەوە بێت ئەمەریکا چیمان بۆبکات؟

**فاروق ڕەفیق:** نەخێر ئەوە کارەساتە، ئەوە ئەخلاقی کۆیلەیە، بەس کۆیلە وادەکات، کێ چیت بۆ دەکات؟ خۆت چی دەکەیت؟ نەتەوەیەك لەپێناوی موچەیەکدا ئامادەیی تێدانەبێت حەقیقەتەکان بڵێت،

بوێرنەبێت، چاوی لەوە بێت خەڵکێك هەبن ببنە قوربانی و بکوژرێت بەڵام ئەم نەبێت، کەواتە جارێ ماومانە. دەریدەخات ئەو نەتەوەیە نە لە ئەنفال تێدەگات، نە لەو بێ ڕێزیە تێدەگات بەرامبەری کراوە، نە لە شوناسی خۆشی تێدەگات، ئەوە کێشەکەیە.